تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

برایم ئەحمەد...

ژیان و...
بەهرەو...
داهێنانی

نووسینی:
...ود شەریف

٢٠٠٢

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

برایم ئەحمەد.....

ژیان و

بەهرەو

داهێنانی

نووسینی

ئەحمەد شەریف عەلی

٢٠٠٢

ناوی کتێب : برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی
نووسینی : ئەحمەد شەریف عەلی
تیراژ : ١٠٠٠ دانـــــە
تایپی کۆمپیو تەری نیاز عومەر عەلی - دیاری جەمال عەبدوڵلا
بەرگ و جیاکردنەوەی ڕەنگەکان : دیاری جەمال عەبدوڵلا
سەرپەرشتیاری چاپ : عەبدولقادر ئەمین ئەحمەد
چاپ : چاپخانە و کۆمپیوتەری بەدرخان
لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کراوە.
ژمارەی سپاردن : (١٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

پێشکەشە

بە

ڕێبوارانی ڕێبازی کوردایەتی،
هەڵگرانی مەشخەڵی ڕۆشنبیریی

برایم ئەحمەد..
ژیان و بەهرە و داهێنانی

پێشەکی

دوای شەڕی یەکەمی جیهان و لەناوچوون و نەمانی پیاوە نەخۆشە لەش بەبارە کەنەفتەکەو، دابەش بوونی میراتە بەجێماوەکەی لەسەر ئەوگەلانەی کەوتبوونە ژێر ڕکێف و چەپۆکیەوە، هەستی نەتەوایەتی بەخۆدا هات و گەشەی سەندو بیروباوەڕی ئازادی و سەربەخۆیی لەڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بلاوبووە.

دروست بوون و دامەزراندنی چەندین دەولەتی سەربەخۆو ئازاد هاتەکایەوە.

دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی باشورو دانانی شێخ مەحمودی حەفید بەمەلیك و گەڕانەوەو هاتنەوەی ڕووناکبیرو ئەفسەرو کادرە ئیداریە کوردەکانی نێودەولەتی عوسمانی بۆ ولات و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕوسیا، زال بوون و سەرکاری دەسەلاتی ئینگلیز لەناوچەکە. بەرپابوونی

بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕی و ڕۆشـنبیری لـەباکوری کوردسـتان، هـەموو ئـەو فاکتەرانـە کاریگـەری خۆی بینـی و بوونـە مـاك و بنچینـەی بزووتنەوەیـەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و، گەشەکردنی هەستی نەتەوایـەتی، لـەناو کۆمـەڵانی خـەڵکی بەگشتی و خوێندەوارەکانی شاری سلێمانی بەتایبـەتی بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکە کەلەمـەیدان و دەرەتـانی فیکـری و ئـەدەبی و مێژوویـی و کەلتووری و زمان و ڕۆژنامەگەری و خوێندەواری و مەدەنیەت و شارستانیەتدا بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پترو خێراتر گەشەی دەکردو بەرەوپێشـەوە تـەکانی دەدا.......

لـەئاکام و ئـەنجامی ئـەو ڕووداوو گۆڕانکاریانـەی لەپێشـەوە ئاماژەمـان پێکرد، کۆمەڵە لاوێکی پێگەیشتوو لەبوارو مەیدانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دا ڕۆڵی سـەرکیان بینی، لـەنێو ئـەوانیش دا بەتایبـەتی (پـیرەمێرد، بنەماڵـەی سـائب، ڕەشـید نـەجیب، ئـەمین زەکـی، ڕەفیـق حیلمـی، تۆفیـق وەهبـی، بێکەس، شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، برایم ئەحمەد) دیار بوون.

هێنانی چاپخانە بۆ شاری سلێمانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە واتە لەسەردەمی حکومدارێتی ئینگلیز- بووە فاکتەرێکی بەبایەخ و گرنگی تری گەشەسەندنی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیری و ئەدەبی یە هەڵچووە.

لـەنێو ڕوناکبیرو خوێندەوارانـی شـاردا، کـوڕە نـەدارو هـەژارێك، لاوێکـی خوێنگەرم و سوور لەسەر مەبەست، چوست و چالاك، بەهرەدارو بەتوانست، کارامەو لێهاتوو..

لەسـەرەتای سـیەکانی سـەدەی بیسـتەمدا هاتـە مـەیدان و گۆڕەپـانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیەوە.

ئەو گەنجە هوشیارو هۆشمەندەش ناوی (ئیبراهیم ئەحمەد فەتتاح) بوو ناسراو بە (بلەی ئەحە ڕەش).

لەسەردەمی یەکەم شەڕی جیهانیدا چاوی بەدنیای ڕووناك هەڵهێناوە، دوو جار دامەزراندن و تێکچوونی حکومەتی کوردستانی بەچاوی خۆی بینیوە.

گرانی گەورەو برسێتی و نەهامەتی کوردو، جەورو ستەم و زۆرداری داگیرکەری ئینگلیزو عەرەب و تورك و فارس کاری تێکردووە..

کارەساتەکان وەکو فیلمی سینەما هەموو ڕۆژێ چەندبارە دەبوونەوە. ئەو ڕووداوو کارەساتانە بوونە ئیلهام بەخش بۆ داهێنانەکانی (بلەی ئەحە ڕش) لەبوارو دەرفەتی خەباتی سیاسی و فیکری و ئەدەبی و زمانەوانی و ڕۆژنامەگەریدا.

لەناو میللەتانا بەدەگمەن پیاوێك هەڵکەوتووە کۆمەڵێ بەهرەی تیادابێ و ڕۆڵی سەرەکی لەهەموو بوارەکانی ئەو بەهرانەیدا پێیداوە ببینێ!!.

لەکۆمەڵی کوردەواریدا گەلێك قارەمان هەڵکەوتووە ..... لەبواری سیاسی و خەباتی شۆڕشگێری و نیشتمان پەروەریدا قارەمانی وەك (محمد پاشای ڕەواندوز، کوڕانی بەدرخان پاشا، شێخ سعیدی پیران، عبدالقادر شەمزینی، شەریف پاشای خەندان، سمکۆی شکاك، شێخ محمودی حەفید، قازی محمدی نەمر، مەلا مستەفای بارزانی، مام جەلال تاڵەبانی هەڵکەوتووە.

لە بواری کۆمەڵایەتیدا.. (مەلا محمدی کۆیی، مەلا فەندی هەولێری، عەلی کەمال، نەجمەدین مەلا، ڕەفیق حلمی، عزەدین فەیزی و شێخ عزەدین حوسێنی) هەڵکەوتووە..

لەبواری زمانەوانی و فەرهەنگیدا.. (تۆفیق وەهبی، جەمال نەبەز، عیزەدین مستەفا، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، مەسعودی مەلای گەورە، ئەنوەر مائی و صادق بەهادین ناسراون).

لەبواری مێژوویدا.. (شەرەفخانی بەدلیسی، ئەمین زەکی، حوزنی موکریانی، مەردۆخی، عەلادین سوجادی، کەمال مەزهەر) ناوبانگیان دەرکردووە.

لەبواری ئابووریدا.. بەداخەوە کورد تا ئێستا پسپۆڕی ناوداری گەورەی تیا هەڵنەکەوتووە یان ئێمە ناوبانگمان نەبیستووە.

ناوبردن و بە نموونە هێنانەوەی ئەو بەهرەمەندانە لەبوارە جیاجیاکاندا ناویان هاتووە، ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی تری بەتواناو قارەمان و بەهرەدار لەکوردا نەبووە! بەپێچەوانەوە خەڵکی ژیرو لێهاتوو زۆر زۆرن، بەڵام ئەوانە شاگوڵی سەر چڵەکانن و گیابەندی کێوی قەندیلن..

بەڵام برایم ئەحمەد.. بلیمەت و داهێنەر بووە، چیرۆك نووس و شاعیرو وەرگێڕو ڕۆژنامەنووس و پارێزەرو نیشتمان پەروەر بووەو لە زمانەوانیدا پەنجەی لەگەڵ تۆفیق وەهبی گرتووە.

بەلای ئێمەوە ئەم کەڵە پیاوە ڕێکخەرو داڕێژەری بیرۆکەی ڕێکخستنی کوردایەتیش بووە، بەو شێوەو شکڵەی ئەیبینین..

بەبەڵگەی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ز نامیلکەی (برایەتی کوردو عەرەبی) نووسیوەو بڵاوکردووەتەوە، ئەو نامیلکەیە بوو بە بەرنامەی پەیڕەو کراوی بزاڤی کوردایەتی و تا ئێستا کورد لەسەری کۆك و تەبان.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم کتێبەی لەسەر بنووسم، هەرچەندە ژیان و داهێنانی ئەم پیاوە زیاترو زیاتری دەوێ.

هیوادارم توانیبیتم خزمەتێکی بچووکی نەتەوەکەم بکەم و ئەمە سەرەتایەك بێ بۆ نووسینی ژیان و داهێنان و قارەمانێتی ئەو قارەمانانەی کە لەڕێی کوردایەتی و زمانی شیرینی کوردیدا ژیانیان بەسەر بردووە.

هەموو ژیانی خۆیان بەخشیوە بە کۆمەڵگەی کوردایەتی.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

دیارە هیچ کارو نووسینێك بێ کەم و کورتی و ناتەواوی نابێت، بۆیە تکا لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان دەکەم لە هەڵەو ناتەواوی و کرچ و کاڵی باس و نووسینەکان ئاگادارمان بکەنەوەو بۆمان ڕاست بکەنەوەو نووکی خامەکانیان بخەنە کار بۆ شەنوکەو کردنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەو سوپاسیان دەکەم..

ئەحمەد شەریف عەلی
سلێمانی
ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی
٢٧٠٢ی کوردی

بەشی یەکەم

ژیان و بەسەرهاتی برایم ئەحمەد

ژیان و بەسەرهاتی برایم ئەحمەد

ناوی ئیبراهیم ئەحمەد فەتاحەو، بەبلەی ئەحە ڕەشی فەتاحە ڕەش ناسراوە. دایکی ناوی (خونچە)ی کچی (عەبەی دەروێش قەمچیە[1])و (دایكو باوکی) هەردوکیان نەخوێندەوار بوون. لەبەهاری ١٩١٤ز لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك بووە... پاشان چونەتە گەڕەکی سابونکەران- بەیەکێك لەبەرچاوترین و دیارترین و کەڵەترین کەسایەتی کوردەکانی عێراق دەژمێردرێ لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا. پیاوێکی ئازاو بوێرو چوست و چالاك و خاوەن بیروباوەڕێکی پتەوو چەسپاو بوو... لەساڵی ١٩٢٢ز چووەتە (قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت)، کەبۆ منداڵی وەك ئەو لەپۆلێکا دایانناوە پێیان ئەوت (احتیاط). لەساڵی ١٩٢٣ز چووەتە (قوتابخانەی لەتیفیە)و بەناوی کوڕە بچکۆلەکەی مەلیك مەحمودەوە ناونرابوو. لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە سلێمانی گواسترانەوە بۆ (سەرەتایی یەکەم) کەلە ماڵەکەی (بەهیٚخانی) خێزانی شێخ محمودا بوو. پاشان گوێزرانەوە بۆ شوێنێك، کەپێیان دەوت (مەکتەبی سیاسی)، کەهەندێ جار کاربەدەستە ئینگلیزەکان و هەندێ جاریش مەلیك مەحمودی لێ دادەنیشت. تاساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ز لەوێ خوێندوویەتی، لەپۆلی سێی ناوەندی چووەتە بەغداو لەناوەندی (کەرخ) پۆلی سێی بڕیوە. پۆلی چوارو پێنجی دواناوەندی لەئامادەیی (مەرکەزی) بەغدا تەواوکردووە.

---

[1] کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٣٨) شەممە ٢٠٠٠/٥/٦، ڕۆژنامەی The Time

لەساڵی ١٩٣٤ز لەکۆلیژی ماف (كلیـــة الحقـــوق) لەبەغدا وەرگیراوە.

لەساڵی ١٩٣٧ز لەکۆلیژی ماف دەرچووەو بووە بە (ئەوقات) (پارێزەر).

لەساڵی ١٩٤٢ز لەدادگای هەولێر بووە بەدادوەرو دواتر لە دادگای هەڵەبجە کاری کردووە.

لەساڵی ١٩٤٦ز داخوازی ژنی کردووەو شەکراوی بەخشیوەتەوەو نیشانی کردووە.

لەساڵی ١٩٤٧ز گواستویەتیەوەو ناوی خێزانەکەی (گەلاوێژ خانە) کچی سالح فەتاحە لەعەشرەتی کۆچ بەگی خەڵکی شارۆچکەی زاخۆیە. دوو کورو شەش کچی لێ بووە، ناوی کورەکان (هەڵۆ، هاورێ)یەو ناوی کچەکانیشی (هێرۆ، شاناز، هەتاو، لیلۆز، هەیڤی، مژدە)یە. کەئەم ژن خواستنەشی بەرێکەوت بووە[٢].

برایم ئەحمەد پێنج خوشك و دوو برای هەبووە. بنەماڵەکەیان لەسەرەتاوە هەندێکیان (بەرەی باوکی) لەهەورامان و هەندێکیان (بەرەی دایکی) لەکەرکوکەوە هاتوونەتە سلێمانی و بەکارو کاسب-ی‌یەوە خەریك بوون.

خێزانێکی هەژارو بێوەی و بێ کێشە لەسلێمانی جێ نشین بوون و خەریکی نان پەیداکردنی خۆیان بوون. لەبەرئەوەی باوکی برایم ئەحمەد دەستڕۆ نەبووەو نەیتوانیوە وەك پێویست یارمەتی بدات، بۆیە (ڕەمزی فەتاح)ی مامی کەئەفسەری سەردەمی عوسمانی[٣] بووەو وەزعی باش بووە، ئەو مامەی زۆر یارمەتی برایمی داوەو مەسرەفی بۆکردووەو پشتگیری

---

[٢] فاکسی تایبەتی خۆی لە ١٩٩٩/١١/٢٥ بۆ نوسەری ئەم باسە.

[٣] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٣٨)، شەممە ل٩.

زۆری کردووە. تابتوانێ خوێندنی حقوق تەواو بکات و هاوکاری باشی کردووە تاخوێندنی تەواو کردووە، برایم بۆ خۆشی لەخوێندن زیرەك بووەو هیچ ساڵێك لەخوێندن دوانەکەوتووەو نەماوەتەوە.

لەساڵی ١٩٤٩ز درایە دادگای عورفی و ساڵونیوێك حوکمی بەندکردنی بەسەردا دراو ڕەوانەی بەندینخانەی بەغدا کرا، ئەو ماوەیەی لەزیندانی بەغدا بەسەربرد گۆڤاری (گەلاوێژ) داخراو قەدەغەکرا. لە (توقیف)دا لەئەبوغرێب بوو، ئەو کاتە ئەبوغرێب تەنها مەوقوفی لێبوو، تەوقیفەکە شوێنی عەسکەری بوو لەبەرئەوەی وڵات حوکمی عورفی لەسەربوو خەڵك لەوێ (تەوقیف) دەکران، بەڵام کەحوکم دەدران دەنێردران بۆ شوێنی ترو، برایم ئەحمەد نێردرایە بەندینخانەی بەغدا.

برایم ئەحمەد لەساڵی ١٩٥٤ز کەخەریکی ئەوقاتی (پارێزەری) بووە لەدژی ئاغاکان بەرگری لەجوتیارەکانی کوردستان دەکرد. دەرەبەگەکان ڕقیان لێ بووەو هەوڵی تیرۆرکردنیان داوە دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو بەسەختی برینداریان کرد بۆ ئەوەی چاوترسێنی بکەن و چی دی بەرگری لەمافی جوتیاران و زەحمەتکێشان نەکات و پارێزەرەکانی تریش زاتی ئەوە نەکەن بەرگری لەمافی جوتیاران بکەن [٤] تاوانبارەکەش ناوی (ئەحەی ڕەشە قوڵچی) بووە پیاوی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) بووە.

برایم ئەحمەد لەوفاکسەیدا، کەلە ١٩٩٩/١١/٢٥ بۆی ڕەوانە کردووم، لەوەڵامی ئەو هەشت پرسیارەی لێم کردبوولەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێت:

((ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ز بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی کەتەمەنم ١٦ شانزە ساڵان بوو لەناخەوە هەژاندمی و هەستی

---

[٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٣٠) چوارشەممە ٢٠٠٠/٤/٢٤ نوسینی کاکە حەمەی فەرەج.

کوردایەتی تیاجۆش دام و لەگەڵ هاوڕێکانمدا کەوتمە جموجوڵی کوردایەتی و شیعر خوێندنەوەو شیعر نووسین و شەڕە شیعر، لە ساڵانی سییەکاندا لە هەڕەتی لاوێتیدا لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا چالاکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسیی نواندووە. لە چالاکی ناو لاواندا گروپێك پێکهاتبوو بەناوی (لاوانی کورد)ەوە هاتووچۆی یانەی (سەرکەوتن)یان دەکرد، کە تایبەت بوو بە کوردەکانی بەغداو دوو نامیلکەیان دەرکرد بەناوی (یادگاری لاوان و دیاری لاوان)ـەوە، شیعرو چیرۆك و وتاری سیاسیی کە هەستی نەتەوایەتی لاوانی دەبزواند لەو نامیلکانەدا بڵاو دەکرانەوە.

لەسەر ئەو بابەتە پرۆفیسۆر (بوخارد بریتس)[٥]ی مامۆستای زانکۆی (هالە) لە ئەڵمانیای دیموکرات لە باسێکدا کە لە ساڵی ١٩٦٤ز دا لە گۆڤاری زانستی زانکۆی ناوبراودا بڵاوی کردووەتەوەو لەژێر ناونیشانی (دەربارەی هێندێ کێشەی مێژوویی جوڵانەوەی نیشتمانی کورد) دەنووسێت:

(لە بەغدا ئەڵقەیەك لە خوێندکارانی کوردی هوشیار لەدەوری برایم ئەحمەد کۆبوونەوەو گۆڤاری (دیاری لاوان)یان دەردەکرد، لەناویاندا دژایەتی فاشیزم بەدی دەکراو لەناو جووڵانەوەی نیشتمانی کورددا، برایم ئەحمەد وتاریشی لە دژی فاشیزم لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیاوە وەردەگێڕا، برایم ئەحمەدو هەڤاڵەکانی بیرۆکەی خەباتی یەکگرتوو، یەکگرتنی کوردو عەرەب دژی ئیمپریالیزمیان بۆ یەکەم جار بڵاو کردەوە).

یەکەم نووسینی برایم ئەحمەد لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٣٢٦)ی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ز بڵاوکراوەتەوە، بەو ناونیشانەی خوارەوە، کە ئەوکاتە تەمەنی تەنها ١٨ ساڵان بووەو ئەوەش دەقی نووسینەکەیەتی:

---

[٥] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢١١٧) لە ٢٠٠٠/٤/١١- ل١.

گەورەی خۆم نووسیندەی ژیان.[٦]

کە بیستم چاکی ژیانتان گرتووە، ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەوەی لەدەستم دێت نووسینی هەندێ مەقالەی ئەدەبییە بەکوردی پەتی، وە یا وەرگێڕانی مەقالاتە لە ڕۆژنامەکانی غەربەوە بۆ کوردی، ئەمەم لەدەست دێت، بەڵام شەرت ئەوەیە کە یارمەتییەکەم قبوڵ بکەن، نامەوێ بەرامبەر بەو چەند شیعرە کە بۆتان دەنێرم یا بەرامبەر بەو مەقالانەی کە بۆتانی تەرجەمە دەکەم چ تەشەکورێکم بکەن، چونکە دەردی عەرەب دەڵێن: (لا شکر علی واجب).

وا ئەم جارە ئەم مەقالەیەم بۆ ناردن، وابزانم بەشی زۆری کوردی پەتییە، ئەگەر لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکەتانا نووسیتان، وادیارە یارمەتییەکەم قبوڵ ئەکەن، وادیارە هەر وەکو خۆتان بە پیری دەستتان داوەتە چاکی ژیان، ناتانەوێ بەگەنجی هاوولاتتان دەستی لێ بەربدەن. قبوڵتانە ئامادەم هەموو وەختێ بۆ خزمەت، قبوڵتان نییە کارتان ڕاست بێت ئیتر خۆشی سەری ئێوە..

وەڵامی ڕۆژنامەی ژیان بۆ برایم ئەحمەد لە هەمان ژمارەدا دەڵێت:

ژیان چاوەڕێی ئەم شێوە کوردییە ڕەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە.

ئەم نووسینەی برایم ئەحمەد کە یەکەم نووسینی بووەو لەو سەردەمە کە تەمەنی ١٨ سالان تێپەڕی نەکردووەو بەو کوردییە پەتی و ڕەوانە نیشانەی زیرەکی و بەئاگایی نووسەرەو دیارە ئاستی هوشیاری خەمڵیوەو لە دەروونیا پەنگی خواردووەتەوەو هەر ئەو بیرو بۆچوونە وای لێکردووە بە کوردی پەتی بنووسێت و هەوڵی وەرگێڕانی مەقالات بدات لە زمانی

[٦] ڕۆژنامەی ژیان- ژمارە ٣٢٦، ١٦ای حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ز.

ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕووداوەکانی دنیا بەئاگا بن.

لەو ڕۆژەدا هونەر بووە لاوێکی تازە پێگەیشتوو بەو شێوەیە بیر بکاتەوەو هەست بە مەسئولییەت بکات بەرامبەر زمان و ئەدەب و کێشە سیاسییەکانی میللەتەکەی خۆی.

دووەم وتاری هەژ لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا لەژێر ناوی (شیرین لەسەرە مەرگا) بەناوی خوازیارەوە (نیقابداری سیاپۆش)[7] بڵاوکردووەتەوە نووسیویەتی:

(ڕاکشابوو لەسەر جێ، چاوەڕێ بوو کەی مەرگ دێ، بەم شێوەیە لەسەری دەڕوات تا کۆتایی.

ئەمە چیرۆکێکی کورتە، باس لە سەرەمەرگی کچێك دەکات، هەموو هونەری چیرۆکی تێدایەو زۆر بەجوانی وەسفی کچەی ناو (شیرین دەکات لەکاتی گیان کێشان دا بەڵام چۆن وەسفێك هەمووی پەخشانە کەدەڵێ: برژانگی تێك شکاوو چاوی سوور هەڵگەڕاو.....ئەو پەخشانە جوانەو بەو کوردییە پەتیەو لەو سەرو بەندەدا زۆر گرنگەو جێگەی سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرەوەو پسپۆڕانە، چونکە کوردی نووسینی ئەوسەردەمە ووشەی تورکی و عەرەبی زۆر تێدابوو.

◈ ◈ ◈

---

[7] ڕۆژنامەی ژیان- ژمارە ٣٢٨ لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٢زدا.

LAWAN

یادگاری لاوان

بغداد ! چاپخانەی « کرخ »

1933
١٩٣٣

برایم ئەحمەد و نامیلکەی (یادگاری لاوان)

برایم ئەحمەد دەیان ووتاری لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا بەناوی خوازیارەوە بڵاوکردۆتەوە، زۆر کەم و دەگمەن ناوی ڕاستی خۆی نووسیوە. ناوە خوازیارەکانی لەڕۆژنامەکانداو دواتر لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەم ناوانە بووە: (سیاپۆش) (بلە) (ب. هـ. ل) (ن.ا) (أ.ب.ح). زۆربەی چیرۆکە وەرگێڕاوەکانی، لەزمانی بێگانەوە وەرگێڕاون کەلەسەر سەرکردەو پیاوە ناودارو ناسراوەکانی دونیا نوسراون لەجیاتی ناوی تەواوی خۆی(ن.أ)ی بەکار هێناوە. لەساڵی ١٩٣٣ز لە (یادگاری لاوان)دا کەکۆمەڵە لاوێکی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ لەبەغدادەریان کردو برایم ئەحمەد پێشەنگی ئەو کۆمەڵە لاوە بوو، پێشەکی نامیلکەکەی کردۆتە دیاری لاوانی کوردو نوسیویەتی[8]!

بۆ ئەو لاوانەی درەخشی پێشکەوت هەڵئەکۆرن.

بۆ ئەو خورتانەی ڕێگەی تاریکی ژیان بۆ کۆمەڵیان ڕووناک ئەکەنەوە.

بۆ.. ئەو بازو ئاسنینانەی زنجیری گیرۆدەیی ئەپچڕێنن.

بۆ .. ئەو دڵسۆزانەی گوێیان لەگریان و هاواری هەژاران بوو چاویان بەکەساس و لێقەوماوێ کەوت بەدەنگیانەوە ئەچن و یارمەتیان ئەدەن..

بۆ .. ئەو پاڵەوانانەی باری پێشکەوتنی وڵاتیان وابەسەر شانەوەیە.

بۆ .. ئەو دایکانەی مناڵەکانیان بەناوی خزمەتی وڵاتەوە گوش ئەکەن..

---

[8] یادگاری لاوان ژمارە (١)، ساڵی ١٩٣٣ز.

بەم شێوە لەسەری دەڕوات و دەنوسێت.

بۆ.. ئەو کەسانەی بڕوایەکی تەواوو نەگۆڕیان بەسەرکەوتن و ژیانەوەو وریابوونەوەی کورد هەیە.. بۆ.. ژین.. بۆ هیوا.. ئەم یادگارە پێشکەش ئەکەین..

لاوان..

خوێنەر کەسەیری ئەم پیشەکی و پێشکەش کردنە دەکات و لەلاپەڕەکانی ئەم نامیلکەیە وورد دەبێتەوەو بابەتەکانی دەخوێنێتەوە، شیعرەکانی گۆران و برایم ئەحمەد، نووسینەکانی شاکر فەتاح و عارف تاڵەبانی و جمال مەجید سلیم و محمەد عبدولڕەحمان پاشاو دکتۆر عەبدولڕەحمان عەبدوڵا و زێوەری تێدا بڵاوکراوەتەوە بۆی ئاشکرا دەبێت، کەچ هەستێکی نەتەوایەتی پەنگ خواردوو لەو نامیلکەیەدا، ئەم کۆمەڵە لاوەی جۆش و خرۆش داوە.

شیعرە بەناوبانگەکەی برایم ئەحمەد (یادگارو هیوا)، کەلەو نامیلکەیەدا بڵاوکراوەتەوە، چ لەڕووی ڕووخسارو چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە پەخشانە شیعرێکی بەرزو بڵندەو بەتایبەت ئەو دێڕە پرشنگدارانەی سەرەتایی:

لەبەرچاوی بەد لەترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی ووشك بەناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

بەم شێوازە سەرکەشە هەنگاو دەنێ.. سەرپاکی شیعرەکە (١٠٤) سەدو چوار دێڕە شیعرەو لەکۆتاییدا دەڵێت:

چاوە: وەك لێزمە بارانی بەهار

ئەسرینی خوێنت بۆ پیادێتە خوار؟

گریان کردموەی بێدەسەڵاتە

بێ دەسەڵاتان ئەرژێن لەژێربار

ئەو هەستە ناسکەو بیرە قووڵەی لەو شیعرەدا هاتووە، ئەو بۆچوونە بەئاوەژوو ژیرە، ئەو تەحەداو بەپەرچ دانەوەیە، ئەو بەرهەڵستی و خۆڕاگرییە ؛ ئەو جوامێری و بوێرییە بەرامبەر دووژمنی کووردو لەو سەردەم و زەمانەدا، واتە بەرلە ٦٩ ساڵ پێش ئێستا کەزۆربەی خەڵك لەخەوی غەفڵەتدا بوون و تەنها ڕۆشنبیرەکان نەبێت، کەئەوانیش هەموویان نا، بەڵکو کەمێکیان، ئەو هەستەیان هەبووە، هەروەکو هێمن شاڵی (عەزیز شاڵی) دەڵێت:

خەڵکی هەموو مردوون خوێندەوارەکانیان نەبێ

خوێندەوارەکانیشیان هەموو نووستوون ئیشکەرەکانیان نەبێ

ئیشکەرەکانیشیان بەخۆیان دەنازن پاکەکانیان نەبێ

پاکەکانیشیان لەڕێگای ترس و خەتەرداْن.

سیاپۆش= برایم ئەحمەدەو	ح.ف= حامید فەرەجە.
فلاموزر= ڕەشید نەجیە.	ش.ف= شاکیر فەتاحەو.
م.ع= محمد عبدالرحمان پاشایە	ع.ع= د. عبدالرحمان عەبدوڵایە.
ز= زێوەرە.	ر.ن= ڕەشید نەجیبە.

لەلاپەرە (٣٣)ی هەمان ژمارەی (یادگاری لاوان)دا لەژێر سەرناوی (ئەدەبیاتی کوردی[9])دا نووسیویەتی:

(شاعرەکانمان هەتا ئێستا بڕوا ناکەم لەواتەیی سوپاس و ستایش زیاتریان بیستبێ، یەکێك بە (توتی شکر گوفتار)و ئەویتربە (بلبلی شیرین کەلام) ناوی لێ ناون. هەرچەندە ئەم ناونیشانەشیان لەلاپەڕەی چ پارچە کاغەزو گۆشەی چ ڕۆژنامەیەکدا بۆ نەنوسراوە.

بەڵام لەمێشکی خۆیان و دەوروپشت و ناسیاویاندا زۆر چاك جێگیر بووە. بەڵێ، هەتا ئێستا بێ لێکدانەوەهەڵمان کێشاون لەمەشدا بیانوومان هەیە چونکە پیاو لەتاریکیدا جوان و ناشیرینی لاوەك یەکە. بەڵام لەمەودوا ئەو دەورە ڕۆشت بەزەرد بوترێ زێڕو بەسەدەف بوترێ مرواری، لەمەودوا ڕۆشنایی زانین بەرچاومان ڕووناك دەکاتەوە هەموو شتێ وەکو خۆی ئەبینین و پێویستە هەرشتە بەپێی بەرزی و نزمی خۆی ڕیز بکەین و بەپێی چاکی و خراپی ناوی لێ بنێین بەبێ بون نەڵێین نێرگس و بەنێرگس نەڵێین بێ بۆن..))

پاش تاووتوێ کردنی هەندێ لایەنی تر، ئەوجا دەڵێ:

((لەپێش ئەوەدا خەرمانی شیعرتان بۆ بەباکەم.. پووشتان بۆ لەکا ببێژم پێویستە گەوهەریەکانی شیعرتان بۆ بگرم تاکو خۆتان بیناسن ئەگەر دیتان شیعر تەرجەمانی دڵە، چی بەدڵابێ ئێش و ئازار، دەردو خەفەت هیواو نائومێدی، شین و شادی، شیرین و تاڵی، خۆشەویستی و قین، گوومان و باوەڕ، ترس و بێباکی، خراپی و چاکیمان بەواتەی ڕێك و پێك لەشێوەیەکی

[9] یادگاری لاوان ل ٣٤ – ٣٥ بەغدا چاپخانەی کەرخ ساڵی ١٩٣٣.

دڵگیردا بۆ دەرئەخات کەهەموو کەس لەدەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا ئەبینێ..

شیعر: چرایەکە تاریکی ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لەدۆزینەوەی ڕاستیدا.

شیعر: جوانی هەموو شتێکمان بۆ دەرئەخات، گیان تینوی جوانی و دڵیش برسی شیرینە، نەئەم تێری لێ ئەخوات و نەئەو توینێتی لێ ئەشکێ...))..

دیارە ناکرێت لەوە زیاتر دەقەکانی بگوێزمەوە نێو ئەم باسە، بەڵام لێرەدا پێویست بەوە دەکات دیدو بۆچوونی خۆم لەسەر ئەم وەسفەی نوسەر دەربڕم، چونکە ووتارەکەی ئەو دوورو درێژەو شیعرو شاعیریشی بەشێوەیەکی هونەری وەسف کردووەو نووسینەکەی هەموو بەپەخشانەو هەست و نەستی خۆی بەرانبەر بەشاعیرەکانمان دەربڕیوەو ئەو پێی وایە شاعیرەکانی ئێمە شیعری باشیان نی یە بەپێی ئەو وەسفەی ئەو بۆ شیعری کردووە .

چونکە ئەو دەڵێت شیعر تەرجەمانی دڵەو جوانی هەموو شتێکمان بۆ دەردەخات. بەلای ئەوەوە شیعر ژیانە، وێنەو تابلۆی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەلانی خەڵك نیشان دەدات. ئەو پێی وایە لەشەوانی لێکدابڕاندا فوولەکورەی دڵداری دەکاو ئاوێنەی بالانمای باری گوزەران و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، ئەودەڵێت: شیعر بەخوێنی دڵ و بەفرمێسکی چاو دەنووسرێ، ئینجا دەپرسێت و دەڵێت، کەوابوو ئەگەر بەو پێودانگە بێ کورد نەشیعری هەیەو نەشاعیر، بەڵام دەڵێت من وەڵام نادەمەوە هەرچەندە خەڵك واتێدەگەن شیعر ووتنێکی وەزنداری قافیەدارە، بەڵام شیعری شاعیرەکانی ئێمە لەچاو ئەدەبیاتی جیهانیدا شوێنێکی دیاریکراوی نی یەو لاسایی شاعیرەکانی فارس و عەرەبی حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر دەکەنەوە،

نازانن ئەوان شاعیری زەمانێك و زمانێك و ئەوانەی ئێمە شاعیری زەمانێك و زمانێكی ترن.

شاعیرەكانی ئێمە زۆربەی شیعرەكانیان لەسەرچاوی كاڵ و لێوی ئاڵی ژنانە بەبێ ئەوەی باسی جوانی سروشتی خاكی نیشتمان بكەن. یان لەكێشەی كۆمەڵایەتی و باری ئابووری و رامیاری خەڵكی وڵاتی خۆمان بدوێن، هەتا لەباسی جوانی ئافرەتیش نازانن و وێنەی ژنی لادێی كوردەواری بگرن، هەروەك مەڕ دۆشینی ئافرەتی كورد و مەشكەژەنی و تەون و گیسە و سوارە و هەوێز ماڵین و كنگرو مازو ڕێواس چنینیان نەدیبێ وایە. وێنەكانیان دزێوە و ناوەڕۆكیان بەرداوە و ڕێیان لێ ون بووە و دۆش داماون.

شاعیر دەبێ ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵ بێت و پێشڕەوی كۆمەڵانی خەڵك بكات و لەشادی و ناخۆشی كارەسات و مەرگەساتەكانیدا.

بەكورتی بەلای برایم ئەحمەدەوە شاعیرەكانمان ژەنگیان هەڵهێناوە بۆیە خۆیان ناخەنە بۆتەی ژیانەوە و هەستی بیركردنەوە و لێكدانەوەیان نەماوە و دوای كڵاوی بابردوو كەوتوون و نازانن چی دەنووسن و هەروەك خەڵكی ئەم خاكە پیرۆزە و نەوەی ئەم میللەتە هەژارو كەساسە نەبن، چونكە پەی بەدەرد و ئازارەكانیان نابەن و خەمخۆری خەڵك نین و ڕێنوێنی خەڵك ناكەن و بەچاك ناڵێن چاك و بەخراپیش ناڵێن خراپ و ئاگاداری باری ناوەوە و دەرەوەی كۆمەڵی كوردەواری نین.

ئەوان پەی نابەن بەوەی كۆمەڵگا هەڵگری هەگبەی ئاڵوگۆڕی هەڵچوون و داچوونە بەپێی گروپە مرۆییەكانی ناو ئەو پێكهاتەیەی كەتیایەتی.

◈ ◈ ◈

سەرەتای ئیش هەمو یەکبونە ئەویش نابی هەتا
هەربرینی کەلە دلداهەیە ساریژی نەکەی

راشکری

دیاری لاوان

لاوان

نرخی ٤٠ فلسە

لەچاپخانەی بەغدا چاپ کرا
١٩٣٤ بەغدا

(دیاری لاوان)

ئەم کۆمەڵە بەرهەمە لەلایەن لاوانی کوردەوە لە ساڵی ١٩٣٤ز لە بەغدا دەرچووە، لە چاپخانەی بەغدا چاپ کراوە، نرخەکەی ٤٠ فلس بووە، لە قەوارەی مام ناوەندی ژمارەی لاپەڕەکانی (١٠٢) لاپەڕە بووە، پێشەکییەکەی بەناوی لاوانەوە نووسراوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

پێشکەوت.. ((ئەوا پشت بەگەورەیی خوداو یارمەتی هەندێ مەزنان و خاوەن بیرەوە توانیمان بەناوی (دیاری لاوان)ەوە دیارییەك پێشکەش بکەین.. ، هیوامان وایە کە ئەم تەرحە نووسینانە کەڵکیان هەبێ بۆ گەلەکەمان، چونکە بێجگە لەوە کە گەلێ پەند، ئامۆژگاری، شیعر، چیرۆك و قسەی بەفەڕیان تیایە بۆ پێشکەوتنی زمانەکەمان بەتایبەتی بۆ ڕێکخستن و جوانکردنی چەشنی نووسینی کوردی، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە..))

لەو کۆمەڵە بەرهەمەدا، یەکەم وتار لەمەڕ وەلی دێوانەیە و لەژیان و شیعرەکانی دەدوێ، کە لەنووسینی (ر.ن)ە واتە: رشید نەجیبە.

دووەم وتار لەژێر سەردێڕی (دوای سەرخۆشی زۆر شێتییە).

هەروەها نووسینێکی حامید فەرەج و، وتارێکی (م.ج)- مەحمود جەودەت و، شیعرێکی (فایەق بێکەس) و شیعرێکی (گۆران)ە..

(ڕەشید نەجیب)یش وتارێکی بەنرخی لەسەر (زەردەشت و دینی زەردەشتی) نووسیوە.

لەو نامیلکەیەدا دوو شیعری تری گۆران بڵاوکراوەتەوە، کەلەژێر ناوی (ئافرەت و جوانی) و (گوڵی خوێناوی)دان.

هەروەها شاکیر فەتاح وتارێکی نووسیوە بەناوی (دانیشتن بەبێ کورسی)..

(شەوێکی گۆیژەش) وتارێکی حامید فەرەجە. کەواتە گۆران لەم نامیلکەیەدا چوار پارچە شیعرو دوو وتاری بلاوکراوەتەوەو ئاشکراو دیارە ڕۆڵی بەرچاوی تیا گێڕاوە، شیعرێکی تری گۆران (بەسەرهاتی ئەستێرەیەك)..

(ژینێکی بەرزو سکالای پیرەمێردێکی بەختیار) وتارێکی شاکیر فەتاحەو لەلاپەڕە (٧٩-٨٥) بلاوکراوەتەوە.

دووەم وتاری گۆران.. (لاواننەوە) بۆ برادەرێکی جوانەمەرگی بەناوی (ئەورەحمان ئەفەندی) کوڕی سەعید ئەفەندی وەسمان ئاغایە، کەواتە گۆڕین لای گۆران لە کێش و قافیەدا لە زمانی کوردی پەتیدا لێرەوە دەست پێ دەکات، ئەم پارچانە نموونەی تازەکردنەوەن لای گۆران.

(باوە یادگار) وتارێکی فازڵ تاڵەبانییە لەسەر عەشیرەتی کاکەیی.. دوا وتار شیعرێکی شێخ سەلامە لەژێر ناوی (شیوەنی بەکول)، دیارە لەم بەرهەمەدا وتارو شیعری برایم ئەحمەد بەرچاو ناکەوێت و نازانین هۆیەکەی چییە؟

لەساڵی ١٩٣٢ ز برایم ئەحمەد خەریکی کاری سیاسی بووەو لەگەڵ گروپێکی تری لاواندا دەستی کردووە بە نووسین و دواتر بە خوێندنی یاساو شان بەشانی ئەوەش لە چالاکی سیاسی و بەشداری بزوتنەوەی کوردایەتیدا جموجوڵی باشی هەبووە.. وتارو شیعرو چیرۆکی وەرگێڕدراوی بۆ ڕۆژنامەی (ژیان) ناردووە..

ئەوەتا لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی ناوبراو دان بەم ڕاستییەدا دەنێت و لە ژمارە ٨٤٠ی ئەیلوولی ١٩٤٦ز دا نووسیویەتی ((جار جار مەقالەی بۆ ژیان ئەنارد، ناوی خۆی نەئەنووسی و پێم ئەگوت (نقابداری سیاپۆش) .. (پیرەمێرد)..

وە لە ساڵی ١٩٣٥ز برایم ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی کورد کە هەموویان خوێندکاری کۆلێجی یاسا (ماف) بوون، لەوانە شاکیر فەتاح و فازل تاڵەبانی و عارف تاڵەبانی و بەهادین عارف لەگەڵ عەبدولڕەحمان عەبدولا کە خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی بوو لەگەڵ شێخ ڕەووف شێخ مەحموود. داوایان لە میری کردووە کە ڕێگایان پێ بدات یانەیەك بکەنەوە بەناوی (یانەی سمکۆی شکاك) بەلام حکومەت ڕازی نەبووە لەسەر داواکەیان.[10]

◈ ◈ ◈

[10] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٤٣) ساڵی ١٩٩٩ز بەغدا.

کورد و عەرەب

نوسینی

ئیبراهیم ئەحمەد

مام جەلال

پێشەکی بۆ نوسیوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

ڕێبەر

برایم ئەحمەدو نامیلکەی

الاكراد والعرب

-أصدره فريق من شباب الكرد-

كتبه إبراهيم أحمد

ئەم کتێبەی برایم ئەحمەد لە زۆر ڕووەوە لە نا میلکەی (یادگاری لاوان)و (دیاری لاوان) دەچێت.

یەکەم- لە ڕووی قەوارەو بابەتەکانەوە.

دووەم- لەسەری نووسراوە: لەلایەن کۆمەڵە لاوێکی کوردەوە دەرکراوە.

سێیەم- لە پێشەکیەکەیدا نووسراوە پێشکەش کراوە بە:

اهداء:

إلى أنصار الشعوب المستمرة في كفاحها التحرري.

إلى أعداء الحرب والاستعمار وأصدقاء السلم والديمقراطية.

إلى الساعين لإحلال التآخي بين الشعوب محل البغضاء والكراهية.

إلى أعوان الشعوب المستعبدة والطبقات المستغلة في الشرق والغرب.

إلى مؤيدي فكرة جبهة الشعوب الشرقية السائرة في طريق التحرر.

إلى السائرين في موكب الانسانية.

إلى الشعب العربي النبيل نقدم كراسنا هذه فريق من شباب الكرد

- بغداد ١٩٣٧م.

پێشەکی ئەم نامیلکەیە (الاكراد والعرب) لە پێشەکی هەردوو نامیلکەی (یادگاری لاوان)و (دیاری لاوان) دەچێت و دەمانباتە سەر ئەو باوەڕەی کە لاوانی کورد ڕێکخستنی خۆیان هەبووە ئەگەرچی تا ئەو کاتە ناوێکیان بۆ ڕێکخراوەکەیان هەڵنەبژاردووەو یاخود ئاشکرایان نەکردووە.

ڕوون و ئاشکرایە لاوانی کورد چالاکی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبییان هەبووەو برایم ئەحمەد لە پێشەنگەکانیان بووە، هەر بۆیە دەبینین نامیلکەکەی بەناوی (لاوانی کورد)ەوە بلاو کردووەتەوە. ئەو نامیلکەیە لەو سەردەمەدا دەنگی داوەتەوەو ڕژێم زۆری پێ نارەحەت بووەو خۆی سەغڵەت کردوە، عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانیش پێی کەوتوونەتە پەلەقاژەو ڕژێمیان هانداوە نووسەرەکەی بدرێتە دادگاو سزا بدرێت..

بەڵێ هەرواش بوو، درایە دادگا، بەڵام چونکە نووسەر پیاوێکی یاسا ناس و شارەزاو سیاسی بوو، توانی خۆی دەرباز بکات و لە دادگا بەبێ تاوان دەربچێت. ئەوانەی لەدەوروبەری (بەکر سدقی)یش بوون پێیان ناخۆش بوو، ئەو نا میلکەیە دەرچووە، چونکە لایان وابوو کە ئەمە تۆمەتی کوردایەتی زیاتر ئەخاتە ئەستۆی بەکر سدقی[١١].

یەکەم بابەتی نامیلکەکە، وتارێکە لەژێر ناوی (بين الأكراد والعرب سلام ووئام)[١٢] (ليس نقصد من كلمتنا هذه توضيح العلاقات التأريخية التي تربط الاكراد بالعرب، إن هذا يحتاج إلى بحث ودرس عميقين لا تتوفر لدينا وسائلها الآن، وأقل مبتغانا هو أن نرد على بعض ما بثه

(١١) پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە برایم ئەحمەدی بیستووە.

(١٢) الأكراد والعرب- كتبه إبراهيم أحمد- الطبعة الثانية- مطبعة صلاح الدين- بغداد- ١٩٦١

المغرضون من الآراء المسمومة الخاطئة عن نوايا الأكراد وموقفهم من العرب بمناسبة قضية الاسكندرونة..)

وتارەکەی لاپەڕە (٧)یش (في نير العثمانيين) ئاماژە بە نامەی (أمـــير مصطفـــى فـــاضل) دەکات، کە نەوەی (محمد علی پاشا)یە بۆ سـولْتان عەبدولعـەزیز لـەبارەی دەوڵـەت و ژیـانی خــەڵك دەدوێ لـە نەهامـەتی و کوێرەوەری لەژێر دەستی والییەکاندا، کە بەناوی سوڵتانەوە فەرمانڕەوایی دەکەن و زوڵم و ستەم لەخەڵك دەکەن و تیایدا دەڵێت:

(فأصبح عمالك غير مسؤولين أمام رعيتك واســتباحوا لكــل منكــر وصار الناس طائفتين، حاكم يظلم ولا من يردع، ومحكوم يظلم ولا مــن شفيع، حاكم يدعي أن سلطانه من سلطانك لا حد ولا قيد..)

لەلاپـەڕە (١٢-١٣)دا باسـی شـەڕی یەکـەمی جیـهان و شۆڕشـەکانی کوردســتان دەکــات، کــە لــە (٢٨)ی یونیــەی ســاڵی ١٩٢٥ز لەلایــەن عوسمانییەکانەوە (٤٥) سەرکردەی تێکۆشەری کورد لەسێدارە دراون.

لەلاپەڕە (١٥٥)یشدا لەژێر ناوی (أنين المظلوم وضجيج الظـالم)دا باس لـە ستەم و زۆرداری تورکـە کەمالیسـتەکان دەکـات، کـە دەرهـەق بـەکوردو خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان چەند زۆردار بوون. لەلاپـەڕە (١٦)دا لـەژێر ناوی (ثورة رجعيـــــة)وە وتارێکی نووسیوەو تیایدا بەتوندی بەرپەرچی پڕوپاگەندەی کەمالیستەکان دەداتەوە، کە شۆڕشەکانی کـورد بـەدیاردەی ئاییینی و کۆنەپەرستی و دواکەوتنی کۆمەلایـەتی لەقەڵەم دەدەن و تاوانبـاری شۆڕشـگێڕان دەکــەن بــەوەی گوایــە دەیانــەوێت خەلافــەتی عوسمــانی بگەڕێننەوە.

لەلاپەڕە (١٨)دا بەناوی (الاستعمار يحرر)ەوە وتارێکی نووسیوە.

لەلاپەڕە (٢٢)دا وتارێکی بەناوی (العرب يؤيدون الكرد) نووسیوە باسی پەیوەندی دۆستایەتی لەمێژینەی کوردو عەرەب دەکات و پشتگیری گەلی عەرەب بەرامبەر تێکۆشانی گەلی کورد لەدژی کەمالیستەکان لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا دەکات، کە داوایان لە تورکیا کردووە بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و عەدالەت و چیتر تاوان دەرهەق بە کورد ئەنجام نەدات و ڕێگای ئاشتی و دایەلۆگ بگرێتە بەر. ئەمە بۆ کەسێکی (چەپ)ی ئەوسا نموونەی زرنگی و وریاییەو دیارە یەکەم کەسە ئەمەی بەبیرا هاتبێ باسی سەربەخۆیی و دایەلۆگی کردبێ.

لەلاپەڕە (٢٤)دا وتارێك بەناونیشانی (الأكراد يثورون مرة أخرى في سبيل الاستقلال) بەرچاو دەکەوێ، لێرەدا ئەوە نووسراوە گوایە (کۆلۆنێل لۆرانس)ی ئینگلیزی دەستی هەبووە لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ز کەچی ڕاستییەکەی ئەمەیە:

(لۆرانس)- دکتۆر وایزلی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ناردبووی بۆ ئەوەی دەنگوباسی شۆڕشی کورد بڵاوبکاتەوە، هەروەکو خۆی لەگۆڤاری (الدنيا المصورة) ژمارە (١٣٩)دا دەڵێت:

لەلاپەڕ (٢٥)دا وتارێك نووسراوە لەژێر سەردێڕی (لا عداء بين الشعوب)دا. لەو ڕۆژەدا ئەم وتارە بایەخێکی زۆری هەبووە، بایەخەکەی لەوەدایە دەربارەی دۆستایەتی و برایەتی گەلانی دنیاو هاوکارییان لەدژی ئیمپریالیزم و دکتاتۆرە ملهوڕەکان و ڕزگاربوونی میللەتان لەهەژاری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دەدوێ.

لەلاپەڕە (٣٠)ی نامیلکەکەدا وتارێك لەژێر ناوی (التعصب القومي الأعمى) نووسراوە کەتیایدا هاتووە:

وقبل أن نبين القاعدة التي نقترحها لتكون أساساً لتعاون الشعبين الكردي والعربي، يجب أن نحذر الشعبين وخاصة المتنورين منهما عاقبة التعصب القومي الأعمى، نقول للمتنورين خاصةً لأن الجماهير كما أسلفنا لا تدرك من هذه الخيالات شيئاً. أجل فإن على المثقفين من كرد وعرب ليس تجنب التعصب القومي والعنصري الأعمى فقط، بل ومحاربة نظرياتها الهدامة التي يبثها المغرضون للتفريق مابين أبناء القطر الواحد، ومعاداة الشعوب الأخرى لا لأن هذه النظريات لا تقوم على أساس من العلم والعقل فحسب بل لأنها من الأسباب المهمة في بث روح الكراهية بين الشعوب واثارة الحروب والقلاقل فيما بينها .. الخ).

وفي الختام ندعو الشعبين العربي والكردي الى التعاون والتآخي والسير معاً في مقارعة الاستعمار والاستغلال فهما رفاق في طريقهما الى التحرر.

جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستی دەربارەی ئەم نامیلکەیە بکرێت و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی شیبکرێتەوە...

نوسەری ئەم کتێبە لەئەنجامدا دێتە سەر ئەو ڕاو باوەڕەی کەبیرو بۆچوونەکانی برایم ئەحمەد لەو سەرو بەندەدا هێزو بیرو بۆچوونێکی نیشتمان پەروەرانەو دژ بەفاشیزمو پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕانە بووەو بەدڵ و دەروون دژ بەداگیرکەرو ئیمپریالیوم و نۆکەرەکانیان و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بووە.هیواو ئامانجی لەنووسینی ئەو نامیلکەیەدا دروستکردنی پردی پتەوی نێوان دوو نەتەوەی کوردو عەرەب بووە. ئەو ویستوویەتی عەرەبە شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستەکان هوشیار بکاتەوە،

کەنەتەوەی کورد دۆست و برای عەرەبەو هیچ ناکۆکیەك لەنیوان ئەم دو میللەتەدا نییە، ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان دەیانەوێت ئەم دوو نەتەوەیە لەیەکتر دڕدۆنگ بکەن و- دووربخەنەوە - وای دەربخەن گوایە بەرژەوەندی هاوبەشیان نییە. بەڵام ئەم زۆر ژیرانە چۆتە ناو باسەکەوەو بەبەڵگە ئیسپاتی کردووە، کەبرایەتی و دۆستایەتی کوردو عەرەب بەردەوامەو پێویستە لەمەودواش هەر پارێزراو بێت. چەند نموونەی زیندووشی بەبەڵگە هێناوەتەوە وەك ئەوەی لەسەردەمی ئەتا تورك لەساڵی ۱۹۲۵ز کە ٤٥ سەرکردەی کورد لەسێدارە دران چۆن ڕۆشنبیرو ڕۆژنامە عەرەبییەکان لەمیسر هەڵیان دایەو داوایان لەتورکیا کرد ئەو شۆڕشگێڕانە لەسێدارە نەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو بەرنامە داڕشتنەی لەو نامیلکەیەدا هاتووە بۆ پەیوەندی دۆستانەی دوو نەتەوەی کوردو عەرەب لەئەنجامدا بووە بەرنامەو ستراتیژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەحوکمی ئەوەی لەناوەڕاستی چلەکانەوە برایم ئەحمەد بووە ڕابەرو ڕێکخەری پارتی دیموکراتی کوردستان و توانی ئەو بیروباوەڕەی لەنامیلکەکەیدا هاتبوو بکاتە بەرنامەی بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەدەوری کۆبوونەوەو پەسەندیان کرد.

هەر ئەو بەرنامەیە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ڕۆشنبیرە عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان، کەبەچاوی ڕێزەوە سەیری بزووتنەوەی کوردایەتی و بەرنامە پەسەندکراوەکەی بکەن. ئاکام و ئەنجامی ئەو کارەش ئەوەیە، ئەمڕۆ دەبینین کەلەزۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و تەلەفزیۆنەکانی جەزیرەو ANN و ڕۆژنامە پێشکەتوخوازەکان و هەندێ سیاسەتمەداری عەرەب پشتگیری لەکوردایەتی دەکەن بەتایبەتی دوای ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەو دەستگیرکردنی (عەبدوڵڵا ئوچ ئالان).

نەتەوەی عەرەب بەگشتی و سیاسەتمەدارو چەپڕەوەکان بەتایبەتی هەڵوێستی زۆر چاک و باشیان هەبوو. ئەم هەوڵوێستەی عەرەب ئێمە پێمان وایە لەئەنجامی ئەو برایەتی و هاوسۆزیەوە سەری هەڵداوە و هەڵقولاوە کەکورد دڵسۆزانەو خەمخۆرانە بەرامبەر نەتەوەی عەرەب و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین نواندوویەتی.

ئێمە وای تێدەگەین، ئەم هاوبەشی و هاوسۆزیەی نێوان کوردو عەرەب (برایم ئەحمەد) ڕۆڵی گرنگی تیا بینیوە، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی ماوەی (١٥) ساڵ سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو داڕێژەری بەرنامەی کوردایەتی بووە.

کوردیش بۆخۆی میللەتێکی ئەمین و بێوەیەو هەمیشە ئاوەزو لۆژیکی (عقڵ)ی بەکارهێناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرودراوسێکانا و توانست و دەسەڵاتی خۆی و دەروبەری لێکداوەتەوە.

ئیتر دوای ئەوەی (برایم ئەحمەد) درایە دادگا لەسەر نوسین و بلاوکردنەوەی ئەونامیلکەیە- الأكراد والعرب-، لەدادگا وەك پارێزەرێکی ووشیارو کارامەو زرەنگ و زیرەك، توانی داکۆکی و بەرگری لەخۆی بکات و کرۆك و ناوەڕۆکی نامیلکەکەی بۆ ئەندامانی دادگا شیبکاتەوەو ڕاستی بۆچوونەکانی خۆی بەدادگا بسەلمێنێ لەئەنجامدا خۆی و بەرهەمەکەی ئازادکران و بەسەروەری و سەرفرازی هاتەوە مەیدان و گۆڕەپانی پان و بەرینی سیاسی و ئەدەبی. وەك پارێزەرێکی زیرەك و لێهاتوو گەڕایەوە سلێمانی و لەکاری پارێزەریدا ناوو ناوبانگی پتر دەرکرد... وەك تێکۆشەرێکی زاناو بوێرو کۆڵنەدەر لەپێناو ئامانجەکانی گەلەکەی لەجموجوڵدا بوە ئینجا بۆ ئەو بیرۆکەیەی پێشتر لەمێشکی‌دا بوو بۆ دەرهێنانی گۆڤارێکی کوردی بەردەوام خەریکی پەیوەندی‌کردن بوو

بەرۆشنبیرانو شاعیرانو نوسەرانی ئەوکاتەوەو هەموو بەڵێنو پەیمانیان پێدا کەهاوکاری بکەن، بێتو ئەو بتوانێ ئیجازەی دەرهێنانی گۆڤارەکە وەربگرێت.

بەلاّم دوای هەولّو ماندوو بوونێکی یەکجار زۆرو تەگەرەو لەمپەرخستنەپێش دەرچواندنی لەلایەن پارێزگاری سلێمانیو دەزگا ئەمنیەکانی تری رژێمەوە کارەکەی هەندێ دواکەوت، بەلاّم لەئاکامدا دوای کۆلّ نەدان ئەوبوو لەکانوونی یەکەمی سالّی ١٩٣٩ز توانی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەربکاتو بلاّوبکاتەوە، لەماوەی دە سالّدا واتە- تامانگی ئابی ١٩٤٩ز گۆڤاری گەلاوێژ (١١٦) ژمارەی لێدەرچوو.

(گەلاوێژ) بوارو دەرەتانی باشی لەبەردەم نوسەرانو شاعیرانو هونەرمەندان رەخساند. رێنووسو دارشتنی زمانی کوردی لەو سەردەمەداو بەتایبەت بەکاریگەری (گەلاوێژ) زۆر گەشەی کردو پێشکەوت.

لەو گۆڤارەدا برایم ئەحمەد دەیان بەرهەمی خۆی تیا بلاّوکردۆتەوە لەژێر ناوی خوازیارەوە. وەك (بلە،ب.ه.ل.، ه.ل.ب، أن، و سیاپۆش، هیتد...) لەسالّی ١٩٤٩ز دەگیرێو دەدرێتە دادگای عورفیو سالّو نیوێك حوکم دەدرێت... رەوانەی بەندیخانەی بەغدا دەکرێتو گۆڤاری (گەلاوێژ)یش بۆ یەکجاری دادەخرێتو دەنگی ئەدیبو رۆشنبیرانی کورد کپ دەکرێت، لەمەوقوف خانەی ئەبوغرێب شیعرە بەناوبانگەکەی (دواتیری کەوان) دەنوسێت.

– دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن
– دوا سەرکەوتنی تۆیەو دوا نوچی گەلە دوژمن

غەفوری میرزا کەریم لەبیرەوەری‌یەکانیدا دەنوسێت:

(حەسەن تاڵەبانی موتەسەریفی سلێمانی و حامد فرج بەگ معاونی پۆلیس بوو لە ١٩٤٧/٦/١٨ز ئاگادارکراین کەچوار ئەفسەرەکە (عیزەت عەبدول عەزیز)، (خەیروڵا عەبدول کەریم)، (موستەفا خۆشناو)، (محەمەد قودسی) بەیانی لەبەغدا لەسێدارە دەدرێن، ئێمەش وەفدێکمان پێکهێنا لەبەڕێزان... (ئەحمەد شاڵی) و (محرم حمە ئەمین) و (مستەفا محمد) و (رەئوف معروف) و (حەمەی بکر) و خۆم داوامان لە موتەسەریف کرد دەنگمان بگەیەنێتە بەغداو داوا لەوەزارەتی ناوخۆ بکات ئەو چوار ئەفسەرە عەفو بکرێن و ئیعدام نەکرێن. بەڵام ڕژێم هەرلەسەر بڕیاری خۆی سوور بوو.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ز تەرمی مستەفا خۆشناو و موحەمەد قودسی هاتەوە سلێمانی و پەیوەندیمان بە (هاوڕێ فەهد) کرد گوتی لافیتەیەك بنووسن بەم شێوەیە:

(ئیستعمار بەرپرسیارە لەئیعدام کردنی ئەم ئەفسەرانە). دوای نیوەڕۆ تەرمەکانیان لەمزگەوتی گەورەوە بۆ ماڵی موحەمەد قودسی و دواتر بۆلای ماڵی (وەستا فەرەج) خەزوری مستەفا خۆشناو لەوێشەوە بۆ گردی سەیوان.

زۆر سەیر بوو کەدەستمان کرد بەڕێپێوان برایم ئەحمەد پەلاماری دروشمەکەی داین و دژی وەستا. قادری نوری بەگ هاتە بەردەمی و ڕێی پێ‌گرت کەواز بێنێ چونکە برایم ئەحمەد ئەوکاتە نەلەڕیزی پارتی و نەلەدەستەی دامەزرێنەری بوو، بەڵکو لێپرسراوی لقی (ژ.ك) بوو لەسلێمانی، بۆیە زۆر بەسەرسامی‌یەوە ئەمانڕوانی‌یە ئەو هەڵوێستەی. پاش ئەوەش تێ‌نەگەیشتین بۆچی برایم ئەحمەد خۆی کردبوو بەکەوڵ سوورو میرات گری تەرمەکان؟!.

نازانین بەڕێز برایم ئەحمەد بۆ دژی ڕێپێوان و لافیتەکە بوو؟! خۆزگە ئەوگرێ کوێرەیەی بۆ ئەکردینەوەو بیرو بۆچوونی خۆی بەڕاستی ئەنووسی. چونکە سەرەڕای ئەوەی پارێزەرێکی دانا و ناسراو لەڕیزی ڕۆشنبیرانیشدا بەنووسەرو شاعیرێکی هەڵکەوتوو ناوی دەرکردووە..

بریا هەر لەسەر ئەو ڕێبازە هەنگاوی ئەنائەوسا خەرمانێکی فرە زەبەندی بۆ دەهێنایینە بەرهەم.[(١٣)]

ساڵی ١٩٥١ز کەلە زیندان ئازاد دەکرێت دوای تەواوبوونی حوکمەکە لە کۆنفرانسی پارتیدا بەسکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێت و خەریکی کاری حزبایەتی و پارێزەری دەبێت و زۆر بەرگری و داکۆکی لە داخوازیەکانی جوتیاران دەکات لەدژی دەرەبەگەکانی کوردستان، بۆیە لەساڵی ١٩٥٤ز لەلایەن دەرەبەگەکانەوە هەوڵی تیرۆرکردنی دەدرێت و بەخەستی بریندار دەکرێت. لەساڵی ١٩٥٦زیشدا ڕۆمانی (ژانی گەل)ی هێنایە بەرهەم، ئەم ڕۆمانە دوای (١٧) ساڵ ئینجا بڵاوکرایەوە- واتە ساڵی ١٩٧٣-. لە ساڵی ١٩٥٩ز ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەزمانی کوردیو عەرەبی وەرگرت، بەناوی (خەبات)ەوە کەهەر خۆیشی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری بوو. بەم چەشنەی خوارەوە (خەبات- النضال): جريدة يومية سياسية, صاحب

---

(١٣) غەفوری میرزا کەریم، کێومالی بەنێو بیرەوەرییەکانمدا- سلێمانی، نەورۆزی ٢٠٠٠- چاپخانەی هەمیشە- ل٤٠.

تێبینی:

١- ساڵی ١٩٤٧ز کۆمەڵەی (ژ.ک) نەمابوو، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرابوو- نووسەر.

٢- بەلای منەوە برایم ئەحمەد دژی ڕێپیوانەکە نەبووە، بەڵکو دژی لافیتەکە بووە- نووسەر.

الامتياز ورئيس التحرير ابراهيم أحمد المحامي- بغداد- شارع المتنبي).

یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٩٥٩/٤/٤ز بەزمانی کوردی لەبەغدا دەرچوو. (٥) ژمارەی سەرەتایی بەکوردی دەرچوو... پاشان ژمارە (٦-٧)ی بەعەرەبی و ژمارە (١٠)یشی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ز بەقەوارەی هەشت لاپەڕە هەربەزمانی عەرەبی دەرچوو.

بۆیە دەکرا ڕۆژنامەکە بەزمانی عەرەبی دەرچێ، تابتوانێ کێشەو داخوازیەکانی میللەتی کورد لەحکومەتی عێراق و میللەتی عەرەبی ڕابگەیەنێت، چونکە لەو سەردەمەدا گیانی شۆڤێنی لەعێراق پەرەی سەندبوو داوای تواندنەوەی کورد دەکرا لەبۆتەی عەرەبیداو بەڕاستی (خەبات) ڕۆڵی باشی گێڕا لەڕوونکردنەوەی کێشەی کوردو داخوازییە ڕەواکانی و ڕیسواکردنی عەرەبە شۆڤێنی و کۆنەپەرستەکاندا... تا (٢٨)ی مارتی ١٩٦١ز (٤٦٢) ژمارە لەڕۆژنامەی خەبات بڵاوکرایەوە. لەساڵی ١٩٦١ز ڕۆژنامەکە داخراو برایم ئەحمەدیش فەرمانی گرتنی دەرچوو لەلایەن میرییەوە، بەتۆمەتی کوشتنی (صديق ميران) لەشەقڵاوە، بۆیە ناچار برایم ئەحمەد خۆی شاردەوەو خۆی نەدا بەدەستەوە، چونکە سەرکردەکانی پارتی زۆربەیان فەرمانی گرتنیان دەرچووبوو، و هەندێکیان کەوتنە دەست حکومەت و زیندانی کران.

◈ ◈ ◈

برایم ئەحمەدو خەباتی سیاسی [١٤]

هەروەکو لەپێشەوە ڕوونمان کردەوە برایم ئەحمەد هەرلەسەرەتای گەنجیەوە هەڵوادەو عەودالی، جۆش و پەرشی سیاسەت و کوردایەتی بوو، کەچووە بەغدا لەگەڵ لاوان و خوێندکارن خەریکی خۆڕێکخستن و کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو گەشت و وتارو شیعر نووسین و گۆڤار دەرکردن بوو.

برایم ئەحمەد پیاوێکی چەپڕەوو شۆڕشگێر بوو. لەبەندیخانەی ئەبوغرێب و بەغدا هاوڕێیەتی و پەیوەندی لەگەڵ شیوعی‌یەکان پەیدا کردو شارەزای یەکی باشی لەبیروباوەڕی (مارکس و لینین)دا بەدەستهێنا و بەئیعجابەوە باسی نامیلکەی (چەپڕەوی کۆمۆنیزم و سەرلێشێوانی زارۆکانەی) دەکرد.

لەسەروبەندی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا واتە- ڕێک ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢ز کۆمەڵەی (ژ.ک)ی لەمهاباد دروست بوو لەکۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم، لەهەموو توێژەکانی کۆمەڵ. بەپێی قسەکانی (ئیگلتن) کۆمەڵە زۆر گەشەی کرد بەتایبەتی لەساڵی ١٩٤٤ز تاگەیشتە میاندواو و سنوری ڕوسیا، خێڵ و عەشیرەتەکانی ئێلخانی و نەغەدەو زەرزە لەشنۆو شێخەکانی هەرکی هەموو پەیوەندیان بەکۆمەڵەوە کرد.

لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٤٤ز برایم ئەحمەد خەریکی ئەوقاتی بووە، ڕۆژێك (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) [١٥] لەگەڵ (عوسمان دانش) [١٦] دێتەلای برایم

---

[١٤] کوردستانی نوێ ژمارە ٢١١٨، چوار شەممە ٢٠٠٠/٤/١٢، لاپەڕە (٢،١).

ئەحمەدو باسی ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بۆدەکەن و داوای لێدەکەن بەشداریان بکات لەدامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك) کەوا لەمهاباد دامەزراوەو نامەیەکی دەدەنێ لەسەرکردایەتی کۆمەڵەوە لەمهابادەوە بۆی هاتووە. بۆ ئەو مەبەستە برایم ئەحمەدیش ڕازی دەبێت بچێتە ناو ئەو ڕێکخراوەوە، بۆ ئەو مەبەستە (١٥) کەس لەماڵی (ئیسماعیل حەقی) کۆدەبنەوە لەوانە: (سدیق شاوەیس، فایەق بێکەس، خاتو بەهێ مارف، حەمە عەلی مەدهۆشی بەرگدروو- شاعیر، عەزیز میرزا سالح و).. چەند کەسێکی تر.

بڕیاری دامەزراندنی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەدەن. [١٧] لە ١٦ ی ئابی ساڵی ١٩٤٥ کۆمەڵە بوو بەحیزبی دیموکراتی کوردستان. بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە ئامانجەکانی بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر ئاشنا و ئاشکرابوو (قازی محمد)یش بوو بەسەرۆکی حیزب برایم ئەحمەد پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەو قازی محمد بەهێز بوو. لەسلێمانی سەرکردایەتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی (ژ.ك)ی دەکردو لەکەرکووکیش لقێکی کردبووە.

کاتێ کۆمەڵە بوو بە حیزبی دیموکرات برایم ئەحمەد لە کوردستانی عێراق لێپرسراوی بوو وە پەیوەندی لەگەڵ قازی محمد بەهێز و پتەو بوو بەبەردەوامی نوسراوو نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبوو. قازی بە برایم

---

[١٥] (ئیسماعیل حەقی) کۆنە ئەفسەرێکی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموودو حکومەتی عێراقیش هەر ئەفسەر بوو، کوردێکی چالاك و چاك بوو.

[١٦] (عوسمان دانش) لاوێکی چالاك و دڵسۆز بوو.

[١٧] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ – ژمارە (٢١٢٧)، لە ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٩.

ئەحمەدی دەگوت (بیلە) واتە بیلبیلەی‌چاوان ، چونکە زۆری خۆش دەویست لەگەڵ ئەوەشدا ، کەنەیدیبوو. لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق دامەزرا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و بە نوێنەرایەتی هەمزە عەبدوڵا . برایم ئە حمەد هەرچەندە بۆ کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بانگ کرابوو ، بەڵام ڕازی نەبووبچێتە ناو پارتی‌یەوە بەبێ ڕەزامەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و قازی محمد . بۆیە ڕێکخستنەکانی خۆیان لە سلێمانی و کەرکوك وەکو خۆی مانەوە تا کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا و دواتر تێکچوو ئینجا لە ساڵی ١٩٤٩ز لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورد یەکیان گرت و تێکەڵ بە یەك بوون .

لە کۆنگرەی دووەمی پارتی کەلەبەغدا لەماڵی شەهید عەلی حەمدی بەرواری بەسترا لەساڵی ١٩٥١ز برایم ئەحمەد بەسکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێردراو ناوی پارتیش گۆڕا بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) لەسەر پێشنیاری برایم ئەحمەد.[(١٨)]

لە هاوینی ساڵی ١٩٥١ز برایم ئەحمەد نەفی کرا لەسلێمانی‌یەوە بۆ کەرکوك. لەکەرکوك بەیارمەتی شەهید عەلی حەمدی‌و میرزا عبدالکریم توانی دەزگای چاپەمەنی پارتی دابمەزرێنی‌و گۆڤاری (ڕزگاری) بەزمانی کوردی دەربکات کەگۆڤارێکی چەپی پێشکەوتنخواز بوو. لەماوەی کەمتر لەدوو ساڵ توانی پارتی بەرەو کرێکاران‌و جوتیاران‌و ڕەنجدەران ڕێنوێنی بکاو پرۆژەی پرۆگرام‌و پەیڕەوێکی نوێی چەپڕەوی شۆڕشگێر گەڵاڵە بکات بۆ کۆنگرێسی سێهەمی پارتی لەکەرکوك لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ز.

(١٨) الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن، ١٩٠٨-١٩٥٨، عبدالستار طاهر شريف، ص١٧٠.


یادگار و شیوا
چەپکە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد

بەو شێوەیە برایم ئەحمەد توانی پارتی بەتەواوی بگۆڕیگۆڕینێکی نەوعی لەچەندایەتی و چۆنایەتی یەوە. پارتیەکی پێشڕەوی شۆڕشگێر کەڵك لەمارکسیەت وەردەگرێت و بووە حزبی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجەدەرانی بیرو بازوی کاسبکارانی کوردستان. دروشمی مافی چارەی خۆنووسین و جمهوری دیموکراتی گەلی عێراق و کوردستانی پێهەڵگرت و داوای لەڕیشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی و دابەشکردنی زەوی و چاکردنی کشتوکاڵ بوو. مەبەستی برایم ئەحمەد لەو دروشمانە خزمەتی چینی چەووساوەی کوردستان و ڕێکرتن بوو لەڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق لەگۆڕەپانی کوردستان...

هەرلەو کۆنگرەیەدا لەسەرپیشنیاری برایم ئەحمەد بڕیاردرا ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی کوردستان پێك بێت...

لەهەمان ساڵدا پارتی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شەهید عبدالرحمن قاسملۆ بەست. لەساڵی ١٩٥٤ز بەپیلان و کەین وبەین و هاندانی دەرەبەگەکان برایم ئەحمەد بەخەستی بریندار کرا، چونکە وەك پارێزەرێکی هۆشیارو ناسراو لەناو کۆمەلانی خەڵکدا بەرگری لەمافی جوتیاران دەکرد...

هەرلەسەروبەندی (١٩٥٣- ١٩٥٤)دا برایم ئەحمەد پەیوەندی بەهێزی هەبوو لەگەڵ (کامل جادرچی و عزیز شریف و هەندێ گروپ و ئەفرادی مارکسی)، وەك (نەژاد ئەحمەد عزیز ؛ خەسرەو تۆفیق؛ ساڵح دیلان؛ کاکەی فەلاح)؛ کەبەهۆی ئەوانەوە توانی پەیوەندی لەگەڵ سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی ئەوسا (حەمید عوسمان) [١٩] پەیدا بکات.

---

[١٩] کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢٠، شەممە ١٥/٤/٢٠٠، ل١.

هەوڵی ئەوەی دا هەردوو باڵی حزبی شیوعی (القاعدة و راية الشـــغيلة) بگەیەنێتە یەك. برایم ئەحمەد بزوتنەوەی شیوعی بەدۆستێکی گەورەی گەلی کورد دەزانی.

بەهـــەوڵ و کۆششـــی برایـــم ئەحمـــەدو لـــەماڵی هـــەڤاڵێکی پـــارتی و بـەئامادەبوونی (مام جەلال و حەبیب محمد کریم) توانرا هەرسێ باڵەکـەی حیزبی شیوعی عێراق کۆبوونەوەی یەکبوون سازبکرێت (وحدة الشيوعيين, القاعدة, راية الشغيلة). بەئامادەبوونی سەلام عادل لەلایەن حیزبی شیوعی؛ حەمزە سلێمان. لەلایەن راية الشــغيلة؛ عبدالرحیم شریف لەلایەن وحـــدة الشيوعيين.

بەم شێوەیە دەبینین پەیوەندی برایم ئەحمەد لەگەڵ حیزبی شیوعی زۆر باش بوو؛ کار گەیشتە ئەوەی چەندین کۆبوونەوە بکرێت بۆ ئەوەی هەردوو حیزب تێکەڵاو بەیەکتری بن و یەك بگرن بەڵام دوایی سەری نەگرت و هەندێ جاریش گرژی دەکەوتە نێوانیان. برایم ئەحمەد هەرلەسەرەتاوە هەوڵی‌دابوو پـــەیوەندی لەگـــەڵ حیزبـــە عەرەبیـــە عێراقیـــەکان بـــاش بێـــت و لەنزیکـــەوە بەکێشـەو مافـەکانی گـەلی کـورد ئاشـنایان بکـات. بـۆ ئـەو مەبەسـتە جگـە لـە(کـامل جـادرچی) پـەیوەندی باشـی لەگـەڵ (سـدیق شەنشـەل) و (فـائق سـامرائی) و دواتـر لەگەڵ سـەرۆك (جمـال عبدالناصر) پـەیداکردبوو. حزبـە عەرەبیە عێراقیەکان رێزی زۆریان بۆ برایم ئەحمەد هەبوو...

لەوانە حزبی (الاستقلال الوطني الديمقراطي) و تا(حزبی بەعسیش). [(٢٠)] میشـیل عفلـق و فوئـاد الرکـابی، کـە سـکرتێری حزبـی بـەعس بـوو بـەهۆی سیاسـەتمەدارانی عەرەبەوە ساڵی(١٩٥٧ز) هـەوڵ و کۆششـێکی زۆر درا بـۆ

---

(٢٠) کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢١، شەممە ٢٠٠/٤/١٦، ل١.

چوونە قاهیرەی برایم ئەحمەدو دیدار لەگەڵ (جمال عبدالناصر)، بەڵام پاسپۆرتی بۆ جێبەجێ نەکرا. لەساڵی ١٩٥٨ز دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ برایم ئەحمەد سەردانی سەرۆك (جمال عبدالناصر)ی کردو داخوازیی و کێشەکانی گەلی کوردی بۆ سەرۆك ناصر ڕوون کردەوەو ناصری بەکێشەی کورد ئاشنا کردو داوای لێکرد بارزانی بەمیسردا بگەڕێتەوەو چاوی پێبکەوێت و هاوکاریی و هاودەردی لەنێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب دروست بێت لەسەر بناغەی برایەتی و وەك یەکی[21]. دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ لە ٢٧ی مانگی گەلاوێژ وەفدی زۆربەی شارەکانی کوردستان چوونەبەغداد بەسەرۆکایەتی برایم ئەحمەد چوونە بەردەرگای وەزارەتی بەرگری بۆ پیرۆزبایی لێکردنی مەجلیسی سیادەی تەموزو ئەندامانی مەجلیسی سیادەو ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و وەزیرەکان ئامادەبوون، برایم ئەحمەد بەناوی وەفدی کوردستانەوە وتارێکی بەپێزی خوێندەوە پیرۆزبایی لەسەرکردایەتی شۆڕش کردو باسی چۆنیەتی داگیرکردن و دابەش کردنی کوردستانی کرد لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و کوردستان (ویلایەتی موصل) خرایە سەرعێراق بەمەرجەکانی پاراستنی مافەکانی کوردو باسی ئەو زوڵم و زۆرەی کرد کەبەدرێژایی مێژوو لەگەڵ کورد کراوە، هەروەها باسی خەبات و تێکۆشان و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردی کرد لەپێناو ئازادی و سەرەبخۆیی خاکی کوردستان[23]. هەروەها باسی برایەتی لەمێژینەی گەلی کوردو گەلی عەرەب و داوای دیموکراسی و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردی کرد.

---

(21) کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢٠، شەممە ٢٠٠٠/٤/١٥، ل١.

(23) کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢٣، شەممە ٢٠٠٠/٤/١٨، ل١.

بەهەوڵ و کۆششی برایم ئەحمەد ڕۆژنامەی (خەبات) و پارتی بوونە خاوەن چاپخانەو لەو ڕۆژنامەیەدا جگە لەبرایم ئەحمەد، (جەلال تاڵەبانی) و عبدولرەحمان زەبیحی) و (د. سەید عەزیزی شەمزینی) و (حلمی عەلی شەریف) نوسەری هەمیشەیی ڕۆژنامەکە بوون.

جارێکیان لەسەر وتارێك دەربارەی مادە (٣)ی دەستوری کاتی عێراق برایم ئەحمەد درایە دادگای عورفی، برایم ئەحمەد دلێرانەو نەبەزانە بەرگری و داکۆکی لەخۆی و ڕۆژنامەکە کرد...

جگە لەوەش دەیان پارێزەری کوردو عەرەب چوونەدادگاو بەرگریان لەبرایم ئەحمەد کردو دادگا ناچار ئازادی کرد.

لەسەرەتاوە برایم ئەحمەد لەسەرپەرشتی کردنی ڕۆژنامەکە دوورخرایەوەو جڵەوی کەوتە دەست باڵی هەمزە عەبدوڵلاو حەمید عوسمان و ساڵح حیدری. ئەوانە ویستیان ڕۆژنامەکە بەڕێرەوێکدا بەرن کەلەخزمەت حزبی شیوعیدابێت، بەڵام دواتر بەفەرمانی سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی ئەو باڵەی مەکتەبی سیاسی دوورخرانەوە لەحزب و لەڕۆژنامەکە، برایم ئەحمەد گەڕایەوە جێگەی خۆی وەکو سکرتێری گشتی پارتی و سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەکە بەوتاری تێروتەسەل و چالاکانە کەوتە خۆ تائەو ڕۆژەی داخرا.

◈ ◈ ◈

ناکۆکی نێوان مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفای بارزانی ساڵی ١٩٦٤ز

دوای بەرپابوونی شۆڕی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی دووبەرەکی کەوتە بەینیانەوە.......

لەناویاندا دوو بیروبۆچوونی جیاواز سەری هەڵدا دەربارەی زۆربەی کێشە سیاسیەکانی ئەوسەردەمە، بەتایبەتی هەڵوێست لەحزبی شیوعی عێراقی، لە عەبدولکەریم قاسم، لەپارتە عەرەبیە ناسیۆنالیستکان، لەمەلا مستەفا بارزانی..

سکرتێری مەکتەبی سیاسی (هەمزە عبدالله) لەگەڵ هەندێك لەئەندامانی مەکتەب و سەرکردایەتی (حەمید عوسمان، ساڵح حیدری، خەسرەو تۆفیق، نەژاد ئەحمەد ئاغا، ساڵح ڕوشدی)، کەزۆربەیان کۆنە شیوعی بوون و هاتبوونە ناو پارتی، لەگەڵ حزبی شیوعی ژێربەژێر ڕێکەوتبوون پارتی بکەنە دەسکەلای حزبی شیوعی، ماك و مۆرکی بۆرژوازی نەتەوە پەرست بەپارتیەوە بسوون و بەنوێنەری ئاغا و دەرەبەگ و سەرمایەداری کوردی ناوزەد بکەن و حزبی شیوعی بەنوێنەر و ڕابەری چینی چەوساوەی عێراقی بەکورد و عەرەبەوە بەباڵایدا بکەن.

وەئامادەبوون بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حزبی ناوبراو..... (عبدالکریم قاسم)یان بەرابەری بێهاوتا دادەنا دروشمی

ڕۆژانەیان (ماكو زعیم الا كريم. عاش الزعيم الأوحد عبدالكريم قاسم) برایم ئەحمەد بەتووندی لەدژی ئەو هەڵوێستە ڕاوەستا.

نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵلاو عومەر موستەفاو جەلال تاڵەبانی و نوری ئەحمەدی تاهاو مەلا عبدوڵلا ئیسماعیل و جەلال عبودلڕەحمان پشتگیریان لەبرایم ئەحمەد دەكرد.

برایم ئەحمەدو هاوڕێكانی پارتیان بەپارتێكی شۆڕشگێرو نیشتمان پەروەرو نوێنەری چینی چەوساوەی كوردستان دادەناو بوونی حزبی شیوعی لەكوردستان بەنامۆو زیاد دەزانی.

بەلای ئەمانەوە مەلا مستەفا ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵكی كوردستانەو عبدالكريم قاسم ئەفسەرێكی عێراقی نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێڕە، شۆڕشێكی نیشتمانی بەرپاكردووە جێگای ڕێزلێنانە،

بەڵام دەبێ گەلی عێراق ئاگاداری خۆی بێت قاسم بەرەو تاكڕەوی و دیكتاتۆریەت نەڕوات، وەحزبی شیوعی لەڕێبازی خۆی لایداوە. لەخۆبایی بووە، خۆی بزر كردووە...

ئەو سەردەمە ئێمە كادری ناوەندی (وسـط)ی پارتی بووین هەر ڕۆژە لێپرسراوێك دەهات كۆبوونەوەی لەگەڵ دەكردین لەچاپخانەكەی خاڵە سەید مەجید لەهەولێر كەئەوسا بەناو بارەگای خەباتیش بوو چونكە، پارتی بارەگای نەبوو مۆڵەتی یاسایی كاكركردنی پێنەدرابوو.

ئەندامانی پارتی لەئەنجامی ئەوململانێیەدا تووشی گێژاوی فیكری هاتبوون. بۆیە لەهەموو شارەكان نوێنەریان ناردە لای سەرۆكی پارتی بۆ چارەسەركردنی ئەو بارە نالەبارەی پارتی تێكەوتبوو. حزبی شیوعی پاوانی گۆڕەپانی سیاسی كردبوو، بەتووندی بەربەرەكانی پارتی دەكردو

خۆی بەخاوەنی شۆڕشی گەلاوێژ دادەنا. پاڵەپەستۆی خستبووە سەر پارتی و پڕوپاگەندی ناڕەواو ناڕاستی لەدژی بڵاودەکردەوە.

دروشمی سەیروسەمەرەی بەرزدەکردەوە. حسابی بۆهیچ کەس و لایەنێکی سیاسی نەدەکردو حزبەکان لێیان دڵگیر بوون.

گروپەکەی (همزة عبدالله) (برایم ئەحمەد) یان لەمەکتەبی سیاسی دوور خستەوەو دەستیان بەسەر ڕۆژنامەی خەباتدا گرت و مام جەلالیان تەجمید کرد.

ئەندامانی پارتی لەهەموو ناوچەکان داوای بەستنی کۆنگرەیاندەکرد.

بارزانی داوای لێکردن ڕۆژی ١٩٥٩/٦/٣٠ ئامادەی کۆبوونەوەیەکی فراوان بن لەماڵی مەلا مستەفای بارزانی بۆ خۆسازدان بۆ کۆنگرەی چوارەمی پارتی...

ئەندامانی سەرکردایەتی هەموو ئامادەبوون جگە لەگروپەکەی (هەمز عبدالله).. لەکۆبوونەوەکەدا بارزانی بڕیاریدا ئەو گروپە تجمید بکرێ و وەفدێکی نارده سەریان و داوایلێکردن مەکتەبی سیاسی و ڕۆژنامەی خەبات چۆڵ بکەن و دەست لەکاربکێشنەوە. ئیش و کارەکانی (م.س) و ڕۆژنامەی خەباتی بەبرایم ئەحمەدو هاوڕێکانی سپاردو داوای لێکردن بەزوویی کۆنگرەی چوارەم ببەستن.

لەمانگی ١٠-١٩٥٩ کۆنگرەی چوارەم بەستراو لەو کۆنگرەیەدا گروپەکەی (همزە عبدالله) بۆیەکجاری لەپارتی دەرکرا، سەرکردایەتییەکی تازە هاتەکایەوەو بەزۆری دەنگ بارزای بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێرایەوە...

برایم ئەحمەد کرا بەسکرتێری پارتی و ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و پشکنین و چاودێری (تفتیش و مراقبە) لەم ناوانەی خوارەوە هەڵبژێرران.

نوری شاوەیس، علی عبداللە، عومەر موستەفا، جەلال تاڵەبانی، مەلا عبداللە اسماعیل، جلال عبدالرحمان، زکیە اسماعیل حقی و ئەحمەد عبداللە ئامێدی، عەونی یوسف، سید عزیز شەمزینی، نوری ئەحمەدی تاها، یەدوڵا کەریم، شەمسەدین موفتی، علی عەسکەری، حبیب محمد کریم..

بارزانی چەند ڕۆژێك پێش کۆنگرە گەڕایەوە بارزان و نەیدەویست لەکۆنگرە ئامادەبێت چونکە (عبدالکریم قاسم) پێی ناخۆش بوو بارزانی بکرێتەوە بەسەرۆکی پارتی...!

دەیویست حزبایەتی نەکا و هاوکاری خۆی بێت و بەس. وەفدێك لەئەندامانی کۆنگرە چوونە لای بارزانی و قەناعەتیان پێکرد لەکۆنگرە ئامادەبێت و سەرۆکایەتی پارتی قبووڵ بکات دوای کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد بەتەواوی دەستی کرایەوە بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی خۆی لەناو جەماوەری پارتی بچەسپێنێت لەڕێگای ڕێخستن و ڕۆژنامەی خەباتەوە.

بیروبۆچوونەکانی کران بەبەرنامەی کاری پارتی دیموکراتی کوردستان.

دوای کۆنگرە و دەرکردنی هەمزە عەبدوڵاو هاوڕێکانی چەند ئەندامێکی پارتی لەشارەکان لە خەبات سارد بوونەوە. لەهەولێر حسن موستەفا، لەتیف نادر، حیدر همزە، ممتاز حیدری، جەمشید حیدری، خاتوو نافعە عوسمان)، دوای ماوەیەك زۆربەیان گەڕانەوە ناو ڕێکخستنەکان جگەلە (ممتاز حیدری و جەمشیدی) برای و (نافعە) خانی خوشکی حەمید عوسمان. دوای ئەو کۆنگرەیە پارتی زۆر گەشەی کرد. مۆڵەتی یاسایی پێدرا و بەئاشکرا کاری سیاسی بکا و بارەگا و ڕۆژنامەی هەبێت.

حزبی شیوعی بەپێچەوانەی پارتی بەرەو کزی و لاوازی چوو هەڵەی سیاسی گەورەیان کرد. لەمانگی ئازار لەموسڵ و لەمانگی تەموز لەکەرکوك کارەساتی خوێناوییان ئەنجامدا، دروشمی نەگونجاویان بەرزکردەوە (حزب

الشيوعي في الحكم مطلبُ عظيــم) پاڵەپەستۆیان خستە سەر حکومەت و پارتە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان..

عەبدولکەریم قاسم لەکردەوەکانی حزبی شیوعی ناڕازی بوو دەستیکرد بەگرتن و سزادانیان..

قاسم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو خۆپەرستی و تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت ملی ڕێگای گرت، بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی چوو.

کوردستان بوو بوو بە بەرمیلی نەوت و بەرەو تەقینـەوە دەچـوو. نێـوان قاسم و بارزانی تێکچوو لەسەر کوشتنی شێخ ئەحمەدی زێباری لەموصل لەلایەن چەند بارزانیەکەوە... بارزانی هانی سەرەك عەشیرەتە کوردەکانی دا لـەدژی حکومــەت، وەبۆخـۆی چـووە بـارزان و دانیشـت و پـەیوەندی لەگـەڵ حکومەت بڕی. حکومەت کەوتە وێـزەی ئەندامانی پارتی و گرتـن و ڕاونـان دەستی پێ کرد.

ڕۆژنامەی (خەبات) داخراو عومەر دەبابە گیراو فرمـانی گرتنـی برایـم ئەحمــەد و شەمسـەدین موفتـی دەرچـوو لەسـەر کوشـتنی (سـدیق مـیران) لەلایەن کاوانیەکانەوە). شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا و بارزانی چووە ناوچەی بادینـان و لـەچیای (مـەتینا) بارەگـای دانـا و هـیزی کۆکردنـەوە و لەشـکری ئامادەکرد.

مەکتەبی سیاسـی لـەگوندی (عـەودالان) کۆبوونەوەیـەکیان کـرد و دواتـر بارەگایان بردە ناوچەی ماوەت لەگوندی (مالوومە) ڕێکخستنەکانیان لەناو سوپا و لەپۆلیس ئاگادارکردەوە. پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن.

بەسـەدان پۆلیـس و سـەرباز هاتنـە نـاو شـۆڕش و شۆڕشـی ئـەیلول بـە (شۆڕشی پۆلیس) ناوبانگی دەرکرد.

حزب و سەرۆك لێك ترازان، دوورکەوتنەوە، پەیوەندیان زۆر کەم بوو، هەریەکە بەشێوەیەك کاری دەکرد. کودەتایی بەعسیەکان لەمانگی شوباتی ١٩٦٣ دا ڕوویداو بڕیاری لەناوبردنی حزبی شیوعیان دا.

شیوعیەکان ناچار هاتنە ناو شۆڕش و چوونە ژێر باڵی مەلا مستەفا ئەوەندە خراپەیان لەگەڵ ئەندامانی پارتی کردبوو پرۆپاگەندەیان لەدژی شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی کورد کردبوو ڕوویان نەبوو بچنە لای مەکتەبی سیاسی، (پ، م) و کادرەکانی پارتی کەیفیان بەچارەی شیوعیەکان نەدەهات. ئاغا و دەرەبەگەکانی ناو شۆڕش و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی جگەلە (عەباسی مامەند ئاغا) و (سمایل سوارە) و (شێخ حسین بۆسکێن) و (کوێخا سمایلی تەلان) کەوتنە پیلان گێڕان و شکات کردن لەپارتی لای بارزانی چونکە لەبەرژەوەندیان درابوو. حزبی شیوعی کەوتە پیلان گێڕان و ڕاپۆرت نووسین بۆ بارزانی لەدژی کادرەکانی پارتی.

بارزانی بڕیاری دەستگیرکردنی چەند کادرێکی پارتی دا لەوانە (مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل و) (مەجید گورگ) و (عەلی حەمدی). مەکتەبی سیاسی زۆریان پێ ناخۆش بوو بەڵام دسەڵاتی بارزانیان نەبوو چونکە دەیانزانی ئەو ڕاپۆرت و شکاتانە پیلانە و هیچی ڕاست نیە.

بارزانی (عەلی حەمدی) لەسێدارەدا بەبێ لێپرسینەوە و ئاگاداری (م.س) تائێستا کەس نازانێ لەسەرچی لەسێدارە دراوە و بەبێ لێپرسینەوە و ئاگاداری مەکتەبی سیاسی – عەلی حەمدی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوو– بڕواو متمانە لەنێوان مەکتەبی سیاسی و سەرۆك زۆر لاواز بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە. بارزانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران باش بوو کەوتە گرتن و ڕاونانی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دووبەرەکی خستە نێوان حزبی ناوبراو، (عەبدوڵا ئیسحاقی) جیابووەو خۆی‌کردە سکرتێری حزبی ناوبراو، چەند بەیاننامەی دەرکرد لەژێر ناوی (دیسان بارزانی) بۆ ستایشی بارزانی و هێرش کردنە سەر سەرکردایەتی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی لە عێراق).

بارزانی دەستی‌خستە ناو ڕێکخستنەکانی کوردستانی باکورو هەڤاڵان (شڤان)و (سعید ئالچی) دوو ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخستنەکانی کوردستانی تورکیا بوون بەشێوەیەکی نادیار شەهیدکران لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بارزانی. مەکتەبی سیاسی پارتی بەتەواوی ترسی لێنیشتبوو.

بارزانی برووسکەی دەکرد کە (فلان..) بگرن و بۆی ڕەوانە بکەن، بەڵام مەکتەبی سیاسی فرمانەکەیان جێبەجێ نەدەکرد.

بارزانی بروسکەی بۆ کردن ((ئەگەر من بەسەرۆکی پارتی و سەرۆکی شۆڕش دەزانن دەبێ فەرمانەکانم جێبەجێ بکەن)).

ئەو وایدەزانی خەتای سکرتێری حیزبە فەرمانەکانی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە فەرمانی دا برایم ئەحمەد لە سکرتێری لاببرێت و (مام جەلال) بچێتە جێگاکەی، مەکتەبی سیاسی ئەو داوایەشیان قبوڵ نەکرد.

بارزانی لە مەکتەبی سیاسی زۆر نیگەران بوو، چونکە هیچ شتێکیان بەدڵی ئەو نەدەکرد.

لە شوباتی ١٩٦٤ز بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکەوت و بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە بەبێ ئەوەی هیچ مافێك یان داخوازییەکی تیا دیاری کرابێت بۆ کورد، بەڵکو تەنها لێبووردنی گشتی بوو، وادەی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی تێدابوو.

وەفدێـك لـە مەكتـەبی سیاسـییەوە چـووە لای بـارزانی لـەبارەی ئـەو ڕێكەوتنە، بەڵام ئەو مەبەستی خۆی بۆ ڕوون نەكردنەوە. هـەر ئـەوەندە وتـی ((میللەتەكـەمان مـاندووە پێویسـتی بـە پشـوو هەیـە. حكومـەت باشـەو داخوازییـەكان جێبـەجێ دەكـات، چیتـان دەوێ بنووسـنو بیـدەن بـە حكومەتو پێی لەسەر دابگرن)).

مەكتـەبی سیاسـی ئۆقرەیـان نـەگرتو هـەوڵیان نـەدا كێشـەكان بچـووك بكەنەوەو لەگەڵ بارزانی خاوی بكەنەوە. بارودۆخەكەیان بەرەو ئاڵۆزی برد، كە بڕیاریـان دا كۆنفرانسێك لـە (مالومـە) مـاوەت بگـرن. لـەو كۆنفرانسـەدا وەفدێكیان ناردە لای بارزانی بێت بەشداری بكات.

لە وەڵامدا وتبووی، با بێن لێرە لای من كۆنفرانس دەگرین.. !!

ئـەندامانی وەفدەكـەی هەآگـەڕاندبووەو بـۆلای خـۆی ڕایكێشـابوون، وەك لەیادم بێت (حەبیب كەریمو عەبدولڕەحمان گۆمەشین)ی لەگـەڵدا بـوون. لـەو كۆنفرانسـەدا بڕیـاری بەیاننامەكـەیان دابـوو لـە دژی بـارزانی لـەژێر نـاوی (اتفاقية المشير والبارزاني أصلح أم استسلام)؟ بەیانەكـەیان دەركـردو بـڵاو كردەوە كە گوایە بارزانی كوردی بەمۆزو پرتەقاڵ فرۆشتووە.

لەبەرامبەردا بارزانی بڕیاری دا (ئیمپراتۆریەتی) ماوەت بڕوخێنـێ، هـەر وەك خـۆی نـاوی لێنـابوون- هێرشـی كـردە سـەر مەكتـەبی سیاسـیو شـەڕی براكوژی بۆ یەكەمجار لە باشووری كوردستان دەستی پێكرد.

بڕیارەكانی ئەو كۆنفرانسەو بەیاننامەكە دەربارەی ڕێكـەوتنی بارزانیو مشـیر عەبدولسـەلام عـارف ئـەنجامی خراپـی دا بەدەسـتەوە. دەكـرا ئـەو كۆنفرانسە نەبەستریو ئەو بەیانـە بـڵاو نەكرێتـەوە. مەكتـەبی سیاسـی لـە حسـاباتیاندا بەهەڵـەدا چووبـوون. وایـان دەزانـی بەبەیاننامەیـەك بـارزانی بچووك دەكەنەوە.. حسابی ئەوەیان نەكردبوو هەموو دامو دەزگاكانی پارتی

لە ماوەی هەژدە ساڵی پێشووتر ئیش و کاریان ستایشی کەسی (شـخصي) مەلا مستەفای بارزانی بوو، چۆن دەکرا بە یەك بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بچووك بکرێتەوە؟!!.

لە وڵاتێکی وەکو کوردستانی نیمچە عەشایەری و تاك پەرستیدا!!!.. کە بارزانی خۆشەویستی (پ.م) و کۆمەلانی خـەڵکی کوردسـتان بـوو. مـاوەی بیست ساڵ بوو سـەرۆکێکی بـێ مونـافیس بـوو، کـەس بـاوەڕی نـەدەکرد خیانەت لە کورد بکات. دەبووایە ڕابردوی بێگەردی بارزانی و خۆشەویستی لەناو خەڵکدا لەبەرچاو بگرن و ئەو بڕیارانە نەدەن.

بۆیـە بینیمـان لـە (٧٥٪) پێشـمەرگە چوونـە لای بـارزانی و پشتیان لـە سەرکردایەتی پارتی کرد..

لەبەرامبەر ئەو کۆنفرانسە بارزانی بڕیاریدا کۆنگرەی پارتی بگرێت، لە تەمموزی ١٩٦٤ لەقەڵادزە کۆنگرەی شەشەم گیرا بەبێ ئامـادەبوونی یـەك ئەندامی سەرکردایەتی.

لـەو کۆنگرەیەدا کە زۆربەیان غـەیرە حزبـی بـوون، بڕیاریـان دا هـەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنـەی مەرکەزی پێشـوو لـەپارتی دەربکەن. دیـارە ئـەندامانی کۆنگـرەش بـەبێ هـەڵبژاردن بـوو بـوون بـە نوێنـەر لـەو کۆنگرەیەدا..

لەو سەردەمەدا لەناو ڕۆشنبیران و سیاسـەتمەداران دوو بۆچـوون سـەری هەڵدا:

یەکەم: بارزانی سەرۆکی حیزبەو سەرکردەی شۆڕشە، ئەرکی بەئەنجام گەیاندنی لەئەستۆدایە، وەك هەموو سەرکردەکانی ڕۆژهـەلات، نـابێ کـەس دەست بخاتە ڕێگای، پێویستە سەرکردایەتی پارتی گوێڕایـەڵی بڕیارەکانی بێت و کورد لە شەڕی براکوژی بپارێزێت. پارتی بەو هەڵوێستەی دەتوانـێ

بارزانی ناچار بکات لێپرسراوەتی مێژوویی هەڵبگریٚو کادرو ئەندامەکانی خۆی بپاریٚزیٚو لەناو خەڵك خۆشەویستتر بێت.

دووەم: بۆچوونی دووەم دەیگوت، بارزانی دەستی لەگەڵ ئێران تێکەڵ کردووە، لەگەڵ عێراق ڕێکەوتووە، پەیوەندیشی لەگەڵ تورك پەیدا کردووە، لە هەرسیٚ پارچەی کوردستان ڕاوە حیزبەو شۆڕش پاکسازی دەکرێت، بارزانی داوای لە (پ.م) کردووە بچنەوە ناو ماڵو منداڵی خۆیان بەبیٚ هیچ دەستکەوتێك.. بۆیە نابیٚ ملی بۆ کەچ بکرێتو مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات، ئێمە بەرپرسیارین بەرامبەر ئەم میللەتە.

بەلای منەوە ئەو تەنازولەی لەساڵی ١٩٧٠ز بۆ بارزانی کرا، لە ساڵی ١٩٦٤ بکرایە زۆر باشتر بوو، چونکە کورد تووشی شەڕی براکوژی نەدەبوو، کە تا ئێستا نەبڕاوەتەوە.

هەرچەندە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان بەیاننامەی ساڵی ١٩٦٤و ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠.

لە کۆنفرانسی (تیمار) لە قەرەداغ لە ئابی ١٩٦٦ز، نووسەری ئەم کتێبە داوای لە ئەندامانی کۆنفرانس کرد لەگەڵ بارزانی ڕێك بکەوینو تەنازولی بۆ بکەین باشترە لەوەی لەگەڵ حکومەت ڕێك بکەوین، وە ناڕازی بوونی نیشاندا لە دەرکردنی (عەلی عەبدوڵا)و (نوری شاوەیس) لە حیزب.

لە بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسەدا هاتووە، هەڤاڵ ئەحمەد شەریفو کەمال موفتی ناڕازین لەو بڕیارانە، دیارە لە کۆنفرانسەکەی ماوەت ئێمە بەشدار نەبووین، ڕەنگە ئەگەر بەشدار بووینایە بۆچوونی یەکەممان دەبوو.

بەڵام ئەبیٚ بۆ مێژوو تۆمار بکرێت ڕێکەوتنی مەکتەبی سیاسی ساڵی ١٩٦٦ز لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەرچەندە ئاگری شەڕی براکوژی خۆشتر

کردو زیانی زۆری بۆ سەرکردەکانی پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، بەڵام دەستکەوتی زۆر گەورەی بۆ کورد دابین کرد.

لەوانە:

١- داننان بەمافی گەلی کورد لە عێراق.

٢- دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.

٣- دهۆك کرایە پارێزگا.

٤- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی.

٥- جەژنی نەورۆز بەڕەسمی دانی پیانرا وەك جەژنی میللەتی کوردو کرایە پشووی ڕەسمی لەسەرتاسەری عێراق.

٦- دەیان لاوی کورد لە کۆلیجی سەربازیو کۆلیجی ئەفسەری پۆلیس وەرگیران.

٧- لێبووردنی گشتی دەرکرا بۆ بەندە سیاسییەکان.

٨- ڕۆژنامەی (النور) ڕێگای پێدرا دەربچێت بە زمانی عەرەبی.

کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕای گشتی عەرەبی دەربارەی کێشەی ڕەوای کورد، بەکورتی دەربارەی ناکۆکی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسی ساڵی ١٩٦٤ز. من هەرئەوەندەی لێدەزانم بە ویژدانەوە بیروڕاو ڕووداوەکانم تۆمار کردووە، ڕەنگە شتی تر نهێنی لەنێواندا هەبێت من ئاگاداری نەبم.

◈ ◈ ◈

برایم ئەحمەد لە ئینگلستان

لەدوای هەرەس پێهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ز کورد تووشی سەرگەردانی و سەرلێشێوان بوو. مەلا مستەفا وازی هێناو جاڕی دا: ((کاری من تمام شد)). لەو سەرو بەندەدا پارتی پارچە پارچە بوو. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەیانی دامەزراندنی ڕاگەیاند، برایم ئەحمەد لە گۆڕەپانەکە کشایەوەو خۆی بە نووسینی چیرۆکی (دڕك و گوڵ)ـەوە خەریك کرد. وەك کەسایەتییەکی ناسراوو بەناوبانگی کورد کەوتە پەیوەندی بەستن بە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرە کوردەکانی هەندەران و پیاوە ناسراوەکانی دنیاو ئاراستەکردنی گروپ و حزبە سیاسییەکانی کورد. زیاتریش ڕووی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی سەرانسەر کردو لە پارتی کرێکارانی کوردستان نزیك بووەو بووە دۆستی نزیکیان، لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانی دەرەوەی وڵاتیانا ئامادە دەبوو، پشتگیری دەکردن.. لە هەمان کاتدا کەوتە چالاکی لەدژی دکتاتۆریەتی عێراق، وە لەلەندەن بەناوی (چریکەی کوردستان)ەوە گۆڤارێکی دەرکرد. ئەم گۆڤارە لە تەممووزی ساڵی ١٩٧٩ز تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٥ (٩) ژمارەی بە کوردی و پێنج ژمارەی بە عەرەبی (صرخە کردستان)ی لێدەرچوو. زۆربەی زۆری وتارەکان و شیعرەکانی ناو ئەو گۆڤارە لەدژی بەعسی عێراق و سەددام حسێن بوون، بۆ دەرچوواندنی ئەم گۆڤارە خوالێخۆش بوو (تۆفیق وەهبی بەگ)و (محەمەد

ڕەسوڵ هاوار) هاوکاریان دەکردو، ڕۆشنبیرو ئەدیب و سیاسەتمەدارانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە وتاری سیاسی و شیعرو کورتە چیرۆک و دەنگوباسی کوردستانی عێراق و تورکیاو ئێران گۆڤارەکەیان دەوڵەمەندتر کردبوو. گۆڤاری (چریکەی کوردستان) ڕۆڵی باشی بینی لە دژی داگیرکەرانی کوردستان و ڕیسواکردنی ڕژێمی داگیرکەری بەغداو کوشت و بڕی بێ ژمارەی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس لە کوردستانی عێراق.

ئەگەر چاوێك بەلاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا بگێڕین، دەیان وتارو باسی لەمەڕ شەڕی کاولکارانەی سەدام لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بەدەستی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەو زیندانی کردن و ئیعدامکردنی هەزاران لاوی کوردی بێ تاوان لە بەندیخانەکانی موسڵ و ئەبو غرێب و هەیئەی تەحقیقی خاسەی کەرکوك دەبینین. لەو گۆڤارەدا برایم ئەحمەد نەك هەرسەرپەرشتیکەرو دەرهێنەری بوو، بەڵکو خۆشی چەندین وتاری بەکوردی و بەعەرەبی تیانووسیوە، وێڕای ئەمەش لەزۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری کوردەکانی دەرەوەی وڵاتدا ئامادە دەبوو بەو تەمەنە زۆرەوە هزرو بیروباوەڕی خۆی بەبێ ئەملاوئەولاو پێچ وپەنا دەردەبڕی.

برایم ئەحمەد لەسەر ئەم شێوە تێکۆشان و خەباتە بەردەوام بوو تا لەئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٠/٤/٨ لەلەندەن کۆچی دوایی کردو لە ٢٠٠٠/٤/٢٠ تەرمی پیرۆزی گەیشتەوە کوردستانی هەوارگەی باووباپیرانی لەڕۆژی هەینی ٢٠٠٠/٤/٢١لە گردی (سلیم بەگ- ئێستا ناونراوە گردی گەورەپیاوانی کورد) بەئامادەبوونی سەدان هەزار کەس لەشاری سلێمانی نێژراو بەخاك سپێردرا.

کۆچی‌دوایی برایم ئەحمەد و هێنانەوەی تەرمە شکۆدارەکەی بۆ سلێمانی و ئەو پێشوازییە بێوێنەیەی لەتەرمە فریشتە ئاساییەکەی کرا لەسەرسنوورو بەئامادەبوون و بەشداری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاڵای کوردستان لەنەعشەکەی ئالابوو درایە دەست ئەفسەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر شانی شەش ئەفسەری دەرەجەدار هەڵگیراو بەرێکرا لەخاڵی سنووری هاوبەش لەپەروێزخان لەرۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٠ گرنگیەکی زۆری هەبوو جۆرە ددان پێدانانێك بوو بەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەزیری رۆشنبیری ئێران یەکەم کەس بوو بەو بۆنەیەوە بروسکەی ماتەمینی بۆ مام جەلال و بنەماڵەکەی برایم ئەحمەد نارد. ئەمە جگە لەئامادەبوونی دەیان هەزار کەس لەخەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە و کەسایەتی ناسراوی کوردو عێراقی و رێکخراوە بیانیەکانی لە کوردستان کاردەکەن.

هەروەها بەشداری پارتە سیاسیەکانی کوردستان لەهەرچوار پارچەی کوردستان و ئەحزابی عێراقی بەرهەڵستکارو ئەحزابی عەرەبی و ئێرانی و، حکومەتی ئێران و عێراق و تورکیاش بەرەسمی لەپرسەکەیداو، بروسکەو فاکس و نامەی دەیان و بگرە سەدان کەسایەتی ناسراوی سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو ئەدیب و شاعیرو رۆژنامەنووس و چیرۆك نووس و دادوەرو ماف پەروەرو یاسا ناس و سەرەك هۆزو عەشیرەتە کوردەکان لەهەموو کوردستان و بەتایبەتی بەیاننامەی ئاپۆ (عەبدوڵائۆچ ئالان) لەژووری زیندانەوە لەدوورگەی ئیمرالی تورکیاو ئەو بانگەوازەی بۆ گەلی کوردی بڵاوکردەوە بەبۆنەی کۆچ کردنی برایم ئەحمەدەوە.

هەروەها بەیاننامەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بەو بۆنەیەوەو ناوبردنی برایم ئەحمەد بەسومبولی یەکێتی نەتەوەیی و ئاڵای ئازادی گەلەکەمان و دانانی بەتێکۆشەری شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیرێکی هەڵبژاردەو سەرۆکێکی پایەبەرزی گەلی کورد بوو[٢٤]. هەروەها بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بۆنەیەوە[٢٥].

بروسکەو فاکس و پرسەنامەی حزبە کوردستانی و عێراقیەکان و کونسوڵ و سەفیری حکومەتەکانی ئەوروپا لەتاران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان و پرۆفیسۆرە پایەبەرزەکانی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین و بەغداو بنەماڵەی شەهید قازی محمدو سەرکردەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شەخصی مەلا عبدوالڵای حەسەن زادەو کۆمەڵەی ئێران و هونەرمەندانی گەورەی کوردستان و یەکێتی سەندیکاکانی ئەدیبان و مامۆستایان و لاوان و خوێندکاران و ژنان و کرێکاران و جوتیاران و پزیشکان و ئەندازیاران و جیولۆجیەکان و وەرزشکاران و کاسبکاران و پیشەوەران. هەموو ئەوانە نیشانەی ئەمەك و وەفاداری خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پیاوە، کەژیانی دوورو درێژی لەپێناو نەتەوەکەیدا تەرخان کردبوو.

بەلای ئێمەوە خەڵکی کوردستان حەقی خەبات و ماندووبوون و داهێنانی برایم ئەحمەدیان دایەوە، چونکە ئەوەی خەڵکی شاری سلێمانی و

(٢٤) بەیاننامەو بانگەوازی پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆنسەی سەرۆکایەتی بە ئیمزای بەڕێز عوسمان ئۆچ ئالان.

(٢٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١١٥، لە ٢٠٠٠/٤/٩و ژمارە ٢١١٦ لە ٢٠٠٠/٤/١٠.

شارەکانی کەلارو دەربەندیخان بۆ برایم ئەحمەدیان کرد، کەبەدڵ و دەروون و ئارەزووی خۆیان ئەو هەموو ماندووبوون و ئەرکەیان بۆ پێشوازی و بەخاك سپاردنی کێشا، بۆ کەسێکی تر بەو شێوەو شێوازە نەکراوە. هەموو ئەجزاب و کەسایەتی بەجیاوازی بیروباوەڕو بۆچوونیانەوە بەچڕوپڕی ئامادەو بەشداری مەراسیمەکە بوون و ئەرکی وەفاداری و دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەو سیاسەتمەدارو ئەدیب و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسە جوامێریی نەتەوەکەمان دەربڕی[٢٦].

نامەو فاکسەکان نیشانەی ڕێزو تقدیری میلەتەکەمانە بۆ برایم ئەحمەدو هەڵسەنگاندنی ئەوان بۆ خەبات و تێکۆشانی برایم ئەحمەدو داهێنانەکانیەتی لەمەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا. هەروەها پێویستە ئاماژە بەبۆچوونی غەفوری میرزا کەریم بکەم دەربارەی برایم ئەحمەد کەلە بیرەوەریەکانیدا لەبارەی ئەوەوە تۆماری کردووەو دەنوسێت: (ئەوە بوو کاك کەریم سۆڤ لەچالاکیەکی حزبی شیوعیدا ساڵی ١٩٤٦ز هاتە گرتن و بەڕێز برایم ئەحمەد بووبەپارێزەری و زۆر مەردانە لەسەر گیراوە پێشکەوتنخوازەکان بەخۆڕایی پارێزگاری ئەکردو هەموو جارێ لەکۆڕی دادگا پارێزگاری لەو کەسانە ئەکرد کەبەو ناوەوە ئەگیران و ئێمەش هەمیشە ڕێزمان لێ ئەگرت... بۆ مێژوو ئەڵێن جارێك دەعوایەکی گرت دژی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بوو، ئەم هەڵوێستە حەمەی ئەوڕەحمان ئاغای نیگەران کرد، بۆیە (حەمەی ڕەشە قۆڵچی) کەخەڵکی هەڵەبجەو ڕاکردووی سەربازی و نانخۆری حەمە ئاغا بوو، بۆ تۆڵە سەندن تەقەی لە برایم ئەحمەد کردو برینداری کرد. خۆپیشاندان لەلایەن شیوعیەکانەوە بۆ پشتگیری لە

(٢٦) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٣١، لە ٢٧/٤/٢٠٠٠، ل٧.

برایم ئەحمەد دەستی پێکردو نیگەرانی خۆیان دەبڕی و داوایان کرد تاوانباران بگرن. میریش لەوکاتەدا نەیتوانی حەمەی ڕەشەی قوڵچی بگرێ، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغای گرت و (١٠) دە ڕۆژ بەندی کرد[٢٧]. لەکۆتایی ئەم بەشەدا کەلەسەر ژیانی برایم ئەحمەد نوسراوە[٢٨] بەپێویستی دەزانم ئاماژ بەبیروبۆچوونی فەیلەسوفی کورد (پیرەمێرد) بکەم دەربارەی برایم ئەحمەد کەلەساڵی ١٩٤٦ز دا دەریبڕیوە لەژێر ناوی: (خوادایەوە).

((خوا دایەوە))

(ئێمە یەکێکی زیرەکی تێگەییوی وەك ئاتەش پارەمان بوو. کاتێك لەمەکتەبی حقوق ئەیخوێند جارجار مەقالەی بۆ ژیان ئەنارد، ناوی خۆی نەئەنوسی، من پێم ئەوت(نیقابداری سیاپۆش) کەلەمەکتەب دەرچوو دەستیدایە ئەوقاتی ی. لێرەدا تاقەو وێنەی قات بوو. دوایی لێم وون بوو، تاپێری پاکەتێ نقوڵم بۆهات وتیان ئەمە شەکراوی (برایم ئەحمەد)ی موحامییە ژنی هێناوە، بۆمان زیندوو بۆوەو خوادایەوە، بەخوا وەکو خوا کوڕێکی دابمێ وای ئەزانم، خوا موبارەکی کا).

وە هەر لەبارەی پیرەمێردو برایم ئەحمەدەوە.. جارێکیان برایم ئەحمەد بە پیرەمێرد دەڵێت: ((تۆ عەیب ناکەیت لە ڕۆژنامەکەتدا ئەوەندە جنێو بە سۆڤییەت دەدەیت؟ تۆ نازانیت سۆڤییەت داڵدەی بارزانییەکانی دا وەو پشتگیری لە کورد دەکەن، ئاخر ئەم کارەی تۆ شوورەییە بۆ کورد نەنگییە

---

[٢٧] کێومالێ بەناو بیرەوەرییەکانمدا، غەفووری میرزا کەریم، سلێمانی، نەورۆزی ٢٠٠٠، ل١٢٤.

[٢٨] ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ٨٤٠، ئەیلولی ١٩٤٦ز.

ئـەوەنده بـیٚ وەفـا بیـت..)) پـیرەمێردیش ئەچێتـه لای قـازی شـکایەتی لیٚ دەکات و ئـەڵیٚ (بلـه) هەرەشـەی لیٚ کردووم، قا زیـش (شـێخ محمـدی خـالٚ) دەبێت و لەدوای برایم ئەحمەد دەنێرێت و دەڵێت: ((بله بۆچـی هەرەشـەت لـه تۆفیـق ئاغـا کـردووه، ئـەوه شـیکایەتی لي کردوویـت..)) ئـەویش دەڵێــت: ((قوربان هاتووم من شیکایەت لـەو بکـەم چونکه جنێوی پێداوم)). قازیش دەپرسیٚ: ((له کویٚ جنێوی پێداوی؟)) ئەویش دەڵێت: ((لـه ڕۆژنامەکـەیا))، قازیش دەڵێت: ((من ڕۆژنامەکـەم خوێندووەتـەوە نـە جنێـوی پێـداوی و نـە نـاوی تـۆی هێنــاوە)). برایــم ئەحمــەدیش دەڵێــت: (°قوربــان تــۆ باشــی بخوێنەوە، نووسیویێتی خوا ڕووی ئەو کەسە ڕەش کات وەکو ناوەکەی، کە ئەو بیرۆکەی شیوعیەتی لەم وڵاتە بڵاو کردەوە، ئەوە مەبەستی منە، چونکە من نـاوم بلـەی ئەحـە ڕەشـە))، ئینجـا قـازی بـەدوای پـیرەمێردا دەنـێریٚ و ئاشتیان دەکاتەوە.

◈ ◈ ◈

هێلکاتی نووسین و داهێنان

سەرەتاکانی نووسین لای برایم ئەحمەد لەسالآنی سییەوەیە، وەك برایم ئەحمەد دەڵێ[٢٩]:

لەساڵی ١٩٢٨- یان ١٩٢٩ز ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ موتەسەریفی سلێمانی بوو. ووتارێکم نوسیبوو بۆ ڕۆژنامەی (ژیانەوە). بەعنوانی (سەعادەت) بڵاویان نەکردەوە بۆیان نوسیبووم. ((تکایە بەشێوەیەك بنووسە خەڵك تێبگات)) ئەوە وای لێکردم بەدەرەجەی (١٨٠) وەرگەڕام بۆ کوردی پەتی نووسین. هەروەها دەڵێت (ڕاپەڕینی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ز بەردەرکی سەرا لەشاری سلێمانی لەناخەوە هەژاندمی وەك چەخماخە لەمێشكو دڵو دەروونما گڕی گرتبوو، لەگەڵ هاوڕێکانی هاوتەمەنی خۆم کەوتمە جموجوڵی سیاسیو کوردایەتیو شیعر خوێندنەوەو شیعر نووسینو باسوخواسی کوردایەتیو خۆدەوڵەمەندکردن بەبیروبۆچوونی

[٢٩] لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری کەلەپوور لە سلێمانی لە ڕۆژی ١٣/٢/١٩٩٢ز.

سیاسی و لایەنگیری بەرەی گەلْ و تێکەلاوی کۆمەلایەتی)[٣٠]، ئینجا کەچۆتە بەغداد بۆ تەاوکردنی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی و دواتر کۆلێژی یاسا لەبەغداد لەگەلْ لاوانی خوێندەواری کوردی خەلْکی شاری سلێمانی و هەولێرو دهۆك و کەرکوك پەیوەندی بەستووەو کۆڕو کۆبوونەوەیان گرێداوەو جۆرێك ڕێکخستن و ڕێك وپێکیان دامەزراندووەو چالاکی سیاسی و ئەدەبییان نواندووە. دیارە یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا هەلی لەباری بۆ ڕەخساندوون و سازداون چاویان بەکەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیری گەورەی وەك مەعروف چیاووك و ڕەفیق حلمی و محمد أمین زەکی و عەلی کەمال و تۆفیق وەهبی.. تاد.. بکەوێت و ئەوانیش هانی لاوانیان داوەو پشتگیریان کردوون بۆچالاکی ئەدەبی و کۆمەلایەتی.

گەشەکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب لەبەغدای پایتەختداو خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، کەهێشتا عێراق لەژێر ئینتیدابی ئینگلیزدابوو بەتەواوی سەربەخۆیی وەرنەگرتبوو نەبوو بووە ئەندام لە (عصبة الأمم) - کۆمەلْەی نەتەوەکان- و کێشەی کورد بەبێ چارەسەرکراوی مابۆوە، باس و خواسی مافی گەلان باس ئەکرا لەهەمو کۆڕو دانیشتن و دیوانەکاندا. هەموو ئەوهۆیانە کاریان کردبووە سەر برایم ئەحمەدو شاکیر فەتاح و گۆران و فایەق بێکەس و ڕەشید نەجیب و فازل تالْەبانی و د. عبدوالرحمان عبداللەو دەیان لاوی تری کورد، کەچاکی

---

[٣٠] وەلامی فاکسی نووسەر لە ١٩٩٩/١١/٢٥ بۆ برایم ئەحمەد لەسەر سەرەتاکانی ژیانی، وادیارە ڕۆژنامەی ژیانەوە شارەوانی سلێمانی ئەوسا دەری کردووەو موتەصەریفیش سەرنووسەر بووە.

مەچەکیان لێهەڵماڵیبوو کەوتبوونە خۆئامادەکردن بۆ خەباتی سیاسی و ئەدەبی.

پێشەکی بەشیعر نووسین و شەڕە شیعرو بژارکردنی زمانی کوردی لەووشەی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینجا ڕێنووس (ئیملاء)ی کوردی و لێکۆڵینەوە لەمێژووی کوردو کوردستان لەمەیدانەکەی بەغداو گۆڕەپانی کوردستان چووزەرەی کردبوو.

برایم ئەحمەد بۆ خۆشی لاوێکی زیرەك و هۆشیارو بزێو بوو، کوردایەتی لەدڵ و دەرونیا پەنگی خواردبووەوەو برادەری گیانی بەگیانی بێکەسی شاعیر بوو، هەروەها هاوڕێی خۆشەویستی گۆرانی بلیمەت بوو(یانەی سەرکەوتنی کوردان) لەبەغدا لەڕۆژی ۱۹۳۰/٥/۳۰ز کرایەوە.[۳۱]

شاعیری گەورەی عێراقی و بەڕەچەڵەك کورد (جمیل زەهاوی) لەگەڵ چەند وەزیرێك ئامادەی کردنەوەی یانەکەبوون. ئەو یانەیە لەوکاتەدا گرنگی یەکی زۆری هەبوو بۆ کۆڕو کۆبوونەوەو یەکترناسین و یەکتر بینین. وەك بنکەیەکی سیاسی لێهاتوو بۆ کوردان و گروپە سیاسیەکان، لاوانی کورد ڕۆڵیان دەگێڕا.

برایم ئەحمەد زۆر چالاك بوو لەو مەیدانەدا.. ئەو بارودۆخە لەبارەی بۆی ڕەخسابوو شانبەشانی توانای تایبەتی و ئارەزووی کەسی خۆی هاندەری سەرەکی بوون بۆ تێگەیاندنی برایم ئەحمەدو گەشەکردنی تواناکانی لەبواری ئەدەب و سیاسەتدا.. ئینجا خستنەکاری ئەو توانایە لەو ڕێگاو

(۳۱) (۳٦) گۆڤاری ڕەنگین ، ژمارە(۹) تەمووزی ساڵی ۱۹۸۸ ل٦ قادر قەزاز.

پێناوەدا پسپۆڕانەو وەستایانە ئەنجامی چاکوباشی بەدەستەوەداو هێنایە ئاراوە بۆ ناسین و ناوبانگ دەرکردنی (بلە) لەمەیدانی نیشتمان پەروەری و ئەدەب دۆستی و ئەدەب ناسیدا. کەوتە جۆش و خرۆش و پەلەقاژەی پەرۆشی خوێندنی زمانی ئینگلیزی و خۆفێرکردن و شارەزابوون لەئەدەبی ئینگلیزیدا، کەئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەندە، بوو بە پشت و پەنای پیشکەوتنی. ئەوەتا دەبینین، هەرلەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە لەرۆژنامەکانی رۆژئاواوە ووتارو نووسین وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بۆ رۆژنامەی (ژیان)ی بنێری و لەژێر ناوی (خوازیار)داو پیرەمێردیش زیاتر هانی داوەو پشتگیری کردووەو بۆی بەچاپ گەیاندووە.

بەلای ئێمەوە:

هێڵەکانی نووسین لای برایم ئەحمەد لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆی نیشان دەدا:

١. نووسین بەزمانی کوردی پەتی و پاراوو ڕەوان، دوور لەوشەو ڕستەی ناقۆڵا و داتاشراو، واتە بەزمانێك هەموو خەڵك بەئاسانی تێی بگات.[٣٢]

٢. بژارکردی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە وەك وشەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی، کە بە زۆری لەو سەردەمەدا لە نووسینی شیعری شاعیرەکانماندا بەرچاو دەکەوتن، چونکە شاعیرەکانی ئێمە لاسایی ئەو

---

(٣٢) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٢٦، لە ١٩٣٢/٦/١١ز.

شاعیرە فارسانەیان دەکردەوە کەلە سەدەکانی ناوەڕاستدا شیعریان دانا بوو.

٣. وەرگێڕانی وتا رو ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەکانی ڕۆ ژئاواوە بۆسەر زمانی کوردی بەتایبەت ئەو وتارو چیرۆکانەی بەکەڵکی نەتەوەی ئێمە دێن، بۆیە دەبینین دەیان وتار، کەلەمەڕ سەرکردەکانی دنیا لەڕۆژنامەکانی ڕۆژئاواوە دەنووسران، وەریدەگرتن و وەریدەگێڕانە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد شارەزایی لەسەر کەسایەتییە ناسراوەکانی جیهانی وەکو (غاندی، نەهرۆ، هتلەر، لینین، تروتسکی، مارکس، ناپۆلیۆن) پەیدا بکات[٣٣]

٤. پشتگیری و داکۆکی چینی هەژارو چەوساوەکانی میللەتەکەمان لە نووسینەکانیدا دیارو بەرچاو دەدرەوشێنەوە، هەمیشە چیرۆکەکانی خۆی یان وەرگێڕدراوەکانی و وتارە سیاسییەکانی لە خزمەت چینی چەوساوەو زوڵملێکراوی کوردستان بووە.[٣٤]

٥. لەبیرو بۆچونیدا لە دەربڕینی کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا، لە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکانیدا، هەردەم دژی ئیمپریالیزو داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرەکانیان و دەرەبەگە خۆماڵییەکان بووە.[٣٥]

---

[٣٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٤] کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١١٧ لە ١١/٤/٢٠٠٠، ل١.

[٣٥] هەمان سەرچاوە.

٦. هەمیشەو هەردەم هەوڵی داوە ڕەوایی مەسەلەی کوردو ڕاستی و دروستی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئاشکراو بێ پێچ و پەناو بێ پەردەپۆش بخاتە ڕووی کاربەدەستان و سیاسەتمەداران و بیانهێنێتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ کێشەی کورد لەسەر بنج و بناغەی برایەتی و یەکسانی چارەسەر بکرێت و چیتر پەردەپۆش نەکرێت.[٣٦]

٧. برایم ئەحمەد بە داڕێژەری نەخشەی ستراتیجی برایەتی کوردی عەرەبی دادەنرێ و بەردەوام بەرگری لەو برایەتییەو دۆستایەتییە کردووەو لەو مە یدانەدا هەوڵ و خەباتی بەرچاوی هەیە.[٣٧]

٨. لە هەموو نووسینەکانیدا پشتگیری نەپساوەی لە خەباتی گەلا ن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتان ڕەنگی داوەتەوە.[٣٨]

٩. لە نووسینەکانیدا هەمیشە لایەنگیری چینی چەوساوە بووە، دژی جەنگ و جەورو ستەم و زوڵم و زۆرداری بووەو، دەیان وتاری لە دژی فاشیزم نووسیوە.[٣٩]

١٠. نووسەرێکی چەپڕەو پێشکەوتنخواز بووە، بڕوای بە ڕزگاری و سەروەری و سەرفرازی گەلان بەهێز بووە، ورەو عەزمی بەهێز بووە تا مردن لە خەبات بەردەوام بووە.[٤٠]

---

(٣٦) کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢١ لە ٢٠٠٠/٤/١٦، ل١.

(٣٧) نامیلکەی (الاکراد والعرب) نووسینی برایم ئەحمەد ساڵی ١٩٣٧.

(٣٨) هەمان سەرچاوە.

(٣٩) کوردستانی نوێ ژمارە ٢١٣١ لە ٢٠٠٠/٤/١٥ ل١

١١. برایم ئەحمەد مرۆڤێکی کوردستانی بووە، تا سەر ئێسك و پروسکی بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرەتادا لە کۆمەڵەی (ژ.ك)ی کوردستانی ئێران کاری کردووەو لێپرسراوی لقی سلێمانی بووە. دواتر لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بووە.

ئەمە جگە لەوەش لەو ماوەیەی سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد ستانی عێراق بووە، هەمیشە بەرگری و لایەنگیری لە مافەکانی گەلی کورد کردووە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و پەیوەندی باشی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بووە.. لە بیست ساڵی دوایی تەمەنیشیدا کەلە ئینگلستان گیرسایەوە، گەرچی لە هیچ حزبێکدا بەرەسمی کاری نەکردووە، بەڵام هاوکارو هاودەردی هەموو حیزب و گروپە کوردییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بووەو زیاتر خەریکی خەباتی نێونەتەوەیی سەرتاسەری بووەو، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی و لایەنگیری پەرلەمانی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات.[٤١]

◈ ◈ ◈

[٤٠] هەمان سەرچاوە، هەموو ژمارەکانی خەبات لە ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦١ز.

[٤١] چریکەی کوردستان ژمارە ١-٩ لەندەن، (صرخة کردستان)ژمارە (١-٥) لەندەن.

بەشی دووەم

(ڕەخنەو شیعر)

(ڕەخنەو شیعر)

دیارە کەباس لە ڕەخنە دەکرێت، پێش هەموو شتێك ڕەخنەی ئەدەبی بەخەیاڵماندا دێت و هزرمان بۆ ئەوە دەچێت، نووسەر چەندین ڕەخنەی ئەدەبی نووسیبێ..

بەڵام ڕاستییەکەی وانییە، چونکە دەکرێ ڕەخنەگر، ڕەخنە لە پارچە شیعرێك یان لە چیرۆکێك بگرێت و لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە هەڵی بسەنگێنێت، هەروەها لە بارەی فۆڕم و داڕشتنەوە یان لەشێوەی زمانەکەوە، تا چی بەخەیاڵدا دێت دەتوانێ شی بکاتەوەو ڕەخنەی لێ بگرێ.

دیسان دەشێ ڕەخنەی سیاسی لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و دەستگاو ڕێکخراوێك، یان هەر کەسایەتییەك کارو کردەوەی هەر لێپرسراوێك بخاتە بەر تیشکی ڕەخنەوە. جا کە ڕەخنە لە ئەدەب و سیاسەت ڕەوا بێت، بۆ باری کۆمەلایەتی وەك:

هەژاری و نەخۆشی و نەداری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کەمدەرامەتی باری ئابووری ڕەواتر ئەبێ پێویستی بەوە ئەبێ ڕەخنەگری ناو هەر کۆمەڵ و میللەتێك ڕەخنەی خۆی لێیان بگرێ و کەم و کورتییەکانی دیاری بکاو، ڕێگا چارەی نەهێشتنی ئەو دیاردانە دەستنیشان بکات.

ڕەخنەگر زۆرجار بۆچوونی بە ئاشکراو بێ پەردەپۆش دەردەخات و هەندێ جاریش ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی خۆی دەگرێ خوێندەوار بەچاکی هەستی پێ دەکات کە ڕەخنەگر مەبەستی چییە.

جاری واش هەیە ڕەخنەگر بەهێماو ڕەمزو نیشانە ڕەخنە دەگرێت و ڕاستەو ڕاست ناچێتە ناو باسەکەوە، واتە بە هێما مەبەستەکەی خۆی ڕادەگەیەنێ.

ئەم هەموو شێوە دەربڕینە لە ڕەخنەگرتندا بەچەندین قۆناغدا ڕۆیشتووەو تا گەیشتووەتە ئەم ڕۆژگارەی ئێستا.

ڕەخنە بەشێوەی نووسینی چیرۆك لەناو کوردان لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات.کە بۆ جاری یەکەم لە چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیبەوە هاتۆتە کایەوە.[٤٢]

ئەم چیرۆکە تا ئێستا بەیەکەم نووسینی ڕەخنەگرانە دادەنرێ لە سەدەی بیستەمدا لەباشووری کوردستاندا.

چیرۆکەکە باس لە سەردەمی دەسەڵاتی حوکمڕانی شێخ مەحموودی حەفید دەکات لە سلێمانی، بەبێ ئەوەی ناوی پاڵەوانانی چیرۆکەکە بهێنێت..

---

(٤٢) تێبینی/ بەڵام ڕەخنەگرتن بەشێوەی (شیعر) لە پێشتر بووە، بەر لە چەندین سەدە (ئەحمەدی خانی)و دواتریش (حاجی قادری کۆیی) بە شیعر ڕەخنەیان لە میرەکانی کورد گرتووە.

لــە ســاڵی ١٩٢٦ز بەچــەند ئەڵقەیــەك لــە ڕۆژنامــەی (ژیانــەوە)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە سەرەتای سییەکانەوە ئیتر ڕەخنەی ئەدەبی لە کوردستانداو گەشەی کرد..

برایم ئەحمەد یەکێکە لەو نووسەرە کوردانەی زوو دەستی داوەتە ڕەخنە نووسین، ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەو ڕەخنە ئەدەبییەی لە ساڵی ١٩٣٣ز لە(یادگاری لاوان) لاپەڕە ٣٣دا، لەژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) ی بڵاوی کردووتەوە دەربارەی شاعیرەکانی کورد، تیایدا دەڵێت: ((شاعیرەکانمان هەتا ئێستا بڕوا ناکەم لە و[illegible]ای سوپاس و ستایش زیاتریان بیستبێ، یەکێك بە (تووتی شکر گوفتار)ی ئەوی تر بە (بولبوولی شیرین کلام) ناوی لێناون. هەرچەندە ئەم ناونیشانەشیان لە لاپەڕەی چ پارچە کاغەزو چ گۆشەی ڕۆژنامەیەکدا بۆ نەنووسراوە، بەڵام لە مێشکی خۆیان و هەندێ دەوروپشت و ناسیاویاندا زۆر چاك جێگیر بووە، بەڵێ هەتا ئێستا بێ لێکدانەوە هەڵمان کێشاون، لەمەشدا بیانوومان هەیە، چونکە پیاو لە تاریکیدا جوان و ناشرینی لا وەك یەکە.

لێرەدا دەبینین نووسەر، کە باسی شاعیرەکانی کورد دەکات دەڵێت:

شاعیر لای ئێمە لەپیاهەڵدان و ستایش بەولاوە شتێکی تریان نەبیستووە.

ئەوەش گوناح و تاوانی خۆمانە. هەر پێماندا هەڵگوتن و ڕێزمان لێناون و بەچاك و خراپمان هەر وتووە چاك و ڕەخنە لە شیعرەکان نەگیراوە، هەرچەندە موستەهەقی لۆمەو گلەیی و گازندەش بووبن.

ئینجدا دەگێرێتەوەو دەڵێت:

((ئێمەش ناهەق نین، چونکە میللەتێکی نەخوێندەوارو هەژارو بیٚ وەی بووین و لە تاریکی چاومان کردووەتەوە، دیارە لە تاریکیشدا مرۆڤ ناتوانیٚ جوان و ناشرین و چاك و خراپ لەیەکتر جیا بکاتەوە، هەردوو حاڵی لا وەك یەکە)).

کاتیٚ نووسەر یان لێکۆڵەرەوە سەیری ئەم وتارە ڕەخنە ئامێزەو ئەو وەسفە جوانەو شیرینەی شیعر لای برایم ئەحمەد دەکات، لەو کات و سەردەمەدا کە هێشتا زمانی ئەدەبیی کوردی لە گڕوگاڵ و گاگۆڵکێدا بوو، نووسینۆ ڕێنووسی کوردی بەتەواوی جێگیر نەبوو بووو گەشەی نەکردبوو، لە کۆت و زنجیری فەرمانڕەوایی عوسمانی و عەباسی و ئەمەوی ڕزگاریان نەبوو بوو، عەقڵی مەلاو فەقێی مزگەوتەکان هێشتا ئەسیری سەردەمی کۆن بوون، پرشنگی شۆڕشی فەڕەنسی بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بەئاستەم گەیبووە کوردستانەکەی خۆمان. ئا لەو سات و وەختەدا دێتە سەر ئەو باوەڕەی، برایم ئەحمەد بەڕاستی مرۆڤێکی بەهرەمەندو بەتوانا بووە، بیریکی ڕووناك و ڕۆشن و هەستێکی ناسکی کەم وێنەو خەیاڵێکی فراوان و بەرین، بۆچوونێکی بەئاوەزو ژیرانەی هەبووە، لە وەسفی شیعرو شاعیرانی کورددا هەڵوێستێکی جوا مێرانەو زانستیانەی بۆ پێناسینیان گرتۆتە بەر..

نووسەر لەو وتارە بەنرخەیدا هەڵپە دەکات بەرەو قۆناغێکی نویٚ و جێهێشتنی قۆناغی پێشوو، ئەو پێی وایە لەمەودوا بۆ دیاری کردنی شیعری جوان و شاعیری باش پێویستە پێوەر بگۆڕدریٚ، چونکە ئیتر

ناکریٚ و کاتی ئەوە بەسەر چووە شاعیرانمان تەنها گوێیان لە ستایش و سەنا بێت و دەبیٚ لەمەودوا گوێبیستی ڕەخنەش بن. ئەو پێی وایە شاعیرەکانی خۆمان لاسایی شاعیرەکانی سەردەمەکانی ناوەڕاست دەکەنەوەو بەدوای (ڕودەکی و فردەوسی و خەیام و سەعدی شیرازی) کەوتوون و هەست بەوە ناکەن کە ئەو شاعیرانە شاعیرانی میللەتانی ترن و لە نەتەوەی تر و هی سەردەم و زەمانێکی کەن و بە زمانێکی تر شیعریان هۆنیوەتەوەو تەعبیریان لەسات و سەردەمی خۆیان کردووە، کە بەکەڵکی ئەمڕۆی ئێمە نایەن. لەبەر ئەوەی نە سەردەم و نە زەمانە ئەو سەردەم و زەمانەیەو نە زمان ئەو زمانەیە..

ئەو وا بیر دەکاتەوە، لەلاسایی کردنەوەکەشدا گۆج و ئیفلیجن، بۆیە پێویستە ئەو ڕێگاو ڕێبازە بەربدەن و بێنە سەر ڕاستە شەقامی نەتەوایەتی خۆمان و تەعبیر لە هەست و نەست و ویژدانی کورد بکەن. دەمیٚ باسی جوانی و نازداری ئافرەت دەکەن، دەبیٚ باسی کچی گوندو لادێی کوردستان بکەن، دەبیٚ ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاو بدەن، نەك لاساییەکی کوێرانەو بیٚ مەرام دەربڕن.

شیعر بەلای برایم ئەحمەدەوە وێنەیەکی ژیانە لە ڕاستیی ئەزەلییەوە وەرگیراوەو، ئاوێنەیە ناشرینی تیا جوان ئەبینریٚ و سەرچاوەیە تا ئەبەد جوانی و ژیری لیٚ هەڵدەقولیٚ. پەچە لە ڕووی جوانییەکی شاراوە لا دەدات، لە وتارەکەدا بەتووندی ڕەخنە لە شاعیرانی کورد دەگرێت و دەڵێت:

((وەرە شیعرێکی دڵداری شاعیرەکانمان بخوێنەرەوە.. کە ئەمە بەشی هەرەزۆری خەرمانی شاعیرانە، ئەگەر شێوەی ژنێکت هاتە یادەوە، پێم بڵێ چ ژنێکە؟ چینی؟ هیندی؟ ئەفغانی؟!.. نازانم هەرچی بێ ژنێکی کورد نییە. بەڵێ ناهەقیان نییە ژنی کوردیان نەدیوە؟!.. مەردۆشین و مەشکە ژەنینیان بەشەدەی لاریەوە، گۆزە لەسەر شانیان نەبینیوە لەکانی بێنەوە))

ئەم وتارە ڕەخنە ئامێزە ٦٩ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، دەربارەی شیعرو شاعیران ڕەخنەی لێگرتوون، چونکە لاسایی شاعیرەکانی بێگانەیان کردووەتەوەو باسی جوانی سروشتی کوردستان و لارو لەنجەی ئافرەتی کوردستان و کێشە کۆمەلایەتییەکانی خەڵکی کوردستانیان نەکردووە. هەر لەبەر ئەوەشە وا پێ دەچێ بەم خاک و خەڵکە نامۆ بن.. جا بۆیە داوایان لێ دەکات شێوەی شیعر بگۆڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاستی کۆمەڵی کورەواریدا بگونجێ.

ئەم نووسەرە ڕوناکبیرە دوای ئەوەی ڕەخنەی چاکی لە شاعیرانمان گرتووە، ئاڕاستەی باشیشی کردوون و داوای لێکردوون ناوەڕۆکی شیعرەکانیان لە ڕاژەو خزمەتی نەتەوەکەیاندا بێت، بیری فەلسەفی تیا بێت، تابلۆی شیعرەکانیان لەوێنەو خەیاڵێکی ڕەنگاوڕەنگدا بنەخشێنن.

دیارە (یادگاری لاوان)و دواتر (دیاری لاوان) ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە هاندان و جۆشدانی ئەدیب و شاعیران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

ئەگەر بێتوو سەیری لاپەڕەکانی ئەم دوو کۆمەڵە بەرهەمە بکەین، دەبینین بەزۆری شیعرو وتاری بایەخداریان تیا بڵاوکراوەتەوە، بەکوردییەکی پاراوو ڕەوان و جوان.

هەستێکی ناسك و بیرێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی تیاد ا بەدی دەکرێ، لەوانە شاعیرانی گەورەی کورد (گۆران، عارف تاڵەبانی، شاکیر فەتاح، برایم ئەحمەد، جەمال مەجید سەلیم، موحەمەد عەبدولڕەحمان پاشا، د. عەبدولڕەحمان عەبدوڵا، زێوەر، فایەق بێکەس، تۆفیق وەهبی بەگ، موحەمەد ئەمین زەکی بەگ).

لە (یادگاری لاوان)دا ئەم بابەتانە دەبینین:

(شین بۆ گوڵێ)، (ژن)، (شەو)، (یادگارو هیوا)، (سەربەستی منداڵ)، (هەوری پایین)، (دەردو دەرمان)، (ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرەکانمان)، (سکاڵا لەتەك مانگ)، (کانی ژنان). لەگەڵ دوو چیرۆکی پڕ لە پێزو چێژو مانا. ناميلکەکە ٨٠ لاپەڕەی داگیر کردووە.

شیعرێك و وتارێکی دوورو درێژی برایم ئەحمەدی تێدایە کە بە هەردووکیان زیاتر لە (١٨) لاپەڕەیان گرتووەتەوە، واتە چواریەکی گۆڤارەکە، لەلایەن برایم ئەحمەدەوە نووسراوە. ئەمەش دەشێ بکرێتە بەڵگەی ئەوەی بڵێین ڕۆڵی سەرەکی تیا بینیوە.

(دیاری لاوان)) کۆمەڵێك وتارو شیعرو چیرۆکی گرتووەتە خۆ. لە لاپەڕەی یەکەمدا ئەم شیعرەی شوکری فەزلی تیا بڵاوکراوەتەوە:

سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا

هەر برینێ کەلە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی

ئاشکرایە ئەم شیعرە کاتی خۆی شوکری فەزلی بۆ جەنابی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان ناردووە. لاوانی کوردی بۆیە ئەو شیعرەیان بڵاوکردووەتەوە، وەکو داوایەك بۆ گەلی کورد بۆ یەکبوون.

لە پێشەکیدا هاتووە (٠ئەوا پشت بەگەورەیی خواو یارمەتی هەندێ مەزنان و خاوەن بیرەوە، ئەمساڵیش توانیمان بەناوی (دیاری لاوان)ەوە دیارییەك پێشکەش بکەین، هیوامان وایە ئەم تەرحە نوسینانە کەڵکیان هەبێ بۆ گەلەکەمان))، لە ژێرەوە نووسراوە (لاوان).

چیرۆکەکانی برایم ئەحمەد زۆربەی زۆری ڕەخنەگرانەیەو لەبارەی باری نالەباری کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە دەدوێت.. ئێمە بۆیە زۆر لەسەر ئەو وتارە ڕۆیشتین چونکە یەکەم وتاری بڵاوکراوەی بەر لە٦٩ ساڵی بووە، کەلەو سەردەمانەدا بەدەگمەن شتی لەو چەشن و جۆرە نووسراوە. دواتر لەڕۆژنامەو گۆڤاری (گەلاوێژ)دا چەندین وتارو چیرۆکی نووسیوە بەناوی خوازیارەوە.

زۆربەی چیرۆکەکانیشی هەر ڕەخنەن لەدام‌ودەزگاکانی ئەو سەردەمە، کەچۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی هەژارو بەلەنگازدا دەکردو دەیان ڕووتاندنەوەو دەیان چەوساندنەوەو پارەوپوولیان لێ وەردەگرتن و زوڵمیان لێدەکردن...

برایم ئەحمەد گەڵێك پارچە پەخشانی هەیە بەتەواوی ناچێتە ناو خانەی چیرۆکەوە. دەبێت خانەی تایبەتی بۆتەرخان بکرێت، بەڵام لەڕووی بیرو دارشتنەوە نموونەی جوانی کوردی نووسینن بۆ نموونە:

(شیرین لەسەرەمەرگا) وتارێکی تری برایم ئەحمەدەو وەصفی کچێکی (شیرین) ناو دەکات لەکاتی مردن و گیانەڵادا. پارچە پەخشانێکی جوان و رەخنە ئامێزە لەمەڕ مردن و باس لەئاوات و خواستی ژیان دەکات لای شیرین ئەوەتا لەکۆتاییدا دەڵێت:

(شیرین پێیەکی لەم دیو دەروازەی مەرگەوە، دەستێکی بەچڵی وشکی هیواوەو ئەو دەستی بەلق و پۆپی درەختی بەهەشتەوە، بەڵام چڵە وشکەکەی هیوای لەدرەختە سەوزەکەی بەهەشت توندتر گرتبوو) (لەبەری بەیاندا)[٤٣] وتارێکی پەخشان ئامێزە باس لەوەسفی بەیانیان دەکات و رەخنە لەنەخوێندەواری دەگرێ و ستایشی خوێندەواری و زانست دەکات و خەڵك هان دەدات دوای نەزانین نەکەون و بەرەو روناکی خوێندەواری بڕۆن و دەڵێت:

(بەیانیان لەجریوە جریوەی چۆلەکە پاساری لەئاوازی دڵ نەوازی و بولبول لەخەو راست ئەبێتەوە. دڵمان ئەکرێتەوە....تاد، ئینجا دەڵێت: لەبەیاندا بەهار بێ و نزیك بەسەرچاوەی (زەڵم) یالەراستی (دواوان) لەژێر رەشماڵا بەهارە هاڕی ئاوی ئەو چەمانە خەبەربێتەوە گوێ لەکناچەی پۆڕو

(٤٣) رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٣٠، لە ١٤ تەمموزی ١٩٣٢، نووسینی: سیاپۆش.

زەمزەمـەی بولبـول و قاسـپەی کـەو بگـری و بنواڕیـە ئـەو دەشـتە کـەتارای ئەرخەوانی پۆشیوەو وەکو گەورەیەکی کورد فەرمویە:

- *لەورشەی شەونم لەتۆی پەردەوە.*

- *نەرگس بەسستی چاوی کردەوە.*

شەونم لەسەر گیا، کەو لەچیا، بولبول لەسەر گوڵ بێتە جونبوش.. تاد.

دیسان دەڵێ (هەنگ پورەبدا، گوڵ و شیرینی و میوە بمژێ بیکەنە شانەو نیشانە، پێ نیشانی ئێمەی بدەن، بـەویزە ویـزە تێمـان بگەیـەنن کەبـەری تێکۆشین و تەقەلای دەرئامەد چەند شیرینە.. ئۆف هەموو شـتێ شـیرینە، نـاهومێدی نـەبێ تاڵـە، خوێنـدەواری بـۆ پێشـکەوتنی میللـەت ئەساسـە. نەخوێندەواری کەساسە[٤٤])

لـەم وتـارەدا پێمـان دەڵـێ، هـەموو شـتێ لـەدوونیادا شـیرینە، خۆشـە، ڕەنگینە...

تەنها نائومێدی نەبێ، نەخوێندەواری نەبێ، کەساسی و دواکەوتنە.

دیارە ئـەو دوو پەتایە کۆمەڵی کوردەواری تـەنیوە، وەکو هـەوری ڕەش ئاسمـانی کوردسـتانی داپۆشـیوەو غەم‌وپـەژارەی بەسـەردا بـاراندوەو پێویستە پڕەوێتەوەو بەرچاومان ڕووناك بکرێتەوە...

(شین بۆ گوڵێ) وتارێکە لەڕۆژنامەی (ژیـان)دا بڵاوکراوەتـەوە لەلایـەن برایم ئەحمەدەوە نووسـراوە، (گـوڵ) هێمایـە بـۆ گـەلی هـەژارو لێقـەوماوی

---

(٤٤) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٣٠، لە ١٤ تەمموزی ١٩٣٢، نووسینی: سیاپۆش.

کوردو دەنوسێت:[٤٥] (هەژار: گوڵە سیسەکە تۆش وەکو من لێقەوماوی تۆ دوێنێ ڕەنگین و خەندان، تەڕوتازە بەجلی خۆتەوە ئەشەکایتەوە. منیش شادو ڕووخۆش بەدەم شنەی ژینەوە ئەشنامەوە، تۆ دەستی زۆرداریچڕیتی، من گێژەڵوکەی غەم لەبێخ‌وبنی هەڵکەندم، تۆ دوێنێ جوانی گوڵشەن بووی، شەونمی خاوێنی سەرلێوت پێشکەش ئەکرد بۆ مرواری ملی پەرستاری خۆشەویستن، منیش فرمێسکی چاوم پێشکەش ئەکرد بۆ گەردانەی گەردنی شیرین، تۆ ئەمڕۆ سیس بووی پەڕەکانت بەسەریەکدا چووە گەڵێ گەڵات وەریوە، شیوەن پەشێواوەو ژاکاویی، منیش غەم تێکی‌شکاندووم، هێزی ئەژنۆم نەماوە... تۆ دوێنێ بولبولی خۆش ئاواز بەڕووتەوە پێ‌ئەکەنین، سۆزەی بەیان پرچی ئاڵۆزاوی شانە ئەکردی... منیش لەئاسمانی خۆشەویستیدا تاقی ئەستێرەیەکی پرشنگدار بووم.. تاد).

بەم شێوەیە لەسەری دەڕواو لەکۆتایدا دەنوسێت: (گڵۆڵەمان کەوتە لێژی، هیچ دڵت لەخۆت نەمێنێ تۆ دەست لەچڵێ بەرنەدەی من لەهەزار، تۆ بەهێوای شەونمی خاوێن‌و پرشنگی ڕۆژو شنەی نەسیمی' من بەهیوای هەزاری وام، مەمێنە، بمرە بابەس ڕووی گرژو مۆنی گەردوون ببینی، بەس).

---

[٤٥] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٣٤، لە ٢٨/٨/ ١٩٣٢، برایم ئەحمەد.

ئەم پارچە پەخشانە پڕ مانایە باس لەهەژاری و لێقەوماوی و ماڵ وێرانی کورد دەکا و بەراورد لەنێوان دەردی دڵی خۆی و دەردی گوڵێك دەکات، کەسیس و ژاکاوبووەو کۆستی زەمانە چیبەسەر هەردووکیان هێناوە.

گوڵەکە سیس هەڵگەڕاوەو تەڕی تێدا نەماوەو وردە وردە پەڕەکانی هەڵ دەوەریٚ و دەکەوێتە سەرزەوی، ئەمیش دڵی غەمباری پڕ لەئارەزووی تێکشکاوەو تووشی هەزاران دەردیسەری هاتووەو نازانیٚ دادو هاوارو فیغان بۆ کویٚ بەریٚ و ئێش و ئازاری کەم بکاتەوەو لەنەهامەتی و دەردی سەری ڕزگاری بکات و ژیان بەبەریدا بکات. کیٚ دەتوانیٚ گوڵە هەژارەکە لەهەڵوەرین و پووکانەوە ڕزگار بکات، بەکیٚ دەکری ئاوی ئەو گوڵە بدات و ڕەگ و ڕیشەکەی ببوژێنێتەوەو نەهێڵیٚ چیتر هەڵوەریٚ، ئەو ڕازو نیازە کیٚ دەتوانیٚ بۆی جیٚبەجیٚبکات؟ دیارە ئەوە تەنها بەهەوڵ و هیمەت و خۆماندووکردن دەبێت و پێویستی بەئازایەتی و توانا هەیە.

◈ ◈ ◈

ئاواتی دڵ: (گەشتێک بەسەر باڵی پەرندەی خەیاڵەوە)[٤٦]:

ئەم وتارە بریتی‌یە لەسی‌بەش و بەسێ ئەڵقەو لەسی ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە، بریتی‌یە لەبیروخەیاڵی فراوان و بڵاوی نووسەر لەباسی کاروکردەوەی پەروەردگار، کەچی دروستکردووە.

چۆن ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی پەیدابووەو کردەوەی مرۆ چۆنەو ئادەمیزاد خۆی چی بەسەر ئادەمیزاد هێناوەو دەنوسێت.

(لەپاش ئەوەی زەمین بەباری خۆیا سوڕا، لەپاش ئەمەی تیشکی ڕۆژی ڕاستیی تاریکی پێچ‌وپەنای زەوی بۆ ڕووناک کردنەوە... تاد)[٤٧].

تەماشای ئەملاوئەولای خۆمم ئەکرد، لەڕێگادا شتی‌وام ئەدی سەرم سوڕ ئەما واقم وڕئەما، ئینجا لەکون‌وقوژبنی ڕاستەقینەی زەویدا کنەم کردو باش ئەملاوئەولایم پشکنی... تاد). لەبەشی دووەمدا دەڵێت: (ئەمانەت هەموو بۆ خۆشی و دڵشادی ئەوان دروست کردووە– مەبەستی پەروەردگارە بۆ ئادەمیزاد دروستی کردووە).

ئەمانەت هەموو بۆ تێربوونی سکی ئەوان هێناوەتە بەرهەم، گوایە هێشتا ئەبێ بەرچاوتەنگبن؟! لەسەر پاروویەك بەگژ یەکدا بچن؟ لەسەر بستێ زەوی چاوی یەك دەرهێنن؟! قەلاچۆی یەکتر بکەن؟ منیش هێشتا ڕووم لەئاسمان

---

(٤٦) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٥٥، لە ٢ی مارت ١٩٣٣.

(٤٧) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٥٦، لە ٩ی مارت ١٩٣٣.

بوو هەرچەند بیرم ئەکردەوەو سەرم ئەهێناو سەرم ئەبرد لەسەروکاری ئەمە نەئەگەیشتم).

لەبەشی یەکەم و دووەمدا باس لەکاروکردەوەی خودا دەکاو بەهزرو خەیاڵی خۆی دەیەوێت تێبگا، خوای گەورە ئەم ئەرزو ئاسمانەی دروست کردووەو ئەم هەموو خۆشی ژیانەی داناوەو سەدان جۆر میوەجاتی بۆخۆشی ئادەمیزاد هێناوەتە کایەوە، کەچی دەبینین هەرئادەمیزاد لەسەر یەك پاروە نان، یان لەسەر یەك بستە زەوی، یان لەسەر یەك شتی بچووك یەکتری دەکوژن و ئاسەواری یەکتری دەبڕنەوەو یەکتر قڕدەکەن، بەبێ ئەوەی ئەم تێبگات و بزانێت مەسەلەکە چی یەو بۆچی ئەم هەموو خۆشی ژیانەی بەخشییوە، بەڵام ئادەمیزاد چاوی تێر نابێت و ڕاناوەستێ و پەلاماری یەکتری دەدەن. بۆئەوەی لەم پەندۆ حیکمەتە بگات و لەم سەرسامیە ڕزگاری ببێ و تێبگات ئەم گێرمەوکێشمەیە چی یەو لەچی یەوە هاتووە، لەبەشی سێیەمی باسەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە خەیاڵ دەیگەیەنێتە بارەگای پەروەردگار...

لەخزمەتی پەروەردگارەوە سەیری ئەرزو ئاسمان دەکات و تێدەگات مەسەلە چی یە؟.. بەم شێوەیە دەدوێ[٥٧]

(لەپاش کشانی ئەو ئەستێرانە، بەهەزاران گیانی گیانلەبەران لەزەویەوە ئەهاتنە ئاسمان، ئەیان زریکاند، ئەیان قیژاند، ئەیان ناڵاند... . یەکێ ناڵەناڵی نەخۆشی لەبرسامردنی بوو، یەکێ شین وزاری کوڕە کوژراوی

بێ‌تاوان و کچە مردووی بەسەزمان و هەتیوباری بوو. یەکێ ئاهە ئاهی ناخۆشی ناو زیندان، زیندانی دەستی دەم بەدان و بەد ناوانی بوو، یەکێ دڵ شکاو و ڕوو هەڵماڵدراوی ژنان و گەورە کچانی بوو، یەکێ هەناسە ساردی ڕەنجەڕۆیی و کاروفەرمانی بوو، ... ئیتر من حەپەسام، پرسیتم برا، نەمزانی بەکوێدا بڕۆم و بەکوێدا دەرچم؟! لەهەرشوێنێکەوە سەرنجم ئەدا ڕەشە ئاهی دەردی دەروونێك بوو ئەچوو بەئاسماندا، بۆ هەرشوێنێك ئاوڕم ئەدایەوە زریکەو هاواری دڵ خورپاوێك، سەربڕاوێك بوو. لەهەرلایەك گوێم ئەگرت، قیژە بوو زریکە بوو ناڵەناڵی بوو، ئۆف و ئاخ بوو شیوەن و قوڕپێوان بوو.... پاشان هەرئەوەندەت ئەزانی ئاگرێکی بێ‌سامان لەسەر زەمینەوە کلپەی ئەکرد، گڕی ئەگەیی‌یە کەش کەشان، بەجارێ هەزاران ماڵی گوناهباریان وێران ئەکرد. بەهەزاران خانوی تێك ئەدا، بەملیار شارانی نوقمی ئاو ئەکرد ولاتانی ژێر بەرەژوور ئەکرد..).

ئەم وتارە پڕ بایەخە، بریتی‌یە لەخەیاڵی نووسەر بەرانبەر کاری پەروەردگار لەدروست کردنی ئادەمیزادو ئەرزو ئاسمان و ستەمی مرۆ بەرانبەر بەمرۆ ئەو کارەسات و شەڕو دادو هاوارەی ئادەمیزاد هیچی سوودی نی‌یە.

دیارە نووسەر لێرەدا مەبەستی کوردستانەو ئەو مەرگەساتەی خەڵکی ئەم دەڤەرە تێیدا دەژی، بۆیە دەڵێت کەس بەهانای لێقەوماوان و سک سوتاوان و ئاهوناڵەی ئاوارەو دەربەدەران نایەت، تالەهەر چوارلاوە –

مەبەست چوار چارچەی کوردستان- کڵپەی ئاگرێکی بێئامان واتە- شۆڕشێکی سەرتاسەری - هەڵگیرسێنێ بەجارێ تەخت و تاراجی گوناهکاران و ستەم کاران وێران بکاو دامودەزگاکانیان تێکوپێک بداو میللەتی ژێردەست و ئاوارەو زۆر لێکراو سەرنج و گۆڕی زۆرداران گوم بکاو کۆمەڵی هەژارو زۆرلێکراو بحەسێتەوە.

بەئاشکرا دەردەکەوێ، نووسەر هەرلە وتارەکانیدا ڕەخنەگر نەبووە، بەڵکو زۆر لەچیرۆکەکانیشی ڕەخنە ئامێزن و بەتوندی باری سەرنجی خوێندەوار بۆ ئەو مەبەستە ڕادەکێشن. بۆ وێنە بێتو سەیری چیرۆکی (کەرەلۆتی مەنوچەر)[٤٨] بکەین، دەبینین ئەم چیرۆکە وێنەیەکی تراژیدیای لاوێکی کوردەواریەو باسی ژیانی جوتیارێکی هەژاری دەست کورت دەکات، کەبەدەست دەرەبەگی گوندەکەیان و میریی ئەو سەردەمەوە تووشی چ نەهامەتی و مەرگەساتێکەوە هاتووەو، چ دەردێکیان داوەتێ. بەختوخۆڕایی ئەوەی بم جوتیارە هەژارە کراوە، بابەدەواری شەڕی نەکردووە.

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەچیرۆکە هەرەباشەکانی برایم ئەحمەدو تابلۆیەکی ڕاستەقینەی ژیانی لادێی کوردستانە، بەتایبەت لەوسەردەمەدا کەهێشتا لەگوندەکان قوتابخانە کەمبوو خەڵك نەیدەوێرا لەپێستی خۆیدا

[٤٨] لە ساڵی ١٩٤٥ نووسراوە -کوێرەوەری- چیرۆکی کەرە لۆتی مەنوچەر- چاپخانەی نەجاح، بەغدا ١٩٥٩.

بجووڵێتەوە فەرمانبەرەکانی دەوڵەت مشەخۆرو بەرتیل خۆربوون، ئاوەکە لەسەرچاوەوە لێڵ بوو. هەربۆیە مەنۆچەری جوتیار تەڵاقی خواردبوو لەهیچ فەرمانێکی میریدا قسەنەکاو بۆهیچ شتێك ڕوونەکاتە سەرای حکومەت.

بەڵی لەبەر زوڵم وزۆری میری، کەتەواو جاڕزو بێزاریان کردبوو، لەوەڵامی (جەوهەری) فەرمانبەری میردا گوتی: _بەگم مەزانە من قوتابی دەردو ئازارو مەینەتیم، پەروەردەی زۆرداری و چەوساندنەوەو بەندینخانەم، ڕۆژگار دەرسی داداوم و زۆردار بەکردەوەی ناشرینی بێئەندازەی هانی‌داوم...)[٤٩].

بەڵی بەسەرهاتی ئەم ڕووداوە کەلەم چیرۆکەدا هاتووە، پتر لەڕووداوێکی ڕاستەقینەی کوردەواری دەچێ، کەچ مەینەتی و دەردەسەری و ئازارێکیان بەدەست میری و دەست وپێوەندەکانیەوە لەئاغاو بەگزادەو میرو گزیر کێشاوە. بۆیە دەبینین، ئەم چیرۆکە لەساڵی ١٩٤٨ز لەسلێمانی لەلایەن کۆمەڵێك هونەرمەندەوە نمایش کراو خەڵکی شار بەتاسەو ئارەزووەوە دەچوونە سەیرکردنی و دەنگی‌دایەوە. کار گەیشتە ئەوەی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە زۆر سەغڵەت و نارەحەت بن[٥٠].

---

[٤٩] پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پێی وایە برایم ئەحمەد سونبولی یەکخستنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقی بووە، کاتێ ناکۆکی ڕوویداوە لەنێوان پارتی و شیوعی، لە یەکخستنەوەیاندا ڕۆڵی گرنگی هەبووە.

[٥٠] پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت:

((کە دەڵێن برایم ئەحمەد سونبولی یەکخستنە، کەوا بینیمان کاتێ کە جاروبار ناکۆکی لەنێوان پارتییەکان و شیوعییەکاندا دەبوو، کەچی برایم ئەحمەد بەجۆرێکی تر دەردەکەوت، بۆ

چیرۆکی خازێ:

ئەم چیرۆکە باس لەجەوروستەمی کۆمەڵایەتی دەکات. واتە دەربارەی دەردی ژنان لەکۆمەڵی کوردەواریدا...

بەوبۆنەیەوە ڕەخنەی توندوتیژ لەو بارودۆخەی ناو کۆمەڵی کوردەواری دەگرێت، کەهیچ یەکسانی کۆمەڵایەتی تێدانییە. ماڵە ئاغاو بەگزادەکان چۆن مامەڵە بەچارەنووسی خەڵکی هەژارەوە دەکەن نەوو نەمامێکی وەکو خازێ دەبێتە قۆچی قوربانی داب‌ونەریتی کۆنەپەرستانی کۆمەڵ و نەبوونی یاسای بەرهەڵست و ڕێگر لەبەرامبەر ئەم جۆرە کردەوانەی نێو کۆمەڵی کوردەواری...

چیرۆکی کوێرەوەری:

باس لەکوێرەوەری خەڵکی لادێی کوردستان دەکات، کەدوو سێ لادێی ڕەش و ڕووت لەسەر بەردەنوێژی مزگەوتی دێیەکەیان لەژێر سێبەری دارە ڕەشەکەیا دانیشتبوون سکالایان ئەکرد، گلەییان بوو لەدەست چڵێسی و چاوچنۆکی و تەماعکاری سووخۆرو دڵسەختی خوانەناسی خاوەن موڵك، برسێتی و ڕووتی و دەست کورتی و بێدەرامەتی خۆیان... ئەم چیرۆکەش

نموونە: کە زۆر موناقەشە لەنێوان ئەو دوو لایەدا لەساڵی ١٩٤٨ز لەسەر گەلێك مەسەلە تیژ بوو، ئەحمەد غەفوور لێپرسراوی حزبی شیوعی بوو لە سلێمانی و (جەمسەرێکی تیژ) بوو، کەچی لە دوو چیرۆکی (کەرە لۆتی مەنوچەر)و (کوێرەوەری) شانۆگەرییەکی درووست کرد، شیوعییەکان بەپێشرەوی هونەرمەند (ڕەئوف یەحیا) لەسەر شانۆ مانگێك زیاتر پیشانیان دا، تا میری قەدەغەی کرد. بەم جۆرە هەردوولای یەکخستبوو.

وەك چیرۆکەکانی تری برایم ئەحمەد باسی ژیانی کولەمەرگی و سەختی جوتیاران دەکات، باسی سوغرەو غەدرو زۆرداری خاوەن موڵك و نۆکەرەکانیان دەکات، ڕەخنە لەیاسای دەرەبەگایەتی و بێدەنگی میری دەگرێ، کەبەبەرچاوی حکومەتەوە ئەو هەموو زۆرداری‌یە لەجوتیاران دەکرێ و ئارەقی نێوچەوانیان و هێزو توانای بازوویان بۆ خاوەنموڵکەو ئەمانیش هەژارو برسی و ڕووت و ڕەجاڵ و بێدەرەتانن.[٥١]

ئەم چیرۆکە لەڕووی هونەرو دارشتنەوە پایەیەکی بەرزی بۆ خۆی پاراستووە. هەروەها لەڕووی سەلیقەو جوانی ووشەو ڕازاندنەوەی ڕووداوەکە لەڕیزی چیرۆکە بەرزەکانی جیهانی دادەنرێ.

لەڕووی زەمانەوە برایم ئەحمەد بەڕاستی نەقارێکی پسپۆڕو شارەزا بووە لەڕێکخستنی خشتەکانی لەسەر یەك و دیوارێکی ڕێك و پێك و ڕازاوەی دامەزراندووە، سەکۆیەکی بەرزو بڵندی هونەری بنیات ناوە، بەقووڵی چۆتە ناو دڵ و دەروونی خەڵکەوە...

ئەم چیرۆکە دوای ئەوەی لەشاری سلێمانی لەلایەن هونەرمەندانەوە نمایش کرا، ناوبانگی دەرکردو کۆمەڵانی خەڵکی بەزۆردارو زۆرلێکراو هوشیارو وریا کردەوە حکومەتی ئەو سەردەمەش ئاگر لەکەوڵی بەربووو ناچار ڕێی لێ‌گرت و قەدەغەی کرد. بەڵی ڕاستە کەدەڵێن (هونەری شانۆ قوتابخانەی کۆمەڵانی خەڵکە)

◈ ◈ ◈

---

[٥١] چیرۆکی کوێرەوەری- برایم ئەحمەد.

شیعر لای برایم ئەحمەد

شـیعر وەك بەشـێك لەئـەدەب ئاوێنـەی كۆمـەڵ و سـەردەمەكەیەتی. هەست و نەستی ئەوان دەردەبڕێ لەشـێوەو دیمـەن و تابلۆیـەكی قەشـەنگی جـوان بەهەسـت و سـۆزو خـەیاڵێكی پڕلەتاسـەو وشـەی شـیرین و وەزن و قافیەدار.

دیارە شیعر زۆر كۆنە لەناو میللەتانا، لەناو كوردیشا لەدێر زەمانـەوە هـەبووەو بەشـێوەی گۆرانـی و لاوك و حـەیران و بەسـتە وتـراوە. لـەكاتی دروێنەو ساوەر كوتـان و گـێرەو زبارەو گیشـەو سـوارەو دەسـتاڕو مـازو چنین و ڕێواس و كنگرو تۆڵكەو كوارگ و دومەڵان و ووشی و پەرێزدا...

هـەروەها لـەكاتی شـایی و مەرگەسـاتداو مـردن و شـیوەن و لاواندنـەوەو واوەیلادا، بەدەنگ و ئاوازی خۆش شیعر خوێندراوەتەوەو هەست و سۆزی كۆڕو كۆمەڵی بزواندووە.

بـەڵام لەبەرئـەوەی كـورد كیـانی نـەبووە، ژێـر دەسـت و ژێـر چـەپۆكی عوسمـانی و ئـێرانی و پێشـتر ئیسـلامی‌یە عەرەبـەكان بـووە، هەسـتی نەتەوایەتی كزو لاواز بووە، خوێندەواری كەم بووە، بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری شیعری شاعیرەكانمان گوم بووەو لەناوچووەو شوێنەواری نەماوە... یان بەزمانی بێگانە شاعیرەكانمان شـیعریان داناوەو ئـەو شـیعرانە بـووە بەموڵكی ئەو نەتەوانە.

تانزیکی چوارسەد ساڵ لەمەوبەرکە (ئەحمەدی خانی)و (مەلای جزیری)و (فەقێ تەیران) توانیان ئەو ڕێچکەیە بشکێنن و شیعر بەزمانی زکماکی خۆیان دابنێن و تۆماری بکەن و لەفەوتان و لەناوچوون بیپارێزن. دواتریش لەچەرخی نۆزدەهەم کەڵە پیاوی وەك نالی و حاجی قادری کۆیی و سالم و حەمدی و مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی....... هاتنە مەیدانی شیعرەوەو ناوبانگیان لەهەموو کوردستان دەنگی دایەوە. لەچەرخی بیستەمدا شیعری کوردی زیاتر گەشەی کردو کەوتە ململانێ لەگەڵ شاعیرانی تورك و عەرەب و فارس. بەهەوڵ و هیمەت و پاراو بەهرەی بلیمەتی شاعیران، بەتایبەت (گۆران)ی توندو لوتکەو، شێخ نوری شێخ صالح و پیرەمێردو زێوەرو بێکەس و قانع و دیلان و کامەران و هەردی و هەژارو عەبدوڵا پەشێوو هێمن و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت ... تاد.

بەرهەمی زۆرو بەهرەی هونەری ئەم شاعیرانە خەرمان و سامانی لەبن نەهاتووی میللەتەکەمانەو تادونیا دونیایە، نەوە لەدوای نەوە شانازی پێوە دەکەن.

ئێمەی کورد بەڕاستی قەرزداری ئەو شاعیرانەمانین، چونکە شیعرەکانیان هاندەرو ڕێپیشاندەری نەتەوەکەمان بوون لەسەردەمی ژێردەستی و نەهامەتی و لەکاتی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخودان دا.

برایم ئەحمەد لەدەیەی دووەمی چەرخی بیستەم لەدایك بووە واتە- لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناوچەکەداو دامەزراندنی حکومەتی کوردی لەشاری سلێمانی....

بەشۆڕشەکانی سمکۆی شکاك و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی نەمر... چاوو گوێی کراوەتەوەو هەستی نەتەوایەتی بزواوەو جوڵاوە. وەك لاوێکی ژیرو هوشیار شانبەشانی شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی.... دەستی کردووە بەنووسینی وتارو شیعرو چیرۆك و ڕەخنەو وەرگێڕان لەئەدەبی بێگانەوەو دواتر مەیدانی ڕۆژنامەگەری و سیاسەتەوە.

هەرچەندە تائێستا دیوانێکی شیعری چاپکراوی نی یە، بەڵام کۆمەڵە شیعرێکی سیاسی بڵاوکراوەی هەیە گەرچی شیعرەکانی کەمن و ژمارەیان لە(٢٠) پارچە تێپەڕ ناکات، بەڵام ئاستی هونەری زۆر بەرزەو زمانێکی ڕەوان و پاراوو ناوەڕۆکێکی بەهێزو ڕوخسارێکی نایابیان هەیەو لەڕیزی شیعری شاعیرە بەرزەکان دادەنرێن..

هەندێك لەشیعرەکانی کراونەتە گۆرانی و گۆرانیبێژە ناودارەکانی وەکو (تایەر تۆفیق)و .... بەگۆرانی دەیڵێن.

هەندێکی تریان بوونەتە سروودی نیشتمانی و مارشی نەتەوەیی و لەئێستگەو تەلەفزیۆنە کوردی یەکان دەگوترێن[٥٢].

شیعرە بەناوبانگەکەی برایم ئەحمەد (یادگارو هیوا) لەیادگاری لاوان لە ١٩٣٣/٣/١٠ز لەلاپەڕە ١٣-١٩ بڵاوکراوەتەوە. کاتی خۆی، ئەم شیعرە لەناو خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کوردی دا دەنگی دایەوە، شیعرەکە (٢٦) کۆپلە شیعری چوارینەیە... سەرەتایی شیعرەکە بەم چوارینەیە دەست پێدەکات:

لەبەرچاوی بەد لەترسی بەدکار

دڵی خۆم ئەکەمە کۆڕی یادگار

(٥٢) یادگاری لاوان، ساڵی ١٩٣٣، ل١٣-١٩ و گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٠ ساڵی یەکەم ١٩٤٠.

بەگریانی ووشك بەناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

شیعرەکە بەم کۆپلەیە کۆتایی پێدێنێت:[٥٣]

چاوە وەك لێزمەی بارانی بەهار
فرمێسکی خوێنیت بۆ پیا دێتەخوار
گریان کردەوەی بێدەسەلاَتە
بێدەسەلاَتان ئەرزێن لەژێر بار

بەلای ئێمەوە، ئەم شیعرە دەوری هەبوو لەبەناوباگ کردنی برایم ئەحمەد لەمەیدانی شیعرو ئەدەبدا، چونکە شیعرەکە تابلۆیەکی بەرزوبڵندە لەهەستونەستی مرۆڤی کورد بەرانبەر ئارەزوو ئاواتەکانی بۆ ئازادی لەژینی ئەسارەت و ژێر دەستی.

شیعرەکە هاندانە، جۆشە، خرۆشە بۆ راپەرین و تۆڵە سەندنەوە لەدوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان.

لەکۆپلەی بیستەمدا دەڵێت:

باخواردنەوەی ئێمە فرمێسکی چاو بێ و خۆراکمان بادەردوغەم بێت، چونکە ئێمە لەدوایدا لەخوێنی دوژمن تێردەخۆین.

برایم ئەحمەد شاعیرێکی نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێر بووەو لەشیعرەکانیدا کەم باسی جوانی ئافرەت و سروشتی کردووە، زیاتر شیعری

---

[٥٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٩ ساڵی چوارەم ١٩٤٣.

سیاسی بەبۆنەو موناسەباتەوە ووتووە. شیعرێکی زۆر جوانو نایابی بەبۆنەی شەهیدبوونی تێکۆشەری ماندوو نەناسو سەربازی ونی گەلەکەمان -حمید باتاسی[٥٤]-وە داناوە.

---

[٥٤] (حمید باتاسی) کوردێکی پاكو دڵسۆز بوو، خەڵکی باکووری کوردستان بوو، پیاوێکی بێ کەسو بێ وەی بوو، لەسەردەمی شۆڕشەکانی باکووری کوردستان ئاوارەی باشوور بوو بوو، لەناحیەی حەریرو باتاس لەلای کەسوکاری بنەماڵەی شێخەکانی نەهری گیرسابووەوە. لەسەرەتای چلەکانەوە وێڵو عەوداڵی کوردایەتی بووە،، دواتر چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دوای ماوەیەك لەشاری کەرکوك لە کۆمپانیای نەوت دا مەزراوەو پیاوێکی تێکۆشەرو نەبەز بووە، لە کەرکوك لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی (گاورباغی) بەشداری کردووە، لەو ڕاپەڕینەدا بریندار کراوەو دواتر بەند کراوە، دوای دەرچوونی لەبەندیخانە لە کارەکەی دەرکراوە، لە ساڵی ١٩٤٧-١٩٥١ز لە کەرکوك کتێبخانەی هەبووە، لە شەقامی ئەوقاف وەك مەڵبەندو بارەگایەکی پارتی بوو، ئینجا دوکانی سەوزەو میوەفرۆشی داناوەو بۆخۆی زوگورتی بووە، واتە ژنو منداڵی نەبووە، ژنی هەر نەهێنا بوو.

لە سەرەتای پەنجاکانەوە بوو بە ئەندامی ناوچەی پارتی لە کەرکوك تا ساڵی ١٩٦١ز، حزب وەك کادرێك گواستییەوە بۆ هەولێر، دوای ئەوەی شەهید عەلی عەسکەری بوو بە لێپرسراوی لقی بادینان، لە ساڵی ١٩٦١-١٩٦٢ شەهید حەمید باتاسی لەگەڵ خۆی بردە بادینانو کردی بە لێپرسراوی ناوچەی موسڵ.

شەهید حەمید بۆ کاری نهێنی حیزبی زۆر ژیرو وریا بوو، توانای خۆگۆڕینی هەبوو بە هەموو شێوەیەكو دوژمن هەستی پێ نەدەکرد.لە ساڵی ١٩٦٣ لە موسڵ زۆر بێزار بوو، تووشی ململانێ بوو لەگەڵ ئەندامانی ناوچە، کە سەر بەبەڕێز بارزانی بوونو کاك حەمیدیش لایەنگری هێڵی مەکتەبی سیاسی بوو. ڕاپۆرتێکی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی تێیدا دەڵێت.. ((مانەوەم لە موسڵ دەبێتە هۆی ئەوەی بەگرتنم بدەن، چونکە ناکۆکییەکەمان توندو تیژ بووە، بەتایبەتی لەگەڵ (حسێن زاوێتەو عەلی گۆیی))).

برایم ئەحمەد بروسکەیەکی کرد بۆ ئێمە، کە ئەوسا نووسەری ئەم کتێبە لێپرسراوی هەولێر بوو تیایدا دەڵێت:

((پێمان باشە بەزوویی هەڤاڵ (میرۆلە) بگوازنـەوە هەولێر، لای خۆتان وەك ئەندام كارگێڕی ناوچەی هەولێرو هەركێ بە باش دەزانن بینێرنە موسڵ بۆ كارگێڕی ناوچەی موسڵ لەگەڵ (عـەلی گۆیی) بەیەكەوە كاربكەن)). كاك حـەمید باتاسی گواسـترایەوە بـۆ هـەولێرو بـوو بەئەندامی ناوچەو لە هەولێر مایەوە تا ساڵی ١٩٧٦ز.

لە ساڵی ١٩٦٢ عەلی عەسكەری لـەبادینان بـوو لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا. شـەهید عـەلی عەسكەریو برایم ئەحمەد، حەمید باتاسییان زۆر خۆش دەویست، حەمید باتاسی دەچێتە خزمـەت مـەلا مستەفاو شـەهید عـەلی عەسكەری ئامـادە دەبێت، مـەلا مستەفا لێـی دەپرسێت نـاوت چییـە؟ دەڵێت: ناوم هەڤاڵ (میرۆلەیـە)، ئینجا دەپرسێت خـەڵكی كوێـی؟ دەڵێت خـەڵكی كوردستانم، مەلا مستەفا لێی تووڕە ئەبێتو دەڵێت (میرۆلـە)و خـەڵكی كوردستان تێنەگەیشتم.. ئـەویش ئەڵێ تۆ سەرۆكی حزبی چۆن نازانی هەڤاڵ میرۆلە كێیە؟ تێگەیشتیت.

مـەلا مسـتەفاش دەڵێت: هـەی______بـاب هـەموومان خـەڵكی كوردسـتانینو دەیـان هـەزار میرۆلەمان هەیە، ئینجا شەهید عەلی عەسكەری دێتە وەڵامو دەڵێت: قوربان لێی تووڕە مەبە، ئەوە فلان كەسـەو تێكۆشـەرێكی زۆر دێرینـەو دڵسۆزو نەبە زە، مـەلا مستەفا قسـەی خۆشـی لەگەڵ دەكاو دڵی چاك دەكاتەوە.

حەمید باتاسی هـەموو جارێك ئـەو قسانەی دەگێڕایـەوەو جنێوی بە عـەلی عەسكەری دەداو دەیگووت ئەو كەتنە ئەو بە منی كـرد.. گوتـی بەمـەلا مستەفا بڵێ خـەڵكی كوردستانمو نـاوە نهێنییەكی حزبی پێ بڵێ لەجیاتی ناوەكەی خۆت، چونكە مەلا مستەفا ئەوەی پێ خۆشترە.

حـەمید باتاسیو عـەلی عەسـكەری زۆر یـەكتریان خـۆش دەویسـتو گاڵتـەو سـوعبەتیان زۆر بەیەكەوە دەكردو جنێویان بەیەك دەدا، حەمید بەبـەردەوام ی لـەماڵی عـەلی عەسكەری بـوو، مەحرەم بوو لەوێ خۆی خاوەن ماڵ بوو.

پیاوێكی یەكجار داوێن پاكو دەست پاكۆ زمان پاكو دڵسۆز بوو.

زۆر حەزی لـە حزبایـەتی بوو، هـەر شۆڕشـی نوێـی گەلەكـەمان لەسـاڵی ١٩٧٦ دەسـتیپێكردەوە، عەلی عەسكەری نامـەی بـۆ نووسیو ڕاسـتەوخۆ چووە ڕیـزی شۆڕشـەوە، لـە شـەوی ١٩٧٧/٥/٣١ لەناوچـەی چۆمـان لـەكاتی پەڕینـەوە لـە ڕووبارەكـەی چۆمـان لەسـەر پردەكـە دەكەوێتـە نـاو كەمینی جاشو عەسكەرەوە، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر هەرسێكیان شەهید دەكرێـنو دەچنـە ڕیزی نەمرانەوە. بەو بۆنەیەوە برایم ئەحمەد ئەم شیعرەی لەسەر نووسیوە.

بۆ گیانی حمید باتاسی

شیعری برایم ئەحمەد لەندەن ئابی ١٩٧٧ز

لەپاك پاكژ تر كاكە حمید گیان
عاشقە ڕووتەكەی خاكی كوردستان
هێندە سووتاوی ئازادی گەل بووی
نەوێستای هەتا خۆت كردە قوربان
چەند دوژمن گەوجە لای وایە مردووی
نازانێ ئەمڕۆ بەكام گەیشتووی
دوو ئاواتت بوو تۆ لەگێتیدا
خاكت بخەملێ لەسەربەستیدا
تۆش گیانت بدەی لەبرێتیدا
سەر ڕاست بووی بەشی خۆت پێشەكیدا
واتۆ ئەگەوزێیت لەخاك و خوێنتا
ئێمەش گەر پیاو بین هاتووین بەشوێنتا
گەلێ ئازادی بەخوێنی بكڕێ
نییە بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ
زۆردار لای وایە بەزەبری كوشتن
گەل بێزار ئەكا لەخەبات كردن
نازانێ كەوا داری ئازادی
هەر بەخوێنی گەش دێتە بەرگرتن

هەردڵۆپێکی خوێنی شەهیدێ
قارەمانێکی تری دێتەجێ
لاشەی زۆردارو خوێن مژانیش زوو
فڕێ ئەدرێتە زەلکاوی مێژوو
حمید بەگیانی خۆت و یارانت
بەکوردستانی دیل و وێرانت
یائێمەش هەموو هاتوینە کوشتن
یادێنینە دی ئاما نجی گیانت
گەلێ ئازادی بەخوێنی بکرێ
نییە بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ. [٥٥]

لەڕاستیدا (حمید باتاسی) لایەقی ئەوەبوو سیاسەتمەدارو گەورەپیاوی وەك برایم ئەحمەد شیعری لەسەر دابنێ، چونکە ئەو کەڵە تێکۆشەرە هەموو ژیانی خۆی بۆ کوردو کوردستان تەرخان کردبوو، خۆشی ژیانی لەخۆی قەدەغە کردبوو، دەروێشانە دەژیاو ڕەنجی بۆ کورد دەدا. مرۆیێکی بێکەس و کار بوو، نەژن، نەمندالْ، نەدایك و باوك، نەخوشك و نەبرا، نەئامۆزای هەبوو...

شەیدای خاکی کوردستان بوو، کابانی کوردستان و کۆگای (مخزن)ی نهێنی بوو، بێ نازو فیز بوو، بۆیە نووسەرێکی گەورەی وەکو برایم ئەحمەد، کەشیعری لەسەر داناوە پڕ بەپێستی خۆیەتی و شەهید باتاسی زیاتر لەوە هەڵدەگرێ و هەرچی لەسەر بنووسرێ هێشتا هەرکەمە. ئێمە

---

(٥٥) سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد- بەرەو ڕوناکی- ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا ١٩٩٦ز.

پێمان وایە کوردایەتی قەرزداری ئەو خەباتگێڕەیەو دەبوایە وەکو شەهید زەبیحی لەهەموو شارەکان پەیکەری بۆ دروست بکرێ.

ئەوەی من ئاگادار بم، برایم ئەحمەد تائێستا شیعری ماتەمی بۆ سێ کەس نووسیوە، هەرسێکیان لایەقی ئەو ڕێز لێنانە بوون. لەساڵی ١٩٤٨ز شیعرێکی بۆ بێکەسی شاعیر نووسیوەو لەژێر ناوی (ئێستەی تەماوی) لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، دیارە فایەق بێکەس هاوڕێی خۆشەویستی بووەو بەمردنی بێکەس، برایم ئەحمەد زۆر غەمبار بووە، بۆیە ئەو شیعرەی لەسەر داناوەو لە (گەلاوێژ)دا بڵاوکراوەتەوە، بێکەس جگە لەوەی دۆستو هاوڕێی شەخسی برایم ئەحمەد بووە، لەهەمان کاتدا پیاوێکی نیشتمان پەروەرو دڵسۆزی کوردو کوردستان بووەو شاعیرێکی چاونەترس و بوێرو ئازا بووە. برایم ئەحمەد پیاوی وەك فایەق بێکەسی خۆش ویستووە، چونکە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەو هاودەنگ بووە. هاوڕێی شەوانی دانیشتن و خواردنەوەو بەزم و ڕەزمی تافی لاوێتی بووە.

◈ ◈ ◈

کوردستانیەتی برایم ئەحمەد

هەروەك لەپێشەوە ئیشارەمان پێداوە، برایم ئەحمەد باباییێکی کوردستانی بووە. بیروبۆچوونی نەتەوەیی سەرتاسەری بووە. هەرلەسەردەمی لاوی‌یەوە چۆتە ریزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کەبنکە سەرەکیەکەی لەرۆژهەلاتی کوردستان بووە. ئەم لێپرسراوی لقی کوردستانی عێراق بووە، دواتر کەحزبی دیموکرات دامەزراوە بەردەوام بووە لەپەیوەندی لەگەڵ حزبی ناوبراوو پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ پێشەوا قازی محمد هەبووە. کەقازی محمد شەهید دەکرێ لەساڵی ١٩٤٧ز لەمهاباد لەمەیدانی چوارچرا برایم ئەحمەد ئەم شیعرەی خوارەوە دەهۆنێتەوە بەو بۆنەیەوە لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی‌دەکاتەوە لەژێر ناوی:

یادی پێشەوا

یاران بابادەی پڕ مەی برێژین\
باکۆرپەی خۆشی و شادی بنێژین\
بابەئاخ بەئۆف بەحەسرەت بەداخ\
تەماوی بکەین ئاوێنەی دەماغ

لەم شیعرەو دوو شیعرەکەی تری، کەلەسەر فایەق بێکەسی شاعیرو شەهید باتاس دایناوە، زیاتر ئەو باوەڕە جێگیر دەبێ و دەچەسپێ، کەبرایم ئەحمەد تاسەر مۆخی و ئێسقانەکانی کوردستانی بووە. ئاشکرایە فایەق بێکەس خەڵکی باشورەو باتاس خەڵکی باکورەو پێشەوا قازی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە[٥٦].

[٥٦] گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ١١، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦١ز.

ئەم شاعیرە هاتووە هەرسێ پارچەکەی کوردستانی بەسەرکردۆتەوەو لەهەر باغەو گوڵێکی بۆن خۆشی هەڵبژاردوەو تاسەی دەروونی خۆی پێ ڕشتووە(٥٧).

جگە لەشیعرەکانی لەوتارە سیاسییەکانی ڕۆژنامەی (خەبات)و (کوردستان)و (النور)ی عەرەبی و (چریکەی کوردستان)و (صرخة کوردستان) ، کەلەلەندەن دەریدەکردو لەگۆڤاری (گەلاوێژ)و ئامۆژگارییەکانی و کۆڕو کۆبوونەوە حزبیەکانی جەختی لەسەر خەباتی سەرتاسەری دەرکردەوە(٥٨).

ئەم قسانەی برایم ئەحمەد لەوکۆبوونەوەیەی لەگەڵ ئێمە کردی لەبەغدا بەڵگەی بەهێزن بۆ کوردستانییەتی ئەم شاعیرو نوسەرو سیاسەتمەدارە. جگە لەوەش ئەگەر سەیری گۆڤاری (چریکەی کوردستان) بکەین، کەناوبراو

(٥٧) سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد- بەرەو ڕوناکی- ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا ١٩٩٦ز، ل٢٩-٣٠.

(٥٨) لەیادمە لەساڵی ١٩٦٦ لە بەغدا لە موحازەرەیەکدا کە بۆ سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دای لە بارەگای حزب بە ئامادەبوونی (نووسەری ئەم کتێبەو شازاد سائیبو سەربەست بامەڕنیو بەکر حسێنو محەمەد عەبدولوەهابو ئەمیری حەفیدو بلە ڕەش) ئامادەبووین بەم شێوەیە بۆمان دوا:

((ئێمە میللەتێکی هەژارو داگیرکراوین، لەلایەن چوار دەوڵەتەوە کە ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە چوار دەوڵەتی بەهێز کە هەریەکەیان پەیوەندی هەیە لەگەڵ دەیان دەوڵەتو دۆستایەتی بەهێزی هەیە لەگەڵیان پشتگیری لێ دەکەن لە دژی ئێمەی بێ کەس..

ئەم چوار حکومەتە هەرچواریان خاوەن سوپاو پۆلیسو دەزگای داپڵۆسینو جاسووسیو توانای دارایی زۆر بەهێزیان هەیە. ئەگەر بێتو ئێمەی کورد لەهەر چوار لایان هوشیار ترو زیرەك ترو لەخۆبردوو ترو خۆبەختکەرو یەکگرتووترو دبلۆماسی تر نەبین ناتوانین بەسەریاندا زاڵ بینو مافەکانی خۆمانیان پێ بسەلمێنین)).

لەلەندەن دەریکردووە، هەروەها (صرخـــة کوردســـتان) بەزمانی عەرەبی هەموویان ئەو ڕایەی سەرەوە دەسەلمێنن.

کارو کردەوەکانی لەبیست و پێنج ساڵی ڕابردوو لەدەرەوەی کوردستان، چالاکی‌یە سیاسیەکانی، پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ ڕۆشنبیرو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان و بەشداریکردنی لەگەڵ حزبە کوردی‌یەکانی وەکو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا و ئامادەبوونی لـــەکۆنگرەی نەتـــەوەیی کوردســـتان و پشـــتگیریکردنی لەپەرلـــەمانی کوردســـتان لـــەدەرەوەی وڵات و هـــەوڵ و خـــەباتی لـــەپێناو چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستانی عێراق و چالاکی بەشداری لـەکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن و گومانی تیاناهێڵن، کە برایم ئەحمەد ڕۆشنبیرێکی نەتەوە پەرستی سەرتاسەری پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێربووە و ئەو بروسکەو نامەو فاکسانەی بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەوەوە هاتوون بۆ بنەماڵەکەی بەتەواوی پشتگیری لەوبۆچوونەی ئێمە دەکەن، هەموو حزبە کوردی‌یەکان لەهەرچوار پارچەی کوردستان، هەموو کەسایەتی و سیاسەتمەدارو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان، ئەدیب و شاعیرو هونەرمەندانی کوردستان، برایم ئەحمەد بەموڵکی خۆیان دەزانن.

شـیعرێکی تـری برایـم ئەحمـەد هەیـە لەسـاڵی ١٩٥٩ز لـەژێر نـاوی (ڕووبەڕووی مردن) دایناوە، نزیکەی هەشتا دێڕە شیعرەو بۆ عبدالکریم قاسم دانراوە بەبۆنەی ڕزگاری بوونی لەهەوڵی تیرۆرکردنی لەلایەن عەرەبە نەتەوە پەرستەکانەوە دیارە لەساڵی ١٩٥٩ز عبدالکریم قاسم لەناو میللەتی عێراق بەگشتی و لەلای خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خۆشەویست بوو، چونکە قاسم ڕابەری ڕاستەقینەی شۆڕشی چواردەی تەمووز بوو، ئەو شۆڕشەی ڕژێمی پاشایەتی سەربە ئیمپریالیزمی سەرەونگون کردو گەلی

عێراقی ئازادکردو بەمادە (٣)ی دەستوری کاتی دان بەمافەکانی گەلی کورد نراو کوردو عەرەبی کردە هاوبەش و برا لەنیشتمانی عێراق، عێراق لەناوچەی ئیستەرلینی هاتە دەرەوەو یاسای چاککردنی کشتوکاڵی هێنایە کایەوە، زەوی و زاری بەسەر جوتیارەکان دابەش کردو ئازادییە سیاسیەکانی ڕاگەیاندو کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی دەرکرد لەخزمەتی کۆمەڵانی خەڵك.

لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە قاسم لای کورد ڕێزی هەبوو، برایم ئەحمەدیش ئەم شیعرەی بەو بۆنەیەوە بۆ داناوە.

ڕووبەڕووی مردن: [٥٩]

- *کەریم لای گەل ئازادییە*
- *ئاشتی، ئاسایش، شادییە*
- *مانای سەربەرزی ژیانە*
- *بۆ گەل و بۆ ئەم نیشتمانە*
- *بۆیە هەرچی کەهەمانە*
- *گەر ماڵ و حاڵ گەر گیانە*
- *ئەیکەینە قوربانی کەریم*
- *ئەگینا کەریمی تەنیا*
- *وەك ئەو کەریمانەی دنیا*
- *کەس نازانێ مرد یا ژیا*

لەشیعرێکی تریدا کەبۆ - صدام حسێنی نوسیوە لەگۆڤاری (چریکەی کوردستان) بڵاوکراوەتەوەو لەژێر سەرناوی (بۆ سەدام حوسێن)[٦٠] دەڵێت:

---

[٥٩] لەگۆڤاری (هیوا) ساڵی ١٩٥٩ز بڵاوکراوەتەوە، ل٤٨-٤٩.

- سەدام کوردستان موڵکی تۆ نییە
- نەهی ئەتاتورك نە خومەینییە
- مەلای لابەلا کوردی خستە داو
- ئینگلیزیش ئێوەی لێکردین بە پیاو
- تاقە بستێکی ئەم کوردستانە
- داگیر نەکراوە بەجەنگی مەیدان
- هەمووی بە پاکی و دڵ سافی خۆمان
- بەفرت و فێڵی زۆڵە موسوڵمان
- کورد بێبەش کرا لەماف و لەنان
- لەماڵی خۆیا بوویە بێگانە
- کوردی خاوەنی ئەم نیشتمانە
- پڕ خێرو بێرو پڕ نەوت و کانە
- خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە
- بەرگری هەموو گورزی زەمانە
- بەگۆڕ سپێری سەد هاری وەك تۆ
- بۆنەگرێتە دەس چارەنوسی خۆ؟
- بۆ هەقی نەبێ ئەویش وەك ئێوە؟
- ئالای خۆی هەڵکا لەم کەژو کێوە.

ئەم شیعرەش وەکو شیعرەکانی تری زیاتر کوردستانییەو بەرگرییە لەمافی سەرجەم نەتەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان. شیعرەکە ئاراستەی سەدام حوسێنی - دکتاتۆر کراوەو پێی دەڵێت کوردستان

(٦٠) گۆڤاری چریکەی کوردستان، ژمارە ٤، کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١، لەندەن، ل٧٥.

خاکی تۆو تورك و فارس نی یەو ئێوە خاکی کوردتان بەفێڵ و تەڵەکەبازی داگیرکردووە.

ئینگلیز ئێوەی لێکردووین بەپیاو، ئەگینا ئێوە ئەو پیاوە نەبوون بتوانن بەشەڕ کوردستان داگیر بکەن، بەڵام مەلای نەزان و غافڵگیرەکانی خۆمان بەناوی ئیسلامەوە ئێمەیان دەسخەڕۆ کردو ڕێگایان خۆشکرد بۆ داگیرکردنی نیشتمانەکەمان و بێ بەشبوونمان لەمافەکانمان و سوود وەرگرتن لەکان و نەوت و خێرو بێری وڵاتەکەمان....

دەبێ سەدی وەکو ئێوە بەگۆڕ بسپێرین و ئاڵای خۆمان لەم کەژو کێوانە هەڵکەین.

شیعرێکی تری بەناوبانگی برایم ئەحمەد، ئەو شیعرەیە کەساڵی ١٩٤٩ز لەمەوقوف خانەی ئەبوغرێب داینـاوە، دوای ئەوەی لەدادگای عورفی بەساڵ و نیوێك حوکم دراوە لەسەرکوردایەتی.

شیعرەکە (٢٤) دێڕە شیعرەو هەموو تەحەدای حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی بۆگەنی عێراقی سەر بەئیمپریالیزمە.

ناوەڕۆکی شیعرەکە هیواو ئاوات و بڕوای بەتینی شاعیر بەسەرکەوتنی گەل و لەناوچوونی ڕژێم و سەرنگوون بوونی لەزبڵدانی مێژوو، هەروەکو پێشتر هێتلەری دیکتاتۆرو سوپا بەسام و هەیبەتەکەی تێك وپێك چوو گۆڕی گوم بوو، ئەمەیش دەبێ چاوەڕوانی هەمان چارەنووس بێت شیعرەکە شیعرێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی یەو ورەو تین و توانای تێدایەو هیواو ئاواتی بەسەرکەوتنی گەل زۆر بەهێزە....

لەژێر سەرناوی (دواتیری کەوان[٦١])

---

(٦١) سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ١٩٩٦، ل٤٠-٤١.

دواتیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن
دوا سەرکەوتنی تۆیەو دوا نووچی گەلە دوژمن
شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریك و ڕوونە
بەئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن

ئەم شیعرە لەپەنجاکان و شەستەکانی چەرخی ڕابردوو وێردی سەرزاری ڕۆشنبیرو خەباتگێرە شۆڕشگێڕەکانی کورد بوو، لەکۆڕو کۆبوونەوە نهێنی یەکانی پارتی و هەندێجار لەناو شیوعی یە کوردەکانیش لەبەرچاو دەگیراو بەهەند وەردەگیرا، لەبەر ئەوەی شیعرەکە لەدژی ڕژێمی پادشایەتی بوو، دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران بوو، وورەی کۆمەلانی خەلکی بەرز دەکردەوە و هانی خۆڕاگری دەدان و هیواو ئومێدی بەکۆمەلانی خەلك دەبەخشی، کەدەسەلاتی ڕژێم بەرەو نەمان دەڕواو سەرکەوتنی گەل نزیکەو ئاسۆ ڕووناکە.

بۆیە ئەو گرنگی یەی پێدراوە، لەسەردەمی پادشایەتی، واتە پێش شۆڕشی گەلاوێژی ۱۹۵۸ز، سەردەمی بلاوبوونەوەی ئەو شیعرە هێزە سیاسی یەکانی سەرگۆڕەپانی عێراق یەکگرتوو هاوکاری یەك بوون، پەیوەندی باشیان لەگەلْ یەکتری هەبوو، سەرکردەی حزبەکان بەیەکەوە لەبەندیخانەکانی ڕژێم دۆستایەتی و هاورێیەتیان پەیداکردبوو، بەبیروباوەڕی یەکتر ئاشنابوون، یەك ئامانجیان هەبوو، ئەویش لەناوچوونی ڕژێم بوو.....

بۆیە هەموو بۆچوون و وتارو شیعرو لێکۆلینەوەیکی باش و لەقازانجی پرۆژەکانیان لەیەکتری وەردەگرت و پەسەندیان دەکردو ڕێزیان بۆ بیروبۆچوونی یەکتر هەبوو، توندوتیژی لەنێوانیان کەم بوو، بەلام لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی بالای

شۆڕش، هەندێکیان بەرەو نەتەوە پەرستی و شۆفێنی‌یەتی عەرەبی هەڵپەیان دەکرد بەسەرۆکایەتی عبدالسلام عارف و ئەوانی تر بەرەو چەپڕەوی و شیوعیەت ڕۆیشتن.... قاسم لەسەرەتاوە لایەنگری ئەم دەستەیە بوو پشتگیری دەکردن.

دواتر عەرەبە ڕەگەزپەرستە شۆفێنی‌یەکان بەسەرۆکایەتی حزبی بەعس ویستیان عبدالکریم قاسم تیرۆر بکەن. ئەوجا قاسم بایدایەوە و کەوتە هێرش کردنە سەر شیوعیەکان و پیلان دانان بۆ ناکۆکی نانەوە لەناو هەموو حزبەکان و هاندانی سەرکردەکانیان لەدژی یەکتری و لەت وپەت کردنی حزبی شیوعی و نیشتمانی و دیموکراتی و حزبی بەعس و پارتی و ئەوانی تر....

پەخشانە شیعر

برایم ئەحمەد پەخشانە شیعرێکی ناسراو و بەناوبانگی لەناو ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان و سیاسە توانەکانی کوردستاندا هەیە. گرنگی پەخشانە شیعرەکە لەوەدایە ئەو ڕێچکە شیعرییە لەوسەردەمەدا تازە سەری هەڵدابوو، برایم ئەحمەدیش وەك شاعیرێکی دوو سەردەم واتە (کلاسیکی و ڕۆمانسی) لەگەڵ ئەوەی پێشتر، واتە قۆناغی کلاسیکی لەکوردستان پێش شەڕی یەکەمی جیهان و سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانسی لەکوردستان لەشەڕی دووەمی جیهان بەدواوە توانی پێشڕەوی ئەم ڕێبازەش بکا و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ... ئەمەیان لەڕووی ئەدەبیەوە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە عەقڵی کوردی زیاتر بەرەو گەشانەوە و پێشکەوتن خەملیبوو، ڕووەو ئاسۆی سۆشیالیستی هەنگاوی گەورەی دەناو برایم ئەحمەدیش یەکێك بوو لەڕابەران و پێشەنگی بیرو باوەڕی ئەو سەردەمە و خۆی لەوانە بەمارکسی ڕاسترو باشتر دەزانی.

دیارە شەڕی دووەمی جیهان قۆناغێکی تازەی هێنایە پێشەوە و بیروباوەڕی ئازادی و دیموکراتی تەکانی باشی نا لەدڵ و دەروونی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چونکە کورد بۆ خۆی تینووی سەربەستی و ئازادی بوو...

(برایم ئەحمەدیش وەك بزوێنەری ڕاپەڕین و مەشخەڵی شۆڕش و هاندەری ڕۆشتن (بەرەو ڕووناکی) سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

بوو، لەشەوە زەنگەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا. کەدواتر بووە سەنتەری کاری سیاسی و ڕووناکبیری گشت تێکۆشەران و کورد پەروەران لەدەوری کۆبوونەوەو ئەویش وەك مامۆستایەکی (مونەوەر) لەسەر تازەترین و پێشکەوتووترین ڕێباز وانەی کوردایەتی و برایەتی و مرۆڤ پەروەری پێوتنەوەو هەر ئەو وانانەش بوونە هێڵە گشتی‌یەکانی خەباتی کوردایەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا)[٦٢].

پەیام و میتۆدی سیاسی برایم ئەحمەد لەڕۆژانی تاریك و ئەنگوستەچاوی تێکۆشاندا توانا و بەهرەی بیرکردنەوەی ئازادو داهێنانی بەژیانی گیانی و سیاسی گەل بەخشی.... بەتایبەتی لەم پەخشانە شیعری‌یەدا کەتائێستا چەند جارێك لەگۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکاندا بڵاوکراوەتەوە ئەوە خۆی لەخۆی‌دا نیشانەی بەرزی و بەهێزی و پڕ بایەخی ئەو پارچە ئەدەبیە لەدڵی ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان و سیاسەتمەدارانی کوردستان، جاهەریەکە بەشێوەیەك و هەریەکە بەجۆرێك ڕێزو نرخیان بۆ داناوەو باسی لێوەدەکەن.

◈ ◈ ◈

(٦٢) کوردستانی نوێ، ژمارە٢١٣٣، یەك شەممە لە ٢٠٠٠/٤/٣٠، ل٣، یاسین فەقێ سەعید.

بەرەو ڕووناکی

لەناو جەرگی تاریکی‌یەوە...
دەست بەکەلەبچەو تەوق و لەمل و زنجیر لە پێ.
لەکانگای نەزانی و هەژاری و دیلی‌یەو...
کەوتومەتە ڕێ هاتووم ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی...

پشتم دارزاوی جەزرەبەی قامچی‌یە.
ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە...
پێم شەلی دارکاری‌یە.
فرمێسک لەچاوما قەتیس ماوە.
پێستم بەسەر ئێسکمدا ووشك بۆتەوە
بەلام بەدڵێکی وەك پۆلاوە ڕێم گرتۆتەبەر ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی..

هەڵبەستەکە (٣٢ سی و دوو)دێڕەو، هەمووی بەشێوەیەکی سفت و ڕەوان ناسك و نایاب دەڕوا. هونەری شیعری جوانی تێدایەو هەستی‌ناسك و بەسۆزی شاعیر تێکەلاو بووە لەگەڵ خەیاڵی باڵەفڕێ‌دا. بەوشەی تەڕو بڕو پاراو ڕازاوەی هۆنیوەتەوەو خوێنەرو گوێ‌گر دێنێتە جۆش و خرۆش.

هەروەها هەڵبەستێکی تری برایم ئەحمەد لەژێر ناوی (نەورۆزی من) لە ساڵی ١٩٤٥ز دا داینـاوەو بلاوی‌کردۆتەوە. شیعرەکە دەربارەی جەژنی نەورۆزی کوردەواری‌یە.

ئەم جەژنە نەتەوەیی‌یە لەسەردەمی پاشایەتی دا لەخەڵکی کوردستان قەدەغە کرابوو، خەڵك بەنهێنی یادی ئەم جەژنەیان دەکردەوەو ئاگری نەورۆزیان هەڵدەکرد...

جەژنی نەورۆزو کاوەی ئاسنگەر چ ئەفسانە بێت، یان ڕاستەقینە لەدڵی کوردا جێگیر بووە. جاهۆیەکەی هەرچی‌یەك بێت، ئەم جەژنە لەئێران و ئەفغانستان و هندستان و پاکستانیش بەزم و شادی بۆدەگێڕن.

بەڵام لەناو کوردان دەیبەنەوە سەردەمی زەردەشت و هەندێ مێژوونوس دەیگێڕنەوە بۆ پێش پەیدابوونی زەردەشت و کتێبە پیرۆزەکەی (ئاوێستا)، بۆیە دەبینین لاوانی کوردی لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا لەگشت مەڵبەندو ناوچەو پارچەیەکی کوردستاندا هەموو ساڵێك ئاگری نەورۆز دەکەنەوەو ئاهەنگ دەگێڕن و سەیران ساز دەکەن.

لەباشوری کوردستان (پیرەمێرد)ی نەمر ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەزیندووکردنەوەی جەژنی نەورۆزو خەڵکی هانداوە یادی بکەنەوەو گرنگی پێ‌بدەن. ئەمە جگە لەوەش ڕۆشنبیرەکانی کوردستانیش توانیان یادی نەورۆز بەچاکی بخەنە گەڕ لەخزمەت بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و لەپێناو یادکردنەوەی نەورۆزدا سەدان لاوی کورد چونەتە بەندیخانەکانی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و ئێران و تورکیا.

تاکار گەیشتە ئەوەی شۆڤێنیستە فاشستەکان بەزۆر فتوا بەمەلاو شێخەکان دەربکەن و نەورۆز بەکفرو ئیلحاد ئاوزەد بکەن، بەڵام خەڵکی تێکۆشەری کوردستان سارد نەبوونەوە لەهەوڵ و هیمەتیان، بەردەوام لەپێناوی نەورۆزدا قوربانیان ئەدا.

لەئەنجامدا ناچار ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٦٨ دانی بەجەژنی نەورۆزدا نا، کەببێتە جەژنی نەتەوایەتی و بەڕەسمی بناسرێ و پاشانیش لەبەر

ڕەگەزپەرستی خۆیان گۆڕییان و ناویان نا (جەژنی دارودرەخت).
لەتورکیاش تازە، واتە ساڵی (٢٠٠٠) لەژێر پاڵەپەستۆی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی جیهانی بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا تورك ناچار کران ڕێگا بدەن خەڵك بەئاشکرا لەشارە گەورەکان ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بگێڕن.

ئەم شیعرەی برایم ئەحمەد لەساڵی ١٩٤٥ز دانراوەو دەڵێت: د

((نەورۆزی من)) [٦٣]

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئیمرۆ، ڕۆژی جەژن و خۆشی یە
وەختی هەڵپەڕکێ و سەمایە، مەوسمی تەڕپۆشی یە.
دەشت ودەر گوڵ پۆشە، ئەم ڕەش پۆشیەت بێهۆشی یە.
من ئەڵێم نەورۆزو شادی و جەژنی دیل ئازادی یە...

ڕەنگە زیاتر ئەم شیعرەی بۆ سەرکارت نووسیبێ کەلەو سەردەمانەدا باوو بووە.

◈ ◈ ◈

[٦٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٤٥ز، سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ل١٧.

((کاوەی ڕاستەقینە))

هەر لەسەر کاوەی ئاسنگەرو پەیوەندی کاوەو زوحاك بە مێژووی کوردو کەلەپووری کوردەواری‌یەوە برایم ئەحمەد هەڵبەستێکی (٦٨) شەست و هەشت دێڕی لەساڵی ١٩٦٢ز هۆنیوەتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوەو کێشەو ململانێکانی یەکلا کردۆتەوە بۆیە ڕاڤەو لێکدانەوەی ناوێت و شیعرەکە خۆی هەموو پرسیارەکانی وەڵام داوەتەوە لەژێر سەرناوی (کاوەی ڕاستەقینە).

(کاوەی ڕاستەقینە)

برایم ئەحمەد ١٩٦٢ز بەغدا.

هەندێ کەس ئەڵێن کاوەی قارەمان
هیچ پەیوەندی‌یەکی نی‌یە لەگەڵمان
نەبۆ کورد بووەو نەبۆ کوردستان
خوێنی زوحاکی ڕشتۆتە مەیدان

گرنگی و بەهای شیعرەکە، لەوەدایە لەڕووی هونەری‌یەوە گۆی هونەری بردۆتەوە، چ لەڕووی وەزن و چ لەڕووی قافیەو لەڕووی داڕشتن و زمان پاراوی و هەست و سۆزو خەیاڵی نیشتمانی، ئینجا ڕووداوی مێژووی ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەو ڕاستکردنەوەی هەڵەی سەپاو بەسەر خەڵکی ئەم دەڤەرەدا.

لەکۆتایی‌دا ئاڕاستەو ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان بۆ ڕزگاری و بەختیاری سەپاندن و ناساندنی مافی چارەنووس و ناچارکردنی دووژمن بەبوونی کوردو مێژووی کوردستان، ئەوسا هەموو کورد دەبێتە کاوەی ئاسنگەرو کوردستانیش دەبێتە بەهەشتی سەر ڕووی زەمین.

((چەند شیعرێکی تر))

برایم ئەحمەد چەند شیعرێکی تریشی هەیە، لێرە بەدوا ناویان دەبەین و بەکورتی لێیان دەدوێین و لەسەری ناڕۆین بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر دوورودرێژ نەکەین ...

١- خۆشەویستەکەم:

شیعرێکی هەیە لەژێر ناوی (خۆشەویستەکەم) لە ١٢/١٠/١٩٣٥ز لە بەغدا دایناوە و لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە[٦٤]:

شیعرەکەی ٢٨ دێڕە و بەم شێوەیە دەدوێ:

- *خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم*
- *بینایی چاوم، هیوای ژیانم*

بەم شێوەیە کۆتایی دێت

- *تۆ بژی بۆ خۆت بێخەم و بێباك*
- *منیش ڕەنجەڕۆ بۆت ئەچمە ژێر خاك*
- *یەکەم دڵدار نیم بە مجۆرە بمرێ*
- *تۆش یەکەم یار نیت ئەم ڕێیە بگرێ*

---

[٦٤] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٤٥ز.

٢- ئازارو بەهار:

شیعرێکی ترە، بەم شێوەیە دەدوێ[٦٥]...

دیسان ئازارە، دیسان ئازارە

لای خۆی سەرەتای گوڵ و بەهارە.

کەچی بۆ گەلی کوردی بێچارە

هەموو پەژارەو دەردو ئازارە

ئەم هەڵبەستە ٣٨ دێڕی چوارینەیەو پۆستەرە شیعریشی پێدەوترێ..

٣-کوردە هاوارە:

هەڵبەستێکی ترە لەگۆڤاری (چریکەی کوردستان)[٦٦] ژمارە ٢ تشرینی دووەم ١٩٨٠ز لەلەندەن بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە:

کوردە تو خاکی لەت لەت کراوت

تو بەری ڕەنجی بەزۆر براوت

تو کوردستانی بە خوێن گون گوونت

تو بێ قەندیل و پیرەمەگرونت

(لەبەشی دووەمی شیعرەکەدا دەڵێت)

کوردە قوربانە ڕۆژێکە ئەمرۆ

بەقسەی دوژمن مەبە دەسخەڕۆ

تەبایی نەبێت چیت لەوان کەمە

هەر ناتەبایت سەرچاوەی خەمە

---

[٦٥] سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، سلێمانی.

[٦٦] گۆڤاری (چریکەی کوردستان)، ژمارە ٢ تشرینی دووەم ١٩٨٠ز ، لەندەن.

٤- (من پێشمەرگەی کوردستانم):

شیعرێکی تری هەیە کراوەتە سرودو گۆرانی و لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول وەك مارشی بەیانیان ئێستگەی (دەنگی کوردستان)ی پێدەکرایەوەو لەدڵو دەروونی پێشمەرگەدا جێگای خۆی کردبووەوەو خۆشەویست بوو.

بۆجاری یەکەم (خالد دلێر) ئاوازەکەی بۆداناو سەرپەرشتی تۆمارکردنو بڵاوکردنەوەی کرد...

(من پێشمەرگەی کوردستانم)

برایم ئەحمەد / ماوەت ١٩٦٢/٧/١٠

من پێشمەرگەی کوردستانم

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەروماڵ و ژیانم

ئەیپارێزم نیشتمانم

سروودەکە (٢٤) دێڕەو بەم دوو دێڕە کۆتایی دێت:

دەست لەخەبات هەڵناگرم.

یا سەرئەکەوم یا ئەمرم

٥- هەر کورد ئەبین - لەندەن ١٩٨١ شیعرێکی ترە، ئەگەر ئاوازی بۆدابنرێ دەست ئەدا بکرێ بەسرووود لەبۆنەو یادەکان دا بەکۆرس بگوترێ.

هەرکورد ئەبین

داگیرکەری دڵ پڕ لەقین

درندەی بێویژدان و دین

گەر قەندیل و ئاگری شیرین

یەکسان کەی لەگەڵ ڕووی زەمین

ناتوانی واکەی کورد نەبین

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

لە پێش ئاگر پەرستیدا

لە پێش موسوڵمانیەتیدا

لەدیلی و لەسەربەستیدا

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

شیعرەکە (٣٢) نیوە دێڕە شیعرە، هەموو بەرپەرچ دانەوەی بیرۆکەی کورد تواندنەوەیە لەمێشك و خەیاڵی بۆگەنی شۆڤێنی و کۆنەپەرستەکاندا.

٥- چۆن ڕزگار نەبین(٦٧):

ئەم شیعرە لەساڵی ١٩٦١ز لەکوردستان دانراوە. شاعیر ویستویەتی بەرامبەرەکەی واتێنەگا ڕزگار بوون ئەوەندە کارێکی ئاسانەو شۆڕش سەیران و بەزمەستانە. شۆڕش کارەسات و مەرگەساتەو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان دەبێ پێشەکی ئەو ڕاستی‌یە بزانن و خۆیانی بۆ ئامادەبکەن...، ئەوسا دەتوانن بەسەر داگیرکەری کوردستاندا سەربکەون. سەرکەوتن و ڕزگار بوون خۆبەختکردن و فیداکاری زۆری دەوێ) وەك کورد دەڵێن : (ئەو هەویرە ئاوی زۆری دەوێ) یاخود (ڕێ باریك و شەو تاریك) زیندان و کەلەپچەو ئاوارەیی و برسێتی و ڕووتی و خنکاندن و جەزرەبەو لەسێدارەدان و هەڵواسین و هەموو ئەمانە بۆ ئازادی ناونیشانن. هەر کۆمەڵ و نەتەوەیك، دەبێ باجەکەی بدەن، ئەگەر نا ناتوانن سەرکەوتن و سەروەری و

(٦٧) سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا،ل٣١، سلێمانی- ١٩٩٦ز.

سەرفرازی و کامەرانی و خۆش گوزەرانی و ئازادی دابین بکەن و نیشتمانەکەیان ڕزگار بکەن و ئاوەدان بکەنەوە. هەر بەو بۆنەیەوە (خالد دلێریش) شیعرێکی جوانی هەیە زۆر لەناوەڕۆکی ئەم شیعرەی برایم ئەحمەدەوە نزیکە بۆیە دەکرێ ئیشارەی پێبدەم. خالد دلێر دەڵێت: [٦٨]

چۆن لەڕێگەی سەندنی مافی گەلی کورد لائەدەم؟ !
چۆن بەرە بەخوێنی سووری لاوەکانیدا ئەدەم؟!
قەت ئەمانە ئیشی من نین، من هەمیشە تائەژیم
دەرسی هەڵمەت، تۆڵە سەندن بۆ نەوەی کورد دائەدەم.

ئەم هەڵبەستەی برایم ئەحمەد (٤٠) بەیتی تەواوە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی کارەسات و ڕووداوە دل تەزێنەکانی خەڵکی کوردستانە، کەهەموو چین و توێژەکانی گرتۆتەوەو کەس لێی دەرباز نەبووەو ئەمانە هەمووی نرخی ڕزگارین بۆ گەلی ئێمە. شاعیر پێی وایە ڕزگاری نرخی گرانەو دوژمن بێ بەزەیی‌یەو ئەوەی لەدەستی بێت لەتاوان و کاولکاری دریخی ناکات بۆئەوەی ئێمە ڕزگار نەبین و هەر لەژێر دەستی ئەو بمێنین و بەروبومی وولاتەکەمان و خێروبێری بۆ خۆی ببات و داگیرکەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەکوردستان خانوو بەسەر کۆرپەی ساوا دەڕوخێنێ و کچی چواردەساڵ بەرەو زیندان دەبات و زیندەبەچاڵی دەکات، کۆشک و باڵەخانەی ئێمە دەبێت ببێتە ئەشکەوتەکان گازینۆو سینەماکانی ئێمە دەبێ لەدۆڵ و بن بەردا بێت و ئوتێلەکانمان لەناو دەوەن بێت، دەبێ بەرو

---

[٦٨] تێبینی: لەڕاستیدا ئەم شیعرە (چۆن ڕزگار ئەبین) جێ شەك و گومانە کە شیعری برایم ئەحمەد بێت، ڕەنگە شیعری (وریا قانع) بێت، هەر بۆیە من نموونەم لێ وەرگرنەتووە.
داخەکەم دوای مردنی برایم ئەحمەد ئەو گومانەم لا پەیدا بوو.

گڕو گیا لەجیاتي کەباب بخۆین و دەبی شەقامەکانمان شەلالی خوێن بێت ئەوسا بەتەواوی ڕزگار دەبین....

٦- ئەی مانگ لێڵ نەبیت بەو میوانانە[٦٩]:

شیعرێکی تری ئەو شاعیرە دڵ ناسک و وریایەیە. شیعرەکە ٨٦ بەیتەو باس لەچوونی ئادەمیزاد دەکات بۆ ناو مانگ لە ٩٦٩/٧/٢٩ دانراوە بەم شێوەیە لەگەڵ مانگ دەدوێ و سکاڵا لەتەك ئەودا دەکات:

ئەی مانگ کەلەلا دۆستی دێرینم
ڕۆشن کەرەوەی شەوگاری ژینم
هاورێ و هاودەمی دەستەی یارانی
خوێن مژی گەورەی سەرمایەداری
جارانی دونیا وەك ماستی مەیو
جارانی (گەلان) کاڵ و نەگەییو
ئەو سایەی (زەمین) موڵکی زۆردار بوو
دونیا بەهەشتی سەرمایەدار بوو
(ئارمسترۆنگ)و (ئەلاین)ی هاورێ
سێ پەیکی ئاشتین ئازاریان نەدەی
ئازان چلاکن بەسەزمانن.
لەفاك و فیکی (نیکسۆن) نازانن
بەدڵی خۆش و پڕ لەهیواوە
نامەی دایکیان بۆکوڕ هێناوە

---

[٦٩] ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە ٢٩، ١٩٧١ز.

ئەوساکە مانگ و زۆر ئەستێرەی جوان
ئەکرێنە مۆڵگە و هەوارگەی ئینسان
ئەرازێنەوە بەدەستی زانین
بەڕاستی ئەبنە بەهەشتی بەرین.

لەم هەڵبەستەدا وەصفێکی جوانی چوونەناو مانگ دەکات لەلایەن ئادەمیزادەوەو بەمانگ دەڵێت:

ئەم کەشتیوانانە ڕۆڵەی خۆتن، ئازاریان نەدەی، چونکە ئەمانە ئاگاداری فاك‌وفیك‌و پیلانی کۆشکی سەرمایەداری (بنتاگۆن)و (والستریت) (ستی)و بانکەکانی سەرمایەداری نین.

٧- نەی ژەن:

شیعرێکی ترە لەساڵی ١٩٤٨ز داینـاوە [٧٠] لە (١٢) دێڕ پێکهاتووەو بەم شێوەیەی خوارەوە (لەگەڵ نەی ژەن) دەدوێ:

نەی ژەن گرو دوو بەربێتە نەیت
ساقی ژەهری خەم برژێتە مەیت
تەنیام بێ هاوڕێم، ساپیاڵەیە مەی
ماندووم، دڵزارم، نامەردە سادەی
ئاگر بەردەرە سارای یادگار
یادگاری دوور لەئێش و ئازار

گەر بەووردی لەشیعرەکانی برایم ئەحمەد بکۆڵینەوە دوو ڕاستی زۆر زەق‌و زۆر بەرچاو دەکەون.

---

[٧٠] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی نۆهەم، ١٩٤٨ز.

١-شیعرەکانی هەموو مۆرکی سیاسیان پێوەیەو شاعیر لەناو سیاسەت و نیشتمان پەروەری دا قاڵ بووەو کولاوە.

یا راو بەهرەی هونەری خۆی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی هەست و نەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری.

ڕازو دۆزو مەرامی دڵداری و خۆشەویستی و جوانی سروشت و باری کۆمەڵایەتی کەم تیا بەدی دەکرێ.

٢-شیعرە بەهێزو بەناوبانگەکانی هی ئەو سەردەمانەن، کەزیاتر بێ ئیش وکار بووە، واتە یان لەزیندان بووە، یان خەریکی گۆڤاری (گەلاوێژ) بووە. ئەوانەی لەسەردەمی سەرقاڵی سیاسەتدا نووسیویەتی واتە، کەسکرتێری پارتی بووە، ئەو ئاستانەی ئەمانی نی یە، کەزیاتر دەست بەتاڵ بووە. بۆیە زۆربەی ئەدیب و ڕۆشنبیران پێیان وایە ئەگەر برایم ئەحمەد لەسیاسەت کاری نەکردایە، شاعیرێکی زۆر گەورە دەبوو، بەهێزترین و جوانترین و هونەرمەندترین شیعری برایم ئەحمەد (یادگارو هیوایە) ئەگەر بێت و بەراوردی ئەم شیعرانەی لەگەڵدا بکەین لەڕووی هونەری داڕشتنەوە هەست بەجیاوازی دەکەین....

بەرزی (یادگارو هیواو شەقەی باڵی پەخشانە شیعری (بەرەو ڕوناکی) زۆر پێشکەوتوترن و هونەری داهێنان و ئەندێشەی باڵە فڕی بڵاوی شاعیر لەو سەردەمانەدا تەپ وتۆزو گەردەلولی هەستی گەرم و جۆش و خرۆشی بەشێوەیەك بەخشیوە لەگەڵ خوێندنەوەیدا بیستەر(گوێگر) دەخاتە جیهانێکی ترەوەو بڕواو متمانەی زیاتر پتەوو بەهێز دەکات بەگەیشتنە ئامانجی لەئازادی و سەرفرازی و بەختیاریدا.

کەچی لەشیعرەکانی دواییدا کەسەرقاڵی سیاسەت بووە ئەو هونەرو بەهرانە بەرچاو ناکەون و لەو ئاستەدا نین.

٣- گیانی مۆسیقا:

٤-ڕووبەڕووی مردن:

یەکەمیان باس لەڕۆحی مۆسیقا دەکاو چ جۆرە خۆشی و شادییەك بەگیانی ئادەمیزاد دەبەخشێ و تاڵی و ناسۆری ژیان لەبیردەباتەوەو نەشئەو شادی دەبەخشێ بەدەوروبەرەکە، بەتایبەتی ئەگەر عودو کەمانی لەگەڵابێت دەڵێت:

گیانی مۆسیقاو وێنەیی هەستی
بادەیی مەستی لابەرێ پەستی
عودم بۆلێدە تادەم بەیانی
باگوێی بدەمێ بەکامەرانی
بلەرێتەوە تاری عودەکەی
بزرنگێتەوە سازی نەغمەکەی

تادوایی...........

لەڕووبەڕووی مردندا دەڵێت:

زووکە زووگیانە دەمەکەت بێنە
بەسە ناز، بەناز دڵم مەشکێنە
دەبێ مردن بێ، مەردانە سابێ
یامن یاخوتۆ، منو تۆنابێ
بیدەرە دەستم پیاڵەی پڕژەهر
بابڕێتەوە ژینی پڕقەهر

بەم شێوەیە لەسەری دەڕواو کۆتایی بەو (٦٢) شەستودوو بەیتە شیعرە دێنێ، بەم چەند دێڕەی خوارەوە:

گوڵی ئەمڕۆ کەسبەینێ گڵە.
دڕکی سبەینێ دۆسییەی دڵە.
مردن ناخۆشە نەء. وامەزانە
ناخۆشی مردن خلتەی ژیانە
گوناهی ژینە مردن ئەزانێ
تاوانی بوونە بردن ئەزانێ..

دروشمی (کوردستان یان نەمان)، کەدروشمی شۆڕشی ئەیلول بوو ... لەهەموو بەیاننامەو بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئۆرگانەکانی حزبی داو لەنامەو کاغەزی سەرکردەو فەرماندەکانی ئەفرادی پێشمەرگەدا لەسەرەوە دەنوسراو لەکاتی وتار خوێندنەوەدا پێش هەموو شتێك وەکو دروشمی شۆڕش هێمای پێدەکرا... لەداهێنان و داڕشتنی برایم ئەحمەد بوو، ئامرازی تێکۆشەران و ڕەمزی بەرگری و خۆڕاگری بوو. کەتائێستا کەس هەست و دەرکی پێنەکردووەو باسی نەکردووە.. ئەو دروشمە دوای داهێنانی سروودی (من پێشمەرگەی کوردستانم) بەتەواوی لەناو کۆمەڵانی خەڵك و لەڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا چەسپا[٧١].

◈ ◈ ◈

(٧١) نووسەری ئەم کتێبە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕاستییەیەو لەو سەردەمەدا لەناو پێشمەرگەدا لێپرسراوی هەولێر بوو.

بەشی سێیەم

((چیرۆك و وەرگێڕان))

(چیرۆك و وەرگێڕان)

چیرۆك

برایم ئەحمەد زیاتر بە چیرۆك نووس ناسراوە، وەك لەوەی بە شاعیر بناسرێت، هەروەها بە سیاسەتمەدارو رۆشنبیرێکی مەزنیش بەناوبانگە. لەبەرئەوەی تەمەنێکی دوورو درێژی لەگەڵ سیاسەت بەسەر بردووە، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ ز بەدواوە، واتە لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە خولیای کوردایەتی بووە. گەرچی راستەخۆ تێکەڵی پارتە کوردییەکانی وەکو (هیوا)و (ئازادی)و (رزگاری)و (شۆڕش) نەبووە، بەڵام لەلاوە دەستی تێوەرداوەو هەماهەنگی لەگەڵا کردوون، تالە (١٦)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٢ ز (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دامەزراوەو، ئەم چۆتە ریزی کۆمەڵەوە کە بنکە سەرەکییەکەی لە کوردستانی رۆژهەلات — مهاباد — بووە.

دواتر لە ساڵی ١٩٤٨ چووەتە ریزی (پارتی دیموکراتی کورد)ەوە، کە لە عێراق لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان دامەزرابوو، لە کۆنگرەی دووەمی پرتیشدا لە ساڵی ١٩٥١ ز بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی. بەهەر حاڵ وەك روناکبیرێك دەستی نووسینی هەبووەو لە شیعر دانانو رێنووسی کوردیو وەرگێڕانو زمانی پاراوی چیرۆك نووسینو دواتر لە رۆژنامەگەریدا کاراو کارامە بووە .

چیرۆکەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بریتین لە :

(کوێرەوەری) لە پێنج چیرۆکی کورت پێکهاتووەو لە چاپخانەی (النجاح) لە بەغداد لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٥٩ ز چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دیارە چیرۆکەکانی زۆر پێشتر نووسراون و لە کاتی خۆیدا هەندێکیان لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکرابوونەوە.

١) چیرۆکی (کەرەلۆتی مەنۆچەر) :

لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٥ز نووسراوەو لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی هەمان ساڵدا بڵاوکراوەتەوەو ناوبانگی دەرکردووە. چیرۆکێکی خۆشە، چونکە وێنەیەکی راستەقینەی دەقاودەق لە ژیانی لادێی کوردەواری و کولەمەرگی و مەینەتییەکانی جووتیاری کورد دەردەخات، ستەم و زۆرداری کاربەدەستانی میری ئەو سەردەمە روون دەکاتەوە بەرامبەر جووتیارەکان و خەڵکی گوندنشینی هەژارو نەخوێندەواری کوردستان و، بەتایبەت مامەڵەو کردەوەی ناشیرین و نابەجێی دەزگاکانی پۆلیس و بێویژدانی و لە خوانەترسی و چاوچنۆکی و فێڵبازی و درۆزنی و بەرتیل خۆری و دەست برین، کە چۆن لە پێناو گیرفانی خۆیاندا گاڵتەیان بە چارەنووسی خەڵك کردووە.

هەروەها کاریگەریی و کارتێکردنی ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و نۆکەرەکانیان لەو سەردەم و زەمەنەدا، بێ ئەوەی پچێك ویژدانیان بووبێت، یان لە خوا ترسابن (ئەوراق و ئیفادەی) خەڵکیان بە ئارەزووی خۆیان گۆڕیوەو (سپی بە رەش و رەشیان بە سپی نیشانداوە).

چەند جار ئەم دەست و ئەو دەستیان بەخەڵك کردووە. ئەم چیرۆکە تابلۆیەکی دەقاودەقی ژیانی کوردەوارییە لە ژێر دەستی داگیرکەرانی کوردستان لە چلەکانی سەدەی رابردوودا. لەو چیرۆکەدا زۆر وەستایانە و

ژیرانە کارەسات و مەرگەساتی خەڵکی بەلەنگازو بێنەواو هەژاری کوردی، وەکو ڕۆژی ڕوناک دەرخستووەو لەکۆتایدا دەڵێت.

((ئاو لەسەرچاوە لێڵە، خانو لەبنەڕەتەوە وێرانە، بۆیە پێویستمان بەتەقەلای هەرەوەزی ڕێك وپێك و بێووچان و بازوی بەهێزو ژیرانەی ئەبێت بۆ ئەوەی لەسەرچاوەو لەبنەڕەتەوە بنیات بنرێتەوە)). لەم بارەیەوە (عمر معروف بەرزنجی) دەڵێت: ((برایم ئەحمەد چووە پێشەوەو بووبەڕابەرێکی ڕاستەقینەی چیرۆکی کورد، یەکەم نووسەرە کەلەسەرەتادا توانیبێتی ڕووداوی خۆماڵی و خەباتی چەوساوەکان و نەخۆشی بیرۆکراتی تێهەڵکێشی نووسینەکانی بکات قەڵەمەکەشی موعانات لە نرکەو ڕاپەڕینی جوتیارانی هەژارو زووخاو هەڵڕێژیّ و دیمەنە ڕەزاگرانەکانی کۆمەڵ وێنە بکێشێت بەوپەڕی کارزانی‌یەوە هونەری تێکەڵ بەواقیع کردووەو پێشڕەوێکی ڕێبازی ڕیالیزمە لەئەدەبیاتی کوردی‌دا)).

لایەنە هونەرییەکانی ئەم چیرۆکە، وەك جوانی ووشەو ڕازاوەیی دەربڕین و ڕەوانی نوسین و پاراستنی زنجیرەی بیرەکانی و سەلیقەی داڕشتن بەچاکی بەبەرهەمەکەیەوە دیارن و نووسەر تیایدا سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. ئەم چیرۆکە لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەشاری سلێمانی نمایش کراوەو بۆتە هۆی سەغڵەت بوونی میری ئەو سەردەمەو لەئەنجامدا قەدەغەکراوە.

٢) چیرۆکی خازێ:

ئەم چیرۆکە ساڵی ١٩٤٣ز لەشاری هەڵەبجە نوسراوە. باس لەباری نالەباری ژن دەکات لەوڵاتی کوردستان. (خازێ) کچە شۆخ و شەنگی لادێ، لەئەنجامی هەژاری و لانەوازی و دەست کورتی کەس وکارەکەی خۆی دەفرۆشرێتە پیرە پیاوێکی دەوڵەمەندو بەدفەڕو بێ بەزەیی و لەئەنجامی نەگونجان و ڕێك نەکەوتنی ناحەوێتەوەو زیزو زویر دەبێت و دەچێتە ماڵی ئاغای ناوچەکەیان. ئاغاو ئاغاژنیش پێشکەشی پیاوێکی گزیری خۆیانی دەکەن و هەرزوو ئەمیش، دوای ساڵ ونیوێك ڕابواردن و کەیف و سەفا لەگەڵی تێری لێدەخواو بەرەڵای دەکات. بێکەس و بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوەو ئینجا کەس وکاری زەفەری پێدەبەن و هەوڵی تیرۆرکردنی دەدەن و بەبرینداری و کولەمەرگی بەجێی دێڵن. ئەمیش دوای ئەوە شێت و سەرگەردان دەبێت و دەکەوێتە کوچەو کۆڵان و منداڵە وردکە گاڵتەی پێدەکەن. ئەم چیرۆکە پێشچاوخستنی باری شێواوی کۆمەڵی کوردەواری و تێکچوونی شیرازەی ئابوری یەو فراوانبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگە لەو کاتەدا.

بۆیە دەبینین (خازێی داماو لێقەوماو وەك چرۆیەك هەڵقرچاوو هەڵوەریوو نەگەیشتە ئامانج و ئاواتی خۆی و بەزامداری سەرگەردانی دەخولایەوە).

ئەگەر لەناوەڕۆکی چیرۆکی (خازێ) بکۆڵینەوە، دیارە نوسەر باس لەکوێرەوەری و بێ دەسەڵاتی و بێبەشی و مەینەتیەکانی ژن دەکات لەکۆمەڵی کوردەواریدا، کەپیاو سالار تیایدا دەسەڵاتدارەو ژن لەهەموو مافێکی بێبەش و وەك بوکەشووشە بۆ هەوەسی پیاو بەکاردەهێنێرت. نوسەر وەك

ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتوخواز بەرگری لەمافی ژنان دەکات و کێشەکانیان دەخاتەڕوو. ...

بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆبکرێت، کێشەی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو بۆتە کێشەیەکی ئەزەلی و دەتوانین بڵێین لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی، وەك ئەمەریکا و یابان و ئەورووپاش بەتەواوی ئەم جیاوازیانە بنبڕ نەکراوە و ڕۆژانە لەو بارەیەوە دەیان ووتارو نووسین لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا بەرچاو دەکەون .

لەبارەی چیرۆکی (خازیٚ)وە عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت[(٧٢)]

((لایەنێکی گەشی نووسینەکانی، شۆڕبوونەوەیە بۆ ناخی دەردەکانی کۆمەڵ و ژیانی تاڵی ئافرەتانی کوردو باری دواکەوتنیان، دیاریش لەم لایەنە چیرۆکی (خازیٚ)یە کە ڕەنگی دیمەنێکی پڕ لە ژان و کسپەی بۆ ڕشتووەو سەرتاپا نوقمی پەرێشانییە، ئافرەتێکی نازداری وەك خازیٚ کە پەروەردەی بنەماڵەیەکی دەستکورت و پەژمردە بووە، باوکی فرۆشتوویەتی بە کابرایەکی بەسالاچووی گوندێکی دراوسێیان بە (٢٠لیرە) شیربایی.

(٧٢) لێکۆڵینەوەو بیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦١، عمر معروف برنجی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری.

٣) چیرۆکی (کوێرەوەری) [٧٣]:

ئەم چیرۆکە لەساڵی ١٩٤٤ز لەسلێمانی نووسراوە. باس لەبەسەرهاتی (سۆفی حەسەن) ناوێك دەکات، کەجوتیاری گوندێکی کوردستانەو ئاغای دێ لای میری شکاتی لێکردووەو چەند جەندرمەیەکی میری چوونەتە سەری و هێناویانەتە شارو پەلکێش کراوە بەدوایانەوە (دوای پۆلیسەکان). ئینجا لەتەویلەی ولاغ (خان) بەستراوەتەوەو ڕۆژی دوایی لەپۆلیس خانە مارکوژیان کردووە بەبیانوی قەرزاری ئاغا، چونکە لەکاتی خۆی، واتە ساڵی پێشوتر (سەلەمی) کردووە بە (ریبا)، واتە بەقازانجی (تصاعدي).

ئاغاکە چەند جار ئەو قەرزەی وەرگرتۆتەوەو سەنەدەکەی نەداوەتەوە دەستی سۆفی حەسەن و هەموو ساڵێك لەنوێژنەوە پەلپ و بیانوی پێدەگرێ و تەماعی تێدەکات و گرناغەی لەمانگا زەردی مام سۆفی حسن گرتووە. ناچار سۆفی حەسەن مانگا زەرد دەداتە دەستی پۆلیسەکان لەجیاتی قەرزە درۆزنەکەو دەڵێت (هۆی هۆی هەموو ئەم ئازارو جەورە ناتەبایی و بێهۆشی و گەلوری خۆمانە).

حسین عارف دەڵێت:

(کپ بوونی برایم ئەحمەد ئەگەرچی نامیلکەی کوێرەوەری بڵاکردەوە بەڵام ئەوانە چیرۆکەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ)ن [٧٤]. بەڵام خۆئەگەر چیرۆکی تری بێ و بڵاوی نەکردبنەوە ئەوە شتێکی ترەو ئێمە ناتوانین لەوانە بدوێین، بەم جۆرە ناچارین بڵێین بەداخەوە بەبەردەوامی برایم ئەحمەد لەسەر چیرۆك نووسین خزمەتێکی گەورە ئەبوو بۆ ئەدەبی کوردی و ئەو کپ بوونەوەی زیانێکی گەورەی پێگەیاند) [٧٥].

---

(٧٣) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی ٥ی ئابی ١٩٤٤، ل٦٥-٧١.

(٧٤) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی ٦نیسانی ١٩٤٥، ل٦٠-٧٣، هـ.ل.ب.

(٧٥) گۆڤاری بڵێسە، ژمارە ٩، ای نیسانی ١٩٦٠از، ل٣ ، حسین عارف.

٤) تۆڵە سەندن:

ئـەم کورتـە چیرۆکـە لەسـاڵی ١٩٤٥ز لەکـەرکوك نوسـراوە. بریتی‌یـە لـەقارەمانێتی و نەبـەردی و بوێـری و ئازایـەتی و هۆشـیاری و هۆشمـەندی و شۆڕشگێڕی خەڵکی (کورسیکا) لـەدژی داگیرکـەری فەرەنسـی ئـەم وڵاتـە، کەفەرەنسـیەکان داگیریـان کردبـوو کۆمـەڵانی خـەڵك، بـەژن و پیاو، جـوان و پـیرەوە هەسـتابوونە سـەرپێ و گرِوکڵپـەی ئـاگری شـۆڕش هەڵگیرسـابوو، دەشت و چیا و شارو لادێی گرتبۆوە..

خەڵك داوای ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیان دەکرد... دەیانویست بـەزمانی خۆیـان بدوێـن و بخوێنـن و بنووسـن. مێـژووی خۆیـان بخوێنـن، کاروبـاری خۆیـان بـە وازو ئـارەزوی خۆیـان و بـەپێی بـەرژەوەندی خۆیـان بەڕێوەی‌ببـەن. شۆڕشگێڕان توانیان شاری (باستیای) ڕزگـار بکـەن، بـەڵام داگیرکـەران دوای یـازدە ڕۆژو لەشـەڕێکی خوێنـاویدا شـارەکەیان لەدەسـت شۆڕشگێڕان دەرهێنا و سەدان کەسیان کوشت و هـەزارانیان ئاوارەی کـەژو کێـوو ئەشکەوتەکان کـرد. داگیرکـەر حوکمـی عورفی ڕاگـەیاندو پێنـج لاوی قارەمانی هەڵواسی.

(کابتن مۆریس) سەرۆکی مەحکەمەی عورفی فەرەنسی پیاوێکی دڵڕەق و بێویژدان و بێبەزەیی بوو. لەوپێنج لاوەی بەناحەق حوکمـی لەسێدارەدانی دابوون یەکێکیان بەناوی (ب) تازە کچی مامی بەدەسگیران کردبوو، کەناوی (پولـین) بـوو (پولـین)ی شۆڕشـگێڕ توانـی تۆڵـەی دەسـگیرانەکەی بکاتـەوە بەکوشتنی (کابتن مۆریس).

لەشـی‌کردنەوەی چیرۆکەکـە بۆمـان دەردەکـەوێت نوسـەر بەشـێوەیەکی ڕەمزی بەرهەمەکەی داڕشتووە. (کورسیکا)ی وەکو هێما و ڕەمز بەکارهێناوە لەباتی وڵاتەکەی خۆی، کە کوردستانە.

لەڕووی هونەریی‌یەوە وەستایانەو پسپۆڕانە دای‌ڕشتووەو ڕووداوەکانی بەیەکەوە بەستووەو گریێی داوە.

دەوری ئەکتەرەکانی دیاری کردووەو کچە شۆڕشگێڕی داخۆ قین لەدڵ لەدژی داگیرکەر سەرکەوتوانە تۆڵەو قەرەبوی دەسگیران و کوڕە مامی خۆی کردۆتەوەو ئەوجا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە. نوسەری ئەم چیرۆکە لەبەکارهێنای ڕەمزدا زیرەکانەو سەرکەوتوانە دەستبەکار بووە... کوردستانی خۆمانی لەبەرچاو گرتووەو نووسینەکانی لەڕێگاو پێناوی خزمەتی گەلی خۆی تەرخان کردووەو نەخشەی ڕزگاری و تۆڵە سەندنەوەی لەدژی داگیرکەری بێگانە بۆکێشاون. دیارە برایم ئەحمەد لەترسی ڕەقابەی میری بەناوی (کۆرسیکاو)ە نووسیوە.

٥) لەوڵاتی قارەمانانا[٧٦]:

باس لەپیرەژنی کەنەفت و پەککەوتەی سۆڤیاتی (ئۆلگا ڤاسیلڤا) دەکات، کەهەردوو کوڕەکەی - ئیڤان و ئەندریێڤ- لەشەڕی ئەڵماندا لەپێناو گەل و نیشتماندا شەهید کران و ئێستاش چاوەڕێی نەشتەرگەری (دیمترۆڤ) کوڕی سێیەمی دەکات، کەلەشەڕی بەرگریدا زامدار بووە. دوای نەشتەرگەری، (دیمترۆڤ) گیان لەدەست دەداو (ئۆلگای) دایکی خۆی پێ‌ناگیرێ‌و لەپرمەی گریان ئەدات و ئینجا دێتەوە سەرخۆو: دەڵێت: دکتۆر گیان دەستم دامێنت مەڵێ (ئۆلگا)م بینی دەگریا !!ئەزانی بۆ ؟ چونکە دوو کوڕی پێشترم شەهید بوون نەگریام، بەڵام ئێستا بۆیە دەگریم چونکی تەنیا ئەو کوڕەم مابوو شانازی پێوەبکەم لەشەڕدا بێت لەدژی دوژمنی داگیرکەری لەناکاو هێرش بەری سەر وڵاتەکەم...

---

(٧٦) ئەم کورتە چیرۆکە لە هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٤٢ز نووسراوە.

(حسین عارف)[٧٧]. پێی وایە ئەم پێنج کورتە چیرۆکە لەهەڵسەنگاندندا دەستنیشان دەکرێن، کەسەربە ڕێبازی ڕیالیزمن...

لەمەدا لەگەڵ هەموونوسەرانی قۆناغەکەو بگرە قۆناغی دواتریشدا یەك دەگرنەوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ هاوقۆناغانی‌دا، ئەویش ئەوەیە فیکرێکی ڕوون و بۆچوون و تێگەیەشتنێکی دیاریکراو بەمانای ئایدۆلۆجیایەکی پێپیشاندەرو ئیلهام بەخش لەپشت بەرهەمەکانیەوە ڕەنگیان تێدا دەداتەوە.

دوو جیهان، دوور جۆر خەڵك، دوو بەرە، دوو سەنگەر، لەململانێدان و بەیەکدا دەدەن و دژ بەیەکتر دەجەنگن...

ئاغا و بەگ و میرو دەسەڵاتدارو داگیرکەرو دەست و پێوەندەکانیان و دام‌ودەزگاکانیان لەلایەك... پاڵەو جوتیارو مرۆڤی ڕەنجدەرو زەحمەتکێش و چەوساوەو بەشخوراویش لەلایەکی تر.

ئامانجیش ووشیارکردنەوەو هاندان و ڕاپەڕینی بەرەی ئەملایە بەڕوی ئەولادا.

٦) ژانی گەل (یان) داستانی هیوا:[٧٨].

ئەم شاکارە ڕۆمانە لەساڵی ١٩٥٦ز لەلایەن (هـ.ل.ب- بلە) نوسراوە. پێشەکی‌یەکەی دکتۆر کمال فوئاد بۆی نووسیوە.. لەساڵی ١٩٩٦ز دووبارە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

داستانەکە لەبەسەرهاتی (جوامێر) ناوێك دەدوێت، کەلاوێکی خوێن گەرم و تێگەیشتوی شار بووە ... باس لەپەیوەندی و خوازبێنی کچە پووری بەناو (کاڵێ)ی دەکات...

---

[٧٧] حسین عارف، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٥٢، ل٦، ٢٢/٥/٢٠٠٠.

[٧٨] برایم ئەحمەد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ساڵی ١٩٩٦ز ل٩٧-١٠٣.

دواتر بەسەرهات و کارەساتی لەختوخۆڕایی گرتن و بەندیخانەی (جوامێر) دەگێڕێتەوە.. ئەوجا دە ساڵ زیندانیکردنی بەبیانوی ئەوەی گوایە سەرکردەی خۆپیشاندانی کردووەو ویستویەتی هێرش بکاتە سەر پۆلیس خانەو چەك و تفاق بەسەر خۆپیشاندەران دابەش بکات و ئاژاوە بنێتەوەو ئاسایشی شار بشلەژێنێ. داستانی (ژانی گەل) لە (١٩) بەش پێکهاتووەو (٢٥٢) لاپەڕەی مام ناوەندی گرتۆتەوە.. نووسەر پێشکەشی کردووە بەگەلی جەزائیری تێکۆشەر لەخەباتیاندا لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمانیان و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و وەدەرنانی ئیمپریالیزمی فەرەنسی لەوڵاتیاندا.

لەڕاستیدا ئەم ڕۆمانە وێنەیەکی دەقاودەقی کوردستانەوڕەنگدانەوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی و گەلەکەیەتی. کەسەکانی (ئەکتەرەکانی) ناو ڕۆمانەکە، ناوو ناوەڕۆك، هەست ونەستیان کوردانەیەو لەسەردەمی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەسەر گەلی کوردستانیان هێناوەو شەلم کوێرم کەس نابوێرم تەڕو ووشکیان بەیەکەوە سووتاندووەو هەزاران کەسی بێگوناهو بێتاوانیان زیندان و زیندەبەچاڵ کردووە. ڕاستە چیرۆکەکە پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان نوسراوە، بەڵام نوسەر ئەوەندە شارەزا بووە بەسروشتی داگیرکەران وەستایانە چیرۆکەکەی داڕشتووە.

وەك ئەوەی بەخۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیابێت، بەوشێوەیە گوێی هونەری بردۆتەوەو بەشەکانی بەیەکەوە گرێداوە. تراژیدیای ناو چیرۆکەکەو بەسەرهاتی (جوامێر)و (هیوای) کوڕی و (کاڵێ)ی خێزانی و شێوەی زیندانیکردن و باری چەوت و نالەباری ناو بەندیخانەکەو شێوەی دادگاییەکەو مانەوەی دوورودرێژی لەیاریدەو هاوکاری خزم و کەسی

سەرگەردانی ژن و منداڵەکەی و باری خراپ و نالەباری ناو شارو رەشە کوژی و رەش بگیری و خاپور کردن و تێکدانی هەزاران گوندو دێ و داربڕین و کانی ئاوپڕکردنەوەو وێران کردن، رەزو باخ سووتاندن و قەدەغەکردنی هاتوچۆی ناو شارو دەوروبەری شاروگوندەکان.

ئینجا بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەداری، نەخوێندەواری و نەخۆشی، پیسی و وێرانکاری لادێکانی کوردستان و دەستدرێژی سوپای داگیرکەرو جاش و چەکداری بەکرێگیراو بۆسەر خەڵکی هەژاری کوردستان، سەرەڕای ئەوەش کاروکردەوەی ناڕێك و نالەباری هەندێ لە کەسانی پیشمەرگە بەرانبەر بەخەڵکی بێتاوان کەناپیناسن، هەروەها رۆڵی ئیجابی رێکخستنەکانی ناو شار لەهاندان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەرگری لەبەرانبەر بەدوژمن، دواتر ناچاربوونی (جوامێر) کە بچێتە ریزی پێشمەرگەو بەشداریکردنی لەفیداکاری لەپێناو ناموس و ئابرو، حەیاو شەرەفی گەل و شەهیدبوونی هیوای کوڕی و کاڵێ خێزانی لەگەڵ زیاتر (٩٠)نەوەت کەس لەگوندی گوڵان، هەموو ئەم دیمەن و رووداوانە تابلۆیەکی ڕاستەقینەی شۆڕشی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان دێننە بەرچاو.

هەر ئەڵێی نوسەر ئەم چیرۆکەی، (واتە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان نووسیوە.

لێرەدا جوامێر رەمزە، هێمایە بۆ زیندانیەکی سیاسی بێتان و ستەمی داگیرکەر، ناچاری دەکات بچێتە ریزی شۆڕشگێڕان و چەك بکاتە شانی کەواتە جوامێر کەسێکی ڕاستەقینە نییەو ژن و کوڕەکەشی بەهەمان شێوە.

لێرەدا نوسەر لەکارەکەیدا شارەزایەو پارێزگاری لایەنە هونەریەکانی کردووە..بایەخێکی زۆری بەناوەڕۆك و رووخسار داوە. لەدارشتن و مەرجە هونەریەکان وەك نوسەرێکی سەر بەرێبازی ریالیزم هەنگاوی بەرچاوی

ناوە. برایم ئەحمەد – ڕۆڵێکی بەرچاوی لەهونەری چیرۆك دا گێڕاوەو چەپکێك کێشەی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە گرێداوەو لەم چیرۆکەدا جێگیری کردوون. بەحەماسەوە بەرەو ڕووی ئەم هونەرە چووە لەپێناو بەرژەوەندی پیرۆزی گەلەکەیدا.

۷) ڕۆمانی دڕك و گوڵ

چیرۆکێکی درێژەو بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم ۱۳۸ لاپەڕەیەو بەشی دووەم (۱۵۹) لاپەڕەیە.

بەشی یەکەمی چیرۆکەکە لە کێشەی نێوان (زۆراب بەگ)و (گوڵناز خان)ی خێزانی دەدوێ و باسی نەبوونی متمانەو پێکەوە نەگونجان لەنێوان ژن و مێردا دەکات. هەروەها زیندانی کردنی تاقە کوڕەکەیان (نەریمان)، کە خوێندکار بووە لە بەغداو بە گەیشتنەوەی بۆ شار، ڕۆژی دواتر گیراوە لەلایەن دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێمی داگیرکەرەوە، بەبیانووی ئەوەی هاتووەتەوە سەرپەرشتی یاخیبوون و خۆپیشاندان و قڵیشانەوە بکات لە دژی میری، (نەریمان) دەستگیر دەکرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی ئاسایش دەکرێ.

ڕێکەوت واد ەبێ ڕۆژی دوایی خۆپیشاندان دەکرێ و خەڵکێکی زۆر بریندار دەکرێن و دەکوژرێن، سەدان کەسیش دەستگیر دەکرێن و جۆرەها ئەشکەنجە دەدرێن.

کەسێکی ڕاپەڕیو بەزامداری خۆی دەگەیەنێتە ماڵی زۆراب بەگ ی باوکی نەریمانی شۆڕشگێڕو تێکۆشەرو زیندانی کراو، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆراب بەگ پیاوێکی خراپ و چاوچنۆك و دڵپیس و ترسنۆك و بێ بارو بەرچاوتەنگ و کاسەلێس بوو.

خۆی لەبەرپرسانی ڕژێم نزیك دەكردەوە، مامەیی لەبەردەكردن و هەر خەریكی پارەكۆكردنەوەو داوێن پیسی بوو، پەیوەندی لەگەڵ زۆر ئافرەتی نەفس نزم هەبوو، هەمیشە ڕێگرو لەمپەر بوو لەڕووی گوڵناز خانی خێزانی و نەریمانی كوڕی، كە بەشداری بكەن لە تێكۆشان شانبەشانی میللەتەكەی خۆیان.

هەرچەندە نەریمان و دایكی گوێیان پێ نەئەدا، لەهەمان كاتدا (فەرەیدون) ناوێك خزمی زۆراب بوو، ڕۆڵێكی ناجوامێرانەی دەگێڕا لەتێكدانی پەیوەندی نێوان زۆراب و گوڵناز خانی خێزانی و گزیری و دوو زمانی و دەلاڵیشی بۆ زۆراب بەگ دەكردو جاروبار دزیشی لێ دەكرد، بەدرۆو تەڵەكەبازی قۆڵی (خورشە)ی كارەكەری بڕی بوو..

(ئاسكۆڵ)یش كچە مام و ئامۆزای گوڵنازخان ژنێكی ڕێك و پێك و زۆر باش بوو، بەدەنگیانەوە دەهات، بەتایبەتی لەو كاتەدا كە (برزۆ) بەزا مداری لە ماڵی گوڵناز خان بوو.

(دكتۆر كامەران)یش زۆر هاوكاری لە تیماركردنی زامەكانی (برزۆ)دا دەكرد بەبێ ئەوەی ماوە بدا كەس هەستی پێبكات.

لەم بەشەی چیرۆكەكەدا تاوانباركردنی ڕژێم و نەریتە گومڕاییانەكەی كە نرخی مرۆڤایەتی تیا نابینرێ و لەسەر ستەم بنیات نراوەو ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها بەزەقی دیارە، نووسەر لە ڕووی هونەری تەكنیكەوە شوێنی تایبەتی خۆی گرتووە.

هەڵبژاردنی پاڵەوانی چیرۆكەكە (زۆراب بەگ)و دوور نەكەوتنەوەی لە واقعێكی گونجاو مەرجێكی سەرەكی چیرۆكنووسی سەركەوتووە.

لێرەدا بەپێی خواست و مەبەست كەرەسەی ڕووداوەكان و كەسانی ناو چیرۆكەكەی دەرخستووە. بەوەش ڕەنگێكی ڕاستەقینەی پێ بەخشیوە..

نووسەر کەرەستەکانی بابەتەکەی لەناوجەرگەی شارەوە دەرهێناوەو مرۆڤی پاکی وەك (گوڵناز خان)و (ئاسکۆڵ خان)یشی دیاری کردووە بەرامبەر نا پاکی و داوێنپیسی و ڕاڕایی و گومڕایی (زۆراب بەگ)و (فەرەیدون)ی شاگردی ڕایگرتوون.

بەشی دووەمی ڕۆمانەکە.

بەشی دووەمی ڕۆمانەکە پێکهاتووە لە سەفەرکردنی زۆراب بەگ بۆ بەغدا، بۆ ئازادکردنی نەریمانی کوڕی بەهۆی (نووری بەگ)ی خزمییەوە، کەلەبەغدا پارێزەر بووەو لەسەردەمی حکومەتی (نووری سەعید)یشدا کۆنە وەزیر بووە.. لە بەغدا لە ئوتێل دابەزیوە. بەهۆی خزمەتچییەکی ناو ئوتێلەکەوە کە ناوی (بەهنام) بووە، دۆستایەتی و ناسیاوی لەگەڵ ژنە لوبنانییەك بەناوی (مەدام جۆرج)، پەیدا کردووە.

(مەدام جۆرج) مێردەکەی کە ناوی (جۆرج خلیل) بووە، لەلایەن کاربەدەستانەوە گیراوە، بە بیانووی پڕوپووچ بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە ژنەکەی و دەستبەسەراگرتنی بۆ کاری نابەجێ و ئابڕووبەرانە.

دیارە یاساش لە پشتیانەوە وەستاوەو داکۆکی و پارێزگاری لێ کردوون، هەروەها نەزانی و نزمی پلەی گوزەران و ئاڵۆزی ژیان، ئەمانەش پەیوەست بە دەسەڵاتی بێ سنووری ساماندارەکانەوە بووەو بۆیە بە مەیل و ئارەزووی خۆیان کچ و ژنی خەڵکی هەژاریان خافڵگیر کردووەو کاری ناڕەوایان لەگەڵدا کردوون.

ئیتر دوای ئەوەی سەردانی نووری بەگی حزمی کردووە، لەجێگای تایبەتی خۆی (نووسینگەی پارێزەری). مامە قالەی قاوەچی و بەردەستی

نووری بەگ زۆر ڕێزی لێ دەگرێ و داوای تووتنی لێ دەکات و ئەمیش بەڵێنی پێ دەدات.

نووری بەگ دێتەوە بەخێرهاتن و ماندوو بوونی لێ دەکات و هەواڵی گوڵنازخان و نەریمانی لێ دەپرسێ، (زۆراب بەگ)یش هەواڵی گرتنی نەریمانی پێ ڕادەگەیەنێ.

نوری بەگیش لە وەڵامدا دەڵێت ئاسانەو چارەی دەکەمو، پێی دەڵێت تۆ سەرێکی ماڵەوەی (مونا خانم)ی دایکی (عدنان)بدە چاوەڕێتان دەکات و ڕەنگە کاری پێتان بێت.

بەهەر حاڵ، پێش ئەوەی بچێتە ماڵی نووری بەگ شەو لە ئوتێل چاوی بە مامۆستایەکی ناسیاوو دۆستی خۆی دەکەوێت، بەیەکەوە دەچنە تیاترۆ خانەو کاتێکی باش بەسەر دەبەن.. بۆ شەوی دواتر وادەیان هەبوو لە ماڵی نووری بەگ کە میوانداریییەکی گەورەی کردبوون و چەند لێپرسراوێکی گەورەی میری بەشداری میوانداریییەکە بوون، بانگێشت کرابوون بۆ سەر خوانی نووری بەگ. لەوانە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و ئاسایش و کۆنە وەزیری دەرەجە دار، جۆرەها خواردن و خواردنەوەو مەزەو میوە لە ئوتێل (سمیرامیس)وە لەگەڵ چەند خزمەتچییەك هاتبوون، خزمەتیان دەکرد، مێز ڕازایەوەو خواردنەوەو یاری پۆکەر دەستی پێکرد.. لەلاوە (ژێربەژێر) نووری بەگ و زۆراب بەگ جەختیان لە بەڕێوەبەری پۆلیس دەکرد بۆ ئازادکردنی نەریمان.. ئەویش خوا هەڵناگرێ پیاوانە پەیمانی پێدان.

بۆ بەیانی بەهەر شێوەیەك بێت بەرەڵای بکات، نووری بەگ بە پارەی زۆراب بەگ دەستی بەیاری پۆکەر کرد. هەروەها میوانداریەتییەکەش لەسەر حسابی زۆراب بەگ بوو.

دوای ئەوەی نووری بەگ زۆری دۆڕاند، داوای لە زۆراب بەگ کرد لە جێگای دابنیشێ‌و یاری بۆ بکات. لە ماوەیەکی کەمدا زۆراب مێزەکەی پێ چۆڵ کردن‌و زەرەرەکەی خۆیانی هێنایەوەو (٢٢٠ دینار)ی زیادیشی بردەوە. هەریەکەیان (١١٠) دیناری قازانج بوو، جگە لە (٩٠) دیناری دوو چەکی بانك.

بۆ ڕۆژی دواتر نەریمان کوڕی زۆراب بەگ ئازاد کراو لەگەڵ باوکی دەچنە ماڵی نووری بەگی خزم‌و دۆستیان بۆ ئەوەی نووری بەگ تۆزێك ئامۆژگاری بکات، تا واز لە سیاسەت بهێنێت‌و خەریکی خوێندن‌و ڕابواردنی خۆی بێت. دیارە نەریمان ئەو قسەو ئامۆژگاری‌و ڕاوێژانەی نووری بەگی قبوول نەبوو، کەوتە دەمەتەقێیەکی سەخت لەگەڵ نووری بەگدا. لەجیاتی ئەو ئەم قەناعەتی بەو کرد ئامادە نییە ڕێگەی خەبات بەربدا. چونکە ئەو ڕژێمە گەندەڵ‌و بودەڵەیە.

بمانەوێ‌و نەمانەوێ بەرەو چاڵی نەمان دەڕواو تەمەنی بۆگەنی کورتە بەو هەموو حساباتە سیاسییانەی ئەو ڕۆژگارە. باوکی‌و نووری بەگیشی هێنایە سەر ئەو باوەڕە ئەو حکومەتەی عێراق نۆکەری ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزمەو دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردەو هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی لەخەڵك گرتووەو ئازادی‌و سەربەستی‌و خۆشگوزەرانی‌و بەختیاری لەکۆمەڵانی خەڵك زەوت کردووە.

بۆیە پێویستە خەبات لەدژی بەردەوام بێت، تا کۆتایی بەدەسەڵاتی ستەمکارانەی دێت. هەرچەندە نووری بەگ زۆری وت بەڵام نەریمان کەمی بیست. کەگوایە کوردایەتی هیچ ئەنجامێکی نییەو نابێ‌و کورد نابێت بەهیچ‌و ناگاتە ئەنجام. هەرچی نەریمانە گوێ بیستی قسەکانی نەبوو.

زۆر زرنگ و ژیرانەو بەهێمنی و هێوەری شێوازو ڕێبازی کوردایەتی و سەرکەوتنی حەتمی گەلی بۆ شیکردنەوەو دەیان بەڵگەو نموونەی بۆ هێنانەوە.

جاروبار زۆراب بەگ دەهاتە خەت و لایەنگری نووری بەگی دەکرد، بەڵام لەبەرامبەر هوشیاری و خۆڕاگری و پتەوی بیروباوەڕی بەرزی نەریمان هیچیان خۆیان پێ ڕانەگیرا.

لەلایەکی تری دانیشتنەکە، (زۆراب بەگ) و (مونا خانم) خەریکی ئیمزاکردنی بەڵێننامە (عقد)ی هاوبەشی بوون، دوای ئەم بێنەو بەردەیە، نەریمان و باوکی گەڕانەوە ئوتێل و زۆراب نەریمانی ڕازی کرد، کە ئەویش دایکی خۆی گوڵناز خان ڕازی بکات ماڵەکەیان بێتە بەغدا، چونکە سلێمانی بەکەڵکی دانیشتن نایەت و لە بەغدا کارو کاسبی زۆرترە.

نەریمان نامەیەکی جوانی بۆ دایکی نووسی و پشتگیری خۆی دەربڕی لە پرۆژەی ماڵ گواستنەوە بۆ بەغدا، لەولاشەوە زۆراب پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، (جۆرج خەلیل) و هاوسەرەکەی قەناعەت پێ کردن بەیەکەوە کارو کاسبی بکەن و ئاپارتمانێك بگرن بە کرێ و بیکەنە نووسینگە بۆ کاروکاسبی، پارە لە زۆراب و کار لەوان. ئەو نووسینگەیە بکرێتە جێگای حەوانەوەی شەوو ڕۆژی جۆرج و خێزانەکەی.

ئەوە بوو بەیەکەوە سەیری ساختمانێکیان کرد، چوار ژوورو هۆڵێکی باشی تیا بوو، ڕێکەوتن ساڵی بە (٢١٠) دینار. جۆرج خەلیل و هاوسەرەکەی بەم ساختمانە زۆر دڵخۆش بوون و بەبیری خۆیان دەرگای ڕەحمەت و نازو نیازیان بۆ لەسەر پشت کراوەیە، ئاگاداری ئەوە نەبوون، زۆراب بەگ لەژێرەوە خەریکەو چ پیلانێکی بۆ خانمی هاوسەری داڕشتووە.

بۆ ڕۆژی دواتر زۆراب گەڕایەوە سلێمانی بەڕوویەکی خۆش و قسەی لووس و هەنگویناوی بۆ ڕازی کردنی گوڵناز خان بۆ گواستنەوەیان بۆ بەغدا.

لە دڵی خۆیدا خەریکی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو بەرنامەیە بوو، پیلانی دادەنا چۆن باسەکە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکاتەوەو ڕازی بکات.

دوای چەند ڕۆژێك دوو دڵی و لێکدانەوە، نامەکەی نەریمانی دایە گوڵناز خان. ئەمیش زۆر بەنابەدڵی ڕازی بوو، هەرچەندە لەدڵی خۆیدا هەستی کردبوو ئەم ماستە موویەکی تێدایەو زۆراب لەژێرەوە شتێکی تری لەژێر سەردایە.

دوای چەند ڕۆژێك مام قادر تەلەگرافی کرد بۆ زۆراب بەگ، کە لەنزیك ماڵی نووری بەگ، خانووی بۆ گرتوون و داوای لێکرد دەستبەکار بێت.

ئیتر زۆراب و فەرەیدون ڕێککەوتن. کە فەرەیدون سەرف و سونی کارەکانی بکات و قەرزەکانی بۆ وەربگرێتەوەو لە ٥٪ی ئەو قەرزانە بۆ فەرەیدون بێت و لە خۆشیا وەخت بوو باڵ بگرێت، چونکە لە خەویشدا ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات..

گوڵناز خان کەوتە سەردانی خزم و کەس و کارو دوعاخوازی و خانووەکەیان بەکرێ داو خۆشیان چونە ماڵی ئاسکۆڵ خانی خزمی، تا ڕۆژی سەفەرکردن بەرەو بەغدا.

بەیانی ڕۆژی سەفەرکردنیان (خورشە)ی کارەکەر چووە دەرەوە قاوەڵتیان بۆ بێنێ، ڕۆیشت و نەهاتەوەو بزر بوو. زۆر چاوەڕوانیان کرد بێ هوودە بوو، ناچار کەتنە ڕێ و زیاتر نەدەکرا چاوەڕێ بکەن. لەبەر ئەوەی ماڵەکەیان بار کرابوو.

- تەواو-

بە بۆچوونی من: ئەگەر بەسنگ و تەرازووی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی، ئەم ڕۆمانە بکێشین و لە قۆناغێکی دیاری کراودا بینرخێنین، دەبینین برایم ئەحمەد نووسەرێکی باڵایەو لە ڕیزی پێشەوەی بەخشین و داهێنان و هونەرمەندیدایە. بەرهەمەکانی مایەی سەرنج و لێکۆڵینەوەی شارەزایانی ئەدەبی کوردین و بەڕێزو نەوازشەوە دەتوانین پەنجە بۆ سەرکەوتنی ڕابکێشین بەتایبەت لەو قۆناغەی چیرۆکی کوردی پێدا تێپەڕ بووە.

نووسەر لەم چیرۆکەیدا بایەخێکی چوونیەکی بەڕووخسارو ناوەڕۆك داوە، بۆیە دەبینن لە داڕشتن و ڕۆنان پاراوی ڕەوانەی زمان و مەرجە هونەرییەکانی وەستایانەو شارەزایانە بەسەر هۆش و زەینی خوێنەرو خوێندەواراندا زاڵەو سەرکەوتووەو هونەرمەندانە لە دڵی خوێندەواران جێی تایبەتی بۆ خۆی کردووەتەوەو ئەوەش کاڵای سەردەم بەرهەمەکانییەتی، وەك نووسەرێکی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزم هەنگاوی گەورەو بەربڵاوی ناوەو پارێزگاری لایەنە هونەرییەکانی کردووە.نووسەر لەم چیرۆکەدا بەکەلێن و کەلەبەرەکانی شاراوەی ئەم ژیانە ئاشنامان دەکات و لاپەڕەی چەند دەردێکی کۆمەڵایەتیمان بۆهەڵدەداتەوە، کەهۆیە سەرەکیەکانی تێکچوونی ژیانی خێزانییە بەگۆڕانی هەڵسوکەوتی زۆراب و دیداری لەگەڵ ئافرەتی لەش فرۆش و کەوتنە داوی یاری قومارو خواردنەوە.

لەلایەکی ترەوە چیرۆك نووس ویستوویەتی تاماوەو مەودایەکی فراوان و بەربڵاو دیمەنی دڵسۆزی و وەفاداری و دلۆڤانی ژنی کوردستان نیشان بدات (گوڵناز خان) بەرانبەر بەهاوبەشی ژیانی سووتان لەو پێناوەدا.. هەرچەندە لەژیانییدا خۆشی لێ نەدیبوو، بەڵام تروسکایی لەدەروونیدا نەکوژابووەوە.

ڕووداوی چیرۆکەکە هەروەکو نووسەر بۆخۆی باسی دەکات، دەگەڕێتەوەبۆسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو- واتە نیوەی دووەمی چەرخی بیستەم – لەوسەردەمەدا دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی ڕوویان لەپایتەختی عێراق دەکرد، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: بۆ کاروکاسبی و دیارە لەشارە گەورەکان کاروکاسبی باشتر بەڕێوە دەچوو قازانجی زیاتری لێ چاوەڕوان دەکرا. دووەم: نائارامی شارەکانی کوردستان بوو بەهۆی بزووتنەوەی سیاسی، کەلەو سەردەمەدا پتر گڕوکڵپەی سەندبوو و بڵێسەی ئاگرەکەی هەموو لایەکی گرتبووە.

دەوڵەمەندو سەرمایەدارە خۆماڵیەکان دەروازەی کارو کاسپیان لێ تەسك کرابووەو لەهەمان کاتدا ڕۆڵەکانیان بەشداری ئەو جووڵانەوە سیاسیانەیان دەکردو بگرە هەندێکیان ڕۆڵیان تیا دەبینی. هەر بۆ نموونە، کۆچکردوان (دکتۆر سەروەری کاکە حەمەو، ئەمیری حەفید زادە) لەسلێمانی و شەهیدان (مەئمون دەباغ و مەناف و جەمال حەیدەری، فازڵی سەعید ئاغاو شەمسەدین موفتی) لەهەولێر.

هەموو ئەو هۆیانە ڕۆڵیان هەبوو لەوەی سەرمایەدارو دەست ڕۆشتووەکانی شارەکانی کوردستان ڕوو لەبەغدا بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان لەسیاسەت دوور بخەنەوەو تووشی گرتن و گێرمەو کێشەیان نەکەن.

هەروەك لەڕۆمانی (دڕك و گوڵ)دا هاتووە، سەرباری ڕۆڵی کوڕە بۆرژواکان لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دا لەناو شارەکانی کوردستان دا لەو ئان و ساتەدا دەبینین کوڕە شێخ و سەرەك عەشیرەتەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەبەشداری کردنی بزووتنەوەی نیشتمانی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسی لەکوردستان دا.

هەربۆنموونە لەدەشتی دزەیی و دەوروبەری شاری هەولێردا کوڕە ئاغاو دەرەبەگەکان بەتایبەتی کوڕانی حوسەینی مەلا لە گوندی (قازی خانە) و کوڕانی حەمە دەمین دزەیی لەگوندی (دوو گرتکان)و برایم عەلی لە گوندی (ئۆمەراوا)و مشیر ئاغاله گوندی (قوڵتەپە) هەستی نەتەوایەتی و سیاسی و شۆڕشگێڕی و پیشکەوتن خوازی و بیروباوەڕی (مارکس)و (لینین)، ئەوان بڵاویان دەکردەوە لەناو جوتیارانی دەشتی دزەیی و بووە هۆی ڕاپەڕینە مەزنەکەی جوتیاران لەدەشتی هەولێر لەساڵی ١٩٥٣زدا.

ئەو ڕاپەڕینەی پارتی و شیوعی ڕابەڕایەتیان دەکرد بووبەهۆی هەڵگرتنی ستەمی چواریەك و سۆرانەو سوغرەو زبارەو ئاو خواردنەوەو ڕێگرتن لە دەرکردنی جوتیار لەسەر ئەرزو بەبێ هۆ...

بۆیە لەم ڕۆمانەدا (دڕك و گوڵ)- دەبینین نووسەر زۆر بەووریایی و ژیری، بەبیری ووردو هەستی ناسك، ئازارو ئەندێشەی بڵاوو بێ سنوور، داڕشتنی ووشەو دەربڕینی جوان و ڕازاوە، بەزنجیرەی نەپساوەی هزرو بیری خۆی چیرۆکەکەی کێومالْ کردووە، بەشێوەیەك دەکرێ لەڕیزی پێشەوەی ڕۆمانە جیهانییەکان پایەیەکی بۆ دەست نیشان بکرێ، بەتایبەتی لەدەربڕین دا.

بەلای (حسین عارفەوە) لەچیرۆکە کورتەکاندا ململانێی چینایەتی زاڵەو لەڕۆمانەکاندا نەتەوایەتی ئەگەر چی لەهەردوو کیاندا فیکرێکی ڕوونی شۆڕشگێڕانە هاندەرو ڕەنگرێژی بەرهەمەکانە[٧٩].

◈ ◈ ◈

---

[٧٩] حسێن عارف (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) ژمارە ٢١٥٢، شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٦،

(٢)

وەرگێڕان

لەبواری وەرگێڕاندا برایم ئەحمەد دەستێکی باڵای هەبووەو دەتوانین بڵێین لەوسەردەمەدا شۆڕە سواری مەیدانەکە بووە، چونکە لەدەسپێکی نووسینەوە، کەیەکەم نامەی بۆ ڕۆژنامەی ژیان ناردووە لەساڵی ١٩٣٢ز وادەی داوە بەژیان، کەوتار لەڕۆژنامەکانی ڕۆژئاواوە بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. دیارە ئەو بەڵێنە لەو کات و ساتەدا، کەهێشتا سەرەتای ژیانی لاوێتی و خوێندکاری بووە، یاراو بەهرەی لەخۆیدا بینیوەو دڵخوازو ئارەزووی وەرگێڕانی هەبووەو زمانی ئینگلیزی زانیوەو لەمەیدانی فێربوونی ئەو زمانەدا خۆی ماندووکردووە. لەزمانی عەرەبیشدا شارەزا بووە، بەبەڵگەی ئەوەی لەساڵی ١٩٣٧ز توانیویەتی بەناوی (الاکراد والعرب) نامیلکەیەك بەزمانی عەرەبی چاپ و بلاوبکاتەوە. شارەزایی لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئارەزوو زەوقی ئەدەبی هاوکارێکی باشی بووە، کە بەئاگا بێت لەئەدەب و ڕۆشنبیری جیهان و لەڕووداو بەسەرهات و کارەسات و کێشەکانی دونیادا.

ئەوەندەی بۆیکراوە کەڵکی لێ وەرگرتووە ئەوەی بۆ ئەو ڕۆژە سوودی بووبێت وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

بەدواداچوون و شارەزایی پەیداکردن لەئەدەب و کەلتورو ڕۆشنبیریی و بیروباوەڕە تازەکانی دونیا کاریان تێکردووە چ لەباری ئەدەبی و لەباری ڕامیاریشەوە لەنەتەوە پەرستی (ژ.ك)ەوە بەرەو ئایدیای ناسیونالیستی و سۆسیالیستی و بیروباوەڕی مارکسی... لەشیعرو پەخشان و چیرۆکەکانیدا لەکلاسیکەوە بەرەو ڕۆمانتیك و ڕیالیستی سۆسیالیستی ڕۆیشتووە.

ئەو بیروبۆچوونانەی لەکاری ڕۆژانەی سیاسی و چیرۆکەکانی‌دا ڕەنگیان داوەتەوە، کەهەموو باس لەچینی چەوساوە و کرێکار دەکەن..

تادەگاتە ئەوەی لەپرۆگرامی پارتی‌دا لە ساڵی ١٩٥٣ز، کەدەبێتە سکرتێری گشتی بەزەقی بیروباوەڕی سۆسیالیستی پێوە دیارەو دایڕشتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین برایم ئەحمەد ڕۆشنبیری بەئاگا بووە، لە فاك‌وفیکی سەردەم تێگەیشتووە، لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشکەوتن ڕۆیشتووە، مەلەوانێکی شارەزاو باش بووە.

لەوەرگێڕاندا ئەو چیرۆکانەی هەڵبژادووە، کەلەڕاستی بارودۆخی کوردستانەوە نزیك بوون و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕی یان تێدا بەهێزبووە، بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد ئەو هەستانە لەناخیدا بێت و خەبات لەپێناویدا بکات.

برایم ئەحمەد زۆر چیرۆك و وتاری لەزمانەکانی بێگانەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی و لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

زۆربەری زۆری ژمارەکانی (گەلاوێژ) چیرۆکی وەرگێڕدراوی برایم ئەحمەدیان تیادا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها دەیان وتاری لەسەرکردەو فەرماندەو گەورەپیاوانی دونیا، کەلەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ڕۆژئاواوە وەری‌گرتوون و وەریگێڕاونەتە سەرزمانی کوردی... .

لەوانە لەسەر (غاندی، نەهرۆ، ناپلیۆن، ترۆتسکی، لینین، چەرچل، مارشاڵ نای، فۆرشیلۆف، ئەناتۆل فرانس، .... تادوایی)..

هەروەها چەندین وتاری تری وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی لەسەر (ووڵاتی ژاپۆن)، (ژنانی ترکستان)، (پروسیا. خاکی گوم بووی کوردستان) هەروەها چەندین وتاری وەرگێڕاوی تری هەیە لەسەر:

١- ماتا هاری جاسوسی هەرەبەناوبنگ لەمێژوودا.

٢- چۆن ئیش بکەین.

٣- خوێندنەوە.

٤- ڕابواردنی بەخۆشی لەماڵەوە.

٥- بلیمەتی.

٦- نبرەیەکی تاڵ.

٧- هۆی تەنگوچەڵەمەی سناعی.

٨- ڕەگەزو خوێن پاکی.

٩- شێت یاژیر.

١٠- ووتارێکی (مستەر ئی پی‌سۆن).

١١- ڕۆژنامە نهێنییەکەی پلۆدسکی.

١٢- دراو

١٣- ئیش بەدەست.

١٤- یەك بیر ئازارم دەدات.

لەبواری چیرۆکی وەرگێڕاودا ئەم چیرۆکانەی لەزمانەکانی بێگانەوە وەرگرتووە لەوانە...

١- تۆڵە سەندنەوە[٨٠]:

چیرۆك نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی (تۆماس ئەلەن)، وەرگێڕ برایم ئەحمەد ئەم چیرۆکە باس لەشێوەی تۆڵەسەندنەوەی باوکێك دەکات، کەکوڕەکەی لەئەمەریکا کوژراوە لەلایەن (پۆڵسۆن) ناوێکەوە لەشاری (Pesent City). کوڕە کوژراوەکە ناوی جۆنسۆن بوو، باوکی ناوی (راتری)ی بوو، ئەوەبوو بەهەرحاڵ (راتری) تۆڵەی کوڕەکەی کردەوەو (پۆلسۆن)ی لەتینا خنکاند.

٢- بازرگانی ڤینیسیا: The Mercant of Venice

بازرگانی ڤینیسیا یەکێکە لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی (ولیام شکسپیر)ەو کورتکراوەی (چارلس لام)ە وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی (برایم ئەحمەد)ئەم چیرۆکە دەربارەی بازرگانێکی دەوڵەمەندی جوولەکە بوو بەناوی شایلۆك (Shylock). لەشاری ڤینیسیای ئیتاڵیدا. ئەم بازرگانە دەوڵەمەندە زۆر ڕژدو پیس و چاوچنۆك، دڵ ڕەق و بێبەزەیی بوو.... هەموو خەڵکی شارەکە ڕقیان لێی بوو لەبەر ئەو ڕەوشتانەی لەسەرەوە باسکران... لەبەرانبەردا بازرگانێکی تر هەبووە بەناوی (ئەنتۆنیۆ Antonio) پیاوێکی تابڵێی باش و چاوتێرو دەست بڵاوو بەڕێز بوو. خەڵك هەموو خۆشیان دەویست. ئەم دوو بازرگانە زۆر ڕقیان لەیەکتر بووە، چونکە دوو بۆچوون و دوو هەڵوێستەی جیاوازیان بوو بەرانبەر بەخەڵك و خوا.

(ئەنتۆنیۆ) دڵ نەرمترین و باشترین پیاوی سەردەمی خۆی بووە، لەچاکەکردن بەرانبەر بەخەڵك ماندوو نەدەبوو. هەرلەو سەردەمەدا ئەنتۆنیۆ هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست و خانەدانی هەبووبەناوی (باسانیۆ –

---

[٨٠] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١-٢، ساڵی ٣، کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٤٢ز، ل(٨٧-٩٢).

Bassanio) ئەم مرۆیە لەخانەدانەکانی ڤینیسیا بوو، لەباوك و باپیریەوە میراتێکی کەمی بۆبەجێ مابوو، چونکە دەست بڵاوو چاوتێر بوو.

(باسانیۆ) دەچێتە لای (ئەنتۆنیۆ)ی هاوڕێی داوای لێدەکات دەستیبگرێت بۆ ئەوەی خۆی ڕاستبکاتەوەو خانمێکی دەوڵەمەندی زۆر خۆشەویستی هەبوو تابیخوازێت....

بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بەسەد هەزار (دوکاتی Ducat)ی ڕۆمانی هەبوو. بەقەرز بۆ ئەوەی ئەو خانمەی پێبگوازێتەوەو ئەوسا پارەکەی ئەم بداتەوە.... ڕێکەوت وادەبێت لەوکاتەدا (ئەنتۆنیۆ) پارەکەی لەدەستا نابێت و هەمووی بەکەل وپەل و شت و مەك درابوو ئومێدی هەبوو لەماوەیەکی نزیکدا بۆی باربکرێت و بگاتەجێی مەبەست و بفرۆشرێت و لەگەڵ سەماریەکەی قازانجێکی زۆریشی دەست بکەوێت.

بۆیە بەیەکەوە دەچنە لای (شایلۆك)ی بازرگانی ڕژدو پیسکەو دەست قووچاوو داوای لێ دەکەن و ئەویش دەیانداتێ بەمەرجێك سەنەدێکی بۆ ئیمزا بکەن، ئەگەر قەرزەکەی دواکەوت لەکاتی دیاریکراودا بتوانێت (پاوەندی) گۆشت لەهەرجێگایەك لەلەشی ئەنتۆنیۆ بەئارەزوی خۆی بکاتەوەو هیچ قازانجیشی لێناوێت لەبەرامبەر قەرزەکەدا.

لەوەودوا دۆستایەتی یەکتر بکەن و چیتر نێوانیان گرژو نائارام نەبێت....

دیارە ئەم سەنەدەش هەربۆگاڵتە پێیانی ئیمزا کردو نیازی خراپی تێدانییەو مەبەستی هیچ کارێکی خراپ نییە بەرانبەر ئەنتۆنیۆ. باسانیۆ زۆر ناڕازی بوو لەو ئیمزاکردنەو ئەنتۆنیۆ گوێی نەدایەو بەیەکەوە چوونەلای پارێزەرێك سەنەدەکەیان کردو پارەکەی وەرگرت و دایە باسانیۆ...

قەزاوقەدەر وارێکەوت کەشتیەکانی ئەنتۆنیۆ لەکاتی خۆیدا نەگەیشت تووشی شکست هاتن و دەنگ و باس بڵاوبووە کەلوپەلەکانی هەمووی فەوتاوە...

کاتی دانی قەرزەکەش هاتبوو. باسانیۆش چوو خانمەکەی کەناوی (پۆرشیا Portia) بوو لەناوچەی (بلمۆنت –Belmont) دەژیا لەنزیك ڤینیسیا گواستەوەو زەماوەندی خۆی سازدا، کەبەڕاستی پۆرشیا خانمێکی جوان و ژیر بوو، لەجوانی و خاتوونی و سەلاری‌دا لەپۆرشیای بەناوبانگی کچی (گیتۆ Cato)ی ژنی (برۆتس Brutus)هیچ کەمتر نەبوو باسانیۆ بەیارمەتی و پشتگیری ئەنتۆنیۆی هاوڕێ و کەسوکارێکی زۆرەوە بەپێش خزمەتی (گراسانیۆ Grationa)ی پیاو ماقوڵی بەناوبانگ ڕووی‌کردە بیلمۆنت و پۆرشیای گواستەوە، پۆرشیای شۆخ وشەنگ بەبەسانیۆی ووت:–

(من کچێکی نەخوێندەوارم، دونیام کەم دیوە، بەڵام هێشتا ئەوەندە نەچوومەتە ساڵەوە کەفێر نەکرێم، واگیانی خۆمت ئەخەمە بەردەست چۆن ئارەزوو ئەکەیت واهەڵی سووڕێنە) هەروەها گوتی: (خۆم هەرچیم هەیە بۆ تۆو هی تۆیە).

لەوەرگێڕانی هەرچیرۆك و باسێکدا دوو شت زۆر گرنگ و پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، تاوەرگێڕ تیایاندا سەرکەوتوو بێت.

یەکێکیان واتایە: کەزۆر گرنگە وەرگێڕ بتوانێت ماناو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بەتەواوی بدات بەدەستەوەو زنجیرەی بیری ڕووداوەکە لەپچڕاندن بپارێزێ و تووشی دابڕینی نەکات.

دووەم: تام و چێژو سەلیقەی چیرۆکەکە مەرجی سەرەکی‌یە، کەوەرگێڕ بتوانێ پارێزگاری لێ بکات و تام و بۆی کەم نەکاتەوە، شان بەشانی ئەوەش ڕەوانی زمان و ڕازاندنەوەی دەربڕینەکان.

ئێمە پێمان وایە برایم ئەحمەد لەوەرگێڕانی ئەم چیرۆکەدا بەتەواوی توانیویەتی پارێزگاری لەو دوو بنەما سەرەکیە بکات و لەڕووی هونەرو تەکنیك و فۆرم و داڕشتن و زەوقەوە سەرکەوتووانە هاتۆتە دەست و هەر دەڵێی خۆی چیرۆکەکەی داڕشتووە نەك لەزمانی ئینگلیزی یەوە وەریگێڕابێ..

چیرۆکەکەشی لەناوەڕۆکدا ئیلهام بەخشە بەخوێندەوارو گوێگر، کەپیاوی واپیس و چاوچنۆك خەڵك و خوا ڕقی لێیەتی و هەرگیز سەرکەوتوو نابێت و پیاوی باش و بەخشندەو دەستبلاویش جێگای ڕێزوستایش و حورمەتی هەموو خەڵکە.

ئەم شاکارە ڕۆمانە، کەنووسەر وەری گرتووەو بلاوی کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد وانەو پەند لەو ڕووداوو ئەزموونە وەربگرن، کەلەناوەڕۆکی ڕووِمانەکەدا هاتووە، هەست و بیری ئینسانی و چاکە لەدڵ و دەروونی خەڵکدا بچەسپێ و گەشەبکات لەجێی ڕەزیلی و دڵ ڕەقی و چاوچنۆکی دا.

٣- خان و کوڕەکەی[٨١]:

نووسینی نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی (مەکسیم گۆرگی ١٨٦٨ز – ١٩٣٥ز) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد (Selected Russian Short stories)

لەنیمچە دوورگەی (قەرم)دا خانێ هەبوو (موسەیلەمە ئەلئەسراب) (مسیلمة الأسراب) بیان پێ ئەووت کوڕێکی هەبوو (طليق الغلة) یان پێ ئەگوت.

---

[٨١] گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ١٠، ساڵی ٦، ١٩٤٥ز.

بەم وتانەی سواڵکەرە کوێرە تاتاریەکەی پاڵی دابوو بەقەدی بۆری بریقەداری مێوە مارانەکەوە..

سەرەتای گێڕانەوەیەکی لەئەفسانە کۆنەکانی نیمچە دوورگەکەی دامەزراند، کەپڕن لەبیرەوەری و یادگاری ڕۆژانی ڕابردوو.

بەدەوری حیکایەت خوانەکەدا دەستەیەك تاتار بەبەرگی ڕەنگاوڕەنگی بریسکەدار لەبەرو کەلاوەی بەتاڵی ژێر نەخشێنراو لەسەر، دانیشتبوون لەسەر ئەو پارچە بەردانەی ئاخۆ ڕۆژگار لەکۆشکی کام کۆنە خانەدانی کردۆتەوە...

ئێوارەبوو ڕۆژ لەسەرخۆ خەریکی نوقوم بوون بوو لەدەریاکەدا تیشکە سوورەکەی ئەیدا لەو کۆمەڵە گەڵا سەوزە پیرانەی وەری‌بوونە دەوری کەلاوەکەو بەگوڵ گوڵی ڕۆشن ڕۆشنیش ئەیدا لەبەردە قەوزە داپۆشراوەکان و لاولاوە سەوزە هەڵچووەکان. بائەیدا لەلق وپۆپی سوورە چنارە پیرەکان، دەنگێ لەگەڵاکانەوە دەهات دەتووت چەند جۆگە ئاوێکی نادیار بەناو هەوادا ئەڕۆن، دەنگی سواڵکەرە کوێرەکە، کەبێ تین و لەرزۆك بوو، چرچ و لۆچی ڕووە بەردینەکەی لەدڵنیایی بەولاوە چیتری نەدەنواند. ئەو وتانەی لەبەری کردبوو کەوێنەکەی پڕ هێزو پێزانینی ڕۆژانی ڕابردووی خۆمانیان تیادەدی.

خان پیر ببوو کابرای کوێرە ووتی: بەڵام گەلێ ژنی هەبوو لەحەرەمەکەیدا. چونکە هێزو گوڕی هێشتا هەرمابوو بەخۆوە گوشینەکانی گەرم و گوڕو بەتین بوون هەموو خۆشیان دەویست. خۆژنیش هەمیشە ئەوکەسەیان خۆش دەوێت کەتوند بەخۆیانەوە ئەگوشێ حەز دەکات باپیر بێت، هەموو دەموچاویشی چرچ ولۆچ بێت چونکە جوانی لەهێزدایە نەك لەپێستی لووس و ڕوومەتی وەك گوڵدا. ئەوان هەموو خانیان خۆش

ـەدڵا چوو بوو.

ـەکەی خۆشی

کەهەریەکـــە

جوان بوون و

ـەربەســتی

ـ ـ ـپەڕن. زۆرجار

ـ ـرده لای خۆی بۆ قەڵاکەی، کەبەسەر دەریادا

ـ ـیڕوانی و کەلـەوێدا هـەرچی پێویسته بۆ ئەوەی ژیـانی پڕبکـات لەخۆشـی بۆی ئامـادەکردبوو.. لەهـەمان کـاتدا خـان پشـت ئەسـتوور بـەو زانینـەی (ئەلگالا)ی کوڕی ناوبـانگی خانەوادەکـەی کـەم ناکاتـەوە، کـەوەکو گـورگ پـەلاماری دەشـتەکانی ڕوسـیای‌دا. ئـەو وولاتـەی هەمیشــە بـەتاڵانی زۆرو ئافرەتی تـازەو سـەرکەوتنی نوێـوە لێـی ئەگەڕێتـەوەو سـام‌و خۆڵـەمێش‌و لاشەو خوێنی تیا جێ‌دێڵێ. جارێك (ئەلگالا) لەپەلاماردانێکی سەر ڕوسیا دەگەڕایەوە بەزم‌وڕەزمی تیا دامرکێنێتەوە. دوای ئەو بێ‌دەنگیە بەدەنگێکی نزمی لەسەرخۆ ووتی: (بیبە کەئاهەنگەکە بڕایەوە ئەتوانی بیبەیت).

ئەلگالای ئازا لەخۆشیدا وەك گوڵ گەشایەوە هـەر کەئاهەنگەکە کۆتـایی هـات، هـەردووکیان لەکۆشـك چوونـەدەرێ بـۆ حـەرەم، شـان بەشـانی یـەك بێ‌دەنگ، خان ووتـی: (ڕۆژ بەڕۆژ ژیـانم ڕوو لەکزی‌یـە، لێدانـی دڵـە پیرەکـەم تـادێت هێواشـتر دەبێتـەوە. هەمیشـە ئـاگری دڵـم لەکوژانەوەیـە) ڕۆشـنایی و هێزی ژیانم بەخۆوە گوشین‌و گەرم‌و گوڕی ئەو کچە (قۆزاقیـە) بـوو پێـم بڵـی

هەربەڕاستی گەرەکتە؟؟ سەد لەژنەکانم بەرە هەموویان بەرە بۆ خۆت لەبریتی ئەو). کوڕە بێدەنگ هەناسەیەکی هەڵکێشا.

خان ووتی: چەند ڕۆژێکم ماوە ئەو کچە ڕووسیە دوا خۆشی ژیانمە – هەر ئەو ئەمناسێ و هەر ئەو خۆشی ئەوێم کەئەو نەما کێ منی ئەوێ؟ هیچ کامیان کەسیان (ئەلگالا) چۆن ئەژیم تۆ دەستت کردۆتە ملی و ئەویش ماچت دەکات.. لەبەرامبەر ژنێکا من و تۆ باوك و کوڕ نین، بۆ ژنێك ئێمە هەموو پیاوین. کوڕم لام خۆشتر بوو کەهەموو زامی کۆنی لەشم دەمیان بکردایەتەوەو دوا دڵۆپی خوێنم لەلەشما نەمایە نەك ئەو شەوەم چاو پێبکەوتایە.. کوڕەکەی هەر بێدەنگ بوو.. هاتە گۆو لەسەر خۆ ووتی بابە، من زۆر دەمێکە حەزم لێکردووە، خان ووتی ئەشزانم ئەو حەز لەتۆ ناکات. خان نەختێ بیری کردەوەو ئینجا لەبەر خۆیەوە ووتی تۆ خۆتت لەوو لەمنیش پتر خۆش ئەوێت – بەڵێ تۆش وایت. خان ووتی: ناتوانم بیدەم بەتۆ ناتوانم.

منیش لەمە زیاتر خۆم پێڕانەگیراو... یادڵم هەڵدڕەو یابمدەرێ.

خان بێدەنگ بوو بالەسەر ماهی زەردەکانەوە تووڕی بدەینە ناو دەریاکەوە. خان ووتی باشە: هەردووکیان چوونە ژووری کچە، لەسەر جێگای خۆ ڕاکشابوو نووستبوو. بەرامبەری وەستان تەماشایان کرد فرمێسك لەچاوی خان باسقەنەی ئەبەست وەك مرواری بەرپیشە زیوینەکەیدا ئەهاتە خوارەوە کوڕەکەشی ڕاوەستابوو بزەی چاوی ئەهات

کچە هەڵسا و،لێوە سوورەکانی بۆ خان بردە پێشەوە ووتی ماچم کە هەڵۆکەم.

خان بەناسکی پێی ووت ئەبێ لەگەڵمان بێیت ئینجا.

ئەلگالاو فرمێسکی چاوی هەڵۆکەی خۆی پێکەوە دی و گورج بۆی چوو زوو لەهەموو شتێ گەیشت ووتی یەم نەبۆ ئەمتان نەبۆ ئەوتان دەبم.

هەرسێکیان بێدەنگ ڕوویان کردە دەریاکە. خان کچەکەی ماچ کرد ووتی: (خوات لەگەڵ) ئەلگالاش بۆی چەمایەوەو ووتی خوات لەگەڵ کچە تەماشایەکی خوارەوەی کرد کەشەپۆل گۆرانیان ئەوت و دەستی گوشی بەسکیەوەو پاشەوپاش کشایەوە دواوەو پێی ووتن فرێم دەنە خوارێ. ئەلگالا دەستی بۆ درێژ کردو هەناسەیەکی هەڵکێشا. بەلام خان گرتیە باوەشی توند گوشی بەسنگی خۆیەوەو ماچی کردو هەڵی گرت و خستیە سەرسەری و کوڕە ووتی بابە بابڕۆین.

خان وەکو گوێی ڕاهێشتبێ چرپانی ووتی ڕاوەستە. دیسانەوە کات تێپەڕی شەپۆلەکان لەخوارەوە ئەیاندا بەیەکا و باهەڵیکرد بەسەر تاوێرەکان و لەنا درەختەکاندا ئەی لوران.

کوڕە بابە با بڕۆین نەختێکیکەش ڕاوەستە. چەند جارێك ئەلگالا ووتی بابە بابڕۆین بەلام خان نەجولا دوایی ڕاست بۆوەو ووتی بابڕۆین کەوتنەڕێ، بەلام لەپڕ خان وەستا و لەکوڕەکەی پرسی. بەلام من بۆ کوێ ئەڕۆم؟ بۆ کوێ؟ ئیتر بۆچی بژیم؟ هەموو ژیانم بەوەوە بوو. من پیرم

بێگومـان كەسـێك خۆشـی نـاوێم و كەسـێكیش كەكـەس خۆشـی نـەوێت و حەزی لێنەكات كەرێتیيە لەم دونيايەدا بژيت. بەهەنگاوی خێرا خان چووە لێواری زەردەكەو خۆی فڕێدایە خوارەوە كوڕەكەی دەستی نەهێنايە ڕێی و نەیتوانی چونكە نەیپەرژا. دیسانەوە لەدەریاكەوە هیچ نەبیسترا نەهاوارو نەدەنگی كەوتنی خان تەنیا شەپۆلەكان بەيەكياندا ئەدا لـەخوارەوە، ئەيان گرمان و باش هەر گۆرانی سەیری خۆی ئەووت.

تولـه بەگ (كوڕە) زۆر بەزەردەكەدا ڕوانيـه خـوارەوە.لـەدواييدا ووتـی خوايە دڵێكی وابەهێزیش بدە بەمن ئیتر لەتاریكی شـەودا وون بـوو. بـەم جۆرە خان لەناوچوو لەجێی خۆی كوڕەكەی بووە حوكمداری (قرم)....

ئەگـەر سـەیرێكی ئـەم چیرۆكـە بكـەین، دەبینـین وەرگـێر هێنـدەی سەركەوتنی چیرۆك نووس تیایدا سەروكەوتووە. چیرۆكەكە خۆی لەخۆیدا چیرۆكێكی خۆشەو نووسەری ئەصلی تیـایدا سـوارو سـەركەوتوو بـووەو باس لەژیانی خۆشی پاشایەك دەكات، كەخاوەنی دەسـەڵات و مـاڵ و كوڕو سەدان ژنی جوان بووەو ئینجا سروشتی ئادەمیزادی بەدەسەڵاتی نیشان داوەو چۆن مادەو جنس ئاكۆكی دەخەنە نێوان كوڕو باوك و دايك و خوشك. هەروەكو فەیلەسوفێكی گەورەی وەك (لینین یان ماركس) دەڵێـن: (هـەرچی لەم دونيايە ڕویداوەو ئەوەشی لەمەودوا ڕوودەدات هۆكەی تەنها مادەیە).

ئینجا دڵ ڕەقی كوڕە میرو ئاغاو بەگزادەكان دەردەخات...

سەرکەوتوویی وەرگێر لەوەدایە لەوەرگێرانەکەیدا مانای چیرۆکەکە نەگۆڕاوەو وەك خۆی ماوەتەوەو زنجیرەی بیرۆکەی چیرۆکەکەی وەستایانە پاراستووە. ووشەی زۆر جوان و پاراوی بەکارهێناوە. لەڕازاندنەوەی دەربڕینەکاندا شارەزایانە هاتۆتە دەست و لەڕووی زمانەوانیەوە باشی دەربڕیو خوێندەوار هەست ناکات ئەم چیرۆکە وەرگێڕدراوە، بەڵکو دەتخاتە دونیای خەیاڵاتی ئەوەی، کەچیرۆکێکی خۆماڵی بێت و ڕووداوێکی ڕاستەقینە بێت، چونکە لەڕووی هونەرو تەکنیکەوە باڵادەست و سەرکەوتووەو گۆی هونەری بردۆتەوە.

٤- فیڵی ژنێک[٨٢]:

ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە لەیادگاری پۆلیسێکی (سکۆتلاندیار) وەرگێڕدراوەو برایم ئەحمەد کردویێتی بەکوردی. ئەم کورتە چیرۆکە زۆر خۆش و دڵگیرە. باس لەفێڵی ژنان دەکات بەم شێوەیە:

(لانك) کچێ ئەبێت جوان و ئێسك سووك، ژیانێکی تێروتەسەل و خۆش ڕائەبوێرێت و هەمیشە خەریکی خۆڕازاندنەوەو ئارایش و جوان کردنی خۆی ئەبێت. ڕۆژێك جلی هەرە گرانبەها لەبەردەکات و خۆی زۆر باش ئەڕازێنێتەوەو سواری عەرەبانەیەکی جوان ئەبێ و ڕووئەکاتە دوکانی گەوهەر فرۆشێکی گەورەی لەندەن..

---

[٨٢] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٩، ساڵی١، مانگی ئابی ١٩٤٠ز، ل٤.

کەئەچێتە ژورێ هەرچی گەوهەرو خشڵی گران بەهاو جوان هەیە داوای بینینیان دەکات و ئەم دیوو ئەودیویان ئەکات و کابرای گەوهەر فرۆش واتێدەگات ئەمە بەڕاستی کڕیارێکی چەورو زیاتر ڕێزی ئەگرێ.

(لانک خان) ئەڵێت: دەمەوێ گەوهەری هەرە گرانبەهاتانم چاو پێبکەوێت، کابرای گەوهەر فرۆش دەچێت لەسندوقە پۆلاکە دەری دێنێ لەناو چەند قوتویەکی چەرم بەدەستەوە کەوا گەوهەرەکانیان تیایە پیشانی (لانک) یان ئەدات ئەویش یەکێکیان پەسەند دەکات کەبەقسەی کابرا چاکترین گەوهەری دوکانەکەیەتی و نرخەکەی لە (دە هەزار) لیرە کەمتر نییە.

لانک خان دەڵێت: گەوهەر فرۆش دەمەوێت ئەمە نیشانی مێردەکەمی بدەم، کەناوی دکتۆر (کۆنگدەن)ە چونکە ناتوانێ نەخۆشخانەکەی جێبێڵێ و نازانم چیبکەم؟

گەوهەر فرۆش دەڵێت: کەواتەخانم تۆ خێزانی دکتۆر (کۆنگدەنی) بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نەخۆشی مێشکیت؟

لانک .. بەڵی وایە.

ئینجا کابرای گەوهەر فرۆش بەتەواوی ئەگۆڕێت، چونکە ئەزانێ یەکێکی وەك دکتۆر (کۆنگدەن)ی بەناوبانگ و دەوڵەمەند بەئاسانی دەتوانێ دەهەزار لیرە بدات بۆ ڕازیکردنی دڵی ژنە جوانەکەی.

خانم ووتی: ئاخ ئەمشەو ئەگەر بمتوانیایە ئەم گەردانەیە لەملکەم پیشانی مێردەکەمی بدەم؟ ئەوە عەرەبانەکەمە لەبەردەرگا، لێرەشەوە نەخۆشخانە زۆر نزیکە.

گەوهەر فرۆش ووتی: فەرمو بائەم شاگردەم لەگەڵتا بێت و پیشانی دکتۆری بدەن و ئەگەر ڕازی بوو پارەکەی بدەنێ و ئەگەر ڕازی نەبوو گەردانەکە بنێرەوە، لانک خان ئەچێتە ژووری دکتۆرو پێی دەڵی کوڕی

خوشکم (خوشکەزاکەم) تەمەنی ۲۲ ساڵەو تووشی نەخۆشی مێشك بووە نامانەوێ کەس بزانێ و ئێستا بەمنەوە گرتویەتی و دەڵێ گەردانەکەم بدەوەو پێشتر بەدایکیەوە گرتبووی، دەیگوت دەستت بەخوێنەو خەڵکت کوشتووە، پێم باشە فەحسێکی چاکی بکەیت و گوێ لەقسەکانی نەگریت گوێمەدە بەهات و هاواری، بەڵام من ئەچمە دەرەوە بەئارەزووی خۆت هەموو پرسیارێکی لێبکەو بیدوێنەو گوێشی لێبگرە. منیش ئەگەر دەرگایەکی تر هەبێت بچمە دەرەوە زۆر باشە.

دکتۆریش ووتی: بانگی بکەو تۆ لەو دەرگایەوە بڕۆرە دەرەوەو چاوەڕێی بە.

خانم کوڕەکەی بانگ کردە ژووریێ و خۆی بۆی دەرچوو.

دکتۆریش کەوتە پرسیارو وەڵام لەشاگردە کلۆڵەکەو شاگرد واقی وڕمابوونەیدەزانی مەسەلەکە چییە؟ هەستی کرد دکتۆر بەهەڵە لەمەسەلەکە گەیشتووەو کردی بەهاوارو قیژەو گوتی دکتۆر گیان من نەخۆش نیم گەردانەکەم یا پارە !!.

ئەگەر باوەر ناکەیت ئەوە تەلەفۆنی دوکانەکەمان و ئەوە خاوەن دوکانەکە ئەم زۆری گوت و دکتۆر کەمی بیست و خانمیش بۆی دەرچوو...

گەیشتە سەردەریا و بلیتی پاپۆری بڕی و سواربوو بۆ ئەمەریکا شاگردو گەوهەرفرۆش دەستیان لەبنی هەمانەوە هاتەدەروەو منیش هاتمەوە هیچم پێنەبڕا.

لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە دیارە کە وەرگێڕ توانیویەتی زنجیرەی بیرو بۆچوونی نووسەری چیرۆکەکە بپارێزرێ و بەئاگاییەو ڕووداوە ڕاستەقینەکەی لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێراوە، بۆیە دەڵێم بەئاگاییەوە چونکە تام و چێژو زەوقی چیرۆکەکە لەوەرگێڕاندا کەم نەبۆتەوەو بۆن و

بەرامەی ڕەسەنی خۆی پاراستووەو لەکۆمەڵی کوردەواری (مەکری ژنان) زۆر باوەو قسەی لەسەرکراوە.

ئەم چیرۆکەش یەکێك لەمەکرو فێڵی ژنان دەردەخات. هەروەها سروشتی ژنان، کەحەز بەجوانی و خۆڕازاندنەوە دەکەن دەردەخات.

(لانك خان) تێروتەسەل بووەو بەدڵی خۆی ڕاییواردووە، بەلام زۆرتر حەزی لەخشڵی گرانبەهاکردووە. جوانیەکەی خۆی تەرخان کردووە بۆ پیلان و هەڵخەڵەتاندنی خشڵ فرۆش و دکتۆری مێشك و ئەوان بڕوایان بەسەرو سیماو جوانی (لانك) کردووەو ئەویش تەڵەکەبازی و پیلانی خۆی سازکردووە، دەمێ دەس بەکاربووەو ڕاستەوخۆ بەرنامەکەی ئامادەبووەو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە.

ئەم چیرۆکە ئەو لایەنەی ژنانمان بۆ دەردەخات، کەلەپێناو خۆڕازاندنەوەو ئارایش و جوانکاریدا ئارەزووی بێ سنووریان هەیەو، لەو پێناوەدا ئامادەن کاری ناشایستەو نایاسایی بکەن، نووسەر لە وەرگێڕانی ئەم چیرۆکەدا ویستوویەتی لایەنی یاخود بڵێین دیوی ناوەوەی ئارەزووەکانی ژنانمان بۆ دەربخات.

٥- لەشەوی جەژنا:

نووسەری ئەم چیرۆکە (هانز کرستیان ئەندرسۆن)یەکێکە لەنووسەرە هەرەگەورەکانی دانیمارك. وەرگێڕانی برایم ئەحمەدەو ساڵی ١٩٤٣ز. ئەم چیرۆکە سەرگوزشتەی کچە منداڵێکی هەژار دەگێڕێتەوە لەچلەو سەرماو سۆڵ بەندان و تۆفی زستاندا، کەبەفرو بارانێکی یەکجار زۆر باریوەو کچە جوانکیلەکە لەماڵەوە هاتۆتە دەرەوە بۆ شقارتە فرۆشتن و ئەو ڕۆژی هیچی لێنەفرۆشتووە شەوی بەسەردا دێت. ئەو شەوە شەوی جەژنی لەدایك

بوونەو لەترسی باوکی ناوێری بگەڕێتەوە ماڵەوە لەبەرئەوەی هیچی نەفرۆشتووە، ڕەنگە باوکی دارکاری بکات. کچە چەندین دەنکە شقارتە دادەگیرسێنێ بۆ دەست گەرم کردنەوەو لەگەڵ بڵێسەی هەر دەنکە شقارتەیەکی خەیاڵی بۆلای قازی برژاوو میوەی خۆش و بینینی نەنکی چووەو لەئەنجام دا لەجێگەی خۆی لەسەرماندا وشك و ڕەق بۆتەوە.

٦- تاوانی باوکێك[٨٣]:

لەمۆباسانەوە وەرگیراوە. وەرگێڕانی برایم ئەحمەد ساڵی ١٩٤٣ز هەموو شاری (فیزی لەرتیل) بەجارێك لەپشت تەرمی (مسیو بادەن لیریمانس)وە ئەڕۆیشتن کەبردیان لاشەکەی بەخاك بسپێرن. هەموو فرمێسکی گەرمیان بۆئەڕشت و هەناسەی ساردیان بەدوایدا هەڵکێشا، کەحاکمی شارەکەی هەڵسا قسە لەسەر تەرمەکەی بکا ووتی (گەورەکانم پیاوی چاك و بەشەرف بەمردنی (مسیو بادەن لیریمانس) یەکێکیان لێ کەم بووەوە. هەربەڕاستی بادون پیاوێکی بەشەرف بوو لەهەموو کارێکدا کەبیکردایە، پیاوێك بوو دەست پاك و زمان پاك و بەخشندە، کەلەناشتنی بوونەوە کوڕو کچ و زاواکەی گەڕانەوە ماڵەوەو ئۆقرەیان لێبڕابوو لەخەم دا. وەسیەت نامەیەکیان لەناو کتێبخانەکەی دەرهێناو خوێندیانەوە نووسرابوو (منالە خۆشەویستەکانم بڕوا ناکەم لەودنیا هەرگیز سرەوتم بێت تاباسی گوناهێکی خۆمتان بۆ نەکەم کەبەهەرزەکاری کردوومە بەدرێژایی تەمەنم تارماییەکەی بەرچاوی بەرنەداوم).

[٨٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧، ساڵی٤، مانگی تەمموزی ١٩٤٣ز، ل٦٤.

تاوانەکەشی بریتی‌یە لەکوشتنی منالێکی بیژیی خۆی لەگەڵ کچێکی پاریسی هەژاردابۆ ئەوەی کچی پیاوێکی دەوڵەمەند بخوازێ و واز لەکچە هەژارەکە بهێنێ. کوشتنی منالەکەش بەهۆی سەرماوە بوو تاگیانی دەرچووە.

٧- ووڵات پەرستی[٨٤] :

وەرگێڕانی برایم ئەحمەد ١٩٤٣ز.. ئەم چیرۆکە باس لەکچە فەرەنسیەك دەکات، کەکاتی گەنجی لەپاریس کوڕێکی ئەڵمانی ناسیوەو خۆشی ویستووەو مێردی پێ‌کردووەو بەخۆشی لەگەڵی ژیاوەو پاشان مێردەکەی لەشەڕی یەکەم لەگەڵ فەرەنسادا کوژراوەو هەستی نیشتمان پەروەری وای لێ‌کردووە سەربازێکی بریندارى فەرەنسی بشارێتەوە، سەربازە فەرەنسی‌یەکە گیانی خۆی بەخت دەکات لەپێناو پاراستنی شەرەفی ژنە فەرەنسیەکەدا.

٨- خەوبوو[٨٥] :

چیرۆکی (گی‌دی موباسان) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد ١٩٤٣ز ئەم چیرۆکە هی چیرۆك نووسی بەناوبانگ (گی‌دی موباسان)ە.

هەروەکو نموونەیەکی بیروباوەڕیەتی بەرامبەر بەمرۆڤ تێکڕاو بەرامبەر ئافرەت بەتایبەتی. هەروەها وەرگێڕانی (حەرفیە) کەنموونەیەکی ئەخەینە

---

[٨٤] ولاتپەرستی، کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانییە، برایم ئەحمەد کردوویە بەکوردی، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، ١٩٩٦.

[٨٥] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٢، ساڵی٤، ١٩٤٣ز.

پێش چاو (دڵداری کرد خۆش ویستراو مرد) (ڕۆژێکی باران ئەچێتە دەرێ خیانەت لەدڵدارەکەی بکات، سەرمای بوو مرد).

ئەم ووشانە نوسراوی سەر کێلی قەبرەکان بووە (لێرەدا جاك ئۆلیڤان پشووئەدات لە (٥١) ساڵیدا مرد بۆ ئەوەی سامانی باوکی پێبڕێت بەدڵ ڕەقی‌یەکی وا لەگەڵی جولایەوە کەبووبەهۆی لەپێش وەختا کوشتنی، گەڵێ ئازاری ئەدا زۆری لەمناڵەکانی ئەدا، فێڵی لەدراوسێکانی ئەکرد لەهەرکەسی بۆی‌بکرایە دزی ئەکرد بەبەدبەختی سەری نایەوە.)

٩- داستانی کچێک[٨٦] :

(چیرۆکی گی دی موباسان) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد..

کچە ووتی نەزان بووم‌و کوڕێکی دوکانداری دراوسێ هەڵی خەڵەتانم‌و ڕووم کردە شار استغلالیان کردم لەگەڵیان ڕامبواردم ئەم دەست‌و ئەو دەستیان پێ‌کردم جانازانم تاوانی من یاتاوانی ڕۆژگارو کەس‌وکارم بوو کەتووشی ئەم شەرمەزاریە هاتووم گریا و لەگەڵی گریام، لەوڕۆژەوە بەزەیم بەژنا دێتەوەو ڕقم لەپیاوە..

١٠- لیرەیەک[٨٧] :

(لووسیان دی هم) لەدوای ئەوەی دوا پارەی گیرفانی دۆڕاند کورسیەکەی بەجێ‌هێشت سەرشۆڕو خەمبار خۆی بەکێش کرد تاگەیشتە کورسیەکی قۆڵ درێژ کەلەقوژبنێکی ساڵۆنەکەدا دانرابوو لەوێوە بەچاوی

(٨٦) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی١، مارت، ١٩٤٠.

(٨٧) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧، ساڵی١، ١٩٤٠ز، بەکورتی لە (فرانسۆ کوبی)یەوە وەرگێراوە.

پڕلەقین و دوژمنایەتیەوە ئەیڕوانیە یاریکەران کەهەریەکە کۆمەڵی لیرەیان لەبەردەم دا بوو، لەپاشان گەڕایەوە سەرخۆی گەڵێ سەرزەنشت و لۆمەی خۆی کردو گەڵێ قسەی بەخۆی ووت بەم جۆرە بەدەم شەپۆلی بیرو لێکدانەوەی جیاجیاوە هاتووچوو تاخەوی لێکەوت. لووسیان لیرەیەکی لەکچێکی هەژار دزی دیسان ئەچێ قوماری پێئەکات و پارەیەکی ئێجگار زۆر ئەباتەوە. دوای سەعات دوو ئەچێتە جێگای کچە بچکۆلەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیباتە ماڵەوە دەبینێ کچە مردووە لەوڕۆژەوە، قوماری وازلێهێناو چووە جەزائیرو بوبە عەسکەری فەرەنسا و کەوتە چاکەو پیاوەتی..

١١- لەژوور سەری نەخۆشێ[٨٨] :

نووسینی (ی.ل. بیرتس) نموونەی ئەدەبیاتی تازەی عیبرانییە.

نیوەشەوە تاریکە چاوچاو نابینێت. دەنگەدەنگ دێ لەجەهەنەمەوە، هی نێڵەنێڵی ئاگرو هاژەی لێشاوی قەترانی لەکوڵ و قاقای پێکەنینی ئاگر خۆشکەران و ناڵەناڵ و هاواری دڵتوێنەوەی ئازار داران.

دەنگێکی تیژ بەرزبووەوە گرمەو هەراکەی بڕی ئەیووت: داڤید لەگیانەڵادایە ئەجەلی ئەویش هات پەیڕەوی دەستوری شەرعی نەئەکرد لەنینۆك کردندا گوێی نەئەدایە دەست نوێژ، زۆرجار نوێژی ئەچوو کێ بنێرین گیانی بکێشێ؟ من!

فریشتەیەکی ناشرین قژبژ وەڵامی دایەوە، مەنجەڵێکی تریان خستە سەرئاگرو پڕیان کرد لەقەتران، کڵپەی ئاگر بڵێسەی سەند بزە فڕی و لەچاو وون بوو، فریشتە جوانەکە لەژوورسەری نەخۆشەکە وەڵامی دایەوەو ووتی:

---

[٨٨] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١١،١٢، تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٩٤٠ز.

(خوای ڕەحمەت ناردومیەتە ئێرە چونکە ئەم کابرایە پیاوێك بووە خێرەومەندو دڵسۆز، گوێی نەداوەتە دەستنوێژ بەڵام دەستوپل پاك بووە. نوێژی چووە، ئەو خەریکی دڵدانەوەی لێقەوماوان بووە.....

١٢- قارەمانی کچێکی لیتوانی:

نووسینی (نیپومنباشچی)، وەرگێڕانی برایم ئەحمەد...

ماریچامە ئیفیکیت. کچێ بوو تازە بۆ بیست ساڵی دەچوو. لەشاری (زاراسـی) لەدایك بووبوو کەبەلیتوانیا ناوئەبرێت و بەگۆمی دڵگیرو دارستانی چڕو گردە جوانەکانی بەناوبانگە، لەحەوتساڵیەوە کەوتە ئیش کردن لەگەڵ باوکیا کەقفڵی دروست ئەکرد ناوی باوکی (جوزا پاس مەلینکیت) بوو. دایك و باوکی لات و دەستکورت بوون. ماریچا زۆر شانازی بەژنە لیتوانی(گرازینا)وە دەکرد کەپێش شەش سەد ساڵ لەدژی ئەڵمانەکان بوو لیتوانیان داگیرکرد. ماریچا (کۆمەڵێکی لاوی ژێرزەمین)ی لەخۆی و لەهاوڕێکانی پێکەوەناو گەڵ بەیاننامەیان لەدژی داگیرکەر بڵاوکردەوەو ئاگریان لەعەمبارەکانیان داو ئەڵمانەکان بەدوای ماریچادا دەگەڕان و لەشەڕێکی قارەمانانەدا بەبریندار دەستگیرکرا لە ١٩٤٣/٧/٨ سێدارەی بۆ هەڵواسراو خەڵك دەستیان کرد بە گریان بۆی. بەڵام ئەو ڕاوەستاو سەیری دەوروپشتی کردو پڕ بەدەنگ ووتی (مەگرین، لەشکری سوور تۆڵەم ئەسێنێ، هەربژی لیتوانیای سۆڤیەتی، هەربژی هاوڕێ ستالین).

١٣- دکتۆری دان:

نووسینی ئەنتوان چیخۆف، وەرگێڕانی برایم ئەحمەد.

(واند)ی ئێسک سووك لەنەخۆشخانە هاتەدەرەوە لات و بێپوول و پارە... چیبکات هەرچی هەیبوو موستیلەیەکی پیرۆزە بوو، ئەویش لەناچاریدا دایناب‌وو لەبارمتەی ڕۆبلێکدا. زۆر بەتەنگ خواردن و نوستنەوە نەبوو ئەوەندی بەتەنگ زانینی ئەمو ئەو بوو بەرامبەر بەجوانی خۆی. بیری کردەوە پیلانێکی داڕشت بچێتە لای دکتۆر (ڤیگلُ) دکتۆری دان لەیانەکەدا پەرداخێك شەرابی بەسەرا ڕژاندبووو پێکەنیبووو هیچ دڵگیر نەبوو.

چووە ماڵی دکتۆر لەدەرگای دا خزمەتکارەکە دەرگای کردەوە و ووتی فەرموو دانیشە ئێستە دکتۆر دێت، (واند) لەشەرمی خزمەتکارەکە نەیدەزانی چۆن داوای قەرز لەدکتۆر بکات و ئاواتەخوازبوو خزمەتکار بچێتە دەروە بەلام هەرنەڕۆیشت کەدکتۆر هات گوتی فەرموو بلێ گوتی ددانم دێشێ و دکتۆریش ددانی کێشا و کچە خواحافیزی کردو دکتۆر پرسی دەلێی نیازت نیە هیچ پارەو پول بدەی کچە لەشەرما سەری‌سورما و ئەموستیلەکەی داکەندو لەپەنجەی دکتۆری کرد لەجیاتی پارەو چووە دەرەوە خوێنی تف دەکردەوەو بێ نیاز ئەڕۆیی و لەبەرخۆیەوە بۆلە بۆلی بوو....

١٤- بێ تاوان[٨٩] :

نووسینی نوسەری بەناوبانگ (لیڤ تۆلستۆی) ... وەرگێڕانی برایم ئەحمەد.

لەشاری (ڤلادیمیر) بازرگانێکی لاو هەبوو ناوی (ئیڤان دیمتریج ئەگزۆنۆڤ) بوو. دوو دوکان و خانویەکی هەبوو کوڕێکی زۆر ڕووخۆش و

(٨٩) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی٩، ١٩٤٨ز

شل بوو حەزی لەگۆرانی ئەکرد. بەرلەوەی ژن بهێنێ زۆر شەرابی ئەخواردەوە، بەڵام کەژنی هێنا بەبۆنەوە نەبوایە نەیدەخواردەوە لەسەفرەیێکا هاورێیەکی بازرگانی دەکوژرێ و بەسەر ئەمیدا دەهێنن و حوکمی ئەبەدی بەسەرا دەدەن و ڕەوانەی سیبریا دەکرێت و ٢٦ ساڵی تیا بەسەر دەبا بەبێ تاوان.

١٥- هەڵاتوو (٩٠) :

نووسینی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی.. ئەلفۆنسۆ دۆدی ١٨٤٠ – ١٨٩٧ Alphonse Daudet جۆرج لوری – ئاسنگەر – ئەو شەوە زۆر مات بوو. جاران بەرلەکوژانەوەی ئاگری دوکانەکەی و پێش خۆرئاوا کورسی یەکی دائەنا لەبەردوکانەکەیدا و لێی دائەنیشت تۆزێك بحەسێتەوە. بیر لەسەربازە هەڵاتووەکان ئەکاتەوە کەبەبەرچاوی دێن و دەڕۆن و لەبەرخۆیەوە دەڵێت (ئەمانە بەرازن، نامەردن، شوورەیی یە فەرەنسی بن).

کەچی ئاگای لەوە نەبوو کوڕە گەورەکەی خۆیشی فیراری سەربازی یەو هەڵاتووە بۆیە بەتووڕەییەوە قۆڵی کوڕەکەی گرت و بردیە دوکانەکەی و پێی ووت ئەمانە هەمووی بۆ تۆو من خواحافیز ئەچم شەش ساڵ سەربازی دەکەم لەجیاتی تۆ قەرزاری نیشتمانی دایکی کەفەرەنسایە ئەوەندەی کوڕەکەیەو پیرەژنەکەی ی تکایان لێکرد بێسوود بوو بەتەمەنی ٥٥ ساڵیەوە چووە سەربازی).

(٩٠) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٨ ص٩ ١٩٤٨ز ولات پەرستی کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانی یە، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی (ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، ١٩٩٦.

١٦- شەوێکی بەسام[٩١] :

نووسینی ئەنتۆن چیخۆف/ بەدەسکاریەکی کەمەوە کراوە بەکوردی لەلایەن برایم ئەحمەدەوە. (ئیڤان بترۆڤیچ) گەروی پاکژکردەوە بەدەنگێکی لەرزۆك و ڕەنگێکی زەردەوە ئەم باسەی بۆ میوانەکانی گێڕایەوە. شەوی جەژنی سەری ساڵی ١٨٨٣ز زۆر تاریك بوو لەماڵی هاوڕێکەم ئەهاتمەوە کەوا خەریکی گفتوگۆکردن بووین لەبارەی گیان (روح)ەوە کەماڵمان لەنزیك (کڵێسەی) (ئەسام سوم) بوو.

کەڕۆیشتم ترس و ماتەمینی دایگرتبووم، کەچوومە ژوورەکەم تابووتێکم بینی وەخت بوو شێت ببم هاوڕێیەکی ترم ئەویش وەك منی بەسەرهاتبوو.

لەڕوی ئەم بەسەرهاتەوە سێ مانگ کەوتمە ناوجێ... بازاڕی تابوت و کێل فرۆشتن گەرم بوو.

١٧- لەشەوێکی تۆفدا [٩٢] :

نووسینی مەکسیم گۆرکی – وەرگێڕانی برایم ئەحمەد.

لەڕێکخستنی چیرۆکێ بوبومەوە کەبەسەرهاتەکەی لەڕۆژێکی زستاندا ئەقەوما قەڵەمم لێ فڕێدابوو بەژوورەکەدا ئەهاتم و ئەچووم و بیرم ئەکردەوە وەخت شەو بوو، لەپڕ هەستی هەوا ئالوژیکردم و دەنگی سەیر سەیر لەشەقامەکەوە ئەهات، پیرەمێردە کوێرە لەدێ چووە دەرێ بەهاوڕێ و چاوساغی ژنە دڵسۆزەکەی دەشت و دەریان گرتەبەر بۆ سواڵ کردن

---

[٩١] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١١، تشرینی دووەمی ١٩٤٨، ل٦٤.

[٩٢] وڵات پەرستی، کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانییە، برایم ئەحمەد کردوویە بەکوردی، ئامادەکردنی: ئومێد ئلشنا، ل٨٥.

ئەڕۆیشتن و هیچیان دەست نەکەوت و لەڕێگا لەسەرمان ڕەق بوونەوە. لەخەیاڵدابووم پرسیارم لەخۆم کرد لەپڕ تارماییەك وەڵامی دامەوە ووتی: چ شەیتانێك ئەم چیرۆکانەت پێدەنوسێت و وێنەی ژیانی ئەم هەژارانەت پێئەگرێت؟ ژیان خۆی پڕ ئێش و ئازارە بۆ تۆ بەوێنەگرتنی کلۆڵیەکانی و ڕازاندنەوەی ئازاردارتری ئەکەیت بۆ دەماخ ئەوسوتێنی کەئەم وێنەی کوێرەوەری و هەژاریانە کار لەدڵ ئەکەن. نیازت لەمە چیە؟ ئەتەوێ ئەوتۆزە زات و دان بەخۆداگرتن و مل بۆ بارکەچ کردنەی لەدڵی خەڵکا ماوە ئەویش نەهێڵی، یان گەرەکتە لەهیوای کامەرانی و بەش خوراویان بکەیت؟ یان هەر قینت لێیانەو ئەتەوێ ئارەزوی ژیانیان ژەهراوی بکەیت؟ وەڵام بدەرەوە سەرم لەم کارەی خۆم سوڕما... وەڵامم دایەوە هێزی هونەر لەهێزی واقع زیاتر کار لەخەڵك ئەکات.

١٨- بەچرای ڕۆن گەرچەکەوە [٩٣] :

نووسینی (رئیف خوری)

لەعەرەبیەوە بەدەستکاریەوە لەلایەن برایم ئەحمەدەوە کراوە بەکوردی.

پیاوێك دەستێك جلی شڕی لەبەردا، پێخاوس و تۆزاوی، بەقژێکی سپی بەردراوەوە دانیشتبوو لەدەشتاییەکدا لەتەنیشت بەرمیلێکەوە کەهەموو خانوماڵەکەیەتی تیایدا ئەخواو ئەنوێ و بیرئەکاتەوەو خەو ئەبینێ. تارماییەك لەشێوەی جەنگاوەرێك دا خودە لەسەرو شیر بەلاقدا شۆڕ بووەوە، لێی نزیك ئەبێتەوەو لەژوورسەری ئەوەستێ وسێبەری لێدەکات و

[٩٣] وڵات پەرستی، کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانییە، برایم ئەحمەد کردوویە بەکوردی، ئامادەکردنی: ئومێد ئلشنا، ١٩٩٦.

پێی ئەڵێت: (من ئەگەر خۆم نەبوومایە ئاواتم ئەخواست تۆ بم بڵێ چیت ئەوێ بۆتی بکەم). من ئەسکەندەری گەورەم کابرا هەست دەکات شتێکی وون کردووە، گورج ئەزانێ کەوا ئەو خۆرەی وون کردووە کەخۆی لەبەرهەلخستبوو، بۆیە وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێ (تۆ دۆستمی، بەری هەتاوەکەم لێ مەگرە).

هەر ئەو مرۆڤە بەو جلە شڕانەوە لەبازاڕی ئەثینا ئەسوڕێتەوەو چرا بەدەستەوە لەبەر دوکانێکا ئەوەستێ، ئەبینێ خانمێ سەگێکی بەدواوەیە بۆنی خۆشی پیاو کاس ئەکا ڕووئەکاتە خانمەکەو پێی ئەڵێ: (بەچ حەقێ تۆ ئەمەی کەهەیت؟! پاسەگەکەت ئەمە بێ کەهەیە ؟! منیش ئەمە بم کەئەم بینی؟) خانم تووڕە ئەبێ و پۆلیس بانگ ئەکاو دایئەپلۆسن و ئەڵێن (پیس ئەتناسین کێیت تۆ هەمیشە دادتە. خەڵك بێزار ئەکەیت و بەلای کۆشکەکاندا ئەڕۆیت و محاکەمەی دەوڵەمەندان ئەکەیت. ئەسکەندەر گەورەت ئەکاو تۆ پێی ئەڵێیت سێبەرم لێمەکە) لەپڕ دەنگ پەیدائەبێ ئەڵێن شازادە لەکەژاوەکەیدا گەیشت. لەشازادە ئەچێتە پێش و پێی ئەڵێت (خاتونێك هەیە ئەوەی بەخۆی و سەگەکەیەوەیەو بەشی چەند سەد کەس ئەکات نانی برسی و جلی ڕووت بەدەس چەند ئیحتیکاریەکەوەیە). پاڵی پێوە ئەنێن و ئەکەوێتە خوارەوە پشت و پەراسوی بریندار ئەبێ و ئەشکێ چراکەش پارچەپارچە ئەبێ و خۆی لەباوەشی پیاوێکی بازاڕیدا ئەبینێت و یەکێك لەگەڵ بەندەیەکە چراکەی بەرزئەکاتەوەو فویەکی لێئەکات و هەناسەیەك هەڵئەکێشێ ئەڵێت: (دۆزیمەوە) ئەگەر چراکەی نەکوژاندایەوە زوو بەدۆزینەوەی یەکێك وازی لەگەڕان بێنایە چەند بڕوای زۆر بوو کەچاکە زۆرە ئەبو بڵێ بەو بازاریەی گرتیەوە وەرە لەگەڵم خێراکە بایەکێکی کەی وەکو خۆم و خۆت بدۆزینەوە تا شەقامەکەو هەموو شەقامەکان پڕ ئەبوون

لەخـەڵك و جمـەیان ئـەهات ئـەم مەوكبـە ئەكەوتـەڕێ بـەخۆی و چـرا داگیرساوەكەوە بیان نەڕاندایە. (ئەسـكەندەر تـۆ دۆسـتمی بـەری خـۆرم لێ مـەگرە. پۆلیـس ئێمـە سەربەسـتین لەقسـەكردن و بیركردنـەوە بۆیـە قـاچت ئەشكێنین ئەگەر شەقت پێوەشـاند). بەسـەر ئیحتیكـاردا یـاتێر ئـەخۆیت یاورگت ئەدڕین بەسـەر شازادەدا پێویستەگوێمان لێبگری، ئەبێ بوەسـتی ئـەگینا بـەخۆت و كەژاوەكەتـەوە تێكـت ئەشـكێنین) ئەوسـا ئەشـێ چراكـە بكوژێنیتەوە بەڵام هێشتا زۆری ماوە..

١٩- لەڕێی وەفادا:

(جۆرجـین شاسـنلیكس) بەرلەشۆڕشـی گـەورەی فەرەنسـا لـەدایك بـوو لـەباوكێكی خانـەدان هاتـە دونیـاوە كەپشتاوپشـتی لـەڕێی پاشـەیەتیدا لەناوچوون. گێژەلووكەی شۆڕش هەڵیكرد ئەم خانەدانەش دووچاری گەلێ سـەرگەردانی و دەربـەدەری بـوون) لەسـاڵی ١٨١٠دا كەهاتنـەوە فەرەنسـا نابلیۆنی یەكەم ئیمبراتۆر بوو.

هـەموو شتێ گۆڕابوو، پاشایەتی هـەر ڕێ و شوێنی وون بـوو ئیمتیـازی خانەدانـەكان گشـت تـوڕ هـەڵدرابوون، كۆسـپی بـەینی چینـەكانی میللـەت ڕوخێنرابوو دەزگـا و یاسـا و نەریتێكی تـازە دانرابـوو. جـۆرە پیـاوێكی تـر پێگەیشتبوون. خانەدانی شاسنلیكی كەهاتنەوە سەركاری خۆیان و دەیان كەس بەچەقۆی (زیلوتین) سـەربڕابوون و دەی تریشیان لەشـەڕی نـاوخۆدا كوژرابـوون. كۆشـكی كۆنـی بـەناوبانگیان هەركـەلاوەكانی مـابوو. زەوی و زاریـان هـەمووی داگیركراوە جاكچێ لەم جـۆرە ناوچەیـەدا گـەورە بووبێـت پاشا پەرستێكی لاسارو سەرچڵ ئەبێت و دوژمنی ئیمبراتۆرو ئیمبراتۆریەت ئەبێت.

خزمێکیان بوو بەناوی (شارل دولا بیروابیر) ناو لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا کوڕێکی قۆزو گیان سووکەو ڕووخۆش و خانەدان، عەیبی تەنیا ئەوە بوو لەسوپای ئیمبراتۆر ئەفسەرێکی دەرەجەدار بوو.

نیسانی ١٨١٤ خوێن خۆران بەرەو باریس ئەکشێن و نابلیۆن لەتەخت دێننە خوارێ و هەیە ڕووی لێ وەرئەگێڕێ تاهاوڕی نزیکەکانی لێئەتەکێتەوە (شارل) زۆری پێگران ئەبێ ئیمبراتۆر وابێکەس و تەنیا بمێنێتەوەو ڕائەکا بۆلای و ئەکەوێتە خزمەتکردنی.

دواتر ئەگەڕێتەوە لای منداڵەکانی بەرەزامەندی نابلیۆن لەوێ دائەنیشێ و پاشان وەزیری جەنگ ئەینێرێ بۆ (شابیری) بازگەی شەڕو پاشان بۆ (گرینویل) بۆ شەڕی نابلیۆن و نەڕانی: (هەربژی ئیمبراتۆر) خۆی پێنەگیرا ڕایکردە لای نابلیۆن و سەرکەوتن، دوای سەد ڕۆژ دیسان نابلیۆن شکاو لویسی هەژدەهەم هاتەوە سەرتەخت و دەستی تۆڵە لەوکەسانەی لایەنگری نابلیۆن بوون درێژکراو قین و تۆڵە سەندن پیاوەتی و لێبوردنیان بەزاند[٩٤].

٢٠- تاریخی ئادەمیزاد:

نووسینی (ئەناتۆل فرانس) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد کەشازادە (زمیر) چووە سەرتەختی فارس فەرمانیدا هەرچی زاناو پیاو ماقوڵی ووڵات هەیە بێتە پێشی. پێی ووتن مامۆستام (دکتۆر زەب) فێریکردووم کەپاشایان پێویستە مێژووی ئادەمیزاد بخوێننەوە بۆیە ئەمەوێ بەسەرهاتی هەموو خەڵك بخوێنێتەوە. زاناکان بەڵێنیان دا کەئارەزووی شازادەی لاو جێبەجێبکەن، دوای بیست ساڵ کاروانێکی بیست حوشتری هەریەکە پێنج

(٩٤) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣ی ساڵی٥، مارس ١٩٤٤.

سەد بەرگ كتێبیان هەڵگرتبوو، هاتنە خزمەت پاشاو سكرتێرەكەی گوتی ئەم تاریخە شەش هەزار جزمەو - بەش- هەموو شتێكی تێدایە. پاشا فەرمووی كورتی كەنەوە دوای دە ساڵ هاتنەوە باری كەرێكیان كتێب پێبوو بەڵام پاشا پیر بوو بوو چاوی كز بوو لەسەرەمەرگدا بوو سكرتێرەكەی ووتی: گەورەم من ئەم تاریخە گەورەیەت بۆ ئەكەمە حەوت ووشە (خەڵك لەدایك ئەبن. ڕەنج ئەدەن ئەمرن) ئاوا بەم ڕەنگە پاشای وادرەنگ لەژیانیدا فێری تاریخی ئادەمیزاد بوو.

٢١- ڕێكەوت:

نووسەری گەورەی فەرەنسا- جورج لینور- نووسیویەو برایم ئەحمەد وەریگێراوە.

ناپلیۆن ویستی سەری یەكێك لەقارەكانی سەروی فەرەنسا بدا. شار ڕازایەوە (مسیو كولوری) فەرمانبەرێكی بچووكی شارەكە بوو لەتەمەنی ٣٠ساڵیدا بوو. مسیو كولوری چونكە فەرمانبەرێكی گەورە نەبوو لەدوورەوەی خەڵك وەستابوو. كە ئیمبراتۆر گەیشت هەموو تێكڕا هاورایان كرد (بژی ئیمبراتۆر) كەژاوەی پاشا وەستاوە تاپێیانەوە بگەرێ. ئیمپراتۆر كەدابەزی بەرانبەر مسیو كولوری بوو ڕاستەوڕاست نەختێ لەنكی و پێی ئازاری ئەدا خۆی بەكێش كرد تارپزی مەئمورەكان، ئیشارەتی كردە مسیو كولوری لێی بچێتە پیشەوە ئەمیش بەترسەوە چووە پێش و ناپلیۆن توند قۆڵی ڕاوەشاندو پێی ووت لێم گەرێ باشان بدەمە سەر قۆڵت ساڵ تێنەپەری مسیو كولوری بەرزبۆوە شەڕ دەستی پێكرد ناپلیۆن شكا ئەم لەگەڵی دابەزی لەساڵی ١٨٤٨ شازادە لویس ناپلیۆن چووە سەرتەخت ئەستێرەی میسوكولوری گەشایەوە. میسو كولوری بەچەند مانگێك پیش

مردنی بەکوڕەکەی ووت: ڕۆڵە ئەتەوێ بزانی ناپلیۆن چی بەمن ووت کاتێ خۆی بەسەرشانمدا دابوو ووتی بەڵێ ووتی جنێوی ئەدابەوکەسەی پێلاوەکەی بۆ دروست کردووە چونکە تەسك بوو ئەم سڕەم بۆیە نەدرکاندووە چونکە چارەنووسی منی پێوە بەندبوو: کوڕم ئەوە هەمووی لەبەرئەوە کەسەعاتێ جێدار دەستی ناپلیۆن بوومو شانی داداوەتە سەرقۆڵم.

٢٢- کۆشکی چۆڵ [٩٥] :

کۆشکی چۆڵ داستانێکی دوورو درێژو نووسینی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسا (بەلزاك)ە کەیەکێکە لەداستانووسەکانی سەدەی نۆزدەهەم. برایم ئەحمەد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. چیرۆکەکە دەڵێت:

ئەو ژوورە تایبەتیە کەلەکۆشکەکەدا بۆ مادام دیمیریە دانرابوو لەقاتی خوارەوە بوو گەنجینەیەکی لەسەربوو بۆ مادام دیمیریە کردبوی بەجێگای جلەکانی... ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لەناپاکی و بێبڕوایی ماڵە ئاغا و پاشا و دەرەبەگەکان دەکات. چۆن مێرد خیانەت لەژنەکەی دەکات و درۆی لەگەڵدا دەکات دەست لەگەڵ دەیان ژنی ڕەوشت نزم تێکەڵ دەکات.. هەروەها ژنەکانیشیان و خزمەتکارەکانیشیان بەهەمان شێوە فێری دزی و خیانەت و درۆ دەبن و لەئەنجام دا تاوانەکانیان ئاشکرا دەبن و شیرازەی خێزانەکانیان تێك دەچێت و نائارامی و بێبڕوایی پەیدادەبێت. هەڵبژاردنی ئەم چیرۆکە و وەرگێڕانی بۆ سەرزمانی کوردی لەگۆڤاری گەلاوێژدا بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد بەئاگابێنێ لەکۆشك و باڵەخانەی خانەکاندا چ

(٩٥) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥-٦، ساڵی٢، مایس و حوزەیرانی ١٩٤١، ٧٩-٨٧.

قەوماوەو چ دەقەومێ.. هەروەها دەریدەخات ژن فێڵبازو مەکر بازو حیلە بازو زۆرزانن و چۆن دەتوانن پیاو تەفرە بدەن و مەرج و بەڵێن و قسەی خۆیان بەمێردو پیاوەکانیان بسەپێنن.

نموونەی ئەو ڕووداوانە لەم چیرۆکەی سەرەوەدا خۆی دەنوێنێ لەنێوان (میسیۆ دینیریۆد) (مدام دیمیریەی) خێزانی کەچۆن ژنە بەدرۆ خۆی نەخۆش دەخات و دۆستێکی خۆی لەژووری خەزنەکە دەشارێتەوەو پیاوەکەی شەوێکیان هەستی پێدەکات و دەرگای خەزنەکە بەخشت و گەچ دەگرێ و ژنە بەحوکمی پارە پەنجەرەیك دەهێڵێتەوەو ڕەشوەت ئەدا بەوەستاکە پاشان لەناکاو بەهەوڵ و تەقەلای خۆی ئەیەوێت دیواری دەرگاکە بشکێنێ و دۆستەکەی ڕزگار بکات، چونکە لەژێر چاودێری نهێنی مێردەکەی دەبێت لەئەنجاما هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت..

٢٣- لەناوێنەدا:

نووسینی ئەناتۆڵ فرانس و وەرگێڕانی برایم ئەحمەد ئەم چیرۆکە خاوەنەکەی (ئەناتۆڵ فرانس)ە کەیەکێکە لەمامۆستا گەورەکانی ئەدەبیاتی تازەی فەرەنسا. ئەگەر هەرە گەورەکەیان نەبێت. لەپاریس لەساڵی ١٨٤٤ز هاتۆتە دنیاوەو لە (تۆر) لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٤ز مردووە، خاوەنی داستانی (تاییس، سەوسەنی سوور، جزیرە پێنگوین)و گەلێکی ترە، ئەم چیرۆکە هەرچەندە کەمێك دەسکاری کراوە لەلایەن وەرگێڕەوە، بەلام بەڕاستی وێنەیەکی جوانی نووسین و بیرکردنەوەو فەلسەفەی تەوسی ئەناتۆڵە.

لەپاریس لەدەوری لویسی یازدەهەم خانمێکی خانەدان هەبوو (ڤیولانت)ی ناوبوو جوان و ئێسك سووك و دڵگیر، قەزاوقەدەر وای کرد

شووبکات بـەپارێزەرێك لەپەرلـەماندا، كابرایـەكی بـەدخوو ڕەنـگ زەردو دەردەدار، زۆر قینی لەهـەژار بـوو. فیولانتـی خـێزانی هـاتوچۆی كەنیسـەی دەكـرد خـۆی ئـەڕازاندەوەو (بابـاژانتێرێر) قەشـەی كەنیسـە ئامۆژگـاری فیولانتی دەكرد تەوبە بكات و لـەگوناه پەشیمان بێتـەوە هـەروەها (مسـیو فلیب دی كوكیس) كوڕێكی شۆخ وشەنگ تەماعی تیّ‌كردبوو دانسـی لەگـەڵ كردبوو... دوای ماوەیەك ئامۆژگاری كردنی فیولانت بۆ ئەوەی تەوبە بكات چونكە بەشیری كەر خۆی شتبوو، (قەشە) سەفەری فینیسیایی‌كەوتەبەر بۆ ئیتالیـا و چـووەلای خـانم و ووتـی چیـت بۆبێنـم بـەدیاری ئـەویش ووتـی ئاوێنەیەكی جوانم بۆ بێنـە.. كەگەڕایەوە كەللە سـەرێكی مـردووی بۆهێنـا بەدیاری بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت و تەوبە بكا، كەئەنجامی هـەموو كەسـێ مردنەو دواڕۆژ چاوەڕێی هەموانە...

ئینجا خانم تێگەیشت بەلاّم بەپێچەوانەی بۆچوونی (ژان تیریر) كەئەنجام ئەمەیە پێویسـتە مـرۆڤ سـوود لـەو مـاوە كورتـە وەربگـرێ كەلەژیاندایـەو بیّ‌دڵی خۆی نەكات و فلیبی بانگ كردە ماڵەوەو لەژووری نوستن بەیەكەوە ڕایان بوارد.

ئەم چیرۆكە كارێكی هونـەری و فەلسـەفی‌یە هـەروەها ئـاینیش و پـەندو دەرسـە بـۆ خـەڵك بۆیـە وەرگێڕ هەڵی‌بژاردووە چونكە لەلایـەك ڕۆڵـی پیـاوە ئایینی‌یەكان دەردەخات لەئامۆژگاری كردنـی خـەڵك بـۆ تەوبـەو وازهێنـان لـەگوناه.لەلایـەكی تـر (ڤیولانـت)ی شـۆخ و شـەنگ لەئـەنجامی ئـەو ئامۆژگاری‌یانـە تێدەگـات ژیـان كورتـەو مـردن نزیكـە. كەواتـە بافرسـەت لەدەست نەدەیت و بەخۆشی بژیت و بیّ‌دڵی خۆت نەكەیت[٩٦]...

---

[٩٦] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧-٨، ساڵی٢، مایس و حوزەیرانی ١٩٤١، ل٨٨-٩٥.

٢٤- چیرۆکی خزمەتکار:

نووسینی نووسەری مەزن (سیمیبیونوف) لەعەرەبییەوە برایم ئەحمەد کردوویە بەکوردی.

(چیرازیم) بەر لەجەژن گەرایەوە بۆ مۆسکۆ، ئیش و کاری دەست نەکەوت و هاورێکانی بێزار کردبوو ڕۆژێکیان چووەلای هاورێیەکی کەلەلای ئاغاکەی خۆشەویست بوو ناوی (شارۆف) بوو هاورێکەشی ناوی (بەگور) بوو خۆهەڵکێش و فشەکەر بوو.

(بەگور) داوای لەئاغاکەی کرد خزمەتکارێکی پیریان هەبوو دەری بکات و چیرازیم لەجێگای دابمەزرێنێت کەناوی (پۆڵێکار) بوو.

شارۆڤ ڕازی بوو بۆڵێکار دەربکات و چیرازیم لەجێی دابمەزرێنێت. بەڵام چیرازیم کەگوێی لەو نەقس و نەهامەتی و بێپارەیی پۆلیکارو خێزانەکەی گرتبوو، کارەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت چونکە لاوێکی بەویژدان و پاک و بێگەرد بوو[٩٧].

دوای ئەوەی (٢٤) بیست و چوار چیرۆکی کورتی وەرگێڕاومان خستە پێش چاو کەلەلایەن برایم ئەحمەدەوە وەرگێڕاون لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی و بەبیرو بۆچوونی تایبەتی خۆمان هەندێکیانمان شیکردۆتەوە، هەندێکیشیان لەبەرکورتی مەوداوماوە تەنها باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەمان کردووە. ئەویش بەشێوازێکی تایبەتی چونکە ناکرێ لەسەرجەمیان بکۆڵینەوە ئەگەر هەریەکە لەم چیرۆکانە بەوردی لێی بدوێین باسێکی قەوارە گەورەی لێدەردەچێ. کتێبەکەی ئێمەش تەنها (باسی ژیانی برایم ئەحمەدو بەرهەو داهێنانیەتی واتە هێماکردن بەبەرهەمەکانی و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی هەندێکیان دەگرێتەوە نەك سەرپاکانیان چونکە بەرهەمەکانی یەکجار زۆرن و شیعرو چیرۆك و چیرۆکی

(٩٧) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی٧، ئابی ١٩٤٦، ل٦٢.

وەرگێڕاو و تارو ڕۆژنامەگەری لەخۆگرتووە. جائێمە لێرەدا لەسەر بەشێکی زۆری چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی لێکۆڵینەوەمان نەکردووەو شیمان نەکردوونەتەوەو وەك ووتمان تەنها هێمامان بۆکردوون و کرۆکیانمان دەرخستووە ئەوەتا ئومێد ئاشنا لەم بارەیەوە دەڵێت (وەرگێڕانی کورتە چیرۆك لەزمانە زیندووە جیهانی‌یەکانەوە بۆ زمانی کوردی کارێکی ڕاستەوخۆی هەبووەو هەیە لەپێشکەوتن و گەشەکردنی ئەم لقە گرنگەی ئەدەبەکەمان)[٩٨].

برایم ئەحمەد لەماوەی دەساڵی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەرهەمی هزرو قەڵەمی خۆی بەخشیوە بەخوێندەواران و مێژووی ئەدەبی کوردی. بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو لەزمانی ئینگلیزی‌یەوە چەندین شاکاری جیهانی ڕاستەوخۆی کردووە بەکوردی. ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

من بڕوام وایە، کەهەتا ئێستا لەوێنەی ئەم هەوڵەی ئەودا بەبەردەوامی و بەوچڕو پڕیە لەلای هیچ ئەدیبێك نەبووەو لەهیچ گۆڤارێکی کوردیدا وەها پەرەی پێ‌نەدراوە، کەبەوپەڕی پێشکەوتنەوە ڕۆڵی خۆی دیاری بکات..

شایانی تۆمارو پاکردنەوەو سەرنجی واقعیانەو زانستی‌یانەیە.

لەڕاستیدا ئومێد ئاشنا باش بۆی چووە، کەئەم کارە هونەری و ئەدەبیەی برایم ئەحمەد لەمەیدانی وەرگێڕاندا کارێکی گەورەیەو جێگای ڕێزی ڕۆشنبیرانە، چونکە مەبەستی نووسەر ئەوە بووە:

١)- هونەری چیرۆکی گەلان بەکورد بناسێنێ و ڕۆشنبیری کورد سودی لێوەربگرێ چیرۆکی ڕێبازی جیاجیای وەرگێڕاوە، لەڕێبازی کلاسیکەوە بیگرە تائەگاتە ڕێبازی ڕۆمانسی و ڕیالیزم و ڕیالیزمی سۆسیالیستی..

---

[٩٨] ئومێد ئاشنا، وڵات پەرستی، کۆمەڵە چیرۆکی بیانی برایم ئەحمەد کردوویە بە کوردی، ١٩٩٦، ل کۆتایی.

ئەوەش بۆ ئەوە بووە ئەدیب و چیرۆك نووسی كورد سوود لەهەموو ڕێبازەكان وەربگرن و شارەزایی تیا پەیدا بكەن.

٢)- ناوەڕۆكی چیرۆكەكان جیاوازن، نیشتمان پەروەری و كۆمەلایەتی و بەرگری و ڕۆشنفكری و ژن.. هتد. واتە هەموو جۆری تێدایە.

٣)- زمانی وەرگێڕانەكانی بەگشتی لەئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆسەر زمانی كوردی یە، جێی وتنە، كەكوردی یەكی ڕەوان و بێ كۆسپ و گرێیە.

٤)- لەهونەری وەرگێڕاندا سەركەوتوو بووە، هەموو لایەنەكانی هونەری پاراستووە، جوانی ووشە، ڕازاندنەوەی دەربڕین، ڕەوانی زمان، زنجیرەی بیر هەستی ناسك و خەیالاتی بەربلاو.

نەخشەی چیرۆك وەرگێڕان لای برایم ئەحمەد

ئینگلیزی	سۆڤیێتی	فەرەنسی
١- تۆماس ئەلەن	١- مەكسیم گۆرگی.	١- گی دی مۆپاسان (٢ چیرۆك).
٢- ولیام شكسپیر.	٢- ئەنتوان چیخۆف (٢ چیرۆك)	٢- ئەلفۆنس دۆدی.
٣- هانز كریستیان ئەندرسۆن.	٣- سیمیونۆف.	٣- ئەناتۆل فرانس (٢ چیرۆك).
	٤- لیف تۆلستۆی.	٤- جۆرج لینۆر.
		٥- بەلزاك.

١- لەنموونەی ئەدەبیاتی عیبریشەوە، لەچیرۆك نووسی بەناوبانگ (ی.ل. بیرتس) چیرۆكێكی وەرگرتووە (لەژوور سەری نەخۆش).

٢- لەچیرۆك نووسە عەرەبییەكانیش لە (رئیف خوری) چیرۆكێكی وەرگرتووە لەژێر ناوی (بەچرای ڕۆن گەرچەكەوە).

◈ ◈ ◈

(لەئەدەبی گەلانەوە)

چەند وێنەیەك لەنووسینی جیهانی

وەرگێڕانی برایم ئەحمەد لەئینگلیزیەوە:

برایم ئەحمەد جگە لەشیعرو چیرۆکەکانی خۆی و چیرۆکە وەرگێڕاوەکانی، کەلەزمانی ئینگلیزیەوە وەری گرتوون. کۆمەڵێك ووتاری بەنرخیشی لەگۆڤاری گەلاوێژدا نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە.

تائێستا ئێمە چەندین ووتاری لەوجۆرەمان دەست کەوتووە. ووتارەکان دەربارەی کەسایەتی و پیاوە ناودرەکانی دونیایە، کەلەو سەردەم و زەمانەدا باویان بووەو لەمەیدان و گۆڕەپانی سیاسەت و ئەدەبدا ناسرابوون. ناکرێ لێرەدا ووتارەکانی وەك خۆیان بڵاوبکەینەوە، بەڵام بەکورتی و بەچەند دێڕێك لەمەڕ ئەو ووتارانەوە دەدوێین:

دیارە وەرگێڕ کاتی خۆی کەئەو بابەتانەی بڵاوکردۆتەوە نیازی ئەوەبووە خوێندەواری کورد، ئەو پیاوە ناودراو گەورانەی دونیا بناسێ و زانیاری لەبارەیانەوە هەبێت. هەروەها دەربارەی ووڵات و بیروباوەڕیان و سەنگیان لەگۆڕەپانی جیهانی‌دا ئاشنایەتی پەیدا بکات، چونکە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان و بزوتنەوەی ڕزگاری‌خوازی گەلان بووەو کورد پێویستی

بەوە هەبووە بزانێ لەدونیا چ باسەو ڕەوتی مێژوویی گەلان بەرەو کوێ دەڕوات و تائەمیش وانەو سوودی لێوەربگرێت..

نووسەر ئەم ووتارانە نەقل دەکات، چونکە ووتراوە کەتێکڕا مێژووبەتایبەتی مێژووی زیندوو نووسین زۆر فەرمانێکی بەئەرك و هونەرەو لەمەش هونەرترو زەحمەت تر، ئەوەیە بتوانێ ڕاستی بدۆزێتەوە لەناو ئەو هەزاران ئەفسانەو داستانانەدا کەدۆست و دوژمن لەدەوری ژیانی سەرکردەکانی ئیمڕۆ ئالاون..

١)- ماتاهاری[٩٩]:

جاسوسی هەرە بەناوبانگ لەگۆڤاری (Parade) وە ماتاهاری بەناوبانگترین ژنە جاسوسە کەلەمێژوودا ناوی هاتبێ. لەڕۆژی لەناوبردنیەوە لەساڵی ١٩١٧ دا تائێستا بەهەزاران ووتاری دەرهەق نووسراوەو بەسەدان کتێبی لەسەر دانراوە. ئەم کچە (سەماکەرە) لەساڵی ١٩١٤ دا شوێن لەشکری ئەڵمانیا کەوت بۆ بەلجیکا، لەوێوە چووە ئینگلتەرە، دیسان هاتەوە فەرەنساو بەناوی (مارگرێت زیل) مایەوە. ئیستخباراتی فەرەنسا بەمەی زانیبوو، کەحکومەتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٠٥ وە مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە. لەئەنجاما لەئەڵمانیا لەئوتێل گیراو لەسێدارە درا.

[٩٩] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٩-١٢، ساڵی ٢، ئەیلول و کانوونی یەکەمی ١٩٤١، ل١١.

٢)- چەرچڵ:

وینستۆن لیۆنارد سپنەر چەرچڵ سەرەك وەزیرانی ئینگلتەرا لە ١٨٧٤/١١/٢٠ز لەدایك بووە. باوكی لۆرد ڕادۆڵف چەرچڵ دایكی ژنێكی ئەمەریكی‌یە. لەكۆلیژی هارو وساند هیچست خوێندویەتی‌و لەساڵی ١٩١٢ قانونی تەواو كردووە. چەندین وەزارەتی لەئەستۆ گرتووە. لەساڵەكانی ١٩١٨تا ساڵی ١٩٣٠ دوو جار بۆ ئەندامی پەرلەمان هەلبژێردراوەو لەساڵی ١٩٣٩ز یش بۆ سەرەك وەزیران. چەرچڵ ووتاربێژو نوسەرێكی بەتوانا بووەو چەندین پۆستی وەزارەتی وەرگرتووە.

٣)- هیتلەر:

ئەدۆڵف هیتلەر دیكتاتۆری ئەڵمانی لە ٢٠ی نیسانی ١٨٨٩ز لەبرۆتۆ لە (ئاوستریا) لەدایك بووە. باوكی فەرمانبەری گومرگ بووە. لەساڵی ١٩٠٠ز چووە میونیخ لەباڤاریا خەریكی وێنەفرۆشتن بووە. لەساڵی ١٩١٤ز كەشەڕ هەڵگیرسا خۆی كردە سەرباز لە ١٩٢٨ دا پارتی ناشنالْ سۆشیالیست (١٢) ئەندامی لێ هەڵبژێردرا بۆ (ڕێخشتاگ)و ئەستێرەی هیتلەر گەشایەوە لەساڵی ١٩٣٢ لەهەڵبژاردنی سەرەك كۆمار (مستشار) دووەم دەنگی هێنا لەساڵی ١٩٣٣ بەهاوكاری ناشنالیستەكان بوو بەسەرەك كۆمارو كەوتە بژاركردنی نەیارەكانی. لە ١٩٣٩ز كەوتە داگیركردنی خاكی نەرویج و

پۆڵەنداو چیکۆسلۆڤاکیاو .. شەڕی دووەمی جیهان دەستی پێکردو لە ١٩٤٥ز هیتلەر شکاو تیاچوو..

٤)- ستالین:

جۆزێف ستالین سەرکردەی هەموو وولاتی سۆڤیەت، کوڕی (گورچیەکی) پینەچی‌یەو لە ١٨٧٩ز لەدێیەکی نزیک (تبلیس) لەدایك بووە، بەنیازی بوونە قەشە لەکڵێسەدا خوێندوویەتی. لە ١٩٠٣ی ز بۆتە ئەندامی پارتی پۆڵشەوێك‌و ناوی خۆی‌نا ستالین، واتە (ئاسنین). چەند جار گیراوەو نەفی سیبریا کراوە. لە ١٩١٩ز بووبە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی‌و لەدوای مردنی لینین لەکانوونی دووەمی ١٩٢٤ دا کەوتەن ناکۆکی لەگەڵ (ترۆتسکی). لەساڵی ١٩٣٦ز - ١٩٣٧ز کەوتە بژارکردنی زۆر پیاوی بەناوبانگی حزب‌و کۆمەڵ. کوڕو کچێکی هەیە لەژنە گورجیەکەی. شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەمەیدانی ئابووری‌و زۆری حەز لەسینەما بووەو لەماڵەوە پیاوێکی بێدەنگ‌و سادە بووە.

سەرکردەی بەرەی ڕۆژهەڵاتی شەڕی دووەمی جیهانی کردووەو تیایدا زۆر سەرکەوتوو بووە. لەسەردەمی خۆیدا سەرکردەیەکی بێوێنە بووەو ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی لەدەست نازیەکان ڕزگار کردووەو سیستەمی سۆسیالیستی تیا دامەزراندووە.

٥)- مۆسۆلینی:

بنیستۆ مۆسۆلینی دیکتاتۆری ئیتاڵیا و دانەری (فاشیزم) لە ٢٩ی تەموزی ١٨٨٣ز لە (پرداپیۆ) لەهەرێمی (فۆرلی) لەدایك بووەو باوکی ئاسنگەر بووە. مۆسۆلینی لەپێشەوە وەك هەڵگری بیروباوەڕی سۆشیالیستی هاتەکایەوە لە ١٩٠٢ز نەفیکرا بۆ سویسرا لەوەدوا گەڕایەوە ئیتاڵیا.

لە ١٩١٢ز کاروباری ڕۆژنامەی (ئاڤانتی) خرایە ژێر دەست، کەزمان حاڵی پارتی سۆسیالیست بوو. لە ١٩١٤ز شەڕ هەڵگیرسا. لەساڵی ١٩١٥ز دا کەئیتاڵیا چووە ناو شەڕەوە مۆسۆلینی عەریف بوو لەسوپادا، لەساڵی ١٩٢٥ز مۆسۆلینی بەئینقلابێك _کودەتایەك) خۆیکردە دیکتاتۆری ئیتاڵیا و بەربووە گیانی ناحەزو نەیارەکانی.

لەحوزەیرانی ١٩٤٠ز هەڵی کوتایە سەر فەرەنسا و دواتر پەلاماری یۆنانیداو چووە ناو شەڕی دووەمی جیهانەوەو پاشان تیاچوو.

مۆسۆلینی خوێندەوارێکی باش و نوسەرێکی چاك بووە، زمانی فەرەنسی و ئەڵمانیشی زانیوە.

٦)- چی ئەزانی لەبابەت دڵتەوە:

لەگۆڤاری (Your Life)ی ئەمەریکایی وەرگیراوە.

٧)- حەوت ناحەزەکەی پیاو. (The Seven Acainstman)

٨)- (جۆرج سلڤستەر ڤیرک):

نووسەری ئەم وتارە لای وایە پیاو تا کەر بێ بەختیار ترو دڵنیاترە.

ئەم نووسەرە لەبارەی حەوت مرۆی ناسراوی دونیاوە دەدوێ کە هەریەکەیان لەبوارێکدا ناوبانگیان دەرکردووە، ئەمانەی خوارەوەن:

١- گالیلۆ.

٢- لۆڤەر.

٣- ڕۆسۆ.

٤- داروین.

٥- مارکس.

٦- فرۆید.

٧- ئەنشتاین.

١- *گالیلۆ* **Galillo** ١٥٦٤-١٦٤٢:

زانایەکی گەورەی ئەستێرەناسی ئیتالیایە.

٢- *لۆڤەر* **Maylinh Luther**:

قەشەیەکی ئەڵمانییە لە ١٤٨٣-١٥٤٦دا ڕێژەی یەکەم بەردی بناغەی چاککردنی ئایینە.

٣- *ڕۆسۆ* (ژان ژاك ڕۆسۆ):

فەیلەسوفێکی سەدەی ١٨یەمی فەرەنسییە، نووسینەکانی ئینجیلی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە بوون.

٤- *داروین* **(Charle Darwen)**:

زانایەکی بەناوبانگی ئینگلیزییە (١٨٠٩-١٨٨٣ز.

٥- *مارکس*:

باوکی سۆشیالیزمی تازەیە، ١٨٠٨ لە ئەڵمانیا لەدایك بووەو لە ١٨٨٣دا مردووە.

٦- *فرۆید*:

زانایەکی بەناوبانگی (سایکۆلۆجی تازەیە) لە ١٨٥٦ز لە مۆراڤیا لەدایك بووە، لە ١٩٤٠دا مردووە.

٧- *ئەنشتاین* **(Ensten)** :

بەدانەری بیردۆزی ڕیلیتیڤیتی **Relativity** بەناوبانگە، لە ساڵی ١٨٧٤ز لە میونخ لەدایك بووەو دواتر تا مردنی لە ئەمەریکا ژیاوە.

٨)- پیاوی ڕەش سپی ئەکرێتەوە:

لەگۆڤاری (بی. تی. ئۆ) بەکورتی وەرگیراوە. ڕەنگی ئەندامی لەشی پیاو وەك پێستو دەموچاوو شوێنەکانی تری بەپێی جۆرو زۆریو کەمی ئەو (بۆیا)نەیە کە لەلەشدان.

هەموو ئەزانین کە پێستی ژنێکی سك پڕ تا لەوەختی منداڵبوونی نزیکتر ببێتەوە نەختێ ڕەنگی ڕەشتر دائەگەڕێ. ئەم بۆیانەش بەسایەی (هۆڕمۆن)ی لەشەوە ڕەنگی تایبەتی خۆیان ئەدەن بە ئەندامەکانی لەش.

بۆ دەرخستنی کاری هۆڕمۆن لە پێست، چەند ساڵێك لەمەوبەر پرۆفیسۆر (زۆندیك)و (بیر) ناو لەگیاندارانی مەمکداردا چەند هۆڕمۆنێك دەردەهێنن و بەدەرزی (سرنج) ئەیدەن لە ماسییەك، هەر گورج دوای دەرزییەکە ئەو ماسییە بۆرە بچووکە سوورو زێڕین هەڵدەگەڕێ.. تاد.

٩)- لەرێی زێردا:

نووسینی (هێنز مێنن)، وەرگێڕانی برایم ئەحمەد لە گۆڤاری Perade وەرگیراوە.

... ئەوەندەی خوێن بەتەنها لەرێی دەسکەوتنی زێڕدا ڕێژراوە، هەموو کانزاکانی تر بەسەر یەکەوە ئەوەندە خوێنیان لەرێدا نەرێژراوە. کەچی شتێکی بێ فەڕو لەخۆیا چ نرخێکی ئەوتۆی نییە. دەردی ئەندازیارێکی کانهەڵکەنی قسە فەیلەسوفانە ئەڵێت ((پیاو بەچاوی گیمیاگەری بڕوانێتە ئەو نرخەی خەڵك داویانە بەزێڕ، زۆر سەیر دێتە بەرچاوی، چونکە ئەو زێڕە نازدارەی خەڵك خۆیانی بۆ دەدەن بەکوشت، بەپێی کیمیا لەگەڵ قوڕقوشمی بێ قیمەتدا ٣ ئەلەکترۆنیان جیاوازە)).

١٠)- جەواهر لال نەهرۆ: (١٠٠)

بەکورتی لە (کەرەنت مستوری)یەوە وەرگیراوە. پاندێت جەواهر لال نەهرۆ قارەمانێکی نیشتمانی نەبەزی هیندستانە، لە ساڵی ١٨٨٩ز لەخێزانێکی دەوڵەمەندو بەناوبانگی (براهمەنی) لەشاری کشمیر لەدایك بووە.

باوکی ناوی (ئاناندیە هاوان) پارێزەرێکی نیشتمانپەروەری ناودار بوو، لە ئینگلتەرە خوێندنی تەواو کردووە، لە کۆلیجی (هارۆ، ترینتی کۆلیج و

(١٠٠) گەلاوێژ، ژمارە ٣،٤، ساڵی ٢، نیسان و مارتی ١٩٤١ز، ل٢٥.

کامبرج) لە ساڵی ١٩١٦ز لەگەڵ (گاندی) یەکتریان ناسیوەو لەیەکتر جیا نەبوونەتەوە.

هەشت ساڵی لەبەندیخانە بەسەر بردووە، پیاوێکی دیموکراتخوازی ڕادیکالی بووە. لەساڵی ١٩٣٦-١٩٣٧ کرا بەسەرکردەی (کۆمەڵەی هەموو هیند)... تاد.

اا)- قین: [١٠١]

(ئەلفرێد دی مۆسیی) کە شاعیرێکی بەناوبانگی سەدەی هەژدەمینی فەرەنسییە، ئەم قەسیدەیەی وتووە لەگەڵ (جۆرج ساندا) کە ژنە ئەدیبێکی ئینگلیزییە، کەدوای ناسیاوییەکی زۆر هەڵی خەڵەتاندووە.

دەك شەرمەزار بیت ئافرەت!

ئەو ئافرەتەی فێری خیانەتت کردم.

ئەوەی لەترساناو لە قینانا عەقڵ و هۆشت پێ نەهێشتم...

دەك شەرمەزار بیت، چاوە ڕەشەکە، وەك خۆشەویستی بەدخوو

توانی دڵم لەبەهاری عومرا لە تا ریکیدا بنێژێت.

لە تۆوە، لەزەردەخەنەی تۆوە، لە نیگای خۆ خرا پکەرتەوە فێربووم

چۆن لەعنەت لەسێبەری بەختیاریش بکەم...

---

[١٠١] لە ئەدەبی گەلانەوە- بەرەو هەوار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە برایم ئەحمەد - ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ١٩٩٦.

١٢)- دوو دیویی قەڵغانەکە [١٠٢]:

نووسینی (بۆمۆند)، وەرگێڕانی برایم ئەحمەد.

لەسەردەمی (پاڵەوانبازی)دا شازادەیەکی ئینگلیز (بتێك) بۆ خوای سەرکەوتن دروست دەکات و لەچوار ڕێیانێك دای دەنێ، ڕمێك بەدەستە ڕاستیەوەو دەستی چەپی لەسەر قەڵغانێك دەبێت، دیوی ناوەوەی قەڵغانەکە لەزێڕو هی دەرەوەی لەزیو دەبێت و لەسەر هەردوو دیوی نووسینێك دەبێت.

ڕۆژێك واڕێدەکەوێت دوو سوارچاك، یەکێکیان ڕەش پۆش و ئەوی تریان ئاودامان سپی لەیەك وەختدا، بەڵام بەرامبەر بەیەك پێکەوە ئەگەنە لای (بتەکە)...

ئەبێ بەشەڕیان و یەکتر زامدار ئەکەن و ئەکەونە خوارەوە، خواو ڕاستان (حەکیم)ێك بەڕێکەوت بەسەریاندا دێت وبرینەکانیان ساڕێژ دەکات و ئینجا پێیان دەڵێت:

لەگەڵ ئەمەشدا پەندێکی گەورە لەم شەڕەی ئەمڕۆتان هەیە... لەمەودوا نەکەن بچنە نزارێکەوە تا زۆر جوان هەردوو دیوی بابەتەکە لێك نەدەنەوەو بەراوردی نەکەن، چونکە هەردووکتان ڕاست دەکەن و هەردووکیشتان ڕاست ناکەن...

---

[١٠٢] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣-٤، ساڵی ٢، مانگی مارت و نیسان، ١٩٤٨، ل٣٢.

١٣)- سیاسەت چییە؟[١٠٣]

(لۆرد بەلفۆر)

غەزەتە چییەك لە لۆرد بەلفۆر دەپرسێت، سیاسەت چییە؟...

ئەویش لەوەڵامدا سەرگوزشتەی پاشایەکی هندستانی بۆ دەگێڕێتەوە کە خەونیکی بینی بوو، لە خەونەکەیدا هەموو ددانەکانی وەریبوون و کەوتبوونە خوارەوە... هتد.

١٤)- ئەوانەی بەچاو دەبیستن:

لەگۆڤاری (الهلال)وە وەرگیراوە.

فەرقێکی گەورە هەیە لەبەینی ئەوانەی کەبە کەڕی لەدایك دەبن و ئەوانەی لەژیانیاندا کەڕ دەبن.

چونکە یەکەمیان هیچ لەخۆیا بەکەم و کوڕ نازانێ، بەڵام دوومیان پەشۆکاوەو هەمیشە خەڵك لەخۆی بەزیاتر دەزانێ. چونکە حاسەیەکی لەوان کەمترە، یادی بیستنی دەنگی خۆش و ناخۆش دەکات کەلەپێش کەڕ بوونیا بیستوویەتی. هەموو کەڕێك کەچاوی بەجوڵانی لێوی کەسێك دەکەوێت دەیەوێ بزانێ چی دەڵێت؟...

گەلێك مەکتەب و دەرس خانە لەوڵاتاندا بۆ کەڕان کراوەتەوە، بۆ ئەوەی فێر بکرێن لێو کەجوڵایەوە چ مانایەك دەدات. یەعنی بتوانن لەجیاتی حاسەی بیستن چاو بەکاربهێنن.

---

[١٠٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣،٤، ساڵی ٢، ١٩٤١ز، ل٩٥.

١٥) کەنەوت و خەڵوز بڕایەوە[١٠٤] :

لەئینگلیزی‌یەوە وەرگیراوە.

لەم سەردەمی مالینەیەدا نەوت و خەڵوز نرخێکی تابڵێیت زۆریان هەیە بۆ پێشکەوتن، بۆیە کزبوونی خێرای ڕێژەی نەوتی ژێرزەمین ترسێکی گەورەیە لەڕێی شارستانی‌یەتدا. لەبەرئەمە زانایان هەرلەئێستاوە خەریکی چار بۆدۆزینەوەن، وەکو دانراوە بەڕاوێژ سوتەمەنی نەوتی دونیا بەشی تا(٥٠) پەنجا ساڵی تر دەکات، هەروەها خەڵوزیش ئینجا بەشی سەد ساڵی‌تربکات، بەنیازی دۆزینەوەی سوتەمەنی‌یەکی تر کەلەبریتی نەوت و خەڵوز بەکاربهێنرێت... تادوایی.

١٦)- (هەموو ڕەگەزەکانی دونیا وەک یەکن)؟[١٠٥]

(نوسینی دکتۆر واشنگتۆن بێت) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد. بەشی زۆری ئەو زانایانەی لەعیلمی ئینساندا باوەڕ بەقسەیان دەکرێ ئەڵێن لەڕووی زەمیندا هیچ ڕەگەزێ نی‌یە کەبەپاک و پەتی‌یەتی مابێتەوەو.. ڕەگەزی تری تێکەڵ نەبووبێ و ئەگەر بهاتیەو بتوانرایە زنجیرەیەک خەڵك بەخوێن پاکی بهێڵرێتەوە بێئەوەی هیچ خوێنی بێگانەی تێکەڵ بێ هیچ گومانی نی‌یە کەئەم ڕەگەزە لەباشی و بەهێزی‌دا نەئەگەیشتە ڕەگەزێکی تێکەڵاو .... تادوایی.

---

[١٠٤] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦،٥، ساڵی ٢، مایس و حوزەیرانی ١٩٤١ز، ل٦٧.

[١٠٥] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨،٧، ساڵی ٢، تەمموزو ئابی ١٩٤١ز، ل٢٦.

١٧)- (هەربژی سەربەستی)[١٠٦]:

ئەم پارچە جوانە لەکتێبی (ناپلیۆن)ی نووسەری گەورەو ئازادی پەروەری ئەڵمان (ئیمیڵ لۆدفێك) وەرگێراوە.

لەرۆژێکی تشرینی یەکەمی ١٨٠٩زدا ئەوەی ناپلیۆن لەشکری نەمسا ئەشکێنێت لەکۆشکی (شۆنبروون)ی مەزن لەگوێی زێی (دانوب) کۆمەڵێکی گەورە دەبەستێت. لەو وەختەدا کوڕێکی هەرزەکار دڕ بەخەڵکەکە ئەدات کەخۆی بگەیەنێتە کۆشکەکەو ئەیگرن ئەیپشکنن کێردێکی درێژو وێنەی کچێکی لائەدۆزنەوە.

لەژووری نۆبەت چی‌یەکاندا زۆر پرسیاری لێ دەکەن وەڵامی هیچیان ناداتەوەو ئەڵێت کەوا ڕاستی تەنیا لای ئیمپراتۆر دەڵێت... تادوایی.

١٨)- ڕاباندرانات تاگور)[١٠٧]:

ڕاباندرانات تاگور- لە ١٨٦٠ز دا لە (کەلکەتە) هاتۆتە دنیاوە، لەبنەماڵەیەکی (پەنگال) کەگەلێ پیاوی گەورە گەورەی تیا هەڵکەوتووە. تاگور هەرلە ١٨ ساڵیەوە ناوبانگی بڵاوبۆتەوە بەناو خەڵکا کەئەوسا هەرچیرۆکی تەمسیلی مۆسیقی دەنووسی، لەپاشا کەوتە داستان نووسین.. شیعرەکانی بەجۆرێك لەهندستان بڵاوبووەو خەڵك کردیانە پێشڕەوی شاعیران و سەرکردەی ئەدەبیاتی تازەی هیند..

تەنانەت ئەدەبیاتی دەوری ئەویشیان ناونا ئەدەبیاتی سەردەمی (ڕاباندرا ناتی).......

---

(١٠٦) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨،٧، ساڵی ٢، تەمموزو ئابی ١٩٤١ز، ل٤٠.

(١٠٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەئەدەبیاتی ئینگلیزی شارەزابوو، لەمۆسیقا دەستێکی باڵای هەبوو. لەفەلسەفەو شیعرو داستان و چیرۆك و گاڵتەوگەپ لەهەموو بارێکی نووسیوە. لەساڵی ١٩١٣زدا جائزەی (نۆبڵ)ی وەرگرت... تاد.

١٩)- (ئەو باوەڕانەی لەشەڕان)[١٠٨].

لەساڵی ١٩٤٠ز کەڕووس و ئەڵمان دۆست بوون هاوڕی مۆلۆتۆڤ ووتی: (شەڕی ئەمڕۆ شەڕی بیروباوەڕە) خەڵك سەریان سووڕما کەوا ڕووس خۆی لەم شەڕەدا نی یە، کەرەئیسی وەزارەتەکەی بەشەڕی بیروباوەڕی دادەنێ... بەڵام وادەرکەوت کەکۆمۆنیزم و نازی هەرگیز نابن بەدۆست و دیموکراتی و کۆمۆنیزم بەرامبەر بەدوژمنایەتی نازی دەتوانن بەئاسانی قینی خۆیان فەرامۆش بکەن.

لەوچەند دێڕەی خوارەوە بەکورتی باسی ئەو بیرو باوەڕانە دەکەین کەوا لەشەڕان...

١- *دیموکراسی:* لەسیستەمی دیموکراسیدا باوەڕ وایە کەکۆمەڵ بۆ ئەوە دروست بووە کەبەکەڵکی تاکە فەرد بێ، بەڵام لەدیکتاتۆریەتدا باوەڕوایە کەفەرد ئەبێت خزمەتی کۆمەڵ بکات.

٢- *کۆمۆنیزمی سناعی تازە:* لەناوەندی سەدەی هەژدەیەم لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (کارل مارکس)ەوە بناغەی داڕێژراوەو دەڵێت هەرچی سەروەت سامان هەیە کرێکار دەیهێنێتە بەرهەم کەچی لەم بەری ڕەنجەی هەرئەوەندەی پێئەبڕێت کەمەمرەو مەژی پێی ڕابوێرێت ئەوەی تر ئەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە.

---

[١٠٨] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥،٦، ساڵی١، ١٩٣٩، دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

٣- *ناشنالْ شۆسیالیزم:* جولآنەوەیەکی قەومی ئەڵمانییە سەرکردەی (ئەدۆلف هیتلەر) ئامانجیان یەکخستنی هەمو ئەڵمان و لابردنی پەیمانی ڤارسیل و ئەرزو مستعمرات پەیداکردن و تەنیا ئەو کەسانە ئەندامی میللەتن کەخوێنیان ئەڵمانە.

٤- *فاشیزم:* لەنزامی فاشیدا قەوم کوتەکی دەستە لەبریتی کرێکاری کۆمۆنیزم، ڕەگەزی ناشنالْ سۆشیالیزم لەنیزامەکەیان ناوی ڕەگەز نییە.

٢٠)- چۆن ئیش بکەین[١٠٩]:

(بەرتراند ڕۆسل) کەیەکێکە لەفەیلەسوفە گەورەکانی ئینگلتەرەو عالیمە بەناوبانگەکانی. لەشەڕی گەورەی پیشوودا لەژێر عنوانی (بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵ)دا کتێبێکی نوسیوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا کە ٢٥ ساڵ بەسەر نووسینەوەی ڕابردووە بەلآم وەك بۆ ئێستا دانرابێ وایە. تیایا دەڵێت: لەم ژیانە کورتەماندا چۆن و چی دەتوانین بکەین بۆ وڵات و هاولآتییەکانمان؟ بەشی زۆری ژن و پیاو بەدڵ ئارەزوو دەکەن وەبەپەرۆشن بۆ خزمەتی ئادەمیزاد... ژیان ئەوەندە کورتە بەشی ئەوە ناکات کەهەموو ئاواتێکمان تیا بێتەدی بیری پەسەندو تێگەیشتنی ڕاست بناغەی هەموو پێشکەوتن و گۆڕینێکە تێکڕا دوو ڕێگا هەیە بیگرێتەبەر بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵ لەم سەرگەردانییە:

١- هەوڵدان بۆ بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی بیروهۆشی کۆمەڵ چەند لەتواناتاندا بێ...

[١٠٩] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٢،٩، ساڵی ٢، ئەیلول و کانوونی یەکەمی ١٩٤١ز، ل٨٠.

٢- پێگەیاندنی فەرد یان کۆمەڵ بەسەربەخۆیی نەك لەسەر خەڵك و کۆمەڵانی تر...

٣- وەبۆ سەرکەوتنمان لەو دوو ڕێیەدا پێویستە هێزی داهێنان و پێکهێنان (الابداع والتکوین) پەروەردەو بڵاوبکەینەوە بەناو ئادەمیزاد و کۆمەڵدا... تادوایی.

٢١)- ژنانی ترکستان[١١٠]:

چۆن پەچەیان توڕهەڵدا؟ لە (New Yourk Times) وەرگیراوە.
کۆمەڵێك ژنانی خوێندەواری تاشکەند لەئۆپێرایەك کۆبوونەوەو زۆر بەگەرمی داوایان کرد کە قانونێك دابنرێ بەپێی ئەو قانونە ژنانی ئۆزبەکستان کەپایتەختەکەی تاشکەندە (طشقند)، پەچە نەپۆشن.

٢٢)- مارشاڵ فۆرشیلۆف کێیە؟[١١١]

مارشال کلیمنت فۆرشیلۆف: کوڕی کابرایەکی شوانە لەمقاتەعەی (بەکاتیر نوسلاف) لەڕووسیای خواروو لەدایك بووە لە ١٢ ساڵی دەستی بەخوێندن کردووە بەبێ هۆ لەسەرکار دەریدەکەن تەنیا لەبەرئەوەی شەبقەی دانەگرتووە بەرانبەر پۆلیسێکی گومرگ. ساڵی ١٩١٧ز بەشداری شۆڕشی کردووە.

لەشەڕی دژی ئەڵمان بەشداری کردووەو ڕوتبەری مارشاڵی پێدراوە لەگۆڤاری P.T.O وەرگیراوە.

---

[١١٠] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە٣ ،٤، ساڵی ٢، مارت و نیسانی ١٩٤١ز، ل٦٠.

[١١١] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧،٨، ساڵی ٢، تەمموز و ئابی ١٩٤١ز، ل١٧.

٢٣)- یەکێ مایسی جەژنی کرێکارانی دونیا[١١٢]:

٢٤)- ناپلیۆن لەماڵەوە:

ڕۆژێ لەژیانی دیکتاتۆرێك برایم ئەحمەد کردویەتی بەکوردی.

٢٥)- ماری کوری:

١٨٦٧ - ١٩٣٤ز لەژوورێکی بچووکی ساردوسڕدا بێ‌دەزگاو کەرەسەی تەواوی ئیش کردن (ماری کوری)و (پێری) مێردی هەندێ شتی وایان تاقی‌کردۆتەوە کەکاریان کردۆتە سەرێی دواڕۆژی زانین‌و چاوی پیاویان زیاتر کردۆتەوە بۆ ئەوەی زۆرتر لەدونیا لەتەلیسمەکانی بگەن‌و ماددەی (ڕادیۆم)یان دۆزیوەتەوە کەبۆتیمارکردنی نەخۆشی وێنەی کەمە. لەکتێبی (Leader Grear)ەوە وەرگیراوە.

٢٦)- چۆن لەسیانزە ساڵی‌دا ژنم هێنا؟

ماهاتما غاندی[١١٣]

زۆر لام گرانە باسی ئەو ژن هێنانەم بکەم کەلە سیانزە ساڵی‌دا ڕوی‌داوەو هەرچەندە چاوم بەمناڵی ئەم عومرەم دەکەوێت ژن هێنانە ناوەختەکەی خۆمم ئەکەوێتەوە بیر....

---

[١١٢] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی ٩، نیسانی ١٩٤٨، ل٥٠.

[١١٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٢، ساڵی ٧، شوباتی ١٩٤٦.

٣٧)- ئەلبانیا:

وولاتێکە لەگوێ دەریای ئۆدریاتیك، گەورەیی (١,٧٥٧)میل مربع و دانیشتوانی نزیکەی ملیۆنێ کەسە... لەتەموزی ١٩٤٣دا کەئیتالیا هێرشی کردە سەریان و خاکی داگیرکردن. ئەمان بەسەرکردەیی (ئەنوەر خۆجە) فاشیەتیان وەدەرنا (نوجەیمەی)خێزانی خۆجە ئێستا سکرتێری مێردەکەیەتی و فیداکاری زۆری نواندووە.[١١٤]

٣٨)- قارەمانی بەلقان[١١٥]:

(ستیڤان بریچیڤێ) نوسەری ئەم وتارە مارشاڵ تیفۆی قارەمانی نەبەزی بەلقان زۆر چاك دەناسێ بۆیە ووتارەکەی شایانی خوێندنەوەیەکی وردە. (تیتۆ)یەکێکە لەو سێ سلاڤەی کەلەم سەردەمی دواییدا زراوی ئەڵمانیای تۆقاند. دوانەکەی تر ستالینی سۆڤیاتی و دیمترۆڤی بولغاری لەمەڕ ئاگرتێبەردانەکەی (ڕانشتاکر)ی ئەڵمانیا. تیتۆ لەباوکێکی کرواتی و دایکێکی سلۆڤینی لە (زاگرب) لەدایك بووە لەکڵێسەی کاسۆلیکی دێکەیان ناونراوە (حوسب برزو) لەساڵی ١٨٩٠ز لەدایك بووە.

٣٩)- جەنگیز خان (تەموجین)[١١٦]:

لەساڵی ١١٦٢ز لەدایك بوو.

وادیارە دنیا بێ جەنگیزخان و تەیموری لەنگ نابێت بۆیە خوا (هیتلەر)ی بۆ سەدەی بیستەم دروست کردووە. لەئینگلیزی‌یەوە وەرگیراوە.

---

(١١٤) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٢، ساڵی ٧، شوباتی ١٩٤٦.ل٥٥

(١١٥) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٠، ساڵی ٥، تای ١٩٤٦، ل٦٠-٦٢.

(١١٦) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی٤، مایسی١٩٤٣.

حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر عەشـرەتێکی کۆچـەری سـوارەی (مـەغۆل) ئیمپراتۆریەتی پارچەپارچەی چینیان وەك گێژەڵوکە دایەپێش خۆیان.

٣٠)- مارشاڵ نای چی لی‌هات[١١٧]؟ :

پیـتر سـتورات نـای لـەگۆڤاری (Parede) ەوە یـەکێ لەنهێنی‌یـەکانی تـاریخی تازە مردنـی مارشاڵ نـای قۆمـاندانی گـەورەی ناپلیۆنـە. بەتـەاوی باوەڕکراوە کەمارشاڵ نای جەنەراڵی گەورەی ناپلیۆن لەلایەن سـەربازەکانی لویسی هەژدەهەمـەوە نەکوژراوە. لـە ١٨١٥/١٢/١٦ز حوکمەکـەی خـۆی پـێ ووتـرا کەئیعدامـەو ئەفسـەرەکان ڕزگاریـان کـردووەو ڕەوانـەی ئەمـەریکایان کـردووە لەسـاڵی ١٩٤٢ لەتەمـەنی ٧٧ سـاڵیدا مـردوو لەسـەر کێلەکـەی نوسـراوە (یادگـاری نیشـتمان پەرسـت و سـەربازێکی شۆڕشـی فەرەنسـی بەردەستی ناپلیۆن).

٣١)- مەترسی شەڕ[١١٨]:

تـۆوی نـاکۆکی گـەڵێجار گـەڵێ ڕۆژنامـە کۆنەپەرسـتەکانی ئینگلـیزو ئەمـەریکا داوا دەکـەن کەلـەبریتی ئـەو سیاسـەتی ئاشـتی و برایـەتی وەك یەکی‌یـەی هەیـە لـەناو گـەلاندا سیاسـەتی بـەکارهێنانی هـێزی دڕندانـە پەیڕەوی بکرێت.

٣٢)- شێت یان ژیر...[١١٩]:

---

[١١٧] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥،٦، ساڵی ١، ١٩٤٠.

[١١٨] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ساڵی ٧، حوزەیرانی ١٩٤٤، لە ئینگلیزییەوە.

[١١٩] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١١،١٢، ساڵی ١، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٤٠.

لەوتارێکی نایاب و خۆشی نوسەری ئەمەریکی بەناوبانگ (فرانك وارد بیکەر) وەرگیراوە کەبۆ گۆڤاری (The Modern Thinker) ی نووسیوە. دەڵێت: (بەبیری من ئەبێ هیوامان هەرشێت بێت، لەتاریخی بەشەردا بگەڕێیت هەمیشە شێت پێشەنگ بوون. چونکە شێت هەرئەوە دەزانن ملی ڕێ بگرن و بۆ پێشەوە بڕۆن، هەموو قارەمانەکانی دنیا لەناو شێتەکاندا هەڵبژێردراون هەروەها هەموو داهێنەرەکانیش نمونەی (هاین بال و (ناپلیۆن) و (کۆلۆمبسکی) و (جۆرج واشنتن) و (ئەنشتاین) ئەرستۆ دەڵێ: (هیچ بلیمەتێ نەبووە کەڕەگی شێتێتی تیانەبێ).....

٣٣)- ژن و پیاو:

لەسەرەتادا نواشتری (ئەفسانەی هندستان) ئەرزو ئاسمان و ئەو شتانەی لەسەر ئەرزن دروست کردو ویستی ژن دروست کات، ڕوانی هەرچی کەرەسە هەیە لەدروستکردنی پیاودا بڕانویەتییەوە بیری کردەوە و زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەی لەسەر زار بوو.

ئینجا: لەمانگی چواردە خڕی، لەمار پێچاوپێچی، لەسنەوبەر بەژن و بالا، لەگیالەرزەی لەچڵ پێکاچوونی، لەمیوە مەینی، لەگوڵ نەرم و ناسکی، لەگەڵا سوکی، لەگا کێوی چاوی، لەهەور فرمێسکی و لەڕۆژ هەتاوی وەرگرت.

لەباگۆڕین، لەنەسیم سازگاری، لەکەروێشك ئێسك سوکی، لەتاوس فیزی، لەتووکی قو نەرمی و لەئەڵماس ڕەقی وەرگرت. لەهەنگوین شیرینی لەمرۆر تاڵی لەئاگر گەرمی و لەبەفر ساردی لەتوتی چەنەبازی و لەبولبول ئاوازی وەرگرت، هەموو ئەمانەی تێکەڵ کردو ژنی لێدروست کرد ئینجا بەخشی بەپیاوو پێی ووت هائەمە بکە بەهاوبەشی خۆت و لەخۆشی و تاڵیدا...

٣٤)- ڕۆژنامە نهێنییەکەی پلۆدسکی[١٢٠]:

نووسینی وولیام جەنس وەرگێڕانی برایم ئەحمەد

لەهاوینی ١٨٩٣ز دا کۆمەڵێکی بچووك لەنیشتمان پەرستەکانی پۆڵۆنیا زۆر بەدزیەوە لەنزیك (ڤیلنادا) کۆبوونەوە کەئەندامی پارتی شۆسیالیستی یاساغ کراوی پۆڵەندە بوون. نیازیـان لەگردبوونـەوە تـەگبیری دەرهێنـانی ڕۆژنامەیەکی سۆشیالیستی بوو کەبیری سۆشیالیستی پیٚبڵاوبکەنەوە لەناو کرێکارە پۆڵەندییەکاندا...

سانسۆری ڕووسـی زۆر بـەتوندی ئیشـی دەکرد وەئـەم چەشـنە تەقەلایـە تاوانێکی گەورەبوو... هـاوڕی فیکتۆر هیگۆ ئەم فەرمانەی گرتە ئەستۆ- ....

٣٥)- زووبە پێشکەوە. دنیا چاوەڕێی کردەوەت دەکا...:[١٢١]

ن. ع لەگۆڤاری Psychlogy

دونیا چاوەڕێی تـۆ دەکـا بەشـی خـۆت پێـك بێنـی. ئێسـتادەوری شـت دروست کردن و شت پەیداکردنە. بیری دروستکەر کردەوەی دروستکەر ئەم دنیایە هەڵدەسوڕێ دامەنیشە تەمبەڵ مەبە نووست و خەواڵو مەبە بۆ شتی تازەی بەکەڵك بگـەڕێ لـەدووی بـڕۆ. شـتی تـازە فێربە، مەشـقی تـازە بکـە، تەجرەبەی تازە ئیرشاداتی تازە وەرگرە، خۆت پێشخە... نووسینی (نیوتۆن روجرس)

---

[١٢٠] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی ١، تەمووزی ١٩٤٠،ل٥.

[١٢١] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧، ساڵی ١، ١٩٤٠.

٣٦)- سیمۆن بۆلیڤار: ١٧٨٣ - ١٨٣٠

لەناو هەمو سەرکردە شۆڕشگێرەکاندا کەلەدنیای تازەدا هەڵکەوتوون دوانیان لەوانە ئەگەنە پایەی هەرەبەرزی گەورەیی. لەئەمریکای ژووروودا (جۆرج واشنگتن) کەبووە باوکی وولاتەکەی خۆی. وەلە ئەمریکای خوارووودا (سیمۆن بۆلیڤار) ئەم دوو پیاوە لێکچوونێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە لەڕووی خێزان و بنەماڵەو پلەو پایەوە سیمۆن بۆلیڤار باوکی شەش گەل و وولاتە لەئەمەریکای لاتین فنزویلا، کۆلۆمبیا، پاناما، ئەکوادۆر، پیرۆ، پۆلیڤیا بەباوکی خۆیانی دەزانن و دادەنێن و هەمووشیان لەقەبی (ئازادکەر) یان لێناوە.

٣٧)- خەوبینین:

هەموو یەکێك لەئێمە کەخەونێ: ئەبینێ بیری لێ ئەکاتەوە ئاخۆ ماناکەی چیبێت بەزۆری خەرافات و قسەو باوەڕی کۆن و پڕوپووچی تێکەڵ دەبێت. هەندێ جاریش ڕاست دەردەچێت وەك خەونەکەی (ئەبراهام لنکۆڵن) سەرەك کۆماری ئەمەریکا.

٣٨)- دەستوری ئەتلانتیک:

وولاتە گەورەکەی بەریتانیا لەشەڕە عالەمیەکەدا کەشەڕێکی مردن و ژیان بوو. جابەوبۆنەیەوە دەستوری ئەتلانتیکمان بەوەرگێڕاوی لەگەلاوێژدا بلاوکردەوە. هیچ شکیش لەوەدا نی یە کەکۆمەڵی کوردیش یەکێك دەبێ لەو کۆمەڵانەی کەسەربەستیان نیازەو مەبەست لەو دەوڵەتە گەرورەیەیە.

سەرەك كۆماری شارەزای وولاتە یەكگرتووەكان (مستەر ڕۆز فەلت)و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (میستەر چەرچڵ) كەحكومەتی بەریتانیا دەنوێنێ كۆبوونەوە پێكەوەو بڕیاریان دا.

١- وولاتی هەردوولایان چاویان لەدەستكەوتی هیچ زەوی‌یەك و شتی تر نی‌یە.

٢- هیچ لایەكیان ئارەزوو ناكەن بەئارەزوو خوایشتی ئازادانەی نەتەوەكانی پەیوەندی‌دار نەبێ هیچ گۆڕینێ لەوولات و خاك و زەوی‌دا بكەن.

٣- لایان وایە كەهەموو نەتەوەكان بەدەستی خۆیان، چەشنی حكومەتی خۆیان هەڵبژێرن.

٤- تێ‌ئەكۆشن لەهەموو دەوڵەتەكان گەورەو بچووك وەك یەك بەشداربن لەبازاڕدا.

٥- هەردوولا ئارەزوومەندن كەلەناو هەموو نەتەوەكاندا هەرەوەزێكی تەواو بێتە بەرهەم.

٦- لەدوای لەناوبردنی نازی زۆردار هیوایان هەیە كەئاشتی‌یەكی وەها دامەزرێنن كەچەسپاو بێت.

٧- هەردوولا بڕوایان وایە دەبی نەتەوەكان دەستهەڵگرن لەبەكارهێنای هێز.بەیانی دەوڵەتە یەككگرتووەكان (تصریح مشترك) كەلەلایەن (نەتەوە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا، یەكێتی سۆڤیەت، چین، ئوستورالیا، بەلچیكا، كەنەدا، كۆستاریكا، كوبا، یۆنان، چیكۆسلۆڤاكیا).

٣٩)-فەلسەفەی دلێری و مردن[١٢٢]:

لەگۆڤاری (الهلال)ەوە وەرگیراوە (دەربارەی شەڕی یابان و چین)

دوای ئەو شەڕە یابانیەکان تێگەیشتن لەچین پیاو هەیە فەلسەفەو بیروباوەڕ هەیە، ئەو فەلسەفەیە خەڵك فێردەکات و بڕوامان هەیە کەمردن گەورەی ژیانەو ئەبێ بۆ ئەوە بژین بزانین چۆن شەڕ دەکەین.

٤٠)- فنلەندە[١٢٣]:

بەبۆنەی شەڕی سۆڤیەتی و فنلەندەوەلە (Life) وەرگیراوە .

وولاتێکە لەژووروی ئەوروپایەو دانیشتوانی چوار ملیۆن کەسەو گەورەیی ٣٨٨ هەزار کیلۆمەترە زمانەکەیان لەمەجەڕی دەچێ، پایتەختەکەیان (هەڵسەنکی)یەو وولاتێکی زۆر ساردە ٤٤ هەزارو ٨٠٠ گۆمی تیایە، وەزۆر پێشکەوتوو خوێندەوارن.

٤١)- خواردەمەنی دوارۆژ:

لەئینگلیزی‌یەوە وەرگیراوە.

زانایان دەمێکە خەریکن لەمەوادی کیمیاوی خواردن دروست بکەن، بەڵام بۆنەگبەتی، دروستکردنی پرۆتین لەهەموو شتێ گرانترو زەحمەت ترە..

٤٢ -٤٣)- شەڕی پێشوو:

چەند کەسی تیاچوو؟ وەچەندی تێ‌چوو؟.

لەگۆڤاری (Parade)وەرگیراوە.

---

[١٢٢] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١، ساڵی ١، ١٩٣٩، ل٤٩.

[١٢٣] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١، ساڵی ١، ١٩٣٩، ل٥٣.

جگە لەڕووسیا کوژراو ٧٠٧٥٣٩٦ کەس، بریندار ١٣٥٠٠٦٠٩ کەس بوو، زەرەروزیان ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی تێچوو کەبۆ دروستکردنی خانوو بۆ هەر خێزانێك ٥٠٠ لیرەی تێئەچوو ناومالیش ٢٠٠لیرە بەشی ئەکرد[١٢٤].

٤٤)- فرانکلن ڕۆزفلت (Franklin Roosevelt) :

سەرکۆماری وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو ١٨٨٢/١/٣٠ لەهایدپارکی نیۆیۆرك لەدایك بووە، لەڕەچەڵەکدا هۆڵەندین لەساڵی ١٦٤٩ز هاتونەتە ئەمەریکا. حقوقی خوێندووە لەساڵی ١٩١٢ بۆ کۆمەڵی پیرانی نیۆیۆرك هەڵبژێردراوە. لەساڵی ١٩٢٨بۆ حکومداری نیۆیۆرك‌و لە ١٩٣٢ بوو بەسەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە ١٩٣٦دا دیسان هەڵبژێردرا تاساڵی ١٩٤١ز[١٢٥].

٤٥)- دراو[١٢٦] : (Money)

(لەپێشەوە چۆون کڕین‌و فرۆشتن کراوە پارە چی‌یە بۆداهاتوو)

لەزەمانی پێشوودا شت کڕین‌و فرۆشتن بەگۆڕینەوە بووە، بەڵام گۆڕینەوە زۆر قۆرتی دروست کردبوو بۆیە بەهۆی پێشکەوتنەوە سەرەتا ئاسن‌و دوایی مس‌و زیوو دواتر زێڕ بەکارهات‌و ئێستا بۆتە دراو.

---

[١٢٤] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی ١، مارتی ١٩٤٠،ل٤٨.

[١٢٥] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧، ساڵی ١، حوزەیران ١٩٤٠، ل٤٩.

[١٢٦] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٠، ساڵی ١، ئەیلول ١٩٤٠، ل٢٤.

٤٦)- بەختیاری لەچیدایە؟ :

ئەگێڕنەوە جارێك پاشایەك زاناكانی وولاتەكەی كۆدەكاتەوەو لێیان دەپرسێ بەختیاری چی‌یە؟ لەچیدایە؟

یەكێكیان دەڵێت لەدەست ماچ كردن‌و خزمەتكردنی پاشادایە، پاشا دەڵێ چاوی هەڵكۆڵن (ڕیاكارە).

یەكێكیان دەڵێت: لەدەسەڵات‌و توانادایە، پاشا دەڵی لووتی بڕن.

یەكێكیان دەڵێت: لەدەوڵەمەندیدایە، پاشا دەڵی فڕێی بدەنە دەریاوە.

یەكێكیان دەڵێت: لەتێرخواردندایە، پاشا دەڵی هێندەی دەرخوارد دەن تاشەق دەبات.

یەكێكیان دەڵێت: لەنەماندایە، پاشا دەڵێت لەناوی بەرن.

یەكێكیان دەڵێت: لەبیرولێكدانەوەی جواندایە، پاشا دەڵێ فڕێی دەنە زیندانەوە.

دوای چەند ڕۆژێك دەری دەهێنن لێی دەپرسنەوە، ئەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا تووشی ئەوكارەساتە هاتم بەڵام تائەرز ئەرزبێت‌و ئاسمان ئاسمان بێت بەختیاری هەرلەبیركردنەوەی باشدایە[١٢٧].

٤٧)- وودرۆ ویلسن:

١٨٥٦ - ١٩٢٤ لەكتێبی Great Leaders وەرگیراوە بیست‌و هەشتەمین سەرۆك كۆماری ئەمەریكا بەجۆش‌و چالاك بوو. گەورەی سەردەمی خۆی بوو. لەناوخۆیدا فەرمانی گەورە گەورەی پێك هێناوە. كوڕی پیاوێكی قەشەبوو لەفێرجینیا لەدایكبووە، دكتۆرای لەفەلسەفەدا هەبووە بەهەوڵی ئەو بوو كۆمەڵەی (پەیمانی كۆمەڵانی گەلان) پێك هات.

---

[١٢٧] گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨، ساڵی ١، تەمموزی ١٩٤٠، ل٢١.

٤٨)- پەرداخێک ئاوو دینامیتێکە:

بە موناسەبەتی بۆمبای ئەتۆمەوە (٥) ساڵ لەمەوپێش لە گۆڤاری (ئارام جیرسانیس)دا نووسرابوو:

کاتێ ئەلفرێد نۆبڵ Alfred Nibil کە نایترۆ گلیسرینی چەورو خەستی گیراوەی ئەکرد بە دینامێت، ئەیزانی کە دەستی لەگیانی خۆی شتووەو دانس لەگەڵ مردن دەکات، زانایان پێیان وایە یەك مۆلۆکوڵ ئاو بشکێنرێ هایدرۆجین و ئۆکسجینەکەی لێ جیا بکرێتەوە هێزێك پەیدا دەبێت. هێزێکی یەکجار گەورە لە یەك پەرداخدا دێتە دی، ئەوەندەی ئەو هێزەیە (٤٨٠٠) تەن خەڵووز پەیدای ئەکات..

٤٩) چۆن مانگرتنەکە بەئاشتی بڕایەوە؟

لەشاری ناپۆلی لە ئیتالیا هەموو مانیان گرت، بەمە هاتووچۆ وەستا، کۆمەڵێ مانگرتووان لە مەیدانی (سەرکەوتن) لە ڕۆڵەکانی ناپۆلی بەرووخۆشی مانیان گرت، پۆلیس بە جل وبەرگەکانیانەوە، دەستەیەك سەرباز بەسەرکردەیی ئەفسەرێکی جوانەوە تەماشایان دەکرد، نوێنەری کۆمپانیای (نزام) نەڕاندی بەسەر مانگرتووەکان کە ڕێگا بەربدەن، بەڵام بێ سوود بوو. بەڵام مانگرتنەکە بەئاشتی کۆتایی هات.(١٢٨)

(١٢٨) گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ٦، ساڵی ٩ حوزەیرانی ١٩٤٨، ل٤٧-٥١.

٥٠) ژان ژاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨ز:

نیوەی خراپی و هەموو چاکی دنیای تازە ناوبەناو سەپێنراوە بەسەر (ژان ژاك ڕۆسۆ)دا، هە بەڕاستیش زۆری بزووتنەوەی -شعاراتی- سەدو پەنجا سالی ڕابردوو ئەگەرچی دەستکردی ڕۆسۆ نین، بەلام مۆری ئەویان پێوەیە، لەجنێف لەدایك بووەو باوكی سەعات چی بوو نووسەرێكی ناسراوی گاڵتەوگەپ بوو، ڕۆمان و داستانی زۆری نووسیبوو، جۆرە نووسینێكی تازەی داهێنا، ڕمانتیسیزمی بوژاندەوە.

٥١) یۆگۆسلافیاو دەستوری تازە:

وولاتێكە لەگوێ دەریای ئەدریاتیك گەورەیی بەر لەشەڕ ٩٥,٠٠٠كمو دانیشتوانی ١٣,٩٠٠,٠٠٠كەسە (٦ ملیۆن صرب)و (٤ ملیۆن كروات)و (٥٥٠ هەزار) كەس هەنگاری و (٣٠٠ هەزار) كەس ئەلبان نەژادن لە سالی ١٩٤١ ئەلمانیا داگیری كرد دەستورەكەیان لەگەل هی زۆر وولاتی تر جیاوازە، بەپێی ئەو دەستورە لەهەر فەرمانگەیەكدا یەك سەرۆك و شەش جێگرو ٢٩ ئەندامیان هەیە. هەموو كەس سەربەستە لەئایین و بیرو باوەڕیش كلێسە لەدەولەت جیایە هەموو بێگانەیەك ئەتوانێ پەنابەرێتە بەر یۆگۆسلافیا.

٥٢) یەكە قارەمانی چین:

چیان كای شەك Chiang Kai Shek مارشال و سەركردەیەكی نیشتمان پەروەری چینە لەسالی ١٨٨٨ز لە ڤەنگۆ Fenghua لەدایك بووە چیانگ لەهەموو شۆڕشەكانی ١٩١١، ١٩١٢، ١٩١٧زی چینا دەستی بووەو ئیشی تیا كردووە لەسالی ١٩١٧ - ١٩٢٢ یەكێ بوو لەئەركان حەربیەكانی (سەن یات سین)لە ١٩٢٣دا چووە ئەكادیمی سەربازی مۆسكۆ لە ١٩٢٤دا

گەڕایەوە ئەکادیمیای چینی سەربازی لەدوای مردنی (سەن یات سین) کرا بەسەرکردەی (کومن تانگ)بەیارمەتی کۆمۆنیستەکان واتە بوو بەگەورەی هەموو جەنەڕاڵەکان لە The Punguin Political Dictionary وەرگیراوە[129].

٥٣) بروسیا چۆن بەرز بووە؟

لەئەڵمانیا سێ پیاو هەوڵو تەقەلایەکی زۆریان دا، توانیان ڕێگەیەك بکەنەوە بۆ یەکێتی ئەڵمانیا ئەمانە بوون (بسمارك، مولتك، ڕەوون)[130].

◈ ◈ ◈

(١٢٩) گۆڤاری گەلاوێژ (٤)، ساڵی (١) مارت ١٩٤٠ ل٤٨.

(١٣٠) گۆڤاری گەلاوێژ (٥-٦) نیسانو مایسی ساڵی١، ١٩٤٠ ل٥٧.

(نەخشەی پێناسەی وتارەکانی برایم ئەحمەد)

ئەگەر بەووردی سەرنجی ئەو (٥٣) ووتارەی پێشەوە بدەین، کەبرایم ئەحمەد نووسیوێتی و لەگۆڤاری گەلاوێژدا لەماوەی دە ساڵ دا بڵاوی کردۆتەوە. چەند ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێ:

١- برایم ئەحمەد لەزمانی ئینگلیزیدا پیاوێکی شارەزا بووە، توانیویەتی ئەو شارەزاییەی بۆ گەشەکردنی بیروباوەڕی سیاسی و ئەدەبی تەرخان بکات.

٢- هەوڵی داوە ئەو شارەزایی و زانیاریانە بگەیەنێتە خوێندەواری کوردو، گەلەکەی خۆی پێ هوشیارو شارەزا بکاتەوە.

٣- شێوەی وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوانە بردووە بەڕێوە، تام و چێژی ووتارەکان و بیروڕاکانی بەووردی و جوانی گەیاندووە.

٤- زیاتر هەوڵی داوە شانبەشانی زانیاری گشتی بابەتی فیکری و سیاسی و نیشتمانی و پێشکەوتن خوازی بڵاوبکاتەوە.

٥- مەبەستی بووە پیاوە ناودارەکانی دونیا بەخوێندەواری کورد بناسێنێ.

٦- لەخوێندنەوەی ئەو ووتارانەدا دیارە هەوڵی داوە گرێکوێرەکان و بیروڕاکان بەجوانی بگەیەنێ و لێڵی و پەردەپۆشی تیا بەدی ناکرێ.

٧- لەهەرباخێ گوڵێك و لەهەر وولاتێك چڵێکی هەڵبژاردووە.

٨- لەبەرئەوەی برایم ئەحمەد پیاوێکی سیاسی بووە بەدرێژایی و بەردەوامی ئەو حەفتا ساڵەی ژیانی ئەدەبی و سیاسی بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدونان و ئاوارەیی کەوتووە لەمەیدانەکاندا لەململانێدا بووە، بۆیە دەبینین کەم کەس لەنووسەران توانیبێتی باسی شیعرو چیرۆک و وەرگێڕانەکانی بکات هەرلەبەرئەوەشە چونکە نووسینەکانی لەعێراقدا یاساغ و قەدەغە کرابوون خۆئەگەر باسیش کرابن لێکۆڵینەوەی زۆر کەم و بەرتەسکیان لەسەرکراوە، یان بەهێما و ڕەمز ناویان هاتووە. لەکوردستانیشدا لەو ماوە کورتانەی ئازادی بیروڕا هەبووە، بەتایبەتی ١٩٥٨- ١٩٦١ وەلەساڵی ١٩٧٠ -١٩٧٤و لەساڵی (٩٩١)ەوە تاساڵی (٢٠٠٠)کەتیایدا کۆچی دوایی کردووە کەم باس کراوە و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی نەکراوە، لەبەر ناتفاقی و دوبەرەکی و ناڕێکی ناومالی کورد، تەنها (ئومێد ئاشنا)ی نووسەری جوانەمەرگ نەبێت لەساڵی ١٩٩٦از بەرهەمەکانی برایم ئەحمەدی دووبارە چاپکردەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی بوارو دەرفەتی ئەوەی بووبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات....

٩- وەرگێڕاوەکان هەمەچەشن و هەمەڕەنگ و هەمە بیروباوەڕن و هەمە بۆچوون و زانیاری تیا ڕەنگی‌داوەتەوە .. لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست.. کێشە و قەیرانی کۆمەلایەتی و ئابوری و ڕامیاری و زانستی و ژنانی لەبەرچاوگرتووە..

١٠- لەسەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا، زیاتر لە (٥٠)پەنجا ووتاری تیابلاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەچیرۆک و شیعری خۆماڵی و وەرگێڕدراو لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەبەرهەم و زاخاوی مێشکی کەلە شاعیرو چیرۆک نووسە جیهانی‌یەکانە.

ڕەنگە کەم ژمارەی (گەلاوێژ) هەبێت بەرهەمێکی (بلە)ی تیا بلاونەکرابێتەوە و تەنانەت هەندێ جاریش لەیەك ژمارەدا زیاتر لەبەرهەمێکی بلاوکردۆتەوە، بەلام ناوی خۆی نەنووسیوە، یان لەبەر سانسۆر بەڕەمز نووسیویەتی.

١١- ووتارەکان ڕەنگاوڕەنگن و بیروبۆچوونی جوداو هەمە جۆریان تیایە ... واتە دەستە گوڵە، نەك تاکە گوڵ، لەهەرباخە گوڵێکی دیارو گەشاوەی هەڵبژاردووە، گەورە پیاوانی وەك (ستالین و ناپلیۆن و مارشاڵ فۆرشیلۆڤ مۆسۆلۆنی و جەنگیز خان و چەرچڵ و هیتلەرو واشنتۆن) چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە، ژیان و کارو کردەوەکانیانی هەڵسەنگاندووە.

١٢- هەر لەو ووتارانەدا باسی حەوت بیردۆزی زانستی جیهانی وەك (گالیلۆو، لوسەرو، ڕۆسۆو، داروین، مارکس، فرۆید، ئەنیشتاین) دەکات و فەلسەفەکانیان شی‌دەکاتەوەو تیشکی خستۆتە سەر هەندێکیان.

١٣- چەندین ووتاری لەسەر چەمکی سیاسی وەك دیموکراسی و کۆمۆنیزم و فاشیزم و سۆسیالیزم و سەربەستی و ڕەگەزەکانی ئادەمیزادو سیاسەت نووسیوە.

١٤- زانیاری دەربارەی وولاتی ژاپۆن و فنلەندەو چین و تورکستان و ئوزبەکستان و ئەلبانیاو بەلقان و ژیانی دونیاو جەژنی کرێکارانی جیهان و پیاوی ڕەش پێست و کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و نەداری و هەژاری و باری تەندروستی نووسیوە.

١٥- بەکورتی و بەکرمانجی نووسینەکانی برایم ئەحمەد بەشیعرو چیرۆك و ووتارەکانی‌یەوە قوتابخانەیەکی فیکری زۆر فراوانەو لەسەردەمی خۆی ڕێنیشاندەر بووە بۆ کۆمەڵانی خەڵك لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانیاری گشتی‌یەوە.

(چەند وێنەیەك لەشیعری جیهانی[131])

(دڵی تەنیایی)

برایم ئەحمەد کردویە بەکوردی.

دیارە برایم ئەحمەد تەنها چیرۆکی چیرۆك نووس و ووتاری ووتار نووسەکانی وەرنەگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی. بەڵکو دەبینین چەندین شیعری شاعیرە گەورەکانی جیهانی وەرگێڕاوەو بڵاویکردونەتەوە بەم شێوەیە دەبینین زیاتر لە ٢٥ پارچە شیعری جیهانی کردووە بەکوردی لەوانە:

١- (دڵ بەندیەك)[132]:

پارچەیەکی شاعیری ئیتاڵی (جرازیا دیلیدا)یە پاداشتی نۆبڵی هەیە...

ئەم دوودڵی و بێئارامیە چییە واگرتوومیە ناو
ئەم بێبڕواییە چییە هەموو گیانی پڕکردووم
ئەم شێتییە چییە بیروهۆشی تەنیوم

---

[131] چەند وێنەیەك لەشیعری جیهانی - برایم ئەحمەد کردوویە بەکوردی ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا ١٩٩٦ز.

[132] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٧ ساڵی ١٠، ١٩٤٩ز.

هەروەك درندەیەكی خوێن ڕێژ درێژ دەبێتەوە بۆ ناو چەرگ و دڵم.
تادوێنێ كامەران و دڵشاد بووم، ئەی خۆشەویستەكەم، بەلام ئەمڕۆ پەست و سەرلێشێواوترین كەسم
ئاگری بێبڕوایی لە پڕ لەمێشكما كڵپەی سەند.
وەك زەهرو شەكر لە پڕ تێكەڵ بەخوێنم بوو
مەترسییەكی پڕ لەبێئارامی و سەرسامی و دوودڵی لەناكاو تێكەڵاوی ئێسقانەكانم
بوو وەپاڵاوتەكەی هەموو مژی ....

لەكۆتاییدا بەم شێوەیە دەدوێ
ئەگینا تۆش دەكوژم و خۆشم، ئاوایە خۆشەویستی من، ئاوایە دڵداری بەندەیەكی غیرەت كوێر كردوو، بەربەرەكانی مەكە و خۆت بپارێزە و لەتۆڵەسەندن ئەی خۆشەویستەكەم بزانە كەغیرەت شێتییە، پیاوی شێتیش لەهیچ ناسڵەمێتەوە لەهیچ هۆناكاتەوە مەترسی نازانێ چییە؟.

٢- (دوای مردن) (١٣٣)

شاعیری ئەرمەنی گریگۆر واهانیان:
دیم لەخەوما مردبووم
بودا - ی خوای گیان گۆڕین دەرپەڕی لێم و ووتی:
لەچ وێنەیەكدا دەتەوێ زیندووت كەمەوە؟!
سەربەستی كردم لەمیانی سێ وێنەدا، ئەستێرەو فریشتە و گوڵ.

(١٣٣) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٨) ساڵی نۆیەم ئابی ١٩٤٨ز ل ٤٧.

وەرامم دایەوە: من هیچ کامیانم گەرەك نیە...
لێی پاڕامەوە کەلەسەرمێزی دڵدارەکەم دانرێت چاوم لێبوو خۆشەویستەکەم

گرتمی بەدەستە ناسکەکانیەوە، بەڵام داخی بەجەرگم هەربردمی بۆدەمی و نەیبردم ڕۆژانی جارانمانی کەوتەوەبیر کەوا پێکەوە بەم پیاڵەیە ئەمان خواردەوە

گری یادگاری بڵێسەی سەند پیاڵەکەی بەرزکردەوەو بەتوند دای بەزەویدا پیاڵەکە ووردوخاش بوو تۆزقاڵێکی لێ هەڵبەزیەوە کەوتە ژێر پێی خۆشەویستەکەم ئەو تۆزقاڵە بچوکە دڵم بوو... ..!.

٣- بەفری (دیسەمبەر)[١٣٤]:

سێر ئەرسەر کونان دویل (١٨٥٩ - ١٩٣٠ن)

دیسانەوە گوڵ گەیشتەوە (دیسەمبەر)
خونچەی کەستانە سەرلەنوێ گەشایەوە.
بەڵام گیانە هەموو بەهارەکانی بەسەرچوون،
ئیتر من و تۆ هەرچلەی زستانمانە،
لەوەوە ئێمە گوڵی ژیانمان چنیوە.
لەبەفری دیسەمبەر زیاتر هیچمان بۆنەماوەتەوە.

---

[١٣٤] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٣) ساڵی حەوتەم مارتی ١٩٤٦از.

بەڵام زستانیش خۆش و شیرینی خۆی هەیە
خۆشی‌یەکی لەسەرخۆتر، تەنیاو دەنگ

باکڵۆی بەفر بدا لەسەرمان،
هەرگیز گیانەکەم،
ئاگاتە دڵمان،
خۆش و دڵگیر بوون
بەهارانی گەلێ لەمەوبەر،
بەڵام لەوانیش دڵگیرتر و خۆشتر
بەفری (دیسەمبەر)

بەڵێ بەهارانی زۆر لەمەوبەر
ئەگەرچی لای من
وەکو دوێنێ بووبێت وایە.... ..

... ...تادوایی

٤- (کەهەر چار نەبێت بمرین) (١٣٥):

(کلۆد ماکی) لەئینگلیزیەوە.

کەچارنەبی هەربمرین .
با ئاگامان لەخۆمان بێت وەکو بەراز نەمرین .

---

(١٣٥) گەلاوێژ ژمارە (٤) ساڵی حەوتەم نیسانی ١٩٤٦ز.

ڕادوو ئەترێینە شوێنێکی ساکاری پێدەشتەوە،
سەگی هاریش گەمارۆمان بدات

گاڵتەی بەو چارەنوسە پیسەمان بێت
کەچار نەبێت هەربمرین بامەردانە بمرین.
... ... تادوایی

٥- (دڵداری ناکەم) [١٤٢]:

هۆشی شاعیر ناوداری چین.
ئیتر دڵداری ناکەم،
چونکە دڵداری بێهێزی وپلحی و تەومزلی یە.
بەبەهار خۆم ناکوژم وەبە پاییزیش خەم ناخۆم،
باگوڵ هەربۆخۆی بگەشێتەوە یاهەڵوەرێت،
دەبا ڕۆژ گربگرێت، یابکوژێتەوە یاهەر ئاوا بێت،

من چ بەتەنگەوەم؟
دڵدار هەمیشە ستایشی ئاسمان دەکاو
بەرەنگی ڕوونیا هەڵدەدا
بەڵام من ئەمەوێ سەری کەوم،

[١٤٢] گەلاوێژ ژمارە (١١- ١٢) ساڵی ١ تشرینی یەکەم و دووەم، ١٩٤٠ ل١٧.

بۆکاری خۆم بیهێنمە ژێر بارو
لەوێوە سەیری عالەم بکەم.
بۆچی بۆکلۆڵی خۆم بلاوێمەوەو
وەك کۆیلە هەر لە پاڵەوە بگریم.

... .تاداویی.

٦- (بۆ لۆکاستا لەسەرچوونە شەڕ) [١٤٣]:

(کۆلۆنێل لەڤلیس) لەئینگلیزیەوە.

نەگیانە، پێم مەڵی دلرەق،
کەلەباوەشی گەرم و گورو سنگی نەرم و ڕوو پڕ دڵنیایی تۆوە.
باڵ ئەگرم بۆچەك و ئەفڕم، ڕوومو شەڕ
ڕاستە من ئێستا دوای یارێکی تازە دەکەوم، کەئەویش یەکەم

دوشمنە کەلەمەیدانا دێتە ڕێم.
بەباوەڕو هێزێکی زۆر تریشەوە ئەگەم بەشێرێك و ئەسپێك و

قەڵغانێکا. بەڵام بێ وەفاییە
لەوانەیە کەتۆش پێوەی بنازیت و بی پارێزی
چونکە من هەرگیز نەمتوانی تۆم ئەوەندە خۆش بوێت
شەرەفم خۆشتر نەویستایە...

[١٤٣] گەلاوێژ ژمارە (٩) ساڵی ١ ئابی ١٩٤٠ز ل ٢٣.

٧- (فەلسەفەی دڵداری) [١٤٤]:

شاعیری ئینگلیزی (پێرس پێرس شیلی).

سەرچاوە لەگەڵ زێ تێکەڵ ئەبن
زێش ئەڕژێتە ناو دەریای گەورەوە
بای ئاسمانی هەمیشە تێکەڵ
عاتیفەیەکی بەرزو خۆش ئەبێ
هیچ نی‌یە، تەنیا، لەم گەردونەدا
هەموو شت بە پێی دەستورێکی ئاسمانی
لەگیانێکدا یەك دەگرن و تێکەڵ ئەبن
من بۆ لەگەڵ تۆ نەبم؟!
بڕوانە کێوان ئاسمان ماچ ئەکەن
شە پۆل یەکتری ئەگرنە باوەش
کوڕ لەخوشکی خۆی هەرگیز نابورێت
هاتوو بەچاوی سووك تەماشای براکەی کرد
هەتاو دێ ئەرز دەگرێتە باوەش و
تریفەی مانگەشەو دەریا ماچ ئەکا
ئەم هەموو ئیشە خۆشانە چی‌دەهێنێت
ئەگەر تۆش من ماچ نەکەی؟!

[١٤٤] گەلاوێژ ماره (٣) ساڵی ١ شوباتی ١٩٤٠ز ل ٢٢.

٨- (پیاو ئەبێت، ئەچەوسێتەوە، ئەمرێت)[١٤٥]:

کەچرا ئەکوژێتەوە،
دنیا لەتاریکیدا مەلە ئەکا،
وەلەهەڵچووەکانی تەنیشتیەوە
ئەچێتەوە باوەشی خاکە دڵسۆزەکەی،
وەختێ هەور ئەڕەوێتەوە لەڕووی ئاسمان
هەروەکو بەردی بەقیمەت
کەڕەونەقی نامێنێ و
دەقەوزوقەزەحیش لەکەناری ئاسمان نامێنێ،
تۆفیش هەڵئەکا....
وەختێ کەنای دەشکێ
نەغمەی لەسەر لێو ئەمرێ
دڵیش نەغمەکانی لەبیرئەچێتەوە،
بەتەنها دەمێنێتەوە،
فرمێسک تەڕی دەکا، بەڵام
من وەختێ کەچرا کوژایەوە
وەهەموو ڕەویەوە
نای شکاو لێوبێدەنگ بوو.
من هەر بۆتۆم ئەی خۆشەویستەکەمو
دڵم لەمیحرابی دڵداریتا نوێژ ئەکا....

... ...تادوایی.

---

[١٤٥] گەلاوێژ ژمارە (٥) ساڵی ١ ١٩٤٨ز.

٩- (ئەدەبیاتی قوله ڕەش) [١٤٦]:

وەرگێڕانی برایم ئەحمەد لەئینگلیزیەوە.

لانگستۆن هیوز، شاعیری قوله ڕەشەکانی ئەمەریکا لەشیعرەکانیا نەك ئازارو هیوای هەر قوله ڕەشەکان بگرە هی هەموو ژێر دەستان و داماوانی بەرەو ڕووناکی ڕۆی و وێنه ئەگرێت:

فرمێسك پێکەنینمە، پێکەنینیش ئازارم
بگرین بۆ ئەم پێکەنینه پووچەم
ئەگەر ویستتان پێشبکەنن بەلێشاوی پەژارەم
منم قەشمەری ڕەش لیبۆکی بێدەنگی دونیا
گۆرانی‌یەکی نوێ
من بەناوی ملیۆنان قوله ڕەشەوە قسە دەکەم
کەوا هەموو ڕا پەڕیون بۆ ئیش کردن
ئەوانی تر باتۆزێك بێدەنگ بن
قسەیەکم لایە دەیکەم
شتێکم لایە ئەیبێژم
گۆرانی‌یەکم هەیە دەیلێم.

١٠- (بەردەباز) [١٤٧]:

(راج داندریج)

شاعیری بەناوبانگی قولەڕەشی ئەمەریکایی وەرگێڕانی برایم ئەحمەد لەئینگلیزیەوە.

((ڕۆڵە ئەزانی سەر سوودی چی‌یە؟

---

[١٤٦] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٥) سالّی ١٩٤٨ز.

[١٤٧] گەلاوێژ ژمارە (٩-١٠) سالّی ٨ ١٩٤٧ز.

بۆ دەربازی ڕێی ئازادی‌یە. شاعیرێکی کورد))

ئەی کاکەی ڕەش، وادیارە ژیانت لاشیرین بووەو
ئەتەوێ بەهەموو نرخێك بژیت
ئایا تەنیا ژیانی ڕووت ئەم هەموو
فیداکاری‌یە گەورانە ئەهێنێ کەتۆ ئەیکەیت؟
یان لەگۆڕ ئەترسیت وارەزا بویت؟
بەدیلی بژیت و بەدیلی بمریت.

... .تادوایی.

١١- (<u>خەونی عەبدێک</u>)[١٤٨]:

لۆنگفیلو (١٨٠٧ - ١٨٨٢ز)

لەنزیك مەرزە نەدۆڕاوەکەوە عەبدەکە لەسەر گازی پشت پاڵکەوتبوو داسەکەی بەدەستەوە بوو ئەم دیوو ئەودیوی ئەکردو بیری لەکوێرەوەری و دیلی ئەکردەوە تاخەو بەلایا خست، پێی خاوس بوو سنگی ڕووتی بەدەرەوە بوو... ... .

نیشتمانەکەی خۆی هاتە پێش چاو!
ئینجا ئاسۆی خەوی زیاتر فراوان بوو
قژە سەری وەك لبادێ لەگەڵ چەقی بوو
پەلە هەورێ بەبەر چاویا تێپەڕی لە پاشا ڕەوی‌یەوە
خۆی لەناو خێڵ و عەشرەتەکەیا دی
لەبن درەختێکا ڕاوەستابوو.

(١٤٨) گەلاوێژ ژمارە (٢) ساڵی ٧ شوباتی ١٩٤٦ز.

تاجی پاشایی لەسەرنا
گوێی لەبۆڕەی ووشترو زەڕەی کاروانەکە ئەگرت
کەبەبناری شاخەکەدا ئەهاتنە خوارەوە.

... ..تادوایی.

١٢- (خۆشەویستی نەمر)

(شکسپیر)

ئەری خۆشەویستەکەم
ئەشێ من هاوتایت بکەم
لەگەڵ ڕۆژێك لەڕۆژانی هاوین؟!
بەڕاستی تۆ شیرینتر،
هێمنترو نەرمی.
لەوڕۆژانەدا بای سەخت
خونچەی گوڵان دێنێ و دەبا.
ڕۆژگەلێ جار لەزەوی نزیك ئەکەوێتەوەو
زۆر جار خۆی ئەشارێتەوە. . . .
هەندێ جار گوڵ سیس ئەبێ و
بای دەشتەکی
لێی ئەداو ئەیبات
بەڵام هاوینی تۆ
ئەی خۆشەویستەکەم
گوڵ سیس نابێ.
هەرچەندە دوریش بخایەنێ

جگە لەوە مردن هەر ناتوانێ

شانازی بەوە بکا و

بلێ تۆ بەژێر سێبەریا ڕۆیشتوی...

... ... تادوایی.

١٣- (**هاوڕێینە**) [١٤٩]:

شیعری شاعیری بەرزی ئینگیزی (پێرس پێرس شیللی‌یە) لەئەسڵەکەیدا نووسراوە بۆ کرێکارانی سەدەی نۆزدەهەم بەڵام کەدەیخوێنیتەوە وادەزانیت ئەمڕۆ نوسراوە.

هاوڕێینە!

بۆچی زەوی ئەکێڵن،

بۆ ئەو ئاغایانەی کەوا نزمتان ئەکەنەوە؟

بۆچی وابەئەرك و لەسەرخۆ،

جلی دەوڵەکەندەکان ئەچنن

ئەوهەڵمەتە کاسیانەی بەسەرتانەوە ئەلەوەڕێن،

بۆچی ئەخۆن،

ئەپۆشن،

پاشەکەوت ئەکەن

هەرلەلانکەوە تاگۆڕ

ئەو تەوەزلانە

لەبەری ڕەنجی خەڵکی خۆرە سپلانە،

---

(١٤٩) گەلاوێژ ژمارە (١٢) ساڵی ٧ ١٩٤٦ز.

ئارەقتان لەبەر ئەبڕن،

ئەءخوێنتان ئەمژن.

لەبەرچی وەك ئەهەنگ هەوڵ ئەدەن؟

گەلێ چەك و زنجیرو قەمچی دروست ئەكەن؟

كەوا ئەم تەوەزەلە زەروانە،

بەری ڕەنجی بەزۆر هێنراوە

بەرهەمتان لێداگیرئەكەن... ...

... ... تادوایی.

١٤- (یادگار) [١٥٠]:

شاعیری ئینگلیزی (ت. مور).

گەلێ جار لەبێدەنگی شەوا،

پێش ئەوەی زنجیرەی خەمم تێئاڵێ

یادگاری خۆش خۆشی بەڕۆشنایی ڕۆژانی ڕابردوو

دڵم ئەكاتەوە.

بەزەردەخەنەو فرمێسكی دەمی منالی،

بەوتەی دڵداریانەی ئەوسا ووتراون.

بەو چاوە جوانانەی

ئەوسا پرشنگی ژیانیان لێ هەڵئەقوڵا

ئێستا لێلاییان داهاتووەو نەماون.

---

(١٥٠) گەلاوێژ ژمارە ١٢ سالی ٧ ١٩٤٦ز.

بەو دڵانەی جاران پڕ لەشادی بوون و

ئێستا شکاون

بەم جۆرە هەروا لەبێدەنگی شەوا

... ... تادوایی.

١٥- (ژیانی دڵداری) [١٥١]:

پەخشانی جبران خەلیل جبران/ وەرگێڕانی برایم ئەحمەد.

هەستە خۆشەویستەکەم

وەرە بابگەڕێین

بەکێوو کەژدا

بەفر تواوەتەوە

ژیان لەخەو هەستاوە،

بەلە نجەولار،

بەدۆڵ و دەرا دێت و ئەچێ

وەرە بەشوێنما

باشوێن پێی بەهار هەڵگرین

لەو زەوی وزارە دورانەدا

کەبەئاستەم دیارن.

وەرە باسەرکەوینە سەر

لوتکەی شاخ و

بڕوانینە لەرەی

گژوگیاو سەمای گوڵ و

چۆڵی دەشت و دەری دەورو پشتی.

... ... تادوایی

---

[١٥١] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١ ساڵی ١ ك١ ١٩٣٩ز.

١٦- (شینی ساڵ)[١٥٢]:

لەشیللی‌یەوە وەرگێڕراوە ... برایم ئەحمەد

ساتە بێبارانەکان، ساڵ مرد

وەرن و هەنسک هەڵدەن، وەرن بگرین !

ساتە دڵخۆشەکان، ئێوە لەباتی ئێمە پێبکەنن

چونکە ساڵ هەرنوستووە، نەمردووە

بڕوانن لەخەودا زەردەخەنە ئەیگری

هەروەکو گاڵتە بەم گریانە ناوەختەی ئێوە بکا

... ... تادوایی.

١٧- (پیری و جوانی)[١٥٣]:

شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی شکسپیر ١٥٦٤ - ١٦١٦ز.

پیری و جوانی خوێنەخوێن

ناتوانن بژین پێکەوە

جوانی پڕە لەخۆشی

پیری پڕە لەتاڵی

جوانی وەك بەیانی هاوینە

پیری وەك بای ساردی زستانە

جوانی وەك هاوین ئازیەتە

---

(١٥٢) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٢ ساڵی ١ ك٢ ١٩٤٠ز.

(١٥٣) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١ ساڵی ٧ ك٢ ١٩٤٦ز.

پیری وەك زستان ڕوتە
جوانی پڕ لەیاری و گەمە
پیری هەناسەی تەنگ و کەمە

... ...تادوایی

١٨- (تۆ خوایە گوڵ)

لەیۆنانییەوە وەرگێڕاوە.

کەبۆ شەونم پێ ئەکەنی و بەشەماڵا بۆنی خۆش ئەنێری
چاوەکانی لێك بنێ تاخۆی خۆش ببینی...
بەئەستێرە بڵێ:
کەشەو تابەیانی جریوەی دێ و ئێشکمان
ئەگری، هەرگیز ئاوانەبێ و نەکوژێتەوە
بەهەورە زەردباوە ئاڵتونیەکان بڵێ
کەسێبەریان بۆکردین....
لێك جوێ نەبنەوەو لەسێبەرە کانیان بێ بەشمان نەکەن
ژیان خۆشە، بەڵام داخەکەم هەموو هیوایەکی تیا نایەتەدی.

١٩- (لەمیانی دوو دڵدارا)

ڕابەند ڕانات تاگور شاعیری بەناوبانگی هیندستان

وەرگێڕ/ برایم ئەحمەد

بەئەسپایی ووتی: چاو هەڵبڕە خۆشەویستەکەم
منیش لێی تووڕەبووم و پێم ووت بڕۆ!
کەچی هیچ نەبزووت!

ڕووبەڕووم وەستاو دەستمی لەناو دەستیا هێشتەوەو ووتم!
وازم لێبێنە! بەڵام نەڕۆیشت!
ڕووی لەڕووم نزیك كردەوە منیش تەماشایەكم كرد ووتم:
چ شوورەییەكە! بەڵام نەجوڵا!
لێوی كەوت بەڕوومە تمدا لەرزیم ووتم: زۆرت لێهەڵبڕی
كەچی هیچ تەریق نەبوومەوە! گوڵێكی كرد بەقژمەوە ووتم:
بێسوود خۆت ماندوو دەكەیت! كەچی هیچ تێكنەچوو!
ملوانكە گەڵەكەی لەمل داكەندمو بردی و ڕۆی. منیش ئەگریم و لەدڵم ئە پرسم:
كوا بۆ ناگەڕێیتەوە؟

٢٠- (من و ئەو) [١٥٤]:

(رابەندرا نات تاگور)

ڕوانینە پشێویەكەت خەمگینە،
ئەیەوێ بیرم بزانێ هەروەها
مانگیش ئەیەوێ
بەقوڵایی دەریادا بچێتە خوارەوە!
تۆ هەمو ژیانم ئاگاداری،
هیچم لێت نەشاردۆتەوە،
بۆیە هیچم لێ نازانیت!
ئەگەر ژیانم گەوهەرێ بوایە
ئەمكرد بەسەد پارچەوەو

(١٥٤) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٣، ٤، ساڵی ٢، مارت و نیسانی ١٩٤١، ل١.

ئەم پارچانەم ئەهۆنیەوە
بەگەردانە بۆ ملت!
ئەگەر ژیانم گوڵێکی جوانی بچووك بوایە
بەلقەوە ئەمکردەوە
تابیدەم لەقژت!
بەڵام ژیانم دڵە،
گیانەکەم
ئینجا سنووری دڵ کامەتا؟
تۆ خۆت مەلیکی ئەم مەملەکەتەی و
سنوری ئازانی
ئەگەر دڵم هەرخۆشی بوایە
ئەمدی لەبزەیەکی بەختیاریدا
ئەگەشایەوەو ئەوسا
بەچاو تروکاندنی
ڕازی شاراوەییم بۆدەرئەکەوت...
مەگەر هەر ئازار بوایە
ئەتوایەوە
ئەبوە فرمێسکێ،
نهێنی خۆی تیا دەردەکەوت،
بەڵام دڵم
دڵداری بەخۆشەویستەکەم

... .. تادوایی

٢١- (وێنەیەک لەژیان)

وەرگێڕاوە.

بەهێزی قارەمانانە ئەو فرمێسکەی لەدڵەوە قوڵپی ئەدا لەچاوە هەنگوینەکانیانی قەتیس هێشتەوەو نیشانەی خەم و پەژارەیی ڕوی کرد بەژێر زەردەخەنەیەکی شیرینەوە. بەبێ دەنگ تفەنگەکەی دایە دەست مێردەکەی کەهەمووی دەرۆژ بەسەر ژن ومێردیانا تێنە پەڕی بوو. ئەویش بێ دەنگ لەدەستی وەرگت و کردیە شانی

لەسەری دەڕوات و لەکۆتاییدا دەڵێت:

لەدوای قسەکانی شەوێك بەتەواوی گۆڕام و هەرچی ترس تۆ بڵێیت لەدڵما نەماوە ئێستەش تەنیا بۆ ئەوە ئەگریام کەبێبەشم لەم بەهرەیەی خوا بەپیاوی داوە لەڕێی ڕزگارکردنی وڵات و سەرخستنی هەتا ئەکوژران ئیتر برۆ بەخوام سپاردن.

٢٢- (دڵداری پیرێک)[١٥٥]:

(فرانك رالف) خاوەنی ئەم قەسیدەیە ئەدیبێکی بەناوبانگی هەنگاری‌یە.

ئیتر هیوای هیچم پێی نەماوە!
هۆشم هاتۆتەوە بەرخۆم. فێربووم چۆن خۆم بەهەڵگرتنی باری
گرانی ڕۆژگار ڕابهێنم!
من بەساڵاچووم و ئەو هێشتا کچۆڵەیە!
من پیرێکی ڕەنگ زەردی دەم وچاو چرچ و لۆچ تێکەوتووی بێهێزو بێگورو پەك کەوتەم ئەویش؟

[١٥٥] گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٣، ٤ ساڵی ٢ مارت و نیسانی ١٩٤١ز ل١.

سەرچاوەیەکی ژیانە ، قوڵپ ئەدات، هەموو شتێ ئەداتە پێش خۆی هیچ نییە لەڕێیا بوەستێ!

ئەو شەپۆلێکی شادییە ، کڵپەیەکی ئارەزوو ، شۆڕشێکی خوێنی ئاگراوی گێژەڵوکەی دڵداری شێتی سەرکەشە !

لەگەڵ ئەمەشدا خۆشیویستم. چەند ڕۆژێک نەچەند هەفتەیەک. نەچەند مانگێک خۆشیویستم

دێنێ خۆشیویستم کەچی ئەمڕۆ لە پڕ ڕووی لێ وەرگێڕام !

دەسەڵاتی ئەوەم نیە تۆڵەی لێبستێنم

ناتوانم پەنجەیەکی تێوە بدەم چونکە چاکەیەکی وای لەگەڵ کردووم کەشایەنی نەبم !

عومری درێژکردمەوە، لەدوا هەواری ژیانما قووڵترین و تێرپڕترین خۆشی پێگەیاندووم بۆیە پێویستە لەسەرم بیپارێزم نەک لەعنەتی لێبکەم.

... ...تادوایی.

٢٣- (دڵداری گوڵێکە)

ئەم گۆرانیە ژاپۆنیە هی شاعیرێکی بێناوە گوایە لەدوای سەدەی (١٨ هەژدەیەم) ژیاوە.

دڵداری گوڵێکە

لەو وەختەدا من ژیانم بێهوودە بەسەربرد

داخم ناچێ ئەم گوڵە سیس بوو

سیس بوو لەوەپاش هەڵوەری و ئینجا مرد پێش ئەوەی بۆنیبکەم.

٢٤- (چاو)

جبران خەلیل جبران

ڕۆژێك چاو بەهاوڕێکانی ووت.
ئەری من لەودیوی ئەم دۆلانەوە
کێوێك ئەبینم،
ئەم ناوەی دا پۆشیوە،
ئای چ کێوێکی جوانە!
گوێ، لە دوای نەختێ گوێ لێگرتن پێی ووت!
کەواتە ئەو شاخەی تۆ ئەیبینیت ؟
من هیچ دەنگی نابیستم!
ئینجا دەست هەڵیدایە و ووتی
منیش هەرچەند ئەکەم و ئەکۆشم
هەستی پێ ناکەم
بێگومان چ چیایەك لەناواندا نییە!
ئینجا لووت پێی ووت
من ناتوانم لەمە بگەم
چۆن ئەبێ شاخ هەبێ و من بۆنی نەکەم،
شتیوا هەرنەبووە و ناشبێ.

.. .. تادوایی.

٢٥- (ژیان)

شاعیری ئینگلیزی (ا. ل. باربولد) وەرگێڕانی برایم ئەحمەد

ژیان ! من نازانم تۆ چیت
بەلام ئەوەندە ئەزانم کەمن و تۆ

ئەبێ لەیەك جوێ ببینەوە
ئینجا كەی یا چۆن،
یالەكوێ پێك ئەگەینەوە؟
ئەمانە هێشتا هەمووی لای من شاراوەن.
ژیان! ئێمە سەردەمێكی زۆر پێكەوە بووین.
لەوەختی خۆشیو شادیو
لەگەردەلولی ناخۆشیدا.
ئینجا خۆت دەزانیت
لێكبڕانی هاوڕێیانی خۆشەویست
چەند ستەمە.
بێهەناسە هەڵكێشان،
یا بێفرمێسك ڕشتن نابێت.
بۆیە زوو خۆتم لێبدەرەوە،
زۆر ئاگادارم مەكە
خۆت سەربەست بە لەكاتی وەختی
هەڵبژاردنا بەڵام هەرچۆنێك بێ
پێم مەڵێ شەوباش.
لەوەختی ڕووناك ترا
بەیانی باشێكم لێبكە.

◈ ◈ ◈

نەخشەی شیعرە وەرگێڕاوەکان

١- سێر ئەرسەر کۆنان رۆیڵ ٢-کلۆد ماکی ٣-پێریس شیللی (٣ شیعر) ٤-شکسپیر (٢شیعر) ٥-تامور ٦- ئال باربۆڵد ٧- لۆنگفیللۆ	ئینگلیزی
جوبران خەلیل جوبران	عەرەبی
١- لانگستۆن هیۆز ٢-ڕاج داندرێج	ئەمەریکی
ڕابەند رانات تاگور	هیندی
فرانك ڕاڵف	هەنگاری
گریگۆر واهانیان	ئەرمەنی
جرازیا دیلید	ئیتالی
هۆش	چینی

هەروەها شیعرێکی ژاپۆنی و شیعرێکی یۆنانی وەرگێڕاوە بەبێ ئەوەی ناوی شاعیرەکانی نوسیبێ.

دیارە زۆربەی ئەو شیعرانە شیعری ڕۆمانسین، چونکە شاعیر بۆ خۆی ئارەزووی لەوجۆرە شیعرانە بووە.

برایم ئەحمەد لەمەیدانی وەرگێڕاندا بەکەڵە پیاوی ئەدەبی کوردی دادەنرێت

بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ناوبراو.

چونکە ئەم نوسەرە کاری سیاسی گەورەو گرانی لەسەرشان بووە.

ڕابەرێکی سیاسی و سەرکردەیەکی شۆڕشی ڕزگاری بووە.ئینجا لەدەرفەتەکانیا توانیویەتی لە خوێندنەوەی ئەدەبی گەلان سوود وەربگرێت و ئەزمون پەیدابکا و لە خزمەتی ئەدەبی کوردی‌دا بەکاریان بهێنێ.

لەوماوە کەمانەی بوارو دەرفەتی بووە ، بیست‌وچوارکورتە چیرۆکی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ، کەزۆربەی ئەو چیرۆکانە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵی کوردەواری دەگونجێن‌و لەگەڵ باری‌کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەواری‌دا نزیکن. لەودەرفەتەدا دەربارەی کێشەو ململانێی پیاوە سیاسی و ئەدەبیەکانی جیهانی زیاتر لە پەنجا ووتاری وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، بۆئەوەی خوێندەواری کورد بۆمەرامی دوارۆژی خۆی، شارەزای باری ئاڵۆزو ڕوداوی جیهانی بێتو لاوی کورد دەرس و پەندی لێوە وەربگرێت.

هەر لەودەرفەتانە دەراوو دەرەتانانەدا توانیویەتی بیست‌وپێنج شاکاری شعری شاعیرە بەرزو ناودارەکانی جیهانی وەرگێڕێتە سەرزمانی دەلالو شیرینی کوردی. بەڵام لێرەدا هەست بە جیاوازییەك دەکرێ لەنێوان ئەو چیرۆك‌و ووتارانەی هەڵی بژاردوون بۆ وەرگێران لەگەڵ ئەو شیعرانەی وەری‌گێڕاون :-

لەچیرۆك‌و ووتارەکاندا پترکێشەو قەیرانی سیاسی‌و نیشتمانی‌و پێشکەوتن خوازی‌و فیداکاری‌و خۆبەخت کردنی پێوە دیارن‌و زەق بەر چاومان دەکەون.

هەروەها گەشبینی‌و ئامانجی ڕوون‌و حەتمیەتی سەرکەوتنی گەلانی مەبەست بووە.کەچی لەهەڵبژاردنی شاکاری شعری شاعیرەکاندا زۆر بە دوای ئەوەدا نەگەراوە، بەڵکو هەوڵی ئەوەی‌داوە شیعری شاعیرە هەرە ناودارو ناسراوەکانی جیهانی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

شیعرەکانیش زیاتر لەناوەڕۆکدا دەربڕی باری کۆمەڵایەتی‌و سروشتی‌و جوانی‌و خۆشەویستی‌و دڵدارین‌و کەمتر لە سیاسەت دەدوێن، تەنیا چەند شیعرێکیان نەبێت وەك

(ئەدەبیاتی قولە ڕەش، کەهەرچارنەبێت بمرین، بەردەباز، هاوڕێ ینە، وێنەیەك لەژیان) دیارە وەرگێڕ لێرەدا وویستویەتی خوێندەواری کورد بەو شاعیرەبە هرەمەندانە ئاشنابکات، کە لەدونیای ئەدەبدا شاسواری مەیدان‌و خۆشەویستی ئەدیب‌و نووسەران بوون.

لەسەردەمی (گەلاوێژ)و لەماوەی ١٠ ساڵدا زیاتر لە ١٠٠ دەقی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆك و وتاری لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و بەم کارەی خزمەتێکی فرەو گەورەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردووە.

بەشی چوارەم

ڕۆژنامەگەری و زمانەوانی

ڕۆژنامەگەری و زمانەوانی

لەبواری ڕۆژنامەگەریدا برایم ئەحمەد یاراو بەهرەو کەیف و مەیل و سەلیقەی باشی هەبووە. هەر لەسەرەتاوە، کە چووەتە زانستگا بەو نیازە چووە ببێتە خاوەن ڕۆژنامەو گۆڤارو لەو دەراو بوارەدا ئەسپی خۆی تاو بداو ناوبانگ دەربکاو ڕاژەو خزمەت بەنەتەوەکەی بکا.. بۆیە دەبینین لەماوەی ژیانیدا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری بەزمانی کوردیو عەرەبی دەرکردووەو لەوانە:

گۆڤاری (گەلاوێژ) لە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ز.

ڕۆژنامەی (خەبات) لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦١ز.

ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ساڵی ١٩٦١ز.

گۆڤاری (چریکەی کوردستان) لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٥ز.

گۆڤاری (صرخه کردستان) لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٦ز.

◈ ◈ ◈

(٦)

گۆڤاری گەلاوێژ

برایم ئەحمەد یەکێك بووە لەو سوارچاك و شۆڕەسوارە گوردو چاپوکانەی ئەدەبی کوردی، کە ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەدان پێنانی[١٥٦] خۆی، بۆیە چووەتە کۆلێجی یاسا بۆ خوێندن تاوەکو بتوانێ دوای تەواوکردنی کۆلێج ڕێگای پێ بدرێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی مانگانە بەزمانی کوردی دەربکات..

وەك ئاشکرایە لەو سەردەمانەدا هەرکەسێك پارێزەر نەبووایە، مافی ئەوەی نەبوو ڕۆژنامە یان گۆڤار دەربکات. جا ئەمیش چونکە تامەزرۆو شەیدای ئەو ئاوات و ئامانجە بووە، چۆتە کۆلێجی یاسا. لە ساڵی ١٩٣٧ز کە لەکۆلێجی ماف دەرچووەو بووەتە پارێزەر لە سلێمانی هەوڵی ئەوەی داوە ڕێگای پێ بدرێت ئەو ئەرکە بەجێ بهێنێت. بۆ ئەو ویست و مەبەستە زۆر ئەرکی کێشاوەو لەو پێناوەدا زۆر کەس هاریکاری کردووە، لەوانە: (محەمەد باشقە) کە کوردێکی فەیلی بووەو کاربەدەست بووە لە وەزارەتی ناوخۆ، کەچی گەلێك کەسیش لە کاربەدەستانی میری هەوڵیان داوە کۆسپ و تەگەرە بهێننە ڕێگای. عەبدولڕەزاق بیمار لە کتێبی (پەخشانی کوردی)دا[١٥٧] دەڵێت:

---

[١٥٦] فاکسی تایبەتی بۆ نووسەری ئەو کتێبە ناردووە لەو بارەیەوە لە ١٩٩٩/١١/٢٥

[١٥٧] پەخشانی کوردی- عەبدولڕەزاق بیمار، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوە، ژ ٣١٤،ل٨٢،٨٣.

((بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانییەوە ماوە ی سەرهەڵدانی چاکتر بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی هەڵکەوت و ڕوناکبیرو نیشتمان پەروەرانی کورد لەو مەیدانەدا چالاکی باشیان نواندو نموونەی هەرە گەشی ڕۆژنامەنووسی پاش شەڕەکە گۆڤاری (گەلاوێژ)ە کە لەساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ ژیاوەو (١١٦) ژمارەی لێ دەرچووە، جگە لە کۆششی ئەم گۆڤارە لەبواری ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا نوێنەرێکی دانای بزووتنەوەی کوردییش بووە)).

لە ئەنجامدا لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ بەهاوکاری چەند ڕۆشنبیرو شاعیرێک و بەتایبەتی گۆران داوای ڕێگەپێدانی کرد بۆ دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی (گەلاوێژ)ەوە، ئەوەبوو ڕێگای پێدرا.

دوای هەوڵێکی زۆر توانی ژمارە یەکی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەربکات و بڵاوی بکاتەوە.

لەو ژمارەیەدا کەبە پێنووسی خۆی (بلە) نووسراوە، ئامانجی گۆڤارەکەی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دیاری کردووە:

١- مەبەست لەدەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ پێشکەوتنی زمانی کوردییە.

٢- ئاواتی گۆڤارەکە پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی و ژیانەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆری ئەدەبی کوردییە[١٥٨].

(١٥٨) گۆڤاری گەلاوێژ ژ١، ك١، ساڵی ١٩٣٩.

جا گۆڤارێك ئەو ئامانجە پیرۆزانە ئاوات و بەرنامەی كاری ڕۆژانەی بێت، كە هەر ئەوانەش ئامانجی سەرپاكی مرۆڤێكی نیشتمانپەروەرو نەتەوە پەرست و ئینسان دۆستان بن، دیارە بەرو بەرهەمێكی بە بەرەكەتی دەبێ.

لاوێكی كورد لە بنەماڵەیەكی هەژار لەتەمەنی بیست و چوار ساڵیدا دەست بداتە ئەو پرۆژە گەورەو خزمەتگوزارییە بەتایبەت لەكات و سات و سەردەمێكدا كە دنیا تووشی ئاڵۆزی و شەڕو شیوەنێكی زۆر هاتبوو، دیارە كارێكی بەرزو پیرۆزە.

لەو سەردەمەدا لاوان و خوێندكارو قوتابیان و ڕۆشنبیرانی كورد دەستیان كردبوو بە جموجۆڵی سیاسی و چاپكردن و بڵاوكردنەوەی كتێب و نا میلكە بەزمانی كوردی. لە ١٩٣٠/٥/٣٠ لەلایەن دەستەیەك لەكوردە ڕۆشنبیرەكانی بەغداوە (یانەی سەركەوتنی كوردی) دامەزرا.[(١٥٩)]

دوای هەڵبژاردن ئەركی یانەكەیان گرتە ئەستۆ، لەوانە (ئیبراهیم حەیدەری، ئەمین زەكی بەگ، مەحموود جەودەت، عەبدوڵا لوتفی، ئەحمەد ئاغای كەركوكی و پارێزەر عارف پشدەری).[(١٦٠) (١٦١) (١٦٢)]

هەر لەو سەردەمەدا دامەزراندنی ئەحزابی سیاسی كوردی وەك (پێشكەوتن) و دواتر حزبی (هیوا) كە بنكە سەرەكیەكەی لە هەولێر بوو.[(١٦٣)]

هەروەها بارودۆخی سیاسی عێراق بەگشتی و سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لە عێراقدا لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانیدا..

---

(١٥٩) گۆڤاری ڕەنگین، ژ٩، تەمووزی ١٩٨٨، ل٦، چاوپێكەوتن لەگەڵ قادر قەزاز.

(١٦٠) ڕۆژنامەی ژیان،ژ٢٤١، ٢٩/مایس/١٩٣٠، ل٢.

(١٦١) ڕۆژنامەی ژیان،ژ٢٤٣، ٥/حوزەیران/١٩٣٠، ل١.

(١٦٢) غەفووری میرزا كەریم (یادگاری لاوان و دیاری لاوان)، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد- بەغدا- ١٩٧٨، ل١٠.

(١٦٣) جعفر عباس حمیدی (التطورات السیاسیة في العراق)- رسالة ماجستیر من جامعة بغداد، ١٩٧٦.

هەموو ئەمانە كاریان كردبووە سەر لاوان و ڕۆشنبیران بۆ خۆڕێكخستن و كۆڕو كۆبوونەوە بەستن لەگەڵ یەكتردا.

ئینجا دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژیان) لەسلێمانی لەلایەن پیرەمێردەوە..

ئەو فاكتەرانە بەگشتی هاندەرێكی باش بوون بۆ برایم ئەحمەدو هاوكارەكانی بۆ دەرهێنانی گۆڤاری گەلاوێژ بەهەر نرخێك بێت.

هەرچەندە ناوبراو باری ماڵی زۆر خراپ بوو، پارەو پولی نەبوو، ژمارەكانی سەرەتای بەقەرزو قۆڵەو یارمەتی چەند دەوڵەمەندێكی كورد لەبەغدا دەركرد.

لە ژمارە یەكی گۆڤاری گەلاوێژدا، لەسەروتارەكەیدا بەپێنووسی برایم ئەحمەد نووسراوە: ((هیچ گومان نابەم كە هەمووتان وەكو من سەرشۆڕ ئەكەن، وەشەرمەزار ئەبن كە بەڕێكەوت یا بە پرسیاری بێگانەیەك دێتەوە بیرتان كە لەسەردەمی ڕوناكی و خوێندن و زانیندا، لەم پلە بەرزەدا كە شارستانیەتی گەیشتۆتیٚ لە ڕووی زەمیندا گۆڤارێكی كوردی نییە)).[١٦٤]

هەروەها لەو ژمارەیەدا دەنووسێت: (نەكەس لەپڕیٚ ئەبیٚ بەكوڕیٚو نە ئێمەش بەگەورەیی و پۆشتەیی و خوێندەواری لەدایك بووین، هەموو شتیٚ لەسەرەتادا كەم و زۆر ناتەواوی و كەم و كورتی تیا ئەبیٚ، بۆیە نابیٚ كتوپڕ لە گەلاوێژ زویر بن و فڕیٚی دەنە لاوە).

دیارە بۆ دەركردنی گۆڤاری گەلاوێژ برایم ئەحمەد پەیوەندی بە ڕۆشنبیرو شاعیرو نووسەرانی كوردەوە كردووە، كە هاوكاری بكەن، لەوانە:

محەمەد ئەمین زەكی بەگ، تۆفیق وەهبی، بابا عەلی، عەلی كەمال، ڕەشید نەجیب، حامید فەرەج و عەبدوڵا گۆرانی شاعیر..

---

[١٦٤] سەروتاری ژمارە١، گۆڤاری گەلاوێژ، ك٢ ی ١٩٣٩، ل١.

ئەوانیش بەڵێنیان داوە هاوکاری بکەن و بەرهەمە ڕەنگینەکانیان بۆ گۆڤارەکە بنێرن.

کەواتە لەسەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەوە، ئامانج و ڕێڕەوی خۆی دیاری و دەستنیشان کردووە. لەلایەن بەرپرسیارو سەرپەرشتی گۆڤارەکەوە، بەرنامەی خۆی دارشتووە، ئەویش خزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی و فۆلکلۆری کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوایەتی و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بووە.

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە، شەڕی دووەمی جیهانی بەرپا بوو. لە (٥)ی ئەیلولی ١٩٣٩ز عێراق پەیوەندی دیپلۆماسی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیا پچڕاند، دوای ئەوە (ئیعلانی ئەحکامی عورفی کرد) و گەلی عێراق تووشی نەهامەتی و نەبوونی و هەژاری و نەداری هات.

عێراق کە لایەنگری هاوپەیمانان (الحلفاء) بوو، خۆی کرد بەلایەنگر لەو شەڕە ماڵ وێرانکەرەدا.

لەلایەکی ترەوە ژیان و گوزەرانی خەڵك تا دەهات زیاتر بەرەو خراپی و قات و قڕی دەچوو.

باری سیاسی وڵات ئاڵۆزی تێکەوت، کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق بەبڕوبیانووی شەڕەوە هەموو ئازادییەکیان لەخەڵك قەدەغە کرد.

لە ڕۆژانی شەڕدا بانگەوازی ناڕەزایی لەدژی فاشیزم لەلایەن لایەنگرانی هێزە ئازادیخوازو دیموکراتخوازەکان لە هەموو کون و قوژبنێکی عێراقەوە بەرز بووە.

خەڵکی عێراق چاویان کرایەوە و ئاستی سیاسییان بەرز بووەو هەستی نەتەوایەتی گەشەی کردو بیرو باوەڕی سیاسی پێشکەتنخواز زیاتر دزەی کردو چووە ناو ڕیزەکانی میللەتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ لەو مەیدانەدا ڕۆڵی گرنگی گێڕا، دەنگ‌وباسی شەڕو ئامانجی کۆمەڵانی خەڵك لە ئازادیو دیموکراتیو خۆشگوزەرانی زیاتر بەرەو پێشەوە تەکانی دا. ڕیسواکردنی بەرەی فاشیزمو سەرکەوتنی بەرەی گەلو دیموکراتی پتر لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا جێگای خۆی کردەوە. درِی بەتاریکی شەوەزەنگی فاشیزم داو جێگای پیٚ چۆڵ کرد..

گۆڤاری گەلاوێژ توانی خۆی بکا بەزمانحاڵی خەڵکی کوردستان لە دەربڕینی هەستو هۆشی ئەوانو خستنە ڕووی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

لەمانگی مایسی ١٩٤١ز دا لە گەرمەی شەڕی جیهانیدا، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لەعێراقدا گرو کڵپەی سەند دژ بە ئینگلیزەکان.[١٦٥]

ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە لەدژی داگیرکەری بەریتانی لە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆزو نالەباردا بەرپا بوو، حکومەتی بەریتانی عوزما ئەم بزوتنەوەیەی قۆستەوە، لە ٢ی مایسی هەمان ساڵدا سوپای ئینگلیز پەلاماری سوپای عێراقی داو شەڕ لەنێوان هەردوو لادا هەڵگیرسا، میللەتی عێراق لەهەموو لایەکەوە پشتگیری لەسوپاکەی خۆی کرد بەسەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی لەدژی داگیرکەری ئینگلیز. کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی خۆمان بەپیاوانی ئایینیو خوێندکارو لاوانو ژنو چینەجیاجیاکانەوە پشتگیریو پشتیوانی خۆیان دەربڕی بۆ بەرگری لە سوپای عێراق لەدژی داگیرکەری ئینگلیز.[١٦٦]

---

(١٦٥) السيد عبدالرزاق الحسيني، الاسرار الخفية في حوادث سنة ١٩٤١م التحررية، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٨٥م، ص١٢٣.

(١٦٦) دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لاپەڕەیەکی ون لەمێژووی خەباتی شێخ مەحمود دەربارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر ڕاپەڕینی ١٩٤١ز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، ئازاری ١٩٨٩ز، ل١٦٢.

بەڵام ڕاپەڕینەکە لەبەر چەندین هۆی جیاجیا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ..

گۆڤاری گەلاوێژ تروسکەی ڕۆشنبیری خۆی لێکرابوو بە پوختەی هەڵبژاردەی ڕاو بۆچوونی شارەزا و پسپۆڕانی بێگانە سەبارەت بەچاکەو خراپەی شەڕ بەنسبەت کوردەوە لەسەر لاپەڕەکانیدا..

بۆ ئەوەی خوێندەواری کورد ئاگاداری بیروبۆچوونی زانایانی ئەو سەردەمە بن لەبارەی شەڕی دووەمی جیهانییەوە.(١٦٧)

گەلاوێژ هەوڵی زۆرداوە خوێندەواری کورد هانبدا بۆ ئەوەی ڕێگای ئازادیو سەربەستی خاكو نیشتمان بگرنەبەر.. هەر لەبارەی سەربەستییەوە:

((ئەی سەربەستی دەوەرە ڕزگارمان کە..!! لە ئەزەلەوە تا ئێستا هەر لەشەوداین، نازانین کەی ڕۆژ ئەبێتەوە..تاد))

هەر لەوەسفی سەربەستیدا ئەم شیعرەی دڵزاری بڵاوکردووەتەوە:

لەناو باغی ژیان هەردەم گوڵێکی سوورە سەربەستی
لەناو گشت کۆمەڵی عالەم بڵێسەی دوورە سەربەستی

لەئاسمانی سەعادەتدا لەشەوق و ڕەنگ و پرشنگا
گەلاوێژی پڕ ئاوازی شەوی دەیجوورە سەربەستی

دیارە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان هەردەم ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لەڕێگای ڕۆشنکردنەوەی ڕێپیشاندانی میللەتەکەماندا، لەڕۆژانی

---

(١٦٧) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧-٨، تەمموزو ئابی ١٩٤٢، ل٣١

وەیشوومەو کارەساتەکانداو پێنووسی ڕوناکبیرو چاونەترسەکانی هەردەم لەبرەودا بووە بۆ خۆڕاگریو چاونەترسی کۆمەڵانی خەڵك بەرامبەر مەرگەسات و ئاشووبەدا. گۆڤاری گەلاوێژ بەڕاستی ڕابەرو مامۆستایەکی شارەزاو هوشیارو کارامە بوو لەمەیدانی ڕێنەوینی جەماوەردا بەرەو ئاسۆی ڕزگاریو سەربەستیو بنبڕکردنی هەژاریو نەخۆشیو نەخوێندەواریو چارەسەری دەردەکوشندەکانی کۆمەڵایەتی.

نووسەرو شاعیرە شۆڕشگێڕو چاونەترسەکانمان لەسەر لاپەڕەکانی گەلاوێژدا، بازووی ئازایەتیو چاونەترسیان لێ هەڵکردبوو بە شیعرە ئاگرینەکانیان، بەنووسینە بەهێزو بەپێزەکانیان، بەهاندانە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژ وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ لە ئاسمانی کوردەواریدا بدرەوشێتەوە.

ئەو ئەرکە پیرۆزەی گەلاوێژ لە مەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیریداو شەن و کەو کردن و هەڵسەنگاندن و بژارکردنی زمانەکەمان و توێژینەوەو ڕۆچوون، چ لە زمانداو، چ لەو چەند لا پەڕەیەی بۆ دیوانی گەلاوێژ تەرخان کرابوو.

شیعرە نایابەکانی شاعیرە کۆن و تازەکانی سەردەمی خۆی تیا بڵاودەکرانەوە، وەك شیعرەکانی مەلای جەزیریو ئەحمەدی خانیو حاجی قادری کۆییو سەیدایی هەورامیو مەولەویو بێسارانیو نالیو کوردیو سا لم و گۆران و سەلام و دڵزارو بێکەس و شوکری فەزلیو..تاد.

هەروەها گۆشەکانی (لەهەر باخێك گوڵێك)و (قسەی نەستەق)و وتارەکانی زمانەوانیو مێژووییو فیکریو ڕەخنەئامێز.. تاد..

ئەو گۆشانەی گەلاوێژو ئەو بابەتانەی تیا بڵاودەکرانەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی لەدنیای سیاسەت و جەنگ و ململانێی دژە یەکەکاندا ڕوویدا، لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە ڕوویاندا لە د ونیادا، لەگەڵ ئەو هەستە نەتەوایەتی و نیشتمانییەی لە کوردستاندا گەشەی کرد بەهۆی ئەو ڕووداوانەی سەرەوە کەباس کران، هەموو ئەمانە وەکو ئەڵقەیەکی گرێدراوو زنجیرێکی بەیەکەوە بەستراو، بوو بوون بەهەوێنی جۆشدان و درەوشانەوەو سەوزبوونی چەکەرەی بڕواو هەستی بوون و سەربەستی.

ئاشکرایە کۆمەڵگا هەڵگری هەگبەی ئاڵوگۆڕی هەڵچوون و داچوونە بەپێی گروپەکانی ناو ئەو پێکهاتەیە، کۆمەڵی کوردەواریش لەو لۆژیکە بەدەر نییە. لە کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خەڵکی ڕۆشنبیرو نووسەر لەدەوری گەلاوێژ کۆدەبوونەوەو زیاتر دەوڵەمەندیان دەکرد. بە فیکرو بیروباوەڕی خۆیان تا گەیشتنە ئەو ڕادەیەی حکومەتی داگیرکەری بەغدا خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ بگرێت و حوکمی زیندانی دوو ساڵی بەسەردا بسەپێنێ بەبیانووی کۆمۆنیستی و گۆڤاری گەلاوێژیش دابخات.

◈ ◈ ◈

سەردەمی سەرهەڵدانی گۆڤاری گەلاوێژ

((لە ساڵی ١٩٣٩ هەروەك ساڵی لەدایك بوونی گۆڤاری گەلاوێژ بوو، هەروەها ساڵی پڕ ڕوودواوو کارەساتی گەورەو گران بوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دونیا، ئەم ڕووداوانە کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕێڕەوی کاروانی گۆڤارەکە لەڕۆژانی دواییدا، بەڵگەش بابەتەکانی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەن. هەر لەو ساڵەدا حیزبی هیوا لەکوردستانی عێراق دامەزرا)). (١٦٨)

دواتر گەشەی کردو پەلی هاویشت بۆ هەموو شارەکانی کوردستان تا ساڵی ١٩٤٤ لە خەباتدا بەردەوام بوو. شەڕی دووەمی جیهانی هەر لەو ساڵەدا بەرپا بوو. هەزاران شارو دێهات کاول بوو، دەیان کێڵگەو کارگەو ڤابریقە خاپوور کران، بەهرەو توانای هەزاران لاو بەفیڕۆ چوو، ئەو شەڕە زیاتر لە شەش ساڵی خایاندو لەبەر ئەوەی عێراق پاشکۆی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو، کە ئینگلیز وەك دەوڵەتێکی شەڕکەر چووە مەیدانی شەڕەوە لە ئەیلوولی ١٩٣٩دا لەدژی ئەڵمانیا ڕاوەستا، حکومەتی عێراق پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەڵمانیا بڕی و پشتگیری و ئامادەبوونی بۆ ئینگلیز ئاشکرا کرد. ڕۆژانی شەڕ مایەی نیگەرانی و بێزاری و ناخۆشی بوون بۆ گەلی عێراق، چونکە سەربەستی و دیموکراتی قەدەغە کران و حوکمی عورفی دانرا.

(١٦٨) بڕوانە: جعفر عباس حمیدي- التطورات السیاسیة في العراق، ١٩٤١-١٩٥٢، رسالة ماجستیر في جامعة بغداد، مطبعة نعمان- النجف الاشرف ١٩٧٦، ص٢١٨-٢١٩.

گرانی و نەهامەتی دەستی پێکرد، هەموو شتێك بوو بە بیتاقە، قاتی و قڕی باڵی بەسەر وڵاتدا گرت.

لەو سەردەمی شەڕەدا ناڕەزایی لەدژی فاشیزمو بانگەوازی دیموکراسی هەستی خەڵکیان بزواند. گۆڤاری گەلاوێژ توانی سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێ، بەسەرهات و کێشەکانی ڕۆژانە بگەیەنێتە خەڵك، دەواری کوردو خەڵك بەئاگا بێنێ و هوشیاریان بکاتەوەو ناڕاستەوخۆ ئامۆژگاریان بکات بەبیروباوەڕی نەتەوایەتی و دیموکراسی و شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی و دەنگ‌وباسی چین و ژاپۆن و سۆڤیەت و هیندستان و ئینگلیستان و ئەمەریکا، ململانێ و ناکۆکییەکان، بیروباوەڕە دژ بەیەکەکانی هەمووی وەك بێلایەنێك بڵاوی دەکردەوە، چونکە گۆڤارێکی سیاسی نەبوو. ڕاستەوخۆ بێ لایەنی پیشان دەدا.[١٦٩] بەڵام لەڕاستیدا ئەو نووسینانە کاریگەری یەکجار زۆریان هەبوو لەسەر بیرو هەستی ڕۆشنبیری کوردو بوون بەلایەنگری بەرەی سۆشیالیستی و ئازادی گەلان و بەتەواوی گەلی کوردیان وریا کردەوە[١٧٠].

گەلی عێراق و سوپای عێراق لە ئینگلیز زۆر بەداخ بوون چونکە ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزیان بەهۆی نەهامەتی و کوێرەوەری و بەدبەختی خۆیان دەزانی و لە دەرفەتێك دەگەڕان عێراق لەژێر ڕکێفی ئینگلیز دەربهێنن.

شەڕی دووەمی جیهانی و کارەسات و مەرگەساتەکانی ئەو شەڕە نەگریسە بووە هۆی هەوێنی شیعری نوێی کوردی و پەخشان و وتاری خۆماڵی و وەرگێڕان..

لە ژمارەکانی گەلاوێژدا بڵاودەکرانەوە، بۆ نموونە شیعرە بەناوبانگەکەی گۆرانی لوتکە کەدەڵێت:

---

(١٦٩) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٢، ساڵی١، ك١ ١٩٤٠،ل٦٠.

(١٧٠) گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١، ساڵی١، ك١ ١٩٣٩،ل٤٩.

دیاری خوای شەڕ ڕەنجەو ئازار
مەرگی لەشکر وێرانی شار
بۆ دایك تاقانە کوشتن
بۆکۆرپەی ناز هەتیو خستن [171]

ئەم شیعرە سەرەتای بەرەو ڕیالیزم چوونی گۆرانە.

هەر لەنووسین و بابەتەکانی گەلاوێژدا باسی سەربەستی و دیموکراسی زۆری لەسەر نووسراوە بەراوردی ئەو بیروباوەڕانە کراوە کە لەشەڕەکەدا بەشدار بوون و لەگەڵ ژیانی سەرکردەکانیاندا. [172]

هەر لەباسی سەربەستی و ئازادیدا، گۆڤاری گەلاوێژ لەباسی سەربەستیدا دەیان شیعرو وتاری بڵاوکردووەتەوە، لەڕۆژانی شەڕو ئاشووبەدا، لەو کات و زەمانانەدا دەوری پێشڕەوانەی بینیوەو بووەتە چاوساغی میللەتەکەمان.

بیرو هەستی ڕوناکبیرانی خرۆشاندووە بۆ ئەوەی دەرمانی دەردی دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری بدۆزنەوە، بۆیە دەپرسێ:

((ئەگەر قەومێك شڵەژاو ئاوارەو پەرت و بڵاو بووە، چی ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو قەومە لەژێر ئەو بارە گرانەدا ڕزگاریان بێت؟)) [173].

((شەڕی جیهانی لە مایسی ١٩٤٥ بەشکاندنی ئەڵمانیای نازی و سەرکەوتنی بەرەی دژ بە فاشیزم کۆتایی هات، شکاندنەوەی شەڕ بەم بارەدا گۆڕانێکی تازەی خستە جیهانەوە. زۆر لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات وەك ئەندەنوسیاو هندستان سەربەخۆییان بەدەست هێنا، سەرکەوتنی شۆڕشی

---

[171] دیاری خوای شەڕ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٧-٨، ساڵی ٣، تەمووزو ئابی ١٩٤٢، ل٤٨.

[172] ئەو باوەڕانەی لەشەڕدان، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ٧-٨، ساڵی ٢، تەمووزو ئابی ١٩٤١،ل٦٤.

[173] گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستێر (محمد دلێر محمد ئەمین)، ئابی ١٩٨٩، ل٢٤.

چین و دروستبوونی کۆمەڵگای سۆشیالستی جیهانی بوونە پاڵپشتی بزووتنەوەی دیموکراسی لە عێراقدا.))(١٧٤)

((دوای شەڕ کاربەدەستان ناچار بوون مل بۆ داخوازییە دیموکراتییەکانی گەل کەچ بکەن و لەهەموو لایەکەوە دەنگی ئازادی بەرز بووەو نەتەوەکان چاوەڕوانی ڕۆژی ئازادی بوون)).

گۆڤاری دەنگی (گێتی تازە) کە باڵیۆزخانەی بەریتانی لەبەغدا دەری دەکرد لەژمارەیەکی دوای شەڕدا نووسیبوی:

((جەنگ بڕایەوە، حکومەتی سەرکێشی خوێن خوار کەوت و مرد، چەرخی ستەمکار وەرگەڕاوە، جارێکی تر ناسوڕێتەوە، کاتی ئەمە هات کە هەموو نەتەوەیەك بەئازادی بژین...))(١٧٥)

ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانیش هەرچەندە بەژمارە کەم و بەڕوخسار ئەدەبی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی دیاری خۆیان لەو قۆناغە مێژووییەدا گرتبوو...

حسێن عارف سەبارەت بە دەوری گەلاوێژ لەو ڕۆژانەدا دەڵێت:

((شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و بەڵام ئەم بە وشەی پاك و شەرەفمەند دەجەنگاو لەڕێگەی شیعرو چیرۆك و وتاری ڕەخنەگری و لێکۆڵینەوەو نووسینی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە چاوی خەڵکی کردەوە...))(١٧٦)

◈ ◈ ◈

(١٧٤) د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، الواقعية في الأدب الكردي، دار المكتبة العصرية.

(١٧٥) د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل٢٠٤.

(١٧٦) حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی، ١٩٢٥-١٩٦٠، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل٥٦.

هەڵسەنگاندنی گەلاوێژ لەلایەن نووسەرانی کوردو بێگانەوە

بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤاری گەلاوێژ، سوودمان لەنامەی (ماجستێری محەمەد دلێر محەمەد ئەمین) وەرگرتووە.[۱۷۷] بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان زانیوە.

١- بەپێی سەرنجی نووسەرانی بێگانە (سی. جی. ئە. ئەدمۆنس) کە ژمارەکانی بەرایی گەلاوێژی هەڵسەنگاندووە، گۆڤارەکە دوو عەیبی گەورەی هەبووە، یەکەمیان: نەبوونی لیستی ناوی بابەتەکانە لە لاپەڕەی ناوەوەی گۆڤارەکەدا. دووەمیان: ئاشکرا نەکردنی ناوی زۆر لەو نووسەرو شاعیرانەی کە بەرهەمیان تێدا بڵاوکردووەتەوە.

((گەلاوێژ ئەستێرەی هەرە گەشی ئاسمانە، میسرییە کۆنەکان بڕوایان وابوو کە مزگێنی دەری خێرو بەرەکەتە.. سروشتی ئەم سێ ژمارەیەی نوخشەیە، هیوای ئەوە ئەدا بەپیاو لە گۆڤاری گەلاوێژ ناوەکەی خۆی پێ بشێ)).[۱۷۸]

٢- پیرەمێرد لەساڵی پێنجەمی گۆڤارەکەوە تاوەکو ساڵی نۆیەمی هەموو ساڵێك بە شیعرو پەخشان ستایشی گەلاوێژی کردووە.[۱۷۹]

---

[۱۷۷] ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشە سەندنو پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستێر ماموٚستا (محەمەد دلێر محەمەد ئەمین)، ئابی ۱۹۸۹، ل۲-۲۰.

[۱۷۸] گەلاوێژ بەچاوی بێگانە، گەلاوێژ، ژمارە ۸ی ساڵی۱، تەمووزی ۱۹٤۰، ل(۱-٤).

[۱۷۹] ژمارەی گەلاوێژ لەو ساڵانەدا.

٣- (م. لۆرانس) وتارێك لەبارەی مێژووی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیەوە، باسی گەلاوێژ بەم شێوەیە دەكات:

((لە ساڵی ١٩٣٩ چەند گەنجێكی كورد لەبەغدا بەناوی گەلاوێژەوە گۆڤارێكیان دەركرد كە ئێستا لەبەرزترین گۆڤارە ئەدەبییەكانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمێردرێ))[١٨٠]

٤- عەلادین سەجادی وەك بەڕێوەبەرو بەخێوكەری گەلاوێژ دەنووسێت:

((پێی وایە لەهەموو گۆڤارو ڕۆژنامەكانی ئەو ڕۆژانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگەورەتری بزانێ))[١٨١]

وە هەر عەلادین سەجادی لەچاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەییدا بەزمانی عەرەبی:

((پێی وایە ئەگەر جارێكی تر ژمارەكانی گەلاوێژ لەچاپ بدرێنەوە، كەڵك و سوودی خۆیان دەگەیەنن بەنەوەی نوێ))[١٨٢]

٥- لەگۆڤاری (شەفەق)دا كەبەزمانی كوردیو عەرەبی لەشاری كەركوك دەردەچوو وتارێك بەزمانی عەرەبی نووسراوە بەناوی (پێشڕەوایەتی ئەدەبی نوێی كوردی)یەوە لەوێدا ڕۆڵی ئەدەبی گۆڤاری گەلاوێژ لەشەش خاڵی چڕوپڕدا باسكراوە زۆر بەكورتی ئەو بابەتە

(١٨٠) * ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ٧٧٨، لە ١٥ ئازاری ١٩٤٥، ل٢.

** گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی ٦، نیسانی ١٩٤٥،ل٢٤.\

(١٨١) بڕوانە گۆڤاری نزار، ژ٦، ساڵی١، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٨، ل٢٢.

(١٨٢) جريدة التآخی، في لقاء مع السجادي، العدد ١٤٤٩، تشرين الأول ١٩١، ص١-٧.

ئەدەبی و ڕۆشنبیریانە ژمێراون کەگۆڤارەکە پەڵی بۆ هاویشتوون لەوانە، زمان، وەرگێڕان، وتار، کورتە چیرۆك، شیعری کۆن و نوێ[١٨٣].

٦- گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) کەلەڕیزی گۆڤارە دەوڵەمەندەکانی کورد دانراوە لەووتارێکدا بەناوی (گەلاوێژ)ەوە ستایشی دەوری گۆڤاری گەلاوێژ دەکات و بەسەرچاوەی مێژوو ئەدەبی کوردی دادەنێ...[١٨٤] (عبدالجبار محمد جباری) یەکێکە لەو نوسەرانەی بایەخیان بەباس و ڕۆژنامەنووسی کوردی داوەو لەو مەیدانەدا دوو بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە تیایاندا (گۆڤاری گەلاوێژ)ی بەبەرزترین گۆڤاری زانیاری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کوردی لەقەڵەم داوە[١٨٥].

بڕوانە عبدالجبار محمد جباری - مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی چاپخانەی ژین لەسلێمانی.

٧- پرۆفیسۆر عیزالدین مستەفا ڕەسوڵ (گۆڤاری گەلاوێژ)ی بەدیارترین گۆڤاری ئەدەبی کوردی دادەنێ، چونکە توانیویەتی بەرەیەکی فراوان لەنووسەرانی کورد وێڕای جیاوازی بیروباوەڕیش لەلاپەڕەکانیدا کۆبکاتەوە[١٨٦].

٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین لەبارەی گۆڤاری گەلاوێژەوە دەڵێت:

---

[١٨٣] بڕوانە حەمەدۆك (طلائع النهضة الحديثة في الأدب الكوردي مجلة الشفق العدد ٨ آب ١٩٥٨ م، ص ١٧.

[١٨٤] بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ سلێمانی ژمارە ٥ ئابی ١٩٦٠ز ل١٣.

[١٨٥] بڕوانە عبدالجبار محمد جباری- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی.

[١٨٦] د. عزالدين مصطفى رسول - حول الصحافى الكردية مطبعة دار الجاحظ بغداد ١٩٧٣ ص ١١.

(گـەلاوێژ قوتابخانەیـەکی تایبـەت بـەخۆی لەڕۆژنامـەوانی کـوردیدا دامەزراند کەهەتا ئێستاش کاریگەری ماوە[(١٨٧)].

٩- عومـەر مـەعروف بـەرزنجی لـەبارەی گۆڤـاری گـەلاوێژەوە دەنووسێت: ((گـەلاوێژ گۆڤـارێکی مانگانـەی کوردیـە بایـەخێکی زۆر بـەزمان و ئـەدەب و سـامانی نەتەوایـەتی داوە، چـیرۆکی وەرگێڕاویـان لەسەرچاوەی عـەرەبی و ئینگلیزییـەوە بڵاودەکـردەوە، ڕۆشـنبیرەکانی بریتیبوون لە.

(بلە، عوسمان مسـتەفا، عومـەر سـاڵح خـەفاف، حـامید فـەرەج، محمـد توفیق عزیز، فایەق هوشیار، یوسف ئەمین، جەمال خفاف... [(١٨٨)]).

١٠- د.کمال مەزهەر ئەحمەد لەوەسفی گەلاوێژدا دەڵێت:

(یەکێکە لەگۆڤارە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی[(١٨٩)])

١١- (عبدالرزاق بیمار)یش دەڵێت:

(... جگـە لەکۆشـش ئـەم گۆڤـارە لـەبواری ئـەدەبیات و ڕۆشـنبیریدا نوێنەرێکی دانای بزوتنەوەی کوردیش بووە[(١٩٠)].

◈ ◈ ◈

---

(١٨٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ژمارە ٢١٥٠ لە ٢٠/٥/٢٠٠٠ ل٩.

(١٨٨) لێکۆڵینـەوە و بیبلۆگرافیـای چیرۆکی کـوردی ١٩٢٥ -١٩٦٩ز عومـەر مـەعروف بـەرزنجی چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٨ ل ٤٣.

(١٨٩) د. کەمال مەزهەر -تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا ل ٢٣٦.

(١٩٠) پەخشانی کوردی عبدالرزاق بیمار دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوە زنجیرە ژمارە ٣١٤ ل ٨٢-٨٣ ساڵی ٢٠٠٠ز.

(٢)

ڕۆژنامەی (خەبات) [١٩١]

تاشۆڕشی چواردەی گەلاوێژ سالّی ١٩٥٨ز لەعێراق ڕێگە نەدەدرا بەکورد پارتی سیاسی و یاسایی تایبەت بەخۆی هەبێت، هەروەها ڕێگەش نەدرابوو ڕۆژنامەی سیاسی ڕۆژانە یان هەفتانەی هەبێت... بەلاّم ڕێگا درابوو لەسلێمانی ڕۆژنامەی ئەدەبی دەربچێت لەلایەن پیرەمێردو نەوەکانیەوە، جاروبار لێرەولەوێ هەندێ گۆڤارو کتێب و نامیلکە بەکوردی دەردەچوون، بەلاّم بلاّوکراوەی سیاسی بۆ کورد قەدەغە بوو ڕێگای پێ نەدەدرا... .

لەدوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ ئازادی بەشێوەیەکی بەربلاّو هاتەکایەوە، برایم ئەحمەد وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لەمیری کرد مۆڵەتی پێ بدرێ ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەربکات بەناوی (ڕۆژنامەی خەبات) و بەعەرەبی (جریدة

---

[١٩١] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ -ژمارە (٢١٥١) یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٢١ ل٩ نەوشیروان مستەفا.

النضال) مۆڵەتی پێدراو ڕۆژنامەکە دواتر بوو بەزمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان[١٩٢].

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات، کەبرایم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری بوو لەڕۆژی شەممە ١٩٥٩/٤/٤ز لەبەغدا دەرچوو بەزمانی کوردی ژمارە (٦، ٧) بەعەرەبی و ژمارە (٨، ٩) بەکوردی و ژمارەکانی (١٠، ١١، ١٢) بەعەرەبی و لەژمارە (١٣) تا ژمارە (٢٤) بەزمانی کوردی‌یەو بەو شێوەیە بەکوردی و عەرەبی بەردەوام بوو تادەگاتە ژمارە (١١٢).

لەوە بەدوا تاژمارە (٤٦٢) کەدوای ئەوە داخراوە هەربەزمانی عەرەبی دەرچووە[١٩٣].

دیارە ڕۆژنامەی خەبات هەموو ڕۆژێك دەرنەچووە لەبەربێ توانایی مادی و چاپەمەنی، تەنیا ڕۆژانی شەممان و سێشەممان دەرچووە، دواتر بەبەردەوامی دەرچووە تالە ١٩٦١/٣/٢٨ز ئەوجا لەلایەن حکومەتی عبدالکریم قاسمەوە داخراوەو فەرمانی زیندانی کردنی خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرەکەی (برایم ئەحمەد) دەرچووە لەلایەن حاکمی عەسکەری گشتیەوە -ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی... لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆرجار ڕۆژنامەی تێکەڵاو لەزمانی کوردی عەرەبی یاتورکی و یافارسی دەرچووە، واتە چەند لاپەڕەیەك بەکوردی و چەند لاپەڕەیەکی تری بەزمانی ئەو دەوڵەتەی لێی دەرچووە، بەڵام ڕۆژنامەی خەبات هات و ئەو ڕێچکەیەی شکاندو ژمارەی تەواوی یان بەزمانی کوردی و یان بەزمانی عەرەبی دەردەکرد.. برایم ئەحمەد کەئیمتیازی ڕۆژنامەی کوردستانی بەکوردی بۆ دەرچوو، ئیتر خەبات هەربەزمانی عەرەبی دەردەچوو.. نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت:

---

[١٩٢] ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١ شەممە ٤ نیسانی ١٩٥٩ز ل ١.

[١٩٣] مامۆستا برایم ئەحمەد ڕۆژنامەی خەبات، نەوزاد عەلی ئەحمەد ل١٢.

(خەبات کێلێکی بەرزو دیارە لەسەر ڕێی کاروانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا بەزمانی عەرەبی لەپایتەختی عێراق دا، خاوەنی سەروەرییەکی گەورەیە لە مەیدانی داکۆکی کردنی یاساییدا لە مافە نەتەوەییەکانی کوردو لە مەیدانی داکۆکی کردنی یاساییدا لەمافە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق)).[١٩٤]

خەبات ڕۆژنامەیەکی سیاسیو ڕۆژانە بوو، خاوەنو سەرنووسەرەکەی پارێزەر بوو، لە ژمارە یەکی خەبات کە بەکوردی دەرچووە، لاپەڕەیەکی سەروتاری بلاّ وکردۆتەوە لەژێر سەرناوی (لەئامانجەکانمان)[١٩٥] تیایدا هاتووە:

((خەبات لەم ڕۆژەدا دەردەچێت بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەربڕێت، ئەو پارتییەمان کە خەباتی کۆمەلانی گەل لە کوردستانی عێراقدا ئەبات بەڕێوە، دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو دەرەبەگی، وەلە پێناو دیموکراسیو سەربەخۆیی نەتەوایەتی بۆ نەتەوەی کورد، ئەو نەتەوەیەی ئێستاش لەژێر باری زۆرو چەوساندنەوەدایە لە تورکیاو ئێرانو سوریا..

ڕاپەڕینی سەرتاپای کۆمەلانی گەلی کورد بەسەرکردەیی پارتیمان بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشی چواردەی تەمووزی نەمر، ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی لەهەموو شوێنێکدا گێژ کرد... تاد)).

هەر لەهەمان لاپەڕەدا، وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم لێدراوەو بەمانشێت نووسراوە (سلاّوی خەبات بۆ خۆشەویستی گەل).

---

[١٩٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٢١٥١، یەك شەممە، ٢٠٠٠/٥/٢١،ل٩، نەوشیروان مستەفا.

[١٩٥] ڕۆژنامەی خەبات، ژ١، سالّی ١، شەممە-١٩٥٩/٤/٤، ل١.

لەهەمان لاپەڕەدا بەخەتێکی گەورە نووسراوە (کشانەوە لەپەیمانی بەغدا، ئاواتێکی گەورەی کوردی هێنایە دی).

لەلاپەڕەی (٢)دا ئەم سەرناوانە دەخوێنیتەوە:

١- بەسەرهاتی پیلانە گوناهکارانەکەی ناسر- شەواف لە موسڵ، ڕیپۆرتاژی کاك خەسرەو تۆفیق..

٢- پەیمانی هاوکاری تەنیا بەدڵی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی نییە..

٣- لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق جەژنە پیرۆزە لەسەرۆکی قارەمان دەکەن..

هەرچی لاپەڕە ٣ یە بەیەك بابەتی گرنگ پڕ کراوەتەوە لەژێر سەرناوی (دەنگێکی ناساز، ئەبێ کپ بکرێت). لە نووسینی حەمە کەریم فەتحوڵایە.

ئەم وتارە دوورو درێژە دەربارەی پڕوپاگەندەی ناحەزانی کۆماری عێراقە لەدژی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ کە دەڵێت:

((جمهوریەت چی بۆ کورد کردووە؟))..

دیارە بەپێی بۆچوونی نووسەری وتارەکە ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن دوو گروپ یان دوو لایەنی دژ بەکۆماری عێراقن، لایەنێکیان خەڵکی سادەو ساویلکەی کوردی و دڵسۆزو بێ ئاگان، لایەنی دووەم خەڵکی بەکرێ گیراوو نۆکەری ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکانن کە شۆڕشی تەمووز لەبەرژەوەندی داون..

لاپەڕەی ٤ وتارێکی دوورو درێژەو هەموو لاپەڕەکەی گرتووەتەوەو تەواو نەبووەو لە لاپەڕی (٧)دا تەواو کراوە، کە بەپێنووسی برایم ئەحمەد خۆیەتی و لەژێر سەرناوی (بەبۆنەی یرەوەری ١٢ ساڵەی هەڵواسینی قازی محەمەدی شەهیدەوە)، هەر لەهەمان لاپەڕەدا شیعرە بەناوبانگەکەی برایم ئەحمەد (شینی پێشەوا) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بەشەهیدی سەرکردە قازی محەمەدەوە.

دیارە لەیەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەوە گرنگی تەواوی داوە بەخەباتی نەتەوایەتی لەهەموو پارچەکانی کوردستانداو ڕێڕەوی خۆی دیاری کردووە لە ڕێبازی کوردایەتی پێشکەوتنخوازەو بەرگری کردنە لەمافەکانی گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا.

لەلاپەڕ (٥)دا بەخەتێکی گەورە نووسراوە: ((مەلا مستەفای بارزانی پیرۆزبایی لەسەرۆك دەکات)). وێنەی قاسم و مەلا مستەفای بەیەکەوە لێدراوە، لەژێر وێنەیەکیان نووسراوە: (خەباتکەری نەبەزی کورد مەلا مستەفای بارزانی، بەکشانەوەمان لەپەیمانی بەغدا پیرۆزبایی لەپێشەوای وڵات ئەکات).

هەر لەلاپەڕە (٥)دا نووسراوە. (شەهیدەکانی گاورباغی لەبیر نەچوونەوە، گوناهکارانی کوشتاری گاورباغی کەلە ١٢ تەمووزی ١٩٤٦ز قەوما، سەرلەنوێ لەسەر داخوازی کرێکارانی نەوتی کەرکوك دادگایی دەکرێنەوە، باوەڕی تەواومان هەیە کە خوێنڕێژانی گەل ئەم جارە بەسزای عادیلانەی خۆیان دەگەن)، هەر لەو لاپەڕەیەدا کە لاپەڕەی لاوانە بەمانشێت نووسراوە: (ئیجازەدانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکێکە لەداخوازییەکانمان).

لاپەڕە (٦) دیسان بەمانشێتی گەورە نووسراوە: (گەلی کورد پێشمەرگەیە بۆ پاراستنی جمهوریەتی عێراق). ئەمە نامەیەکە کۆمەڵەی قوتابییە کوردەکان لەئەورووپا بڵاویان کردووەتەوە.

هەر لەلاپەڕە (٦) نووسراوە: (خەبات ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، خاوەن ئیمتیازو سەرۆك نووسین: ئیبراهیم ئەحمەدی محامی...

ناونیشان: شەقامی المتنبی.

ئابوونە لە هەموو شوێنێکی عێراق ٣٠٠٠ دینارە.

ئابوونە لەدەرەوەی عێراق ٣٥٠٠ دینارە.

دانەی بە (٢٠) فلسە.

لەچاپخانەی (النجاح) چاپکراوە.

لاپەڕە (٧) پاشماوەی لاپەڕەکانی پێشووی تیا بڵاوکراوەتەوە.

لاپەڕە (٨)یش بەتەواوی پاشماوەی سەروتارو پاشماوەی وتاری (کشانەوەی لەپەیمانی بەغدا..).

ئەگەر سەرنجی لاپەڕەکانی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی خەبات بدەین، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، لەوانە:

سەروتارەکەی ئامانجی ڕۆژنامەکەی دیاری کردووە، ڕێبازی خۆی دەرخستووە کە ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستانە لەو سەردەمەدا.

دیارە ڕێبازەکە پاراستنی کۆماری عێراقەو پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەبەو، چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردو گەشەکردن و چەسپاندنی دیموکراتیەتە لە عێراقداو داوای بەرەسمی ناسینی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستانە، بەتایبەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و جێبەجێکردنی مادده ٣ی دەستووری کاتی عێراقە کە دان بەهاوبەشی کوردو عەرەبدا دەنێت لە عێراقدا، هەروەها چارەسەری کێشەی زەوی و زارو زۆرانبازی بەرامبەر پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان و پشتگیری خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە لە تورکیاو ئێران و سوریا ...

لە خوێندنەوەی ژمارە یەکی خەباتدا هەمان ئامانج و ڕێباز بەرچاو دەکەون، کە ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانە لەو سەردەمەدا. ئەمە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵام لەڕووی ڕوخسارەوە دەبینین

هەندێك لەژمارەکانی ٨ لاپەڕەیەو هەندێکی تریان (١٠ لاپەڕەیەو بەشێکیان ١٢ لاپەڕەیە).

بۆ نموونە ژمارە (٥،٢)ی خەبات ١٠ لاپەڕەیە.

ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆری داوە بە ئەدەبی کوردیو لەزۆربەی ژمارەکانیدا چالاکی ئەدەبی بڵاوکردووەتەوە لەگەڵ شیعری شاعیرەکاندا. لە ژمارە ٥٠ بەدواوە لاپەڕەی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ ئەدەب، بەتایبەت ئەدەبی واقعیو سیاسی کوردی.

هەروەها ڕۆژنامەکە گرنگی داوە بەهەواڵو دەنگوباسی دەرەوەو ناوخۆ.

هەواڵەکانی دەرەوەی لە لاپەڕە یەکدا بڵاوکردووەتەوەو هەواڵەکانی ناوخۆی لەلاپەڕەکانی ناوەوە داناوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دیاردەی شارەزاییو ئەزمونگەری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەکە بووە...

ڕۆژنامەی خەبات و هەواڵ و دەنگوباس و ئاگاداری

ئەو هەواڵو دەنگوباسانەی کە لەپلەی یەکەمدا دێن، بەناونیشانی دیارو هەندێ جاریش بەوێنە ڕوونکراونەتەوە. بۆ کێرڤی دابەزینی هەواڵو دەنگوباس هەست دەکرێت ژمارە دوای ژمارە بەرەو پێشەوە چووبێتو زیاتر گرنگی بە دەنگوباسی سیاسیو کۆمەڵایەتی دابێت..

بۆ گرنگی دان بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

١- هەڵکردنی ئاڵای تازەی جەمهوری عێراق لەسەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەلاپەڕە یەکدا.

٢- تەلەگرافێك لە نوێنەرایەتی گشتی گۆماری عێراقەوە ئەڵێ: کە لە ١٤ی تەمموزی نەمردا لەسەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵای تازەی کۆماری عێراق هەڵکرا.(١٩٦)

٣- گفتوگۆی (ماوتسی تۆنگ)و (خرۆشۆف). پێرێ ماوتسی تۆنگ سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین، گفتوگۆیەکی دۆستانەی دوورو درێژی لەگەڵ نیکیتا خرۆشۆف سکرتێری یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی کرد.(١٩٧)

---

(١٩٦) ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٢٣، هەینی تەمووزی ١٩٥٩، ل١

(١٩٧) ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٧١، یەك شەممە، ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ل١.

٤- سێ زەماڵە بۆ خوێندنی کوردی لەو زەماڵانەی کە یەکێتی سۆڤیەت بەخشیویە بۆ قوتابیانی عێراق تەرخان کرا لەلایەن وەزارەتی زانیارییەوە بۆ خوێندنی مێژووی کوردو ئەدەبیاتی..

ئەم زەماڵانەش دەدرێن بەوانەی کە کوللیەیان تەواو کردبێت و دیارە کە لە شاری لینینگراد بخوێنن لە مەعهەدی دراساتی ڕۆژهەڵاتی، چونکە بەشێکی تایبەتی تیایە بۆ خوێندەواری کوردی...[١٩٨]

ئەو نموونانەی سەرەوە مشتێك بوون لە خەروارێك دەربارەی گرنگی دانی خەبات بە هەواڵ و دەنگوباسی دەرەوە.

◈ ◈ ◈

(١٩٨) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٩٤، سێ شەممە، ١٠ ت٢ ١٩٥٩، ل١

ماموّستا برایم ئەحمەد، ڕۆژنامەی خەبات، نەوزاد عەلی، ل٢١.

ڕۆژنامەی خەبات و ڕێبازی کوردستانیەت

دیـاره خـەبات وەك ڕۆژنامەیـەكی نەتەوایـەتی و نیشـتمانی هەڵپـەی كـردووەو بەتـەواوی كوردسـتانیەتی خـۆی سـاغ كردۆتـەوەو پـەیامی نیشتمانی و كوردستانیەتی خۆی وەك ئەركی پیرۆز بەرز ڕاگرتووە.

لەلاپەرەیـەكی ژمـاره (١٤)ی ڕۆژی ٦ی تـەممووزدا بـە مانشـێتی گـەوره نووسـراوه (نـەمری بـۆ شـەهیدانی كوردسـتان) و وێنـەو دوا نامـەی چـوار شـەهیدە قارەمانەكەی (١٩)ی حوزەیرانی سالّی ١٩٤٧ بڵاوكردووەتەوە بـە وتـارێكی بەپێزو پڕ ماناش لەسەر ژیان و خەبات و تێكۆشـانی هـەر چـوار ئەفسەرە قارەمانەكەی نووسیوەو بەتووندی هێرشی كردووەتە سەر ڕژێمـی پاشـایەتی ڕووخـاوی نۆكـەری ئیمپریـالیزمی ئینگلـیزی كـە ئـەو چـوار ئەفسەرەی لەسێدارە داوە.[١٩٩]

نامـەی شـەهیدەكان بـۆ گـەلی كورد، دوای حوكمـی لەسـێدارە دان بەیـەك سەعات نووسراوە.

لـە نامەكەدا هـاتووە: (برایـان دوژمنـی جەهالـەت بن بەهـەموو تواناتـان، شەڕی جەهالەت بكەن و دوای جەهالـەت مەكەون.. تاد). وە لـەژێرەوە نـاو و ئیمزای هەر چوار ئەفسەرەكە بە تەسەلسلی پلەو پایە نووسراوە...

عزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدولكەریم، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی ئیمزایان كردووە.

---

(١٩٩) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٤، ٦تەمووز ١٩٥٩، ساڵی١، ل١.

بڵاوکردنەوەی وێنەو نامەی ئەو چوار ئەفسەرە شەهیدە لەگەڵ وتاری خەبات دەربارەی تێکۆشانی ئەو چوار ئەفسەرە کە بەشداری شۆڕشی بارزان و دواتر لە کۆماری مەهاباد بەشدارییان کردووەو ڕۆڵی باش و بەرچاویان هەبووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەروەها لە ژمارە یەکی خەبات دەربارەی یادی شەهید بوون و لەسێدارەدانی قازی محەمەدو بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرەی بۆ لە سێدارەدانی پێشەوا نووسرابوو لەکاتی خۆی و لە گەلاوێژدا بڵاوکرابووە...

دیسان بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری تر دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو سمکۆو شێخ سەعیدو دەرسیم و ئاگری داغ و لەسەر کێشەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستانداو وەك کێشەیەکی گشتی سیاسی سەیری کردووە. گەلێ جار ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەبووە، لەژێر ناونیشانی خەباتی کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە(٢٠٠).

هەر بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر سەیری ژمارە ٢١ی خەبات بکەین، دەبینین نووسراوە: (خەباتی کوردستان بووژاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بەتورکیاوە بەستراو))(٢٠١)، لە ژمارە ٢٣ دا نووسراوە: ((خەباتی کوردستان- دەربارەی کوردستانی بەسووریاوە بەستراو)) وتارێکی دوورو درێژی نووسیوە.

(٢٠٠) مامۆستا برایم ئەحمەد، ڕۆژنامەی خەبات، نەوزاد عەلی، ل٢٣.

(٢٠١) ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٨٤، ساڵی١، چوارشەممە- ت١- ١٩٥٩، ل١.

لەلاپەڕ ٢ی ژمارە ٤٣شدا هاتووە: ((خەباتی کوردستان وێنەیەك لە خەباتی کورد لە کوردستانی بەزۆر بەستراو بەئێرانەوە))[٢٠٢]

لەم ژمارانەی خوارەوەشدا ئەو بابەتانەی دادیٚ بلاّو کردووەتەوە:

- کاربەدەستانی تاران مەدرەسەی دینیو مزگەوتێکی سووری مەهابادیان تێکدا[٢٠٣].
- ڕاوو ڕووتی کاربەدەستانی تاران بۆ خەبات هانمان دەدات.[٢٠٤]
- هەواڵی کوردستانی بەئێرانەوە بەستراو، حکومەتی تاران سەبارەت بەسەر بەستراوی بە ئیمپریالیزمەوە ولاّتی کوردستانی کردووە بەچەکخانە بۆ شەڕو شۆڕ.[٢٠٥]
- سەروتاری خەبات- کاربەدەستانی ئێران دوشمنی سەرسەختی جەمهوریەتەکەمانن.[٢٠٦]
- یارمەتیدانی کوردە پەنابەرەکانی ئەو دیوو پێویستییەکی نیشتمانییە.[٢٠٧]

بەڵیٚ بەکورتی ڕۆژنامەی خەبات بەتەواوی کورد پەرستیو کوردستان ویستی خۆی سەپاندبوو بەسەر خوێندەواری ڕۆژنامەکەدا..

◈ ◈ ◈

---

[٢٠٢] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٨٦، ساڵی١، هەینی-٣٠- ت١ -١٩٥٩، ل.

[٢٠٣] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٢١، ساڵی١، سێ شەممە-٢٨- تەمووز- ١٩٥٩، ل٢.

[٢٠٤] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٢٣، ساڵی١، هەینی-٣١-تەمموز- ١٩٥٩، ل٢.

[٢٠٥] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٤٣، ساڵی١، یەك شەممە-٢٩- ئاب- ١٩٥٩، ل٢.

[٢٠٦] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ١٠٧، ساڵی١، هەینی-٢٧- ت٢- ١٩٥٩، ل١.

[٢٠٧] ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٧١، ساڵی١، یەك شەممە-٤- ت١- ١٩٥٩، ل٢.

ڕۆژنامەی خەبات و یەکێتی ڕیزەکانی بەرەی گەل

لەڕاستیدا ڕۆژنامەی خەبات و پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسی برایم ئەحمەد لەسەردەمی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژدا هەوڵێکی بێ وچانیان دا بۆ ئەوەی هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەبەر یەك نەترازێن و ململانێی یەکتری نەکەن، تا ئەو ڕادەیەی بگاتە ئاستی خوێن ڕشتن و یەکتری کوشتن و پیلان گێڕان لەدژی یەکتر.

دیارە هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش، دوو بۆچوون لەناو پارتەکانی کۆمەڵانی خەڵك هاتە کایەوە.

<u>***یەکێکیان:***</u>

بۆچوونی حزبی شیوعی و دۆستەکانی، کە خۆیان بەخاوەنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ دەزانی بەهۆی پشتگیری هەندێك لەئەفسەرە ئازاو ئازادیخوازەکانی شۆڕش، وەك وەسفی تاهرو فازل عەباس مەهداوی و ماجد محەمەد ئەمین..تاد.

ئەمانە لەخودی سەرهەنگ عەبدولکەریم قاسم زۆر نزیك بوون.

<u>***لایەنی دووەم:***</u>

عەرەبە نەتەوە پەرستەکانی ناو سەرکردایەتی شۆڕش، وەك: عەبدولسەلام عارف و عەبدولوەهاب شەواف و ڕەفعەت حاجی سڕی و ئەحمەد سالح عەبدی و ئەفسەرە تکریتییەکانی تر، کەسەر بەحزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و بزووتنەوەی سۆشیالیستی ناسری بوون.

لەئەنجامی ناکۆکی دژە یەکەکان چەندین پیلان لەدژی ڕابەری شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ سازدرا.

لەسەرتادا عەبدولسەلام عارف ویستی قاسم بکوژێ، بەڵام سەری نەگرت، ئینجا بەعسەکان هەوڵی تیرۆرکردنی قاسمیان داو برینداریان کرد، ئەویش سەرکەوتوو نەبوو. پیلانی عەبدولوەهاب شەواف لە موسڵ بەهاوکاری میسرو سوریا، هەڵگەڕانەوەی سوپا، ئەویش سەری نەگرت. شیوعییەکان و هاوپەیمانەکانیان ئەم ڕووداوانەیان قۆستەوەو بەهەلیان زانی، کەوتنە گیانی نەیارەکانیان لە موسڵ و کەرکوك و سەدان کەسیان لێ کوشتن و لەشەقامەکان ڕایان دەکێشان. کارەساتی دڵتەزێنی وا ڕووی دا لەمێژوودا وێنەی کەم بێت. قاسم کەوتە پاشەکشەو پاشگەزبوونەوە لە پەیمان و بەڵێنەکان کە بەکۆمەڵانی خەڵکی دابوو.

لەژێرەوە دەستی خستە ناو حزبەکانەوە هانی پارچە بوون و لێکترازاندنی دەداو لەیەکتر تیژی دەکردن، بۆ خۆشی زیاتر بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەڕۆیشت.(٢٠٨)

ڕۆژنامەی خەبات هەر زوو هەستی بەو مەترسیانەی سەر کۆمارە ساواکەو میللەتە هەژارەکە دەکرد، بۆیە چەندین وتاری هوشیار کەرەوەی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوەو داوای لەپارتە سیاسییەکان کرد لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی هەمەلایەن، هەموو لایەنەکان ڕێك بکەون و ڕێگا لەپیلانی دوژمنان بگرن. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات چەند

(٢٠٨) پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا دەڵێت: ((کارەساتەکانی موسڵ و کەرکوك تەنیا شیوعیەکان و پارتییەکان نەبوون، بەڵکو خەڵکی تریش دەستی تیا هەبوو.

دروشمێکی دارِشت و بڵاوی کردەوە تاوەکو هەموو پارتە سیاسییەکان پەسەندی بکەن و لەسەری ڕێک بکەون لەژێر سەرناوی:

((لەپێناو بەستنی پەیمانێکی نیشتمانیداو ئەو قۆرتانەی دێنە ڕێی یەکێتی هێزە نیشتمانییەکان).[٢٠٩]

١- پاراستنی کۆمارە خۆشەویستەکەمان.

٢- لەسەر ڕۆیشتنی شەقامی دیموکراسی.

٣- گەشەپێدان و کەڵك لێوەرگرتنی سەرکەوتنەکانی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکەمان.

٤- ناچاری بەئاشتی پێکەوە ژیانی بیرو باوەڕە جیاجیاکان.

٥- پێویستی پارێزگاری ئاسایش و ئاشتی و دڵنیایی لەسەرانسەری کۆمارەکەمان.

٦- بەرگرتن و لەناوبردنی دوژمنەکانی دەرەوەو ژوورەوەی کۆمارەکەمان.

٧- بڕانەوەی دەمی گوا ستنەوە (فترة الانتقال) بەبەستنی پەیمانێکی نیشتمانی.

ئەم دروشمانە لە وتارێکی سێ ئەڵقەیی خەباتدا بڵاوکرانەوە. لە ژمارەکانی ٥٩، ٦٠، ٦٥دا.

جگە لەو هەڵوێستە نیشتمانی و هەست کردن بە لێپرسراوێتی مێژوویی بەرامبەر بەگەل و نیشتمان، دەبینین ڕۆژنامەی خەبات لەپێشی پێشەوەی

---

[٢٠٩] ١- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٩) ساڵی (١)، ٢٠ئەیلولی ١٩٥٩از ل١.

٢- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٠) ساڵی (١)، ٢١ ئەیلولی ١٩٥٩از ل١.

٣- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٥) ساڵی (١)، ٢٧ی ئەیلولی ١٩٥٩از ل١.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تری عێراقە، کە ڕەخنەی توندی لە ئاکارو کردەوەکانی دەسەڵاتداران گرتووەو بەرگری و داکۆکی لە ئازادییە دیموکراتییەکان و مافی مرۆڤ کردووە.

لە مانگی ئابی ١٩٦٠، دوای ئەوەی حاکمی عەسکەری عێراق.[٢١٠] کۆمەڵێك کۆت و بەندی خستە سەر ڕۆژنامەگەری لە عێراقداو هەندێ لە ڕۆژنامەکانی داخست.

ڕۆژنامەی خەبات هەر زوو هاتە دەنگ و ئەم کارەی بە پێشێلی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دایە قەڵەم و داوای کرد ئەو کۆت و زنجیرو سانسۆرانە هەڵبگیرێ و ئازادی ڕا دەربڕین دابین بکرێ بۆ هەموو لایەك.

دوای ڕۆژنامەی خەبات ئینجا ڕۆژنامەکانی تری عێراقی هاتنە وەڵام و ئەوانیش هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە دەربڕی.

ڕۆژنامەی خەبات ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لەدا مەزراندنی یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە عێراقداو لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری کە لەمانگی ئایاری ١٩٥٩ بەسترا.

(هەمزە عەبدوڵا) وەك نوێنەری ڕۆژنامەی خەبات ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، ناونیشانی لە لیستی دەستەی دا مەزرێنەری یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقدا هاتووە. کۆنگرەی یەکەمی دا مەزراندنی سەندیکا لە ١٩٥٩/٩/٧ لەهۆڵی گەلی بەغدا بەرێوەچوو وە شاعیری گەورەی عەرەب (محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری) بوو بەسەرۆکی ئەو سەندیکایە.

---

[٢١٠] نامیلکەی مامۆستا برایم ئەحمەدو ڕۆژنامەی خەبات نەوزاد عەلی ل ٢٤.

هەروەها ڕۆژنامەی خەبات گۆشەو ستوونی تایبەتی هەبووە بۆ هەندێك بابەتی گرنگ، وەك گۆشەی:

(خەباتی کوردستان)، (لەکۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕیدا)، (گۆشەی ژنان)، (گۆشەی لاوان)، (گۆشەی قوتابیان)، (کرێکاران)...

ئەم گۆشانە ناوبەناو بەپێی تواناو گونجانی بارودۆخ وتاری ڕێکوپێکی تیا بڵاودەکرایەوەو لەنووسەرە هەمیشەیی و دیارەکانی ڕۆژنامەی خەبات کە ناوی خۆیان نەدەنووسی جگە لە برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، حیلمی عەلی شەریف، عەبدولڕەحمان زەبیحی، سەید عەزیزی شەمزێنی، جەرجیس فەتحوڵا، ساڵح یوسفی و چەند کەسێکی تر بوون..

زمانی نووسین لە ڕۆژنامەی خەبات

زمان لەڕۆژنامەدا جیاوازە لە زمانی قسەکردن‌و ڕێزمان‌و زمانی ئەدەبی، زمانی ڕۆژنامە هونەرێکی تایبەتی گەرەکەو جیاوازە لە زمانی شیعرو چیرۆك‌و پەخشان، (بۆیە هەر لەکۆنەوە جیاوازی کراوە لەنێوان ئەو دوو شێوە زمانە، چونکە زمانی ڕۆژنامە هەواڵە، هەواڵیش بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی زۆرترینی خەڵك لەو ڕووداوە ئاگادار بێت‌و زانیاری سەبارەت بەو ڕووداوانە هەبێت. کەواتە ئەو زمانەی ڕووداوەکانی پێ دەنووسرێتەوە پێویستە بەشێوەیەکی سادەو ساناو بێ گریێ و گۆڵ بێت، بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵك بیخوێنێتەوەو تێی بگات).[211]

ئەوەی جێگای سەرنج‌و تێڕامانە، ڕۆژنامەی خەبات‌و خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی پیاوێکی ئەدیب بووەو نەیتوانیوە دەستبەرداری زمانی ئەدەبی بێت، دیارە زۆربەی سەروتارو بابەتە گرنگەکانی ناو ڕۆژنامەکە برایم ئەحمەد خۆی نووسیویەتی‌و شەقڵی دەستی ئەوی پێوە دیارەو شێوەی نووسینەکان ئەو شایەتییەی بۆ دەدەن. بۆیە دەبینین ڕۆژنا مەکە لەزمانی ئەدەبی ڕزگاری نەبووەو زمانی ڕۆژنامەیی بەکارنەهێناوە.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، دەتوانین چاو بەلاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا بخشێنین دەربارەی جەژنی دامەزراندنی لەشکری ڕزگاری هێنەری چین[212]،

---

[211] مامۆستا برایم ئەحمەدو ڕۆژنامەی خەبات نەوزاد علی سلێمانی ل٣٢.

[212] ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٢٤) یەك شەممە ٣/ئابی/ ١٩٥٩ ل١.

هـەروەها هـەواڵی ئەنجومـەنی خەتکێشـان- پـلان دانـان[٢١٣]- (مجلـــس التخطيــط) لـه كۆبوونـەوەی دواییدا دەربارەی زیان و ئەركی گواستنەوەی خـاووخێزانی دێهاتـەكانی (گۆمـی دوكـان) لـەپارێزگای سـلێمانی، دیـاره بەبـەراورد لەگـەڵ ڕۆژنامـــەو گۆڤــاره كوردییـــەكان و عێراقییـــەكانی ئـــەو سەردەمە، دەبینین ڕۆژنامەی خەبات هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوه ناوه لـه مـەیدانی زمـانی ڕۆژنامـــەوانی و ڕێنووســـد ا، ئـەو زمـان و ڕێنووسـەی لـه ڕۆژنامــەی خــەبات بــەكار هێــنراوه جۆرێـك لـه پێشخسـتن و ڕێكخسـتنی ڕێنووسـی پێـوه دیاره، هەوڵیش دراوه هەموو ڕۆژنامەكـه بەیـەك ڕێنـووس بنووسرێت كه ئەمه كارێكی زۆر ئیجابی بووه، چونكه تا ئێستاش ڕۆژنامه هەیه ناتوانێت لەلاپەڕه یەكەوه تادوا لاپەڕه پەیڕەوی یەك ڕێنووسی تایبەت بەخۆی بەكار بهێنێت.

◈ ◈ ◈

[٢١٣] ڕۆژنامەی خەبات ژماره (٣٣) سێ شەممه ١/ئابی/ ١٩٥٩ سالی (١) ل٦

ڕۆژنامەی خەبات و بوختانی جیابوونەوەی کورد

لەژێر سەردێڕی (جیابوونەوە درۆیەکی ئیمپریالیستییە) ڕۆژنامەی خەبات چەند وتاری نووسیوە، بەرپەرچی ئەو تۆمەتانەی داوەتەوە کە دراوەتە پاڵ میللەتی کورد کەگوایە میللەتێکی جودا خوازەو دەیەوێت لە عێراق جیا بێتەوە.[(٢١٤)]

لە خەباتی ژمارە ٩٦، سەروتارێك نووسراوە بەم شێوەیە (چەسپاندنی یەکێتی عێراق[(٢١٥)]): بۆیە پێشڕەوە دیموکراتییەکەی خەڵکی کوردستانی عێراق و هەموو دڵسۆزانی جەمهوریەتە دیموکراتیەکەمان و یەکێتی عێراق و برایەتی کوردو عەرەب بانگ ئەکات بۆ بەربەستکردنی هەموو جۆرە پروپاگەندەو بیروباوەڕێکی (تواندنەوەو تێکلاوکردن) و ڕیسواکردنی بلوێر ژەنەکانی ئەم بیروباوەڕە ڕەشە پیسە پڕ لە زەرەرانە بۆ دەسکەوتنی کوردو عەرەب و دواڕۆژی پێکەوە ژیانیان)).

خەبات داوا لەسیادەتی تاکە پێشەوا دەکات، کە هێزە نیشتمانییەکان لەدەوری پەیمانێکی نیشتمانی کۆبکاتەوە، ئەمە سەروتاری ڕۆژنامەی خەباتە ژمارە (١١١).

◈ ◈ ◈

(٢١٤) ١- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٧١ ساڵی ١ یەك شەممە ٤/تشرینی یەکەم/ ١٩٥٩ ل١.
٢- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٨٠ ساڵی ١ دووشەممە ١٩/تشرینی یەکەم/ ١٩٥٩ ل١.
٣- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٨٤ ساڵی ١ چوار شەممە /تشرینی یەکەم/ ١٩٥٩ ل١.

(٢١٥) ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٩٦) ساڵی (١) پێنج شەممە ١٢/تشرینی دووەم/١٩٥٩ ل١.

تێبینی: ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (١١١) ساڵی (١) چوارشەممە ٢/کانونی یەکەم/١٩٥٩ ل١.

خبات
النضال
جريدة يومية سياسية

عدد ١٠٢ – الجمعة ٢٠ تشرين الثاني ١٩٥٩ – الثمن ١٦ فلسا

بمناسبة مؤتمر طهران

منظمة المعاهدة المركزية تواصل سياستها المعادية للعراق والسلام العالمي

عقد قبل أيام مؤتمر رؤساء الحكومات الآسيوية الاعضاء في منظمة ال[illegible]ة المركزية – حلف بغداد المنهار – في العاصمة الايرانية ، تلك ال[illegible]مات التي تحلو لاقطابها تسميتها بالاسلامية ، وهي التي تعادي الاسلام و[illegible]تمين باضطهاد شعوبها الاسلامية والتآمر على غيرها من الشعوب الاسلامية و[illegible]كب جميع الاعمال المنافية لمبادئ الدين الاسلامي ، فضلا عن اتفاقها مع [illegible] الاوروبية الاستعمارية – غير اسلامية طبعا – ضد شعوب اسلامية في الـ[illegible] او الاتحاد السوفياتي .

من كتاب « الحركة القومية التحررية للشعب الكردي وقضيته »

بقلم الدكتور : س . ع شمزيني

تابع القصة

٣ – مؤلفات روسيا فيما قبل الثورة – والمؤلفات السوفياتية عن الاكراد .

كذلك فاننا نجد روسيا قبل ثورة اكتوبر العظمى ، كانت مهتمة اهتماما كبيرا جدا بالاكراد ، حيث طبعت ونشرت في روسيا حينذاك ، مجموعة كبيرة من المقالات والكتب عن الاكراد ، جميعها تحمل شيئا من طابع علمي وحربي . ويمكن ان ننسب الى مثل هذه المؤلفات ، الاثر السفلى تركه – فن – خانيكوف سياحته في كردستان ايران – اى . ر . ك . و – ١٨٥٢ ومؤلف محلة السياحة للجنرال تيريكوف مصنف رقم ٥٩٥٣٠ عام ١٨٤٩ الذي يبحث عن العلاقات الاجتماعية بين الاكراد في مقاطعة – خان ماكو وسلماس وصاوج بلاق – وكذلك مؤلف اخبار ومجلات ، انجودت كراف . تولاه تريفسكي اى . كى . ف اى . ا مصنف رقم ٤٦٤٦٦ عام ١٨٥٨ وعدا هذه المؤلفات . توجد اخباريات ومقالات كثيرة عن حالة كردستان ايران في النصف الاول من القرن التاسع عشر ، كما وتوجد كثير من المقالات لكل من كامساراكان ، ومنسليو . و . بانتوحوف .. الخ ، منشورة في نشرات ، الجمعية الجغرافية الروسية ، وخصوصا في مذكرات ، فرعها زقافقاسيا اى . د . كى . و . فى قفقاسيا ، من اهمها مؤلفات كارتسف ، اليزاروف ، يامو خوف ، ن . مار ، سمرنوف ، وفي الفترة الاخيرة ، واسيلف اراكيليان ، وغيرهم .

ولا ضرورة لبيان خلاصة جميع المؤلفات المطبوعة باللغة الروسية كما لاحاجة لذكر اسمائها جميعا .

وهناك بعض المقالات لها اهمية نظرا لما ورد فيها من وثائق واقعية حول العلاقات بين الاكراد ، ومن هذه المقالات ، مقالة كى . ب . كامساراكان و كارتسيف وكالوباكين وغيرهم المنشورة في مجموعة وثائق عن اسيا .

(خەبات)ی عەرەبی

ڕۆژنامەی خەبات تا ژمارە ١١٢ زۆربەی زۆری بەکوردی دەرچووە، لەو ژمارەیە بەدواوە تا ژمارە ٤٦٢ بەعەرەبی دەرچووە.

ژمارە عەرەبییەکان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ژمارە کوردییەکان نییە..

دیارە خەبات ڕەواجی باشی هەبووە لەناو کۆمەڵانی خەڵکاو بەپەرۆشەوە خوێندەوارانی کوردو عەرەب تا مەزرۆی خوێندنەوەی خەبات بوون و هەمیشە لایان لێ کردووەتەوەو بازاڕی گەرم بووەو لە هەموو ڕۆژنامەکانی تر زیاتر فرۆشراوە.

خەڵك بەتاسەو ئارەزووەوە هەموو ڕۆژێ چاوەڕێی خوێندنەوەی سەروتارەکانی ڕۆژانەی بوون و، هەر ڕۆژە بابەتێکی سیاسی نووسیوە کەبەلای خەڵکەوە زۆر گرنگ بووە. چونکە ئەو سەروتارانە تەعبیریان لەبیروبۆچوونی نەتەوەی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.

دیارە کوردیش لەهاوکێشەکەدا لایەنێکی سەرەکی بووەو هەموو لایەنەکانی تر بەبایەخەوە لەو لایەنەیان ڕوانیوە، بەتایبەتی لەو کات و دەمەدا کە عێراق لەباری (حاڵەتی) هەڵچوون و داچووندا بووە.

هەموو دنیا بەتایبەتی وڵاتە عەرەب و دراوسێکان و ئەورووپاو ئەمەریکاو بەرەی شورەوی زۆر گرنگییان بەباری عێراق داوەو بەوردی چاودێری کێشەکان و دژە یەکەکانیان کردووە.

هەر لایەك بۆ مەبەستو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیو هەرکەسە بەیاری خۆیدا گوتووە.

شورەوی دەیویست شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ تووشی شکست نەبێتو کۆماری عێراق گەشە بکاتو پایەو بنکەی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانیان لەڕەگو ریشەوە هەڵکەندریٚو جارێکی تر خۆیان نەگرنەوە.

ڕۆژئاوا بەپێچەوانەوە دەیویست شۆڕشەکە شکست بێنێتو سەرکردەکانی ببنە پەندی زەمانە، بۆ ئەوەی پڕیشك بۆ دەوروپشتی نەهاویٚ.

ئوردونو ئێرانو تورکیا زیاتر تووشی نوشوستیو ئاژاوەو ململانیٚو کێشەی ناوخۆ نەبنو گڕو کڵپەی شۆڕشی عێراق نەگاتە لایان (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە)و ڕژێمەکانیان تێكوپێك نەچێت.

گەلی عێراقیش لەناوخۆیدا تووشی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە هاتبوو، ئاژاوەو دووبەرەکیو ناتفاقی لەوپەڕیدا بوو.

گەلی عێراق بوو بوون بە دوو بەرە بەرامبەر بەیەك لە دژی یەکتر.

بەرەی نەتەوەپەرستەکانو بەرەی دیموکراتخوازەکان.

کوردیش لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا سەربەخۆیی خۆی پاراستبووو بەرگری لەمافی چارەنووسی دەکردو بەتووندی بەرپەرچی پڕوپاگەندەو بڕوبیانووی شۆڤێنییەکانی دەدایەوە، کەداوای تواندنەوەی کوردیان دەکرد لەبۆدەقەی عەرەبیدا.

ئالێرەدا ڕۆژنامەی خەبات ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینی، وەك زمانحاڵی نەتەوەیەکی زۆرلێکراوو بەشخوراو لەژێر هەڕەشەی توانەوەو چەقۆ لەسەر مل، بەوتارە بەپێزو هوشیار ئامێزو زانستیانەی خۆی، وەك زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری کوردایەتی، زۆر بەوریایی و ژیرانە بەرامبەر بە پیلانەکانی دژ بەگەلی کورد وەك شورای چین وەستابووو بەرگری لەخاکی کوردستان و نەتەوەی کورد دەکرد.

ژمارە عەرەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ـەوە لە ژمارە ١١٢ بەدواوە زیاتر لەبارەی مۆڵەت وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە نووسیویەتی و پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی شی کردووەتەوەو ئامانجەکان و ڕێبازەکەی بەخوێنەدەوارانی خۆی ئاشنا کردووە.

گۆشەیەکی بەردەوامی تایبەتی تەرخان کردبوو بۆ وەرگێڕانی (نامەی دکتۆرا)ی سەید عەزیز شەمزێنی بەناوی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان) کەلە زانکۆی لینینگراد بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرتبوو.

دەتوانین لێرەدا چەند سەروتارێك بەنموونە بهێنینەوە کەلە خەباتی عەرەبیدا نووسرابوو: (٢١٦)

((هەنگاوێکی دیموکراتی نوێ)) ژمارە ١٣٦ لە ١٩٦٠/١٢/٣

(٢١٦) مامۆستا برایم ئەحمەدو ڕۆژنامەی خەبات نەوزاد علی‌ی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠ ل٥٦-٥٧.

((ڕۆڵی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و کاریگەری گەورەی لەبەهێز کردنی کۆماری دیموکراتی و برایەتی کوردو عەرەبدا)) خەباتی ژمارە ١٣٨ لە ١٩٦٠/١٢/٥.[٢١٧]

((ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە سەرکردایەتی کردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستاندا)) ژمارە ١٤٤ لە ١٩٦٠/١٢/١٣.[٢١٨]

((دیموکراتیەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لە پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا))، ژمارە ١٥١.[٢١٩]

((سلاو بۆ چینی کرێکاران))، ژمارە ١٦٦ لە ١٩٦١/٢/٩.[٢٢٠]

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە بەمانی عەرەبی چاپ کراوە، واتە زیاتر بۆ عەرەب و عەرەب زانەکان بووە، بۆیە دەبینین سنگی لاپەڕەکانی بۆ هەواڵە عەرەبییەکان تەرخان کراوە. هەواڵەکانی کوردی کەوتووەتە لاپەڕەکانی ناوەوە، بەڵام هەواڵی زۆر گرنگ و دیاری کوردی لەلاپەڕە یەك بڵاوکراوەتەوە.

بۆ نموونە:

(٢١٧) خەبات (النضال) العدد ١٣٦ في ٣/ كانون الأول ١٩٦٠ ص١.

(٢١٨) خەبات (النضال) العدد ١٣٨ في ٥/ كانون الأول ١٩٦٠ ص١.

(٢١٩) خەبات (النضال) العدد ١٤٤ في ١٣/ كانون الأول ١٩٦٠ ص١.

(٢٢٠) خەبات (النضال) العدد ١٥١ في ٢٢/ كانون الأول ١٩٦٠ ص١.

((کوردەکانی فەیلی بروسکەیەك بۆ زەعیم دەنێرن بەبۆنەی بەخشینی جنسیەی عێراقی پێیان))، ژمارە ١٤٤. [٢٢١]

((هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی گورانی کوردی)) [٢٢٢].

((بِەستکاری کردنی یاسای نەقابەی کارمەندانی تەندروستی)) ژمارە ١٦٢ [٢٢٣].

((سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکارانی ڕۆن لە کۆڵۆمبیا)) ژمارە ١٦٦ [٢٢٤].

بەگشتی ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە عەرەبییەکاندا لەلاپەڕەیەك زیاتر هەواڵەکانی سەرەك وەزیرانی عێراق، عەبدولکەریم قاسم و زۆر جاریش وێنەی قاسمی بلاوکردووەتەوە، دوای ئەوە هەواڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، دواتریش هەواڵە جیها نییەکانی بلاوکردووەتەوە..

◈ ◈ ◈

(٢٢١) خەبات (النضال) العدد ١٤٤الأربعاء في ١٣/ كانون الثاني ١٩٦٠ ص٥.
(٢٢٢) خەبات (النضال) العدد ١٥٧ الجمعة في ٢٢/ كانون الثاني ١٩٦٠ ص٥.
(٢٢٣) خەبات (النضال) العدد ١٦٢ الخميس في ٢/ شباط/ ١٩٦١ ص٤.
(٢٢٤) خەبات (النضال) العدد ١٦٦ الثلاثاء في ٩/ شباط ١٩٦١ ص١.

ڕۆژنامەی خەبات و وەرگێڕان

ڕۆژنامەی خەبات هەر لەسەرەتاوە گرنگی بەوەرگێڕان داوە بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەکێشەی کوردەووە هەبووە، لە عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا، یان پەیوەندیان بە کۆماری عێراق و شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژەوە هەبووە، یان بابەتەکە پەیوەندی بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانەوە هەبووە، وەرگێڕان بۆ ژمارە کوردییەکان لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە زۆربەی لەلایەن برایم ئەحمەدەوە کراوە کە بۆخۆی شارەزای ئەو دوو زمانە بووەو لە کوردییشدا پاراو بووە، لە فارسیەوە بۆ کوردی عەبدولڕەحمان زەبیحی ڕۆڵی بینیوە، لەڕوسییەوە بۆ کوردی دکتۆر سەید عەزیز شەمزینی دەستێکی بالای بووە، بەلام وەرگێران بۆ ژمارە عەرەبییەکان زیاتر برایم ئەحمەدو حیلمی عەلی شەریف و جەلال تالەبانی و سەید عەزیز دەستیان هەبووە.

ئەگەر سەیری ئەو نموونانەی خوارەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرچاوەی وەرگێڕان لەکوێوە وەرگیراوە، بەلام ناوی وەرگێر نەنووسراوە، تەنیا نووسراوە تەرجەمە: خەبات، (دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاشتی) نووسینی(ئەساتۆن) وەرگێڕانی خەبات ژمارە ١٤٦ هەینی ١٩٦٠/١/١٥ ل٧، وەزۆر جار لەڕۆژنامەی (ریاتازە) و (کوردستان) بابەتی لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، خەبات ژمارە ١٣٥، هەینی ١٩٦٠/١/١ لا پەڕە ٣، تەرجەمە (خەبات) عن جریدە کردستان، العدد ١٥٠، چوار شەممە ١٩٦٠/١/٢٠، لاپەڕە ٣.

((ڕووداوەکانی بۆن قسەکانی ئەدیناوەر بەدرۆ دەخەنەوە) نووسینی (هەڕمان)، وەرگێڕانی خەبات، ژمارە ١٦٣، لاپەڕە ٣٢.

((ئابووری ئیسپانیا لەژێر حوکمی فرانکۆدا)) لە وتارێکی (جۆز ماریا کالان)، وەرگێڕانی خەبات، لە (الشؤون الدولية)[٢٢٥].

بەڵگەنامەی سەرەکی ئاشتی: غولیق، سەرچاوەی وەرگێڕانەکانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامەکانی وڵاتانی سۆسیالیستییەوە بووە.

بەو شێوەیە دەبینین خەباتی عەرەبی وەك خەباتی کوردی گرنگی بەوەرگێڕان داوە، هەواڵی دەنگوباسی لە سەرچاوەی بێگانە وەرگرتووەو وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، یان عەرەبی، هەروەها خەبات بەکوردی و بەعەرەبییەکەوە بایەخی زۆری داوە بەکێشەو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و خەڵکی عێراق بەگشتی و پێویستی و داخوازییە هەنوکەییەکانی خەڵکی ئەو کاتەی لەبەرچاو گرتووەو پێویستییەکانیانی بۆ بڵاوکردوونەتەوەو داوای لەبەرپرسانی حکومەت کردووە بەدەنگ خەڵکەوە بچن.

تا ژمارە ٤٦٢ بەو شێوەیە بەردەوام بووەو لە (١٩٦١/٣/٢٨) خەبات داخراوە.

دوای ئەوە گوایە (١١) ژمارەی تری بە نهێنی لەشاخ دەرچووە.

کەواتە ژمارەکانی خەبات تا ساڵی ١٩٦٤ گەیشتووەتە ٤٧٣ ژمارە.

بەڵام بەداخەوە لەو (١١) ژمارەیە، کەبە نهێنی دەرچووە هیچمان دەست نەکەوت، ڕەنگە لەسەردەمی نهێنیدا برایم ئەحمەد ئەو پەیوەندییەی بە ڕۆژنامەکەوە نەبووبێت، کە باسکردنی بۆ ئەم کتێبەی ئێمە سوودی هەبێت.

◈ ◈ ◈

[٢٢٥] مامۆستا برایم ئەحمەدو ڕۆژنامەی خەبات نوزاد علی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠.

ڕۆژنامەی خەبات بەنهێنی

لە ١٩٦٤/٢/١٠ز سەرۆکی شۆڕشی کورد مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکەوتن و بەیاننامەیەکیان دەرکرد بۆ ئاشتی.

بارزانی داوای لە هێزی پێشمەرگە کرد کە بڵاوەی لێبکەن، چونکە حکومەت نیەتی باشەو چیتر شەڕ نابێت.

بەهەر حاڵ ڕۆژنامەی خەبات لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤ـەوە تا ئەیلولی ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لەلایەن بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی سەر بەبارزانی جاروبار بەنهێنی لەشاخەکانی کوردستان دەردەچوو.

لەسەر هەمان ڕیزبەند (التسلسل) دادەبەزی- واتە لە ژمارە ٤٧٤ـەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ژمارە ٥٠٥ .

کەواتە لایەنی بارزانی لەو ماوەیەدا (٣٢) ژمارەیان لە (خەبات) دەرکردووە.

ئەو ٣٢ ژمارە یەی ڕۆژنامەی خەبات پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە، چونکە باسەکەی ئێمە لەسەر ڕۆژنامەگەرییە لای برایم ئەحمەدو لەو (٣٢) ژمارەیەدا برایم ئەحمەد نەدەستی هەبووەو نەئاگاشی لێی بووە، بەڵام ڕەنگە لەو ژمارانەی خەبات زۆر جنێو بە برایم ئەحمەد گوترابێ و سوکایەتی پێ کرابێ، چونکە سەردەمی دووبەرەکی هەردوو باڵەکەی پارتی بووە.

(ڕۆژنامەی خەبات) باڵی مەکتەبی سیاسی

وتمان لە ئازاری ١٩٦١ز وە تا حوزەیران ١٩٦٤ز ١١ ژمارە لە ڕۆژنامەی خەبات لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە کە برایم ئەحمەد سکرتێری بوو دەرچووە، کەواتە ژمارەکانی خەبات بەئاشکراو نهێنییەوە تا دووبەرەکییەکەی ساڵی ١٩٦٤ز دەگاتە ٤٧٣ ژمارە کەڕاستەوخۆ لەلایەن برایم ئەحمەدو هاوکارەکانییەوە دەرچووە.

لە ساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٦٦ برایم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی لە ئێران بوون، خەبات لەلایەن ئەوانەوە دەرنەچووە.

لەمانگی شوباتی ١٩٦٦ ژمارە ٤٧٤ی خەباتیان دەرکرد، هەر لەوساڵەدا ژمارەکانی ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧ دەرکران، لەساڵی ١٩٦٧ (٥) ژمارەی تری خەباتیان بەنهێنی دەرکردو لە ساڵی ١٩٦٨ لەمانگی ئازارو حوزەیران دوو ژمارەی تری خەباتیان دەرکردووە، واتە ژمارەکانی ٤٨٣، ٤٨٤ی ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە، بۆیە دەکرێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە ٤٨٤ ژمارە لە ڕۆژنامەی خەبات لەلایەن برایم ئەحمەدەوە دەرچووە.

ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان- باڵی مەکتەبی سیاسی بەکوردی (خەباتی کوردستان) ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو، بەنهێنی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەردەچوو، لە شەستەکانی ڕابردوو ٧ ژمارەی لێ دەرچووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارە (١) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، مارتی ١٩٦٦.

ژمارە (٣) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم ١٩٦٦.

ژمارە (٤) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، ئابی ١٩٦٧.

ژمارە (٥) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، ئەیلولی ١٩٦٧.

ژمارە (٦) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم، ١٩٦٧.

ژمارە (٧) خولی دووەم، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦٨.

بەداخەوە ژمارە ٢ی خەباتی کوردستانمان دەست نەکەوت..

ڕۆژنامەکە زیاتر لەبارەی دووبەرەکی و نا کۆکی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی شۆڕی کورد مەلا مستەفای بارزانی دەدویٚ و هێرشی زۆری تێدایە بۆ سەر شەخسی بارزانی و تاوانبارکردنی بەجۆرەها تۆمەت، بۆیە بەپێویستمان نەزانی لێرەدا چەند نموونەیەکی لیٚ وەرگرین، چونکە بیٚ سوودە بۆ ئەم باسەی ئێمە، کە باسێکی زانستییە، ئەمە جگە لەوەش ڕۆژنامەکە بەناوی برایم ئەحمەدەوە نییە. هەرچەندە ڕەنگە ناوبراو دەستی هەبووبێت لە دەرچواندنیدا..

◈ ◈ ◈

ئیمپریالیزم عەرەب بابە خەربانی

گەلی کورد ئەترسێنی

کوردستان

ژمارە (١) سالی ١ شەممە ١٩٦١/٢/٤ ز ١٧ رەمەزان ١٣٨٠ ك

بەبۆنەی دەرچونی رۆژنامەی کوردستانەوە

جەژنمان سێ جەژنە

خۆشی خۆشی لە یارانە رابەرە بۆ کورد پەرستان
خەم لە ئەنقەرە و تارانە ناویشمان لێنا « کوردستان »
چەپلەریزانە و پێکەنین کوردستان : ناوی لەسەروی
بۆ کوردەی تازە و نازەنین ناوانە نازداری باوانە بێ‌پیلەی
ناوکی برا بە دلشادی چاوانە ناوانی لاوانە گولزاری
لەسەر نیازی ئازادی باوانە شایانی بیاوانە
لەنەبەزین فرچک درا نەخوێندنەوەی ناوانە .
لە شیری شیران تێر کرا سوپاس بۆ خوا .
بەلکەبە بۆ بەخت و هانمان لە خەبات کردن نەسرەوتین
هاوڕێ بە دەکل خەبانمان باشیادەی لە لاپەرەی ٨

ڕۆژنامەی کوردستان

برایم ئەحمەد شانبەشانی ڕۆژنامەی (خەبات) ئیمتیازی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی وەرگرت بەزمانی کوردیو (خەبات)یش بەزمانی عەرەبی. (جەلال تاڵەبانی) سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان بوو. ئەم ڕۆژنامەیە تەنها (٥) پێنج ژمارەی لێ دەرچوو دوای ئەوە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە داخراو فەرمانی گرتنی برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی دەرچوو. ژمارە یەکی(١) ساڵی یەکی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەڕۆژی شەممە ١٩٦١/٣/٤ز دەرچوو.

سەروتاری (کوردستان) برایم ئەحمەد نووسیویەتی لەژێر سەردێڕی: (ئامانجی کوردستان) دایە، کەبەم شێوەیەی خوارەوە دەدوێ:

((خوێندەواری بەڕێز، خۆم زۆر بەبەختیار ئەزانم کەوا ڕۆژنامەی کوردستان پێشکەش ئەکەین، هیوامان هەیە بەیارمەتی ئێوەو پشتیوانی خوا بتوانێت هەتاماوە دەربڕی داخوازی کۆمەڵانی خەڵكو نیشاندەری ڕووی ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوەکەمانو مایەی پێشخستنو هاندانی گەشەکردنی نیشتمانەکەمان بێت، لەبارەی ئابووریو سیاسیو کۆمەلایەتیو خوێندەوارییەوە.

دەرچوونی (کوردستان) لەم کاتە ناسکەدا کەکۆمارەکەمانی پیا تێدەپەڕێت گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەتی کەوا لەسەرێکەوە وڵاتەکەمان خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ بەپیرەوەچوونی دەستورێکی

هەمیشەیی کەپەیوەندی گەل و حکومەت دەردەخات و دەسەڵاتی حکومەت و پارچەکانی پیشان بداو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد دیاری و پاسەوانی بکات.. وەلەسەرێکی کەشەوە دوژمنانی ڕژێمە دیموکراسیەکەمان، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و نۆکەرەکانیان بەهەزارو یەك فێڵ و جۆر خەریکی ئەوەن کەئەو شوێنانەی لەدەستیان چووبوو تازووە داگیری بکەنەوە و گەلەکەمان لەبەری شۆڕشە پیرۆزەکەی بێبەش بکەن. کەمافە دیموکراتیەکانی گەل و مافەکانی نەتەوایەتی کورد نۆبەرەو شابەری بوون. جابەهیواین کە(کوردستان) بتوانێت شانبەشانی (خەبات)ی هەڤاڵی نازداری و پێبەپێی ڕۆژنامە دیموکراتی‌یە کوردستانی‌یەکانی تر لەخەباتی سەخت و مەردانەی گەلەکەماندا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بۆ چەسپاندن و گەشەپێکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشە دیموکراتی‌یە ئازادی خوازەکەمان پێشڕەوی خۆی سەربەرزانەو جوامێرانە بەجێبهێنێت.. تائیتر دەست لەدەست و هێز لەگەل و پشتیوانی لەخوا))[١٢١]

مانشێتی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی (کوردستان) بەخەتێکی درشت نووسراوە:

(ئیمپریالیزم عەرەب بەخەباتی گەلی کورد ئەترسێنێ).

لەسووچی لای چەپی لاپەڕەیەکی هەمان ژمارەدا بەبۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)ەوە، ئەم شیعرەی خوارەوە نووسراوە.

جەژنمان سێ جەژنە

خۆشی خۆشی لەیارانە

خەم لەئەنقەرەو تارانە

[١٢١] کوردستان ژمارە (١)- ١٩٦١/٣/٤ز، لاپەڕە (١).

چەپلە ڕێزانەو پێکەنین
بۆکۆرپەی تازەو نازەنین
ناوکی برا بەدڵشادی
لەسەر نیازی ئازادی
لەنەبەزین فرچك درا
لەشیری شێران تێرکرا
بەڵگەیە بۆ بەخت و هاتمان
هاوڕێیە دەگەڵ (خەباتمان)
ڕابەرە بۆ کورد پەرستان
ناویشمان لێنا کوردستان.

تاد.........................

ژمارەی دووی (کوردستان) ڕۆژی شەممە ١٩٦١/٣/١١ز دەرچووەو بەم مانشێتە ڕازاوەتەوە[١٢٢].

((لابردنی حوکمی عورفی پێویستی‌یەکی نیشتمانی‌یە)).

ژمارە (٣)ی (کوردستان) ڕۆژی شەممە ١٩٦١/٣/١٨ز دەرچووەو بەمانشێتی: (پارێزگاری هەقە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد یەکێتی نیشتمانی بەهێز ئەکا[١٢٣]).

---

(١٢٢) کوردستان ژمارە (٢)- ١٩٦١/٣/١١ز، لاپەڕە (١).

(١٢٣) ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (٣)، شەممە ١٩٦١/٣/١٨ز، لاپەڕە (١).

لەسەر ووتارەکەیدا هاتووە: ((پارتی دیموکراتی کوردستان پەچە دائەماڵێ لەڕووی ڕەشی پیلانە گڵاوەکەی ئیمپریالیزم و دەرەبەگە خائینەکانی زۆڵە کورد))

ژمارە (٤) ی کوردستان (١٩٦١/٣/٢٥ز) دەرچووەو ئەم مانشێتەی خوارەوەی بۆدانراوە[١٢٤]:

(کوردە پیرۆز بێت جەژنی نەورۆزت- نەبەزی لەرێی سەربەرزی هۆزت)

ژمارە (٥)ی (کوردستان) لە ١٩٦١/٤/١ز بەمانشێتی:

(کورد لەداواکردنی مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیموکراتی واز ناهێنێ[١٢٥])

ئیتر دوای ئەوە ڕۆژنامەکە داخراوە لەلایەن حکومەتی قاسمەوە فەرمانی گرتنی سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازەکەی دەرچووە...

◈ ◈ ◈

---

(١٢٤) ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٤)، شەممە ١٩٦١/٣/٢٥ز، لاپەڕە (١).

(١٢٥) ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٥)، شەممە ١٩٦١/٤/١ز، لاپەڕە (١).

چریکەی کوردستان

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە

ژمارە (٤) کانوونی یەکەم: ١٩٨١



ڕۆژنامەگەری

(٣)

گۆڤاری (چریکەی کوردستان) و (صرخة كردستان)..

گۆڤاری (چریکەی کوردستان)

برایم ئەحمەد بە ئاوارەیی لە ئینگلستان گیرسایەوە و.. دەستی کرد بە خەباتی دبلۆماسی و سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆژنامەگەری.. تەمەنی لە شەست و سێ ساڵی تێپەڕی بوو، ئەزموونێکی دوور و درێژی هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی، بەڵام باری نالەباری ئەو سەردەمە و ناتفاقی ناو ماڵی کورد ئەمی کارکەنار خستبوو ئەگینا ئەگەر ڕێگای پێبدرایە و ئاستەنگیان لە پێش دانەنایە، پێم وایە ئەو هۆشمەندو دەروێشەی کوردایەتییە دەیتوانی ڕێ و شوێنی گونجاو دابڕێژێ بەرامبەر پیلانی شوومی جەزائیر، بەڵام دیارە ڕێگای پێنەدراوە..؟!.

عەلی هەژار دەڵێ...[١٢٦]

[١٢٦] شەهید عەلی عبدوڵڵا عەوێنەیی ناسراو بە (عەلی هەژار) مامۆستای سەرەتایی و لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار و دەسکورت بوو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە دوای بەیاننامەی یازدەی ئادار کۆلێژی یاسایی لە بەغدا تەواوکرد، تێکۆشەرێکی دەسپاك و لە بیروباوەڕدا پێشکەوتن خوازبوو، هاوڕێ نزیکی نووسەری ئەم باسە بوو، دوای کارەساتی هەرەسی ١٩٧٥از ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو.. بۆ نووسەری ئەم باسەی گێڕایەوە و گووتی:

((دوای رێکەوتننامەی جەزائیر کە مەلا مستەفا و دکتۆر محمود لە تاران گەڕانەوە لە دوایان ناردین بە ئامادەبوونی هەموو سەرکردایەتی پارتی سەرۆك بارزانی وەزعەکەی بۆ باس کردین.. کە ئەوە پیلانێکی نێودەوڵەتی گەورەیە لە دژی میللەتی کورد ئەنجام دراوە و عێراق و ئێران رێکەوتوون و ئێمەش هیچ چارەمان نییە و دەبێ کۆتایی بە شۆڕش بێنین، ئەوەی ئارەزووی هەیە بێتە ئێران ئەوە با لەگەڵ ئێمە بێت و حکومەتی ئێران دابەشیان دەکات بەسەر شارەکاندا و ئەوەی ئارەزووی هەیە بچێتەوە عێراق ئازادە و دیارە قەدەری کورد وابووە و خوا ئەو کارەساتەی بەسەر هێناوین.)) دەڵێت لەو کاتەدا براهیم ئەحمەد و عەلی عەسکەریش هاتن، دیاربوو مەلا مستەفا لەدوای ئەوانیشی ناردبوو.. دوای کەمێك بێ دەنگی مەلا مستەفا رووی قسەی لە برایم ئەحمەد کرد و گوتی برایم چ بکەین باشە؟!. دەڵێ برایم ئەحمەد گووتی ((جەنابی مەلا مستەفا ئەگەر بە گوێی من دەکەن من نالێم ئەوەی ماڵی شۆڕشە و لەبەر دەستی ئێوەدایە بەلکو دەڵێم ئەوەی خوا بە ئێوەی داوە زەکاتی شەرعی لێبدەنە ژمارەی ٥٠٠ تا ١٠٠٠ پێشمەرگە کە من دەتوانم بۆت دابین بکەم لەو شاخانە نە تەسلیم بە ئێران و نە تەسلیم بە عێراق بن شەڕی پارتیزانی بکەن و گورز لە دوژمن بوەشێنن بۆ ماوەی شەش مانگ تا ساڵێك ئەو رێکەوتنەی جەزائیر پووچەڵ دەبێتەوە و عێراقیش و ئێرانیش مەمنون دەبن ئێمە قسەیان لەگەڵ بکەین.. ئەگەر ئەو ئەنجامە باشە بوو کە من دڵنیام دەبێت ئەوە هەر خۆت رابەری بێ موناقیسی میللەتی کوردی خۆ ئەگەر ئەو چەند مەفرەزەیەش تیا چوون ئەوە جەنابتان خۆتانی لێبە خاوەن مەکەن و ئێوەش وەکو خەڵکی تر چیان پێدەڵێن بلێن.))، دەڵێ چەند دەقیقەیەك کۆڕەکە هەموو بێدەنگ بوو کەس قسەی

دیاره دوای کارەساتی هەرەس برایم ئەحمەد بە ماڵەوە چۆتە تاران و لەوێوە بەرەو ئینگلیستان رۆیشتووە.. لە ١٩٧٥/٦/١ز یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، لە ١٩٧٦/٦/١ز بڕیاری شۆڕش دراوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە (قیادە موقەتەش) دەڵێن ئێمە لە ١٩٧٦/٥/٢٦ بڕیاری شۆڕشمان داوە دیارە بە قسەی ئەوان چوار رۆژ پێش یەکێتی جاڕی شۆڕشیان دابێت..

بە هەر حاڵ ئەوەی راستەو ناشاردرێتەوە و هەموو خەڵك دەیزانێ و بەڵگەنەویستە.. عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە و سید کاکەو قادر مستەفا

نەکرد و مەلا مستەفا فومێ لە جگەرەکەی داداو هاتە گۆو فەرمووی ((برایم ئەوە ناکرێت ئێران لێمان قبوڵ ناکات و ئێمە خاوخێزانێکی زۆرمان بەسەرەوەیە.)).

برایم ئەحمەد گوتی ((جەناب ئێوە خۆتانی لێ بەخاوەن مەکەن و بڵێن ئێمە ئاگامان لێنییە.)).

مەلا مستەفا گوتی ((برایم ناکرێت و من وەعدم بە ئێران (شاه) داوە تا یەك چەکدار لە خاکی کوردستانی عێراق بمێنێت من ناچمە دیوی ئێران و دەبێ هەموو چەکەکان لە سنوور فڕێ بدەن و ئاودیوی ئێران بن ئەگەر نا بە عێراق و بە ئێران لێمان دەدەن.)).

برایم ئەحمەد گوتی ((کەواتە مەلا مستەفا ئۆباڵی ئەم میللەتە لە ئەستۆی ئێوەدایە..)).

مەلا مستەفا گوتی ((برایم ئەوەی لە توانامدا بوو کردم و گەیشتمە ئەو ئەنجامە و هیچ مەجالی تری تێدانییە.)).

بە قسەی شەهید (عەلی هەژار) دوای ئەو گفتوگۆیە بڵاوەیان لێکردووە و هەر کەسە خەریکی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی بووە و دەڵێت ((وەزعەکەم وەکو رۆژی قیامەت دەهاتە بەرچاو، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، هەر کەسە غەمی خۆی بوو، رۆژی رەش و نائومێدی کوردستانی داگرتبۆوە)).. دەڵێت کە چووینە دیوی ئێران لەگەڵ عەلی عەسکەری و دکتۆر خالد و رەسول مامەندو سەید کاکەو قادر مستەفا رێکەوتین بێینەوە کوردستانی عێراق و بزوتنەوەی سۆسیالیستیمان دامەزراند..

و ڕەسول مامەند و دکتۆر خالد لە مانگی مایسی ١٩٧٦ لە خوارووی عێراقەوە بە ماڵ و منداڵەوە بەرە و کوردستان هاتن و ڕوویان کردە شاخەکانی کوردستان بە تەنسیق لەگەل کادر و پێشمەرگەکانی یەکێتی کە لە سوریا بوون و لە ڕێگای تورکیاوە ئەوانیش گەیشتنە کوردستان و لە ١٩٧٦/٦/١ بەیانی دەسپێکردنی شۆڕشیان دەرکرد.

برایم ئەحمەد نامەی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی ناردووە و داوای لێکردوون ڕێگای بدەن بێتەوە کوردستان و بەشداری لە شۆڕشدا بکات[١٢٧].

هەرچەندە وەڵامی سەرکردایەتی یەکێتی سەلبی بووە بە بیانووی ئەوەی جێگاو بارەگای جێگیریان نەبووە و بۆ تەمەنی ئەم پێشمەرگایەتی گەڕۆك ناگونجێ..!!

بەڵام برایم ئەحمەد لە خەبات سارد نەبۆتەوە لە هەندەران بەردەوام خەریکی کاری دیپلۆماسی و سیاسی و فەرهەنگی بووە، بیری لەوە کردۆتەوە بە چ ڕێگایەکی تر دەتوانێ ئەرکی پیرۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی بەجێبگەیەنێ، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٧٩ز ەوە بڕیاری داوە گۆڤارێك دەربکات لە لەندەن بە ناوی (چریکەی کوردستان)ەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو گۆڤارەوە بە هاوکاری چەند دۆست و برادەرێکی وەك تۆفیق وەهبی بەگ و محەمەد ڕەسوڵ هاوارو دکتۆر کەمال فوئادو کەمال میراودەلیو چەند کەسێکی تر، وە بە ڕەنجی تایبەتی خۆی و لەسەر حیسابی خۆی ئەو پرۆژەیە جێبەجێبکات، ئەوە بوو یەکەم ژمارەی چریکە کە بە کوردی دەرچووە لە لەندەن لە مانگی تەمموز و ئابی ١٩٧٩ز بڵاوکراوتەوە[١٢٨].

---

[١٢٧] کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٥٤) چوارشەممە ٢٠٠٠/٥/٢٤ز ل٩ نەوشیروان مستەفا ئەمین.

[١٢٨] گۆڤاری چریکەی کوردستان ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩ز لەندەن.

لەسەر بەرگەکەی نووسراوە:

((چریکەی کوردستان))

((گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی‌یە))

نەخشەی کوردستان لەسەر بەرگەکەی کێشراوە و بە ئینگلیزی ناوی وڵات و شارەکانی دەوروبەری نووسراوە، بە قەبارەی مام ناوەندی و ژمارەی لاپەڕەکانی (١٠٥) لاپەڕەیە بە تایپ چاپکراوە، لەبارەی چۆنیەتی دەرچواندنی ئەم گۆڤارەوە گەلاوێژخانی (هاوسەری) دەڵێت:

((چریکەی کوردستان کە لە هەشتاکان لە دەربەدەری و ئاوارەیی لە لەندەن دەرئەکرا، بە دەستی خۆی تایپی ئەکردو فۆتۆکۆپی ئەکردو ڕێکی ئەخست، تەنیا بۆ بەرگ تێگرتن ئەیناردە بازاڕ، هەموو ئەم کارانە هەر خۆی ئەیکرد. چونکی پارەی نەبوو لە چاپخانەکان بۆی چاپ بکەن..))[١٢٩].

لە ژمارە یەکی گۆڤاری چریکەی کوردستان ئەم بابەتانە بڵاوکراونەتەوە:

- پێشەکی و سکاڵا، دەستەی نووسەران/ برایم ئەحمەد نووسیویەتی.
- بژارکردنی زمانی کوردی، تۆفیق وەهبی بەگ.
- کورتە چیرۆکی ناوچەی سلێمانی، ج.ك.
- شۆڕشە پیرۆزەکەی گەلانی ئێران، برزوو.
- دیوانی چریکە.
- کورد لای بێگانە.

محمد رسول هاوار بۆ دکتۆر عیزەدین مستەفای گێڕاوەتەوە کە برایم ئەحمەد خۆی تایپ رایتەری گۆڤارەکە بووە.

[١٢٩] کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٥٠) شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٥ ل٣ گەلاوێژ خانی هاوسەری برایم ئەحمەد.

- فۆنیمەکانی زمانی کوردی، د.کەمال فوئاد.
- چیرۆکی ژمارە.. ب.أ.ر.

ئەمانە و گەلێك باسی خۆشی تریش ئەخوێنیتەوە[١٣٠].

بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە زیاتر بابەتی رۆشنبیری و سیاسی و زمانەوانی و شیعری سیاسی تێدایە. لە خوێندنەوەی سەروتارەکەی کە (پێشکەش و سکالایە) و برایم ئەحمەد نووسیویەتی ئامانج و رێبازی گۆڤارەکەی بە چاکی دیاری کردووە کە رێبازی کوردایەتی‌یە.. بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند دێرێك لەو پێشەکیە لێرەدا تۆمار بکەین کە تیایدا هاتووە:

((خوێندەواری خۆشەویست: گومان نابەین کە لەم رۆژەدا لەسەر رووی زەمین نەتەوەیەك ببێ لە کورد زۆرلێکراوتر، چەوسێنراوتر و ئەوەندەی ئەویش پشت گوێ خراوتر بێ ناوونیشان تر بێت))[١٣١].

دوای ئەوەی باسی خاکی کوردستان و ژمارەی دانیشتوانی دەکات بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دونیا کە نە ژمارەیان بەقەد ژمارەی کوردە و نە

رووپێوی خاکیان دەیەکی رووپێوی کوردستانە، کەچی ئازادی و سەربەخۆیی تەواویان هەیە..

لە لاپەڕە چواردا دەڵێت:

((باوەڕ ناکەین هیچ کوردێکی دڵسۆز و پاك هەبێت کە ئەم حاڵە نالەبارە پڕ ئازارەی وڵات و گەلەکەی و ئەم بێ دەنگی و بێباکی و کەمتەرخەمی‌یەی دەوڵەتان و کاربەدەستان و رێکخراوە مرۆڤانەکانی جیهان بەرامبەر بەو زوڵم و زۆرەی بە ئاشکرا و بێ شەرم و ترس لە کورد ئەکرێت دڵی هەڵنەگلۆفێت و

[١٣٠] گۆڤاری چریکەی کروسدتان ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩ ز لەندەن.

[١٣١] هەمان سەرچاوە..

پەژارەی نەوروژێنێت و ویژدانی ئازار نەدات و رقی هەڵنەستێت.))[132].

لەسەر ئەو بابەتە دەڕواو ئەوە شی دەکاتەوە کە رق هەڵسان و تووڕەبوون بەبێ ئەوەی رێگا و شوێن دابنرێت بۆ رزگاری و خەباتی بۆ نەکرێ هیچ سوودێکی نابێت و داوا لە کوردەکانی هەندەران دەکات کە هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ پشتگیری لە خەباتی رەوای گەلەکەیان و دەڵێت:

((ئەبێ هەر یەکەمان بە پێی کاروبار و دەسەڵات و غیرەتی خۆی تێبکۆشێت بۆ گۆڕینی ئەم بارە نالەبارە..))[133].

هەروەها دەنووسێت:

((نابێ خۆمان هێند بەکەم بزانین و بڵێین کەوا هەوڵ و تەقەلای ئێمە هیچ دادێکی گەلەکەمان نادات، بە پێچەوانەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەمان بە گۆشە و کەناری دنیادا ئەتوانین هەندێ فرمانی وەها بۆ گەل و نیشتمانەکەمان بەجێ بهێنین کە ئەگەر نەختێك دەماخ بسوتێنین، رەنگە بە ئێمە لە هەموو کەسێکی کە چاکتر بکرێت..))[134].

لە کۆتایی‌شدا پێشنیازی سێ خاڵی کردووە بۆ ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژین، خاڵەکانیش ئەوانەی خوارەوەن:

١- پەیوەندیەکی گورج و گۆڵ و توند و تۆڵ لەگەڵ هێزە خەباتکەرەکانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵك لە وڵات بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان ببێت بە سەرچاوەیەکی بەرێز و باوەڕپێکراوو قسە رەوا لەبارەی دەنگوباس و کاروبار و رووداوەکانی کوردستانەوە بە شێوەیەکی گشتی..)).

---

[132] گۆڤاری چرکیەی کرودستان ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩ ز ل٣.

[133] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[134] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢- پەیوەندی‌یەکی هاوڕێیانە و هاوخەباتانە لەگەڵ پارتی و بەرەو ڕێکخراوە دیموکراتی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕو ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان کە هاودوژمن و هاوڕێمانن و ئامادەیی پیشان ئەدەن بۆ هاریکاری و پشتی یەکگرتن لەسەر بناغەی یەکسانی و وەك یەکی..

٣- پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە ڕۆشنبیری‌یەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەمان پێیان و روونکردنەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆیان و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ باری سەخت و ئاڵۆز و ناخۆشی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە کرودستان.. تا..

گەر بێت و بە دید و نیگای لێکۆڵینەوە سەرنجی ئەو چەند لاپەڕەیە بدەین کە بۆ پێشەکی و سکاڵای گۆڤارەکە نووسراون بە چاکی دیارە کە ڕەوتی گۆڤارەکە بە چ ئاقار و بەبارێکدا گوزەر دەکا، کە ئەویش بریتیە لە هەوڵێکی بوێرانە و بە عەزم و ئیرادەیەکی بەهێز و بڕوا بە خۆبوون لە گەیاندنی پەیامی کوردایەتی بە دنیای دەرەوەی کۆمەك و پشتیوانی پەیداکردن بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی و یەکخستنی توانای ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد لە هەندەران و پەیوەندی کردن بە پارت و گروپە سیاسی‌یەکانی کوردستانەوە و دەنگوباس و ئیلهام وەرگرتن لە هێزە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرەکانی ناو وڵات و گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان لە دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان... هەر لەو پێشەکیەدا دەڵێت:

((چینی‌یەکان دەڵێن بۆ بڕینی دەهەزار میل بە یەك هەنگاو دەس پێدەکات.)) کەواتە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی باسکران پێویستیمان بە سەبری ئینقلابی هەیە و هەنگاوی یەکەم لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری چریکەی کوردستانەوە لە هەندەران دەس پێدەکات و ئینجا ڕێکخستن و یەکخستنی

تواناکان لە دەرەوە و پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوو گروپ و پارت و دەوڵەتەکان بۆ ناساندنی عەدالەتی مەسەلەی کورد بەوان..

لە لاپەڕە (١١)ی ژمارە یەکدا وتارێکی پڕ بایەخی زانای کورد تۆفیق وەهبی بەگ بڵاوکردۆتەوە لە ژێر سەرناوی ((بژارکردنی زمانی کوردی)) ئەم ووتارە (٨)لاپەڕەی داگیرکردووە و تیایدا هاتووە:

((لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە وەنەبێ زمانی کوردی لە مەیدانی نووسینا بێکەڵك و توانا بێت، بەڵام گومان لەوەشدا نییە کە ووشەی کۆن هەمیشە دادي گشت ئەو پێویستیانە نادا کەوا پێشکەوتنی عیلم و هونەر و سەنعەت هێناویانەتە کایەوە...))[١٣٥]

لاپەڕە (١٩) تایبەتە بە ((کورتە مێژوویەکی ناوچەی سلێمانی)) باس لە پاشماوەی ئەو ئادەمیزادانە دەکات کە لە ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد و سورداش دۆزراونەتەوە وای دەرئەخەن کە لە پەنجا هەزار ساڵەوە پێش ئێستا لەم ناوچەیە ئادەمیزاد ژیاوە، ئینجا باسی سەرکەوتنی پاشای (ئەکەد) (نارم سین) دەکات بەسەر گۆتی و لولووەکاندا لە ٢٣٠٠ساڵ پ.ز.

هەروەها دەڵێت ئەو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ پێی ئەوترێت (پارێزگای سلێمانی) لەسەردەمی ئاشووری‌یەکاندا پێی وتراوە (زامۆئا) و بەشێك بووە لە وڵاتی ئاشوور، دواتر لەلایەن سوپای ئیسلامەوە داگیرکراوە تا ساڵی (١٦٣٩)ز لە لایەن ئێران و عوسمانیەکانیەوە دابەشکراوە و لە کۆتایی سەدەی یانزەهەمدا ئیمارەتی بابانەکان دامەزراوە، لە ساڵی ١٦٦٥ز فەقێ ئەحمەدی دارشمانە دوا بنەماڵەی بابانیەکانی دامەزراندۆتەوە، لە ساڵی ١٨٥١ز کۆتایی بە دەسەڵاتی بابانەکان هاتووە و یەکەم موتەسەرفی

[١٣٥] چریکەی کوردستان ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩ز ل ١٤ تۆفیق وەهبی بەگ.

عوسمانیەکان بە ناوی (ئیسماعیل پاشا) ناوێك دانراوە تا ساڵی ١٩١٨ز ئینگلیزەکان هاتوون سلێمانیان داگیرکردووە. خۆشترین شت لەم باسەدا پارچە شیعرێکی (نابینایی)یەکی تیا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی شەڕی جیهانی یەکەم و باری نالەباری شاری سلێمانیمان بۆ دەکات کە ئەفسەر و سەربازەکانی تورك کەتوونەتە تاڵان کردن و دەست بەسەراگرتنی ئازووقەو خواردەمەنی خەڵك و هەزاران لاوی کوردیان گرتووە و ڕەوانەی بەرەی شەڕیان کردوون بە ناوی غەزاوە..

لە شیعرەکەدا هاتووە:[١٣٦]

دنیا پڕی ئاشوویە خەلایق بە عمومی
ئاسایشی لێمەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە
وەك تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خودا توند و بەتاوە
ژەندرمە ئەسوورێتەوە وەك واشەی برسی
بۆ لاشەی میللەت بە فرۆفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە کەرو ئێستر و تابو
حوشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەرپێنی نی‌یە حەتتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جهەتی گرتووە ئاشوب و موصیبەت
مێشولە مەجالی نی‌یە بفڕێ بە هەواوە..

[١٣٦] لە دکۆتر عیزەدین مستەفا ڕەسولم بیستووە کە شیعری (مەلا حەمدون)ە نووسەر.

ئەم شیعرە جوانە کە لەو سەردەمەدا گوتراوە وێنەیەکی کوت و موتی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی و دەوروبەری کێشاوە کە خەڵك لە چ دۆخێکی ناڵەباردا ژیاون بە دەست جەندرمەی تورکەوە..

((فۆنیمەکانی زمانی کوردی)) بابەتێکی تری ناو چریکەیە لە لاپەڕە ٥٧ تا لاپەڕە ٧١ی داگیر کردووە، بابەتێکی بە پێزوو چڕوپڕی زمانەوانیە و لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەدوێ.

لە کۆتایی باسەکەدا هاتووە ماویەتی و لە ژێرەوە بەم بەیتە شیعرە کۆتایی بە لاپەڕە ٧١ هاتووە:

((نرکەی ڕاپەڕین دڵی بزواندم

گڕی ئازادی جەرگی سووتاندم))

چیرۆکی ژمارە لە ژێر سەرناوی (باوك و کوڕ) دایە لە لاپەڕە ٧٢ ەوە دەست پێدەکات تا لاپەڕەی ٨٤ی گۆڤارەکەی داگیرکردووە، وە لە پێشەکی چیرۆکەکەدا هاتووە:

((ئەم چیرۆکە، ئەو دەسکارەیە کەمەی لێدەرچێ کە نووسینەوە پێویستی کردووە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەی قارەمانیەتی تۆمار نەکراوی جەماوەری کوردستانە..)).

(ب.أ.ر) واتە بلەی ئەحە ڕەش نووسیویەتی

چیرۆکەکە لەوە دەدوێ لاوێکی کورد (پ.م)ی کوردستان بووە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول بە ناوی (حەسەن) حەسەنی لاو شەهید دەبێ و تەرمەکەی دەکەوێتە دەستی دوژمنی داگیرکەر و دەیبەنەوە شاری سلێمانی و تەرمەکەی دەخەنە دوای زیلێکی عەسکەری تا هەپرون بە هەپرون دەبێت بۆ چاو شکاندنی خەڵکی کوردستان، دوای چەند ڕۆژێك باوکی شەهید حەسەن کوڕە گچکەکەی کە ناوی (حوسین)ە لەگەڵ خۆی دەباتە هەمان

بنکەی پێشمەرگایەتی کە حەسەنی کوڕی لێبووە و لەبەر لێپرسراوی بنکەکە دەپارێتەوە حوسینی بۆ بکەنە پێشمەرگە لەجیاتی حەسەن و تفەنگەکەی حەسەنی بدەنە حوسین بۆ ئەوەی جێگای حەسەنی شەهید چۆڵ نەبێت.

چیرۆکەکە لە رووی هونەرو تەکنیکی هونەریەوە سەرکەوتووە لە وێنەکێشانی دیمەنەکان و رەوانی زمان و جوانی تەعبیر و یەکێتی بیر و زنجیرەی بەیەکەوە بەستراوی رووداوەکەوە.. لە رووی ناوەڕۆکەوە چیرۆکێکی سیاسی و نەتەوایەتی و نیشتمانیە و عەزم و ئیرادەی خەڵکی کوردستان پیشان دەدا بۆ سەپاندنی داخوازییە رەواکانی خەڵکی کوردستان بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا.

بە شێوەیەکی گشتی گۆڤاری چریکەی کوردستان گۆڤارێکی سەرکەوتوو پێشکەوتووە و کەلێنێکی باشی پڕکردۆتەوە لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و مێژوو و رۆشنبیری و باری رامیاری کوردەواری، گۆڤارەکە بە هەوڵ و توانای برایم ئەحمەد خۆی و هاوکارەکانی دەرچووە و بابەتەکانی بە دەستی خۆی تایپی کردووە و پارەی خۆی لێخەرج کردووە، وە بەسەر رۆشنبیرانی هەندەرانی بڵاوکردۆتەوە تا ساڵی ١٩٨٥ز (٩) نۆ ژمارەی لێچاپ و بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ (٥) پێنج ژمارەی پاشکۆی عەرەبی..

◈ ◈ ◈

ژمارە دووی چریکەی کوردستان[137]

بەهەمان قەوارە و رەنگ و نەخشەوە لە ساڵی ١٩٨٠ز دەرچووە و ئەم بابەتانەی تیا بڵاوکراوەتەوە:

- لەماوەی دوو چریکەدا ل١.
- گرتنی فەرمانبەرانی سەفارەتی ئەمریکا ل٢.
- هەرای ئەفغانستان ل٦.
- سادات و بیگن ل٩٣.
- کوردستانی ئێران ل٩٧.
- کوردستانی عێراق ل١٠٧.
- مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ل١٢.
- دیوانی چریکە ل٢١.
- مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، دکتۆر ع. قاسملۆ ل٣٥.
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی.
- بڕیارێکی کورت، نووسینی غەسان کەنەفانی.
- کورد لای بێگانە.
- پرسەی شەهید، چیرۆکی ژمارەیە نووسینی ب.أ.ر.
- کورد و هەرای عێراق و ئێران، نووسینی ك.ش.ل١١١.

لەو ژمارەیەدا وتارێکی پڕ سوود لە ژێر سەرناوی (مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان)دا بڵاوکراوەتەوە و تیایدا هاتووە: *The right of nations to self determination*

((مافی دیاریکردنی چارەنووسی - خۆ لەلایەن نەتەوەکانەوە)) واتە مافی ئەوەی کە هەموو نەتەوەیەك بتوانێ بە سەربەستی و بەبێ هیچ دەست

[137] چریکەی کوردستان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٠ز.

تێخستنێکی بێگانە دوارۆژی سیاسی و ئابووری خۆی دیاری بکات، هەرچەندە وەك سەرەتایەکی فەلسەفی و سیاسی ئەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسە ١٧٨٩-١٧٩٩ز کەوا هەر لە هەڵگیرسانیەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ دەسگرتن و یارمەتی دانی ئەو گەلانەی ئەیانەوێت چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست و ئازادی لێسەندراویان وەربگرنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا سەرەتا (المبدأ-Principle) کە زۆرتری لە خانەی تیۆریەکی (نظرية) فەلسەفیدا مایەوە...

هەتتا لەناوەندی سەدەی نۆزدەوە دیموکراتە ئەنتەرناشنالەکان کردیان بە یەکێ لە ئامانجەکانی خۆیان، وە لە ساڵی ١٨٩٦زدا کۆنگرەسی سۆشیال ئەنتەرناشنالەکان لە لەندەن بڕیاری‌دا کەوا خەبات بکەن بۆ مافی تەواوی هەموو نەتەوەکان لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیاندا))[١٣٨].

بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ز (لوید جۆرج) سەرەك وەزیرانی بەریتانیای گەورە لە کۆنگرەسی یەکێتی کرێکاراندا داوای کرد ((حکومەت بە ڕەزای ئەوانەی حوکم ئەکرێن و دیاری‌کردنی چارەنووس لە لایەن خۆیانەوە چار بکرێت)) بە نیسبەت دوارۆژی وڵاتانی ژێر دەستەوە...

هەروەها سەرۆکی ئەمریکا (وودرو ویلسن) لە ١٩١٨/١/٨ز دا باسی دیاری‌کردنی چارەنووسی نەتەوەیی‌یانەی کرد.. وە لە ئابی ١٩٤١ز دا چەرچڵ و رۆزفلت لە پەیمانی ئەتلانتی‌دا دەستەبەر بوون کە ڕێزی مافی هەموو گەلێك بگرن لە هەڵبژاردنی چەشنی ئەو حکومەتەدا کە ئەیانەوێ.

[١٣٨] چریکەی کوردستان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٠ز ل١٢.

لە ١٩٤٥/٦/٢٦ز ستالین و چەرچڵ و رۆزفلت لە کۆنفرانسی (سان فرانسیسکۆدا) ئەو بڕیارەی پەیمانی ئەتلانتی‌یان کردە بەردی بناغە بۆ پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئیمزایان کرد..[١٣٩]

ئەم باسە هەرچەندە دوور و درێژە و لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا زۆر پەسەندی باسی درێژناکەن، بەڵام لەبەر گرنگی باسەکەو پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە بە ناچاری دەبوایە ئەوەندەی لێوەربگرین، ئەگەر نا باسەکەمان پچڕپچڕدەبوو مەبەستی نەدەدا بە دەستەوە.

لە نووسینەکەدا نووسەر گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە مێژوویەکەی باسەکە و کێشەی نەتەوەکان لە چەرخی هەژدە و نۆزدەدا ئینجا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دوای شەڕی گێتی یەکەم و دواتر کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان دوای شەڕی گەورەی جیهانی دووەم، وە لێرەدا بە پێی یاسای نێودەوڵەتی گەلی کوردیش مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و نووسەر دەیەوێت خوێندەواری چریکە لەو بارەیەوە ئاگاداربکاتەوە کە پێویستە لەمەودوا کورد خەبات بۆ چارەی خۆنووسین بکات لە جیاتی حوکمی زاتی، ئێمە پێمان وایە خوێندنەوەی ئەو ووتارە زەرورە بۆ هەموو سیاسی و رۆشنبیرێکی کورد، چونکە شارەزابوون بە یاساکانی نێونەتەوەیی فاکتەرێکی گرنگە بۆ شێوەی داخوازیەکانمان، کە وەکو بەڵگەنامە پشتی پێ‌ببەستین.

بابەتێکی تری ئەو ژمارەیە ((مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی نەتەوەکان و مەسەلەی کورد))ە.

---

[١٣٩] چریکەی کوردستان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٠ز ل١٢.

لە کتێبی (کوردستان و کورد)ی دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ وەرگیراوە لە لاپەڕە ٣٥ تا لاپەڕە ٥١ گۆڤارەکەی گرتۆتەخۆ، باسێکی بە پێزە و بۆ خوێندەوارانی کورد زۆر پێویستە، دەیان بەڵگەی زانستی تێدایە و بەپەرچ دانەوەی هەندێ وشکە مارکسی‌یە کە پێیان وایە کورد ئوممە نی‌یە، بەڵگەکان لەسەرچاوەکانی مارکس و لینین و ئینگلس وەرگیراوە، ئیسباتی مافی سەربەخۆبوونی کورد دەکەن.

وە هەر لەسەر بابەتی سەربەخۆیی نەتەوەوە پارچە شیعرێکی محمد رەسوڵ هاواری بڵاوکردۆتەوە لە ژێر سەرناوی ((ئەو نەتەوەیەی)) [١٤٠+٢]:

((ئەو نەتەوەیەی تا ئێستا وەك شێر
لەم ناوخاکەدا ژیابێ وەك نێر
بەرامبەر چەرخی چەواشەی زۆردار
بەرامبەر هەڵپەی دوشمنی خوێن خوار
...تا)).

شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی‌یە، هەر چەندە لە ڕووی هونەری و تەکنیکەوە تازە نی‌یە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە باشە، باسی خۆڕاگری نەتەوەی کورد دەکات بەرامبەر سیاسەتی توانەوە و لە ناوبردن و قڕکردنی کورد و دەڵێت ئێمە خاوەنی ئەو کێوە بەرزو هەستە پاکە بین و تا ئێستا زمانەکەی خۆمان پاراستووە، بۆیە هێز نی‌یە لەسەر زەمین بتوانێ لەناومان بەرێ..

چیرۆکی ژمارە دووی چریکەی کوردستان بە عنوانی ((پرسەی شەهیدە)) لە نووسینی ب.أ.ر. واتە بلەی ئەحە ڕەش.. کە برایم ئەحمەد

---

[١٤٠] چریکەی کوردستان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٠ ل ٣٢.

[٢] گۆڤاری هیوا ژمارە (٩) مارتی ١٩٥٨ز.

خۆیەتی، چیرۆکێکی راستەقینەیە و رووداوەکە هەر بە ڕاستی روویداوە هەروەکو نووسەر دەڵێت:

((رووداوەکە دەربارەی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی ناوچەی ئاغجەلەرە لە مەنطقە ی چەمی رێزان لەنەبەردی‌یەکی قارەمانانەی بێوێنەدا کە دوژمنی داگیرکەریان تێکوپێك شکاندووە و ئەوانیش هەردووکیان شەهید دەبن، ناوەکانیان شێخ عەزیز و شێخ عەلی‌یە و خەڵکی گوندی (عەودالان) بوون و کوڕی شێخ فەتاح بوون و باوکیان لە پرسەکەیان دانانیشێت نەوەك پێشمەرگە بۆ پرسەکەیان و سەرەخۆشی بچن و خەریکی داب و نەریتی کۆمەلایەتی کوردەواری بن و لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دوابکەون و دوژمنی داگیرکەر غافڵ گیریان بکات و زەربەیان لێبدات[١٤١].

ژمارە سێی چریکەی کوردستان:

کە تەشرینی دووەمی ١٩٨٠ز دەرچووە، ئەم بابەتانەی خوارەوەی لە خۆ گرتووە[١٤٢]:

- لەماوەی دوو چریکەدا.. شەڕی عێراق و ئێران، دیکتاتۆری عەسکەری لە تورکیا، هەڵبژاردنی سەرەك کۆماری تازەی ئەمریکا..
- مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی گەلان.
- کورد لای بێگانە، ئەسپێکی سێ سەری (تروادە)، گرتنی لاوانی کورد لە تورکیا..
- کورد لە کۆڕی گەلە ئازاردراوەکانا..

---

[١٤١] چریکەی کوردستان ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٠ز ل-٩٢.

[١٤٢] چریکەی کوردستان ژمارە (٣) تشرینی دووەم ساڵی ١٩٨٠ز.

- لـــە دیوانـــی چریکـــەدا.. ئـــەم شـــیعرانە دەخوێنیتـــەوە: ((وون بـوون، سـكالای شـاعیرێك، مـەنوو رۆڵـە، بروسـكە سـروودێكی زامدار، رەوە تفەنگ هێلانەی سەنگەر چۆڵ ناكا، ئەی وەتەن، وەفدی كوردستان..))
- بە بۆنەی پەنجاهەمین بیرەوەری رۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولەوە..
- ئەو جەنتایەی جەنتا نەبوو!
- چریكەی سەربەستی، كورد و هـەرای عـێراق و ئـێران، دوو نامـەی هۆنراوە بۆ دوو دوژمنی گیانی بە گیانی..
- رۆژنامەی كوردستان دەورەی سێیەم ١٩١٧-١٩١٨ز.
- فۆنیمی كوردی.

لـەم ژمارەیەدا بەشی دووەمی بابەتی (مافی دیاریكردنی چارەنووسی نەتەوەكان)ی بڵاوكردۆتەوە كە لە ژمارەی پێشوو تەواوی نەكردبوو، بـەڵام ئەوەی پێویستە دیاری بكرێت هـەر لـێرەدا لـە چوارچێوەی ئـەم باسـەدا بڕیارێكی كۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبەكان (جامعة الدول العربية) لەسـەر مافی چارەی خۆنووسی تیایە كە لـە سـاڵی ١٩٧٥ز بڕیاریـان لەسـەر داوە و بـۆ كۆمەڵـەی نەتـەوە یـەكگرتووەكانیان نـاردووە لـە وەڵامـی رەئـی -پرسـی‌یە نامەیـەكی بۆ سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لـە ١٩٧٥/٩/٢٣ كـە تیایا ئەڵێ:

((.. كۆمەڵی دەوڵەتانی عەرەب هەمیشە دانی ناوە بە مافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆ و سەربەخۆیی هەموو گەلانی تری ژێردەستی كۆلۆنیالیزم و حوكمـی بێگانـەدا، وە یارمـەتی داون، ئەنجوومـەنی كۆمەڵەكـەش زۆر بڕیاری دەركردووە بڵاوكردۆتەوە و داوای لە هـەموو دەوڵەتان كـردووە كـە گشت پەیوەندی‌یەك لەگەڵ حكومەتی ئەفریقای خواروو بـڕن، وە یارمەتی

مادی و مەعنەوی خۆیان بۆ بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و خەباتی نەتەوایەتی دژی جیاوازی رەگەزی و حوکمی کەمایەتی لە ئەفریقادا، زیاتر کەن...))[١٤٣].

دیارە ئەم بڕیارەی جامعەی عەرەبی بەڵگەنامەیەکی باشە بۆ گەلی کورد لە عێراق و خوارووی سوودان و ئەمازیرەکان -بەربەر- لە باکووری ئەفریقا بۆ داواکردنی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان لە حکومەتە عەرەبییەکانی وڵاتەکانیانی داگیرکردووە، وە ئاگادار بوونی رۆشنبیری کورد لەو بڕیارە پێویستە لەم ساتەدا..

وە هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر سەرناوی ئەسپێکی سێسەری ترواده:

A three-headed Trojan horse

ئەم باسە بیروبۆچوونی خەڵکی بێگانەیە بەرامبەر گەلی کورد و بەم شێوەیە باسی گەلەکەمان دەکات:

((پاریس، کلۆ، بنیادەمە لە هەزمکردن -نەهاتووەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو نزیکەی (٩) ملیۆن کوردەیە کە ئەگەرچی خاوەنی زمان و مێژووی جیاوازی خۆشیانن، کەچی نە دەوڵەتێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە و نە هەرگیز بووشیانە.. نوێنەری کەمایەتێکی سەرکێشی دابەشکراون لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیادا...))[١٤٤].

نووسەر بەم شێوەیە لەسەر کورد دەڕوا باسی جووڵانەوە و شۆڕشی هەر سێ پارچەی تورکیا و ئێران و عێراق دەکات کە چەندین شۆڕشیان بەرپاکردووە و دووجار دەوڵەتیان دامەزراندووە لە عێراق و لە ئێران بەڵام لێیان تێکدان و، کورد بەردەوامە لە خەبات و قەت دەسبەرداری مافی نەتەوایەتی خۆی نابێت و ئەو سێ دەوڵەتە ناتوانن کورد هەزم بکەن و لە

---

[١٤٣] چریکەی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٠ز ل١٧.

[١٤٤] چریکەی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٠ز ل١٨-٢٣.

چوار چێوەی خۆیاندا بیان خنکێنن چونکە کورد میللەتێکی زیندوو و هۆشیارە..

لە باسێکدا (کورد لە کۆڕی گەلە ئازاردراوەکانا) ژمارە سێی چریکە بابەتێکی بەپێزی بڵاوکردۆتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

((کۆمەڵەی Japan Buddha Sangha کە رێکخراوێکی ئاشتی خواز و مرۆڤ دۆستە رۆژی ١٩ و ٢٠/ئابی/١٩٨٠ لە هۆڵێکی دانشگای لەندەن بە ناوی (بۆ هەڵبژاردنی ژیان)ەوە چەند کۆبوونەوەیەکی بۆ دەربڕینی دژایەتی بەرامبەر بە بۆمبای ئەتۆم و هایدرۆجینی و چەك وە پشتیوانی خەبات لە پێناوی دنیایەکی بێ شەڕو بێچەکدا پێکهێنا بەشێکی کۆبوونەوەکان بەناوی نەهێشتنی ئازارەوە (Removal of suffering) بوو نوێنەری چەند گەلێکی ئازاردراوی دنیایی وەك رەشەکانی ئەمەریکا و خەڵکی فەلەستین و نوێنەری بزوتنەوەی دژایەتی رەگەزپەرستی و زۆری تر بانگ کرابوون، لەم کۆبوونەوەیەدا یەکێ لە دەستەی نووسەرانی چریکەی کوردستان بە ناوی کەمایەتی کوردەوە ئەم قسانەی لای خوارەوەی کرد..))[١٤٥]

خانمان و جوامێران!

بەر لە هەموو شتێك ئەمەوێ بە دڵ سپاسی رێکخەرانی ئەم کۆبوونەوەیە بکەم کە وەکو کوردێك هەلی قسەکردنیان بۆ هەڵخستووم، ئەم جۆرە هەلە بۆ ئێمە گرنگیەکی تایبەتی هەیە و زۆر شایانی هەڵسەنگاندنە، چونکە کەمجار هەڵئەکەوێ کە ماوە بدرێت دەنگی کورد لە ناو گەلە چەوساوە و

---

[١٤٥] چریکەی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٠ ل ٢٤.

زۆرلێکراوەکاندا ببیستریّ!!، کە لە راستیدا ووشەی چەوساوە و زۆرلێکراو ئەڵێی دەقە و بە باڵای کورد بڕراوە))[١٤٦]

بەم شێوەیە قسەکەر لەسەر باسی کێشەی کورد و ئەو زوڵم و زۆرداریەی لە کورد کراوە دەڕوات و هەموو بەڵگە بۆ ئامادەبووان روون دەکاتەوە و ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتووە بە نموونە بۆیان باس دەکات و داوای یارمەتی و کۆمەك دەکات لە ئامادەبووان جا هەر جۆرە یارمەتی و کۆمەکێك بێت، مادی بێت یان مەعنەوی، تەنانەت ئەگەر قسەیەکی باشیش بێت بۆ کورد و بزوتنەوەی زۆرلێکراوی نەتەوەی کورد هەر جێگای تەقدیر و سوپاسی نەتەوەی کوردە.

دیارە نوێنەری گۆڤاری چریکەی کوردستان بابەتەکەی بە شێوەیەك مەترەح کردووە کە ئامادەبووان زۆر بەدڵیان بووە و لە بڕیاری کۆتاییدا بە گشتی بڕیاری پشتگیری خۆیان بۆ خەباتی گەلی کورد لە پێناو نەهێشتنی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری داگیرکەران دەربڕیوە.. دیارە نوێنەرەکەش هەر برایم ئەحمەد خۆی بووە.

هەر ئەو جانتایەی جانتا نەبوو

هەر لە ژمارە سیّدا بابەتی (ئەو جانتایەی جانتا نەبوو When a Briefcase is not a Briefcase) بڵاوکردۆتەوە، لەم ووتارەدا کە لە گۆڤاری (میدل ئیسترن کەرەنتس) وەرگیراوە و باسی تەقەلای دڕندانەی بێوێنەکەی رژێمی عێراق لە بەرلینی رۆژئاوا کراوە بۆیە هیچ خستنە سەرێکی ناویّ، مەگەر ئەوە بڵێین کە ئەو خەڵکەی کەوا لە ئەنجامی ئەم

---

[١٤٦] چریکەی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٠ ل ٢٤.

کرداره نامرۆڤانه و بێویژدانانەیەدا ئەکوژران نەك هەر هەمووی بێتاوان بوون، تەنیا ٨ ،٩ خوێندکاری کوردستانی عێراقیان تیا بووه، ئەوانی تر خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان بوون، ئەمه جگه لەو چەند سەد کوڕ و کچ و منداڵه بێگانانەی له میوانخانەکه دابەزی بوون، که رەنگه کەسیان هەر ناوی صەدامیشیان نەبیستبێ، جا هەوڵدان بۆ ئەم خەڵك بە کۆمەڵ و بێتاوان کوشتنه نەك هەر جەوهەری دوژمنانەی رژێمی عێراق بەرامبەر به مرۆڤ دەردەخا و ئەو درۆیەشیان دەردەخا که خۆیان به دۆستی کوردی ئێران پیشان ئەدەن و له (خۆمەینی) داوای ئۆتۆنۆمیان بۆ ئەکەن.. مەسەلەکەش ئەوەیه حکومەتی عێراق ویستی له (هۆڵێکی) کۆبوونەوەدا لەبەرلینی رۆژئاوا نزیکەی (٣٠٠) کورد بکوژێ، وه ئەگەر بهاتایه پیلانەکەی سەری بگرتایه له ١٩٨٠/٨/١زدا.. کۆنگرەکه له میوانخانەیه بوو له (ڤیدن) که شارێکی ئەڵمانییه و کەوتۆته بەشی فەرەنساوه، (ئەکسا) کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان له ئەوروپا خەریکی بەستنی کۆنگره بوو، کاربەدەستانی سەفارەتی عێراق له بەرلینی رۆژهەڵات توانیبویان کوردێکی عێراقی به ناوی (حسەین) (ابوعەلی) له خشته بەرن و رازی بکەن که بۆمبایەکیان بۆ له هۆڵی کۆبوونەکەدا دابنێ، حسەین لەپاشا به هاوڕێ قوتابییەکانی ئەڵێ که ئەمەی بۆیه گرتۆته ئەستۆی خۆی کەوا پیلانەکەی (بەعس) پووچەڵ بکاتەوه، چونکه ترسی ئەوەی هەبووه که ئەگەر ئەو ناڕەزایی پیشان بدایه رەنگه دیبلۆماسییەکانی عێراق بتوانن یەکێکی که بدۆزنەوه که کارەکەیان بۆ جێبەجێبکات، حسەین به هاوکاری خوێندکاره کوردەکان ئاگاداری پۆلیسی کرد له تەفاسیلی پیلانەکه و له کاتی دانراودا به ئۆتۆمبیلێکی (دیاملەر)ی سەفارەتی عێراق لەبەرلینی ڕۆژهەڵات سکرتێری یەکەم (خالید جابر) لەگەڵ ئەندامێکی ستافی تەکنیکی سەفارەت

(محمودی حاجی عەلی) ناو لەگەڵ حسەین ئەبو عەلی لە کاتی وەرگرتنی جانتای بە بۆمبا چێنراو دەسگیرکران.

جا لەبەر ئەوەی تاوانبارەکان ناسنامەی دیبلۆماسیان پێبوو درانە دەست حکومەتی ئەڵمانیای رۆژهەلات بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی وەربگرن.. بەلام سەیر لەوەدایە حکومەتی رۆژهەلاتی ئەڵمان لەجیاتی دادگاییکردن و ئیجرائاتی سیاسی لە دژی سەفارەتی عێراقی بەیانێکی دەرکرد گووتی ئەو پیلانە بە دەستی صهیونزمەکان دارێژراوە و کۆتایی هات.

<u>لە ژمارە چواری چریکەی کوردستاندا ئەم بابەتانە نووسراوە:</u>

- لە ماوەی دوو چریکەدا، شەڕی عێراق و ئێران، کوشتنی سادات، ئەمریکا و دەوڵەتەکانی عەرەب.
- کورد لای بێگانە، لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیادا، خاکی گوم بووی کوردستان.
- چریکەی سەربەستی، خۆجێ قات نەبوو، ئەی بۆ؟، تاقیکردنەوە تاکەی، رێگایەکی پڕ مەترسی.
- کوردستان و پرۆژەکانی ئیمپریالیزم، یادی شەشی ئەیلولی ۱۹۳۰ز سلێمانی.
- بۆچی ئۆتۆنۆمی؟، مافی دیاریکردنی چارەنووس.
- دیوانی چریکە، قوربانیەکانی نەتەوە، گۆڕی سەربازی وون، چوار پارچەکەی جگەرم، من و مامەیارە، خەم دەریایە و منیش کەشتیم، لە شیعرە بلاونەکراوەکانی سالم.
- کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە.
- فۆنیمەکانی کوردی.

- چریکە و خوێندەوارانی.
- چەند نامەیەك، عێراقی صەدام– شیعر، کوردە هاوارە– شیعر..[147]

لەم ژمارەیەدا شتێکی ئەوتۆ نابینین کە زۆر پێویست بێت لەسەری بنووسین و شیی بکەینەوە، چونکە بابەتی تازەی کەم تیایە، هەرچەندە ئەگەر ماوە ببوایە و باسەکەمان نەبوایەتە باسێکی درێژدادڕ، دەبوایە هەندێك بابەت هەیە هەڵوەستەی لەسەر بکەین بە تایبەتی:

١- کورد لای بێگانە

٢- خۆ جێ قات نەبوو

٣-بۆچی ئۆتۆنۆمی؟

٤- فۆنیمەکانی زمانی کوردی.

بەڵام دیارە لە عنوانی باسەکان خوێندەوار دەتوانێت شتێك لە ناوەڕۆکەکان هەڵکڕێنێ..

لە ژمارە پێنجی چریکەی کوردستاندا ئەم بابەتانەی تیا بڵاوبۆتەوە:

- هێرشە هیتلەرانەکەی بێگن بۆ سەر لبنان.
- عێراقی پاش صەدام.
- پێویستی ستراتیجییەکی نوێ.
- دیوانی چریکە، نەورۆز، لاوکی ئازادی، سەرگوزشتەکەم، چۆن رزگار ئەبین...
- سەرنجێك لە ووتاری کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە.
- کورد و ئۆتۆنۆمی.
- چریکەی خوێندەواران.

[147] چریکەی کوردستان ژمارە ٤ کانونی یەکەم ١٩٨١ز.

-ئیسلام بۆ کورد ستراتیجیەکی تازە نیی‌یە.

لەم ژمارەیەدا دیاردەی تازە بەرچاو دەکەون کە لەگەڵ ژمارەکانی پێشووتری جیاوازی هەیە، لە ژمارەکانی پێشووتر لە سەر بەرگی دەرەوە نووسراوە چریکەی کوردستان گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی‌یە و بەس، بەڵام لەم ژمارەیە بە دواوە نووسراوە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە.. واتە ووشەی سەربەخۆ خراوەتە سەر گۆڤارەکە، دیارە ئەوەش لەوەوە هاتووە بۆ ئەوەی خوێندەوارانی چریکە بە لایەنێك لە لایەنەکانی پارتەکانی کوردستان حساب نەکەن، چونکە لەو سەردەمەدا شەڕی ناوخۆی براکوژی گەرم بوو لە نێوان یەکێتی‌ی نیشتمانی و پارتی دیموکرات و حسك و حیزبی شیوعی، جا بۆ ئەوەی چریکە لەو ناکۆکیە و ململانی‌یە خۆی بە دوور بگرێ بانگی سەربەخۆیی خۆی داوە و بیروباوەڕی جیاوازەکانی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەیان وا، لە لایەکی ترەوە لەو ژمارەیەدا گۆشەی زمانەوانی تێدانی‌یە و لێرەدا کوژاوەتەوە، هەروەها زمانی نووسین جیاوازی تێدا بەرچاو دەکەوێت لەگەڵ ژمارەکانی پێشووتری، لەم ژمارەیەدا زۆر بە توندی لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا نووسراوە و بە گەرمی پشتگیری لە گەڵ عەرەب و فەلەستین و لوبنان کراوە.. وە هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکی تازە هاتۆتە ناوەخنی گۆڤارەکەوە ئەویش مەسەلەی (ئیسلامی سیاسیە لە کوردستان) و کە دەڵێن ئیسلام بۆ کورد ستراتیجیەکی تازە نی‌یە، لەو باسەدا هاتووە هەرچەندە دەوڵەتە ئیسلامیە هاودینەکانمان زمانی زگماکیان لێقەدەغەکردووین و بە ناوی ئیسلامەوە دەیان هەزار سووکایەتیان بە کورد کردووە لە سەردەمی عوسمانی و ئێرانی‌یەوە بگرە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیش و ئێستاش بە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریاوە هەرچی کارەسات و گۆبەند هەیە بەسەر کوردیان هێناوە بەڵام

کورد لە ئیسلام ساردنەبۆتەوە و بە بڕواو یەقینەوە پێڕەوی ئایینی ئیسلامی کردووە، وە لە لاپەڕە ٦٩دا ئیشارەی بە نووسینێکی صالح قەفتان کردووە لە کتێبی (مێژووی گەلی کورد)دا کە دەڵێت:

((کوردەکان لە دوای ئیسلام بوونیان.. لە پێناو شەرەفی ئەم ئایینەدا بۆ بەرزبوونەوەی خەلافەت نەچوونە ژێر سلاح بۆ بێگانە.. بەوە بینایی قەومایەتی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە.. یەعنی خۆیان کردووە بە قەڵغانی ئیسلامەتی و کوردایەتیانی لە ڕێی ئەو نیازەدا بەختکردووە..))[148]

وە هەر لەو بارەیەوە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بڵاوکردۆتەوە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:[149]

((بێگانە لە تەرجەمەی زمانی ئەسراری کتێبی خەڵکی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی هیچ نەی خوێندووە دوو حەرفی کوردی))

لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو باسەی سەرەوەدا ئەوە ئیسبات بووە کە حکومەتەکانی برادینییەکانی کورد ئەوەی بە کوردیان کردووە با بە دەواری شڕی نەکردووە، بەرهەمی ئیسلامی گەلی کوردیان بە تاڵان بردووە و بە چاوی سووك سەیری کوردیان کردووە و بەدناویان کردووە و بە گژ یەکیانەوە ناون و ڕەچەڵەك و ڕەگ و ریشەی کوردیان بردۆتەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆیان و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ توانەوە و لەناوبردنی کوردی برای موسڵمانیان.

هەر لەو وتارەدا باسی لە سەردەمی چوار ئیمامەکە دەکات ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و

---

[148] مێژووی گەلی کورد سالح قەفتان ل ١٧٧. چاپخانەی سەلمان الاعزەمی ١٩٩\٦٩ز بغداد.

[149] چریکەی کوردستان ژمارە (٥) تەمموزی ١٩٨٢ز ل ٥٧-٧٧ نووسینی م.د لە گۆڤاری (ئەرەیبا) وەرگیراوە.

ئێرانی و تـا دەگاتـە سـەردەمی صـەدام و خومـەینی کـە چ کارەسـاتێکیان بەسەر کورد هێناوە و هەر بەو بۆنەیەوە شیعرێکی ئاراستەکراوی خومەینی بڵاوکردۆتەوە بەم شێوەیە دەدوێ:

((خەڵکی وەهای ئەزانی | تۆ ئیمامی زەمانی!
کە خۆی خستە بەختی تۆ | ئیتر نابێ رەنجەڕۆ
زوڵم و زۆر بەرباد ئەکەی | ژێر دەستان ئازاد ئەکەی
لێقەوماوان شاد ئەکەی | خێر و خۆشی زیاد ئەکەی

کەچی دەرکەوت بەکردار
تۆش شاهێکی ستەمکار))

ژمـارە حـەوتی گـۆڤـاری چرکـیـەی کـوردسـتـان لـە تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٣ز دەرچوو ئەم بابەتانەی تیا نووسراوە:[١٥٠]

- عێراق و ئێران دوای سێ ساڵ شەڕ، نووسینی (م.د.).
- تورکیا و عێراق و ئێران گەلەکۆمەکی لە کورد ئەکەن.
- کامەیە ئەرکی نووسەر و رووناکبیری کورد؟ نووسینی وەرزێر.
- کورد و ئۆتۆنۆمی، نووسینی پۆڵا.
- ئیسپانیا و نەتەوە جیاوازەکانی، نووسینی شاسوار.
- دیوانی چریکە.
- گوڵی سەربەستی، بەختیار زێوەر.
- ئەگەڕێمەوە، شیعری هاوار.
- سروودی رۆژی تازە، فەرهاد شاکەلی.
- ئەی هەوری رەش، وەرزێر.
- قوربانی تۆزی رێگەتم و چەپکە شیعری ئەنوەر قادر محمد.
- گۆرانیەکانی دایکم دەبن بە چی؟! شیعری خەبات.
- هاواری کوردە ئاوارەکانی ئوستراليا، ئەمڕۆ بۆ کورد... یەکنەگرتن واتە مردن..!

[١٥٠] چریکەی کوردستان ژمارە (٧) تەشرینی یەکەم ١٩٨٣ز.

- هیوا –چیرۆکی ژمارە– نووسینی س.خ. سمکۆ.
- چەند سەرنجێك لەبارەی وتارەکەی شاکەلیەوە (ن.مارف).
- کە ژمارە شەشی چریکەم خوێندەوە، نووسینی وەرزێر.
- لەبارەی تورکیاوە، لە کرستیان سایەنس مونیتور وەرگیراوە.
- کوردستان قەلای پێشەوەی شۆرشگێرانە.

کۆتایی

تێبینی:

بەداخەوە ژمارە شەشی چریکەی کوردستانمان دەس نەکەوت، هەر چەندی هەوڵێکی یەکجار زۆرمان دا..

لە ژمارە حەوتی چریکەی کوردستاندا دیاردەیەکی نویێ بەرچاو دەکەوێ کە لە ژمارەکانی پێشتر نەبوو، بابەتەکەش ئەوەیە کە دەرگای رەخنە کراوەتەوە بەلام رەخنەی زانستیانە و بنیاتکەرانە، نەك رەخنەی رووخێنەر.. دیارە لە ژمارە شەشی چریکەدا بانگەوازێکی (فەرهاد شاکەلی) بلاوکراوەتەوە بە عنوانی ((ئەرکی نووسەر و رووناکبیری کوردی)) تیادا دیاری کراوە و لە بانگەوازەکەدا شاکەلی داوا دەکات رووناکبیران هەلوێست وەربگرن دەربارەی سەرکردەی پارتە کوردیەکان، ئەوانی لە رێگای راستی کوردایەتی لایان داوە، یان لە داهاتوو لائەدەن.. فەرهاد شاکەلی جگە لەوەی شاعیرە نووسەرێکی بە تواناشە و لەو ژمارەیە دوو رۆشنبیری کورد لە دەرەوەی ولات وەلامیان داوەتەوە وە رەخنەیان لە ووتارەکەی گرتووە.

لەوانە (ن.مارف) لە ژێر سەرناوی (چەند سەرنجێك)دا[١٥١] دەنووسێت:

---

[١٥١] چریکەی کوردستان ژمارە (٧) تەشرینی یەکەم ١٩٨٣ز ل ٦٥-٦٦ن.مارف.

((کە لە ژمارە (٦)ی چریکەدا لە ژێر ناونیشانی ئەرکی نووسەر و رووناکبیری کورددا ناوی کاك فەرهاد شاکەلیم دی کە هەر لە چریکەدا چەند جارێك شیعرە جوانە دڵسۆزەکانیم خوێندۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە من کەمم شیعر دێتە بەر کەچی گورج ئەم پەلکە شیعرەیم هاتەوە بیر کە دەڵێت:

لە دوای شەوی تاریك و رەش   رۆژی زێرین هەڵدێتەوە

دوای زستانی سەخت و ناخۆش   بەهارێکی شین دێتەوە..))

((بەڵام بەداخەوە ئەوەی نووسەر باسی نەکردبوو ئەو شتانە بوو کە باوەڕم وایە نەك هەر من بەڵکو هەموو کوردێکی پاك و چاك، لەم رۆژە رەشەدا بە یەکەمین و گرنگترین ئەرك و فرمانی رووناکبیر و ناودار و پێشکەوتووانی کوردی دادەنێن، وە داوایان لێئەکەن کە بە هەموو هێز و توانایانەوە هەول بدەن لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکەی خۆیان و ئەم ئاواتە پیرۆزەی گەلدا، لە باسنەکردنی ئەمەش ناخۆشتر ئەوەیە کە کاك شاکەلی سەرزەنشتی نووسەر و رووناکبیرەکانی کورد ئەکات کە بۆچی بەرامبەر سیاسی و خۆ بەپێشڕەو زانەکانەی کورد بێدەنگ وەستاون و پێیان ناڵێن قوربان تۆ لە من دڵسۆزتر نیت بۆ گەل و وڵات ئێدی بۆچی دەبێ تۆ رێگە بە من پیشان بدەیت؟!.))

دیارە لە بڵاوکردنەوەی ئەم ووتارە رەخنە ئامێزەی ن.مارف دەربارەی شاکەلی چریکەی کوردستان بڕیاری داوە لە دەرگای رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن بدات و بیر و بۆچوونی جیاواز و بەرامبەر و دژ بە یەکتر بڵاوبکاتەوە، ئەم نەریتە لە رۆژنامەگەریدا کارێکی باش و سوود بەخشە، چونکە بە هۆی بیروباوەڕی جیاوازەوە خوێندەواری چریکە زیاتر شارەزای باس و کێشەکان دەبن کە بیروبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن و لە ئەنجامدا رای گشتی دروست دەبێت و سەر دەکەوێ..

لەهەمان ژمارەدا وتارێکی تری رەخنەگرانە دەربارەی ژمارە شەشی چریکە نووسراوە لە لایەن (وەرزێرەوە) دەڵێت:

کە ژمارە شەشی گۆڤاری چریکەی کوردستانم خوێندەوە.. دەمێ بوو، تامەزرۆی چاپکراوێکی کوردی، رۆشنبیری بووم و شەوان خەوم پێوە دەدیت، بۆی بووبوومە کۆرپەیەکی برسی و تینوو گاگۆڵکێم بۆ دەکرد، کە ژمارە شەشی کەوتە دەستم توانیم ئەو برسیەتی و تینویەتیەم بشکێنم و بە باوەشی پڕ سۆزەوە لە نێوانی دەستەکانمدا خەملی و هێدی هێدی لاپەڕە بە لاپەڕەیم خوێندەوە..

ئینجا دەنووسێت (رەخنەکانمان)

ا- بەشی هونەری:

ئەوەی ئاشکرایە گۆڤارێکی (٩٠) لاپەڕەیی کە ناوبەناو دەردەچێت و.. پێویستی بە رێکوپێکی‌یەکی هونەری باش هەیە و دابەشکردن و رازاندنەوەیەکی جوانی گەرەکە.. دەبوایە لە رێکخستن و دابەشکردنی هونەری بەرهەمەکانیشدا رەچاوی بکرایە، ئەو هەڵانەش وا کراون بەم شێوەیەی لای خوارەوە روونی دەکەینەوە:

أ- وتاری کورد و ئۆتۆنۆمی:

دەبوایە لە بەشی یەکەمدا بێ نەك لە بەشی سێیەمدا.

ب- شیعری هاورێم بێکەس دەبوایە لە بەشی دووەمدا بێت نەك لە بەشی سێیەمدا.

ج- وتارێ لە پێناوی ئیملایەکی یەکجۆردا:

دەبوایە لە بەشی سێیەمدا بێ نەك لە بەشی پێنجەمدا.

وە بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم لایەنە هونەریە بەم شێوەیەی لای خوارەوە گۆڤارەکە دابەش دەکرێت:

بەشی یەکەم– پێشەکی وتاری سیاسی و لێکۆڵینەوە سیاسیەکان.
بەشی دووەم– دیوانی چریکە.
بەشی سێیەم– رەخنە و لێکۆڵینەوە.
بەشی چوارەم– چریکە و خوێندەوارانی.
بەشی پێنجەم– هەمە چەشنە.

٣– بەشی رەخنە:

لەم بەشەدا بەو پەڕی هەستکردن بە لێپرسینەوە و دڵسۆزییەوە لە پێناوی نەمری گۆڤارەکەدا ئەم چەند رەخنەیە دەخەینە بەرچاو:

أ– لە بەرگی پێشەوەی چریکەدا نەخشەی کوردستان کێشراوە و لە دەور و بەریدا ناوی ئیسرائیل نووسراوە، بۆ ئاگاداری رای گشتی دۆستەکانمان دەبوایە لە جیاتی ئیسرائیل ناوی فەلەستین بنووسرایە..

ب– وتاری هاوڕێ (م.عەلی) دەربارەی ئیملای کوردی لەنگ و کەم و کورتە.

ج– دەربارەی دیوانی چریکە، رەنگ و رووی نەبوونی بەرهەمی نوێی پێوە دیارە..

لەو دوو باسەی سەرەوەدا دەربارەی ژمارە حەوت و شەشی چریکە کە گرنگی تایبەتی داوە بە رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن و ئەو بابەتانەی وەرزێر بڵاوی کردۆتەوە کە رەخنەی لە خودی گۆڤارەکە گرتووە لەباری هونەری و رێکخستن و بەرگ و نەخشە و ناوەڕۆکەوە، وە چریکەش سوپاسی کردوون و داوای لە رۆشنبیران و هونەرمەندان کردووە بەردەوام بن لە ئامۆژگاری و رێنەوینی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و هەڵسانگاندنی لە هەموو روویەکەوە، بۆ ئەوەی گۆڤارەکە بێتە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی هەموو

رووناکبیران لە هەندەران دیارە بابەتەکانی ناوگۆڤارەکە بە گشتی بابەتی باش و بەپێزن بۆ شکاندنی تینویەتی خوێندەوارانی چریکە لە دەرەوەی وڵات چونکە بابەتێکی تری تێدایە کورد لای بێگانە، کە ئەوەش بیروڕای گشتی دنیای دەروە دەردەخات دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا..

ژمارە (٨ و ٩)ی گۆڤاری چریکەی کوردستان لە ئەیلولی ١٩٨٥از دەرچووە، بریتیە لە ١٤٤ لاپەڕە و بە هەمان شێوە و قەوارەی ژمارەکانی پێشووتری و ئەم بابەتانەی تیا بڵاوکراوتەوە:

- کورد و مافی چارەنووس دیاریکردن.
- شینی ئەدیبانی کورد، نووسینی د.ک.فوئاد.
- چریکەی سەربەستی.
- چەند سەرنجێك لەبارەی وتاری (ستراتیژی سیاسی و سەربازی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردەوە) هێمن.
- دیوانی چریکە.
- شاعیری نەمر گۆران، نووسینی هاوار.
- هەڵبژاردە: مەسەلەی کورد و نەبوونی پاڵپشتی دەرەوە، نووسینی ش.بەکر.
- تاوانی تورك لەم سەدەیەدا.
- چریکە و هەڵبژاردەی بڵاوکراوەکانی.
- رەخنە و بەربەرەکانی ناوخۆیی، نووسینی (م.د).
- ....

لە لاپەڕە یەکی گۆڤاری چریکەی کوردستان ژمارە (٨ و٩)دا وتارێك نووسراوە لە ژێر سەرناوی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان.

ئەم باسە رەخنە ئامێزە لێکۆڵینەوەیە لەسەر پرۆژەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لەبارەی کێشەی کوردەوە لەلایەن گۆڤاری (نداء الشغیلة) کە رۆژنامەی ناوەندی بزوتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبیە، (الجریدة المرکزیة للحرکة الاشتراکیة العربیة) [١٥٢] لە وتارێکیدا لە بارەی کێشەی کوردەوە بە توندی رەخنەی گرتووە لەو پرۆژەیە کە دانی تەواوی ناوە بە مافی چارەنووسی کورد بە پێی سەرەتایەکانی بیروباوەڕی مارکسی و لینینی، (نداء الشغیلة) دەنووسێت (باوەڕمان وایە کە شیعاری دیاری کردنی چارەنووس ناکرێ هەروەها بە تەنیا بهێنرێتە کایەوە، بەڵکو پێویستە کە توند و راستەوخۆ ببەسترێتەوە بە سروشتی قۆناغەکەوە و بەو هێز و بزوتنەوانەی کە تیایان (طبیعة المرحلة و القوی المحرکة فیها).. تا دوایی.

چریکەی کوردستان لە وەڵامی ئەو هەڵویستەی (نداء الشغیلة)دا دەنووسێت:

((جێی داخە ئەم برا عەرەبە سۆسیالیستە مرۆڤ دۆستە، ئازادی پەرستە، یەکێتی ویستە نەك هەر خۆی بەو بێ هێزی و بێ دەسەلاتی و دوور لە حوکم، هەر بە قسەش مافی چارەنووسی خۆ دیاری کردن بە نەتەوەی هاودەرد و هاودوژمن و هاوئاواتی خۆی رەوا نابینێ..)) [١٥٣]

---

[١٥٢] مجله نداو الشغیله العدد د/٥٥ نیسان ١٩٨٥م الجریده المرکزیه للحرکه الاشتراکیه العربیه.

[١٥٣] گۆڤاری چریکەی کوردستان ژمارە ٨ – ٩ ئەیلولی ١٩٨٥ز ل ١-٥.

هەر لەو بارەیەوە چریکە وتە بە نرخەکەی سەرهەنگ قەزافی بە نموونە هێناوەتەوە کە لە ١٤/١٢/١٩٨٠ز لە کۆبوونەوەی (مەدرید) کە بەسترابوو لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت:[١٥٤]

((راستە من عەرەبم و زۆریش بە تەنگ یەکێتی خاکی عەرەبەوەم، بەڵام ئەمە وام لێناکات کە خۆم لە راستی هەڵە بکەم و رەگەزپەرستانە و ئیمپریالیستانە بجووڵێمەوە.. کورد ئەرزی خۆیان هەیە ئەرزی کوردستان، کورد نەتەوەیەکن نەتەوەی کوردستان، نەتەوەیەکی بران، من دژی خراپە لەگەڵ کردنیانم دژی زۆر لێکردنیانم، دژی تەفروتونا کردنیانم، بەڵکو من پشتی خەباتی کوردیش ئەگرم.. من لەگەڵیانم لە رێگەی کۆکردنەوەی پارچەکانیان و دامەزراندنی نەتەوەیەکی کوردستانیدا کە شوێنی خۆی بگرێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و ئێران و تورکەوە.. تا دوایی)).

مرۆڤ کە سەرنجی بیر و بۆچوونی هەندێ لایەنی عەرەبی دەدا دەربارەی کێشەی کورد دەبینێ بۆچوونی هەندێکیان زۆر شۆڤێنییانەیە و لەگەڵ تورک و فارسە رەگەزپەرستەکان هیچ جیاوازیان نییە.. بەڵام لایەنێکی گەش لەناوبزوتنەوەی رزگاری خوازی عەرەبیدا چوزەرەی کردووە و سەری هەڵداوە (تەقەبل و ئیستیعاب)ی مەسەلەی کوردیان کردووە، بە تایبەتی مارکسیەکان و پێشکەوتن خوازەکان و هەندێ کەسایەتی رۆشنبیری عەرەبی کە مافی رەوای کورد لایان گەڵاڵەبووە و خەملیوە...

بۆیە ئێمە لێرەدا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە بزوتنەوەی عەرەبی نزیکترین دۆستی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردە و رۆژ لە دوای رۆژ ئەم

[١٥٤] گۆڤاری چریکەی کوردستان ژمارە ٨ – ٩ ئەیلولی ١٩٨٥ز ل ٥-١٠.

رۆژنامەی الزحف الاخضر لە ١/٤/١٩٨٥ز وتەکانی پێشەوا سەرهەنگ قەزافی.

راستیه زیاتر گەشه دەکا و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ.. هەر بۆ نموونه شیوعیه عەرەبەکان به گشتی و سەرهەنگ قەزافی و جەمال عبدالناصر و ئەحمەد بنبەله و مشعان جبوری و گەلێك رۆشنبیر و سیاسەتوانی عەرەب.

گۆڤاری چریکه له لاپەڕە ٤١ تا لاپەڕە ٥٩ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی بلاوکردۆتەوە (چەند سەرنجێك) له بارەی نووسینەکەی مامۆستا عصمت شەریفەوە لەسەر ((ستراتیژی سیاسی و سەربازی بزوتنەوەی نیشتمانی کورد)) نووسینی هێمن

ئەم لێکۆڵینەوەیە مناقەشەیەکی زانستیانەیە لەسەر نووسینەکەی عصمت شریف که له گۆڤاری دیراسات کوردیەدا له کانونی دووەمی ١٩٨٥ز له لایەن ئەنیستیتیوی کورد له پاریسەوە دەرئەکرێ، به پێی ئەو لێکۆڵینەوە رەخنه ئامێزەی (هێمن) کردوویەتی لەسەر ئەو باسه دیاره زیاتر جەخت ئەکا لەسەر هۆیەکانی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی کوردایەتی، وه دیاری و دەستنیشانی نەکردووه له ووتارەکەیدا تەنیا بۆ ئەوه چووه گوایه بۆیه شۆڕشەکانی کورد سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوه چونکه ئامانجیان روون و ئاشکرا نەبووه و داوای سەربەخۆیی تەواویان نەکردووه، بەلام رەخنەگر دەڵێت ئەگەر هاتوو هەموو هۆیەکانی ژێرکەوتن دیاری نەکەین وەکو ئەو دکتۆره وایه که ناتوانێ دەردی نەخۆشەکەی دیاری بکات ناشتوانێ دەرمانی بۆ بنووسێ بۆیه دەبینین هێمنی رەخنەگر هۆیەکان دیاری دەکات که بەلای ئەوەوه ئەمانەی خوارەوەن:

١- سروشتی چینایەتی سەرکردەکانی کورد (ئاغا و میر و شێخ و مەلا بوون).

٢- نەبوونی پارتێکی پێشڕەو و لێزان.

٣- سەیرنەکردنی مەسەلەی کورد وەك یەك مەسەلە لە هەموو پارچەکاندا.

٤- نەخەملاندنی باری ناوخۆیی و دەرەکی.

٥- لای زۆربەی سەرکردەکانی کورد وا باوبووە کە بەبێ یارمەتی دەرەکی سەرکەوتنی خەباتی کورد ئەستەمە.

لە لاپەڕە ٦٩ی چریکەدا نامەی کوردێکی ئاوارە بۆ برایەکی فەلەستینی بە شیعر نووسراوە، شیعرەکەش هی ب.أ.ر واتە بلەی ئەحە رەش، بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

برای لێقەوماو ئاوارەی زەمین بێبەش لە ماڵ و لە ماف و لە ژین
ناشێ نەزانی چەند لە یەك ئەچین ئێمەی هەژار و گەلی فەلەستین؟
هەردوو وڵاتمان داگیر کراوە هەردوو گیرۆدەی داوی ژێردەستین
دەستوری جەنگەڵ دیموکراتیە چ لە کوردستان چ لە فەلەستین

شیعرەکە ٣٢ دێڕە لە ١٩٧٧/١٢/٢٦ز نووسراوە.

دیارە گۆڤاری چریکە هەر وەکو لە ژمارە یەکی بەرنامەی خۆیدا ئاشکرای کردووە ئەویش بریتییە لە نزیك بوونەوە لە گەلانی جیهان، بە دیارکردنی جێگاو شوێنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە بەرەی ئازادی و دیموکراسی گەلانداو ناساندنی رووی راست و رەوای کێشە و داخوازیەکانمان وەك گەلێکی دابەشکراو لەلایەن چەند دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و شۆڤێنیستی سەر بە ئیمپریالیزم وە دەرخستنی رووی گەشی خەباتی نەتەوەکەمان لە پێناو مافە رەواکاندا وە ریسواکردنی دوژمنی سەرسەخت و خوێن رێژ و خوێن مژ وە ئاشکراکردنی کاری نامرۆڤانەو رەوشتی درندانە و جانەوارانەیانی بەرامبەر میللەتەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و بە تایبەت لەو بەشانەی بڵێسەی ئاگری

تیا بەرزبۆتـەوە هیـوای سـەرکەوتنی تیـا نزیـك و نزیکـتر بۆتـەوە، وە ئـەو شیعرەی سەرەوە نیشانەی پێکەوە گرێدان و هاوخەباتی کورد و عـەرەب بە گشتی و کـورد و فەلەسـتینیەکان بـە تایبـەتی، دیـارە شـاعیر ویسـتویەتی سۆزی نەتەوەی عەرەب رابکێشێ بۆ لای کورد چونکە خـەباتی هـەردوو لای پێکەوە بەستووە و لێکیچواندووە.

لـە دوا ژمـارەی چریکـەدا بابـەتێك بڵاوکراوەتـەوە لـە ژێـر سـەرناوی هەڵبژاردەی بڵاوکراوەکان ئەم بابەتە بە لای ئێمەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بـۆ ئـەو کەسـانەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بخوێننـەوە و هەڵیبسـەنگێنن، گرنگیەکەی لەوەدایە باسـی ئـەو بڵاوکراوانـە دەکـات کـە لـە سـاڵی ١٩٨٥ لـە هەندەران یان لە وڵات بە نهێنی دەرچووە بۆ هەر باحسێك پێویستە بزانێـت لەو سـەردەمە چ گۆڤـار و دیوانـی شـیعر و کتـاب و نامیلکەیـەك دەرچـووە لەبەرئەوە بە پێویستمان زانـی لـێرەدا بـە کورتـی پەنجـە بـۆ ئـەو گۆڤـار و دیوانی شیعر و نامیلکـە و کتێبانـە رابکێشین کـە لەو سـەردەمەدا دەرچـووە بەم شێوەیەی لە پەراوێزدا هاتووە:[١٥٥]

١٥٥

- ژیـن ئـەم کتێبـە کۆکـراوەی ژمارەکـانی گۆڤـاری ژینـە کـەوا لـە ساڵەکانی ١٩١٨-١٩١٩ لـە ئەستەمبول دەرچووە ٤٥٨ لاپەڕەی گەورەیە لە سوید چاپ کراوە.
- **The legal concept of self-determination and the Kurdish Question.**
- ئەم نامیلکەیە لە لایەن دکتۆر فوئاد محمد حسینەوە نووسراوە.
- دەرویشەکان بە دوایی راستیدا دەگەڕێن.
- ئەم شانۆگەریە لە لایەن مامۆستا (محمد الحلاج)ـە وە نووسراوە، محمودی مـەلا عـیزەت وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- پێنج بەرهـەمی هـاوار لـەندەن هـەڵبژاردەی شیعرەکانی هـاوارە (کـاروانی شۆڕش و پاش ئاشبەتاڵ).

رۆشنایی لە دەنگەوە و

ئاوازی گەرویەکی زیندوو

- دوو دیوانە شیعری کاك فەریاد فازلە ١١٨ لاپەڕە و ٢١٨ لاپەڕە لە لایەن پەیمانگای زمان و ئێرانیەکانی زانستگای ئازاد لە بەرلین بڵاوکراوەتەوە.
- شیوەنێ بۆ کوردستان چەپکێ شیعری کاك یاسین وەرزێرە.

زەویتان بۆ دەژەنم و، لەگەڵ کازیوەیەکدا

- دوو بڵاوکراوەی کاك رزگار عبداللە یە یەکەمیان چل لاپەڕەیە و شیعرە دووەمیان ١٣ کورتە چیرۆکە.
- بەندیخانە، شانۆگەریی کاك هاوڕێیە.
- داستانی هەڵۆی سوور، یەکێتی نووسەرانی کوردستان دەری دەکات.
- کەشکۆڵی پێشمەرگە، دوو چەپکە شیعری کاك جوامێرە.
- بانگەواز، گۆڵ چنینی هەڵبەستەکانی عومەری فاروقییە.
- چەپکێ خەمی کەسك، شیعری ئەحمەد عارفە.
- نهضة الاكــــراد الثقافيـــة و القوميـــة، لێکۆڵینەوەیـەکی راپەڕینی کـەلتووری و نەتـەوەیی مێژوونووسی کوردی سۆفیەتی جەلیلی جەلیلە.
- گفتوگۆی شۆڕش لەگـەڵ میری، کتێبێکی ١٣٢ لاپەڕەیە یەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان دەری کردووە.
- هیوا ئەم گۆڤارە لە لایەن ئەنستیتۆی کورد لە پاریس شوباتی ١٩٨٥ ز دەرچووە.
- دراسات كردية، گۆڤارێکە ئەنستیتۆی کورد لە پاریس هەر جارەی بە زمانێك دەری دەکات.
- هەڵوێست، گۆڤارێکی رووناکبیرییە لە لایەن چەند لاوێکەوە لە لەندەن دەردەچێت.
- چەپکە گوڵ، چەند پارچە شیعرێکی شامی کرمانشانییە.
- بەربانگ، گۆڤارێکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانە لە سوید.
- ئارمانج، **ARMANC** گۆڤارێکی کوردییە کۆمەڵەی یەکێتی کارگەرانی دیموکراتی کوردستان لە سوید دەری دەکات.
- گزنگ، گۆڤارێکە لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی کەرکوکەوە دەردەچێت.
- رسالة العراق، گۆڤارێکە پارتی کۆمۆنیستی عێراق راگەیاندنی دەرەوەیان دەری دەکات.
- صدى كردستان، گۆڤارێکە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات.
- الشعلة، مەشخەڵ، الجريدة المركزية للاتحاد الديمقراطي الكردستاني العراق دەری دەکات.
- نداء الشغيلة، الجريدة المركزية للحركة الاشتراكية العربية.
- الشرارة، رۆژنامەی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- پرشـنگ، گۆڤـارێکی رۆشـنبیری گشـتییە پاشـکۆی دەنگـی خوێندکارانـە کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەری دەکات.
- الانتفاضة الشعبيه، الجريدة المركزية للجبة الوطنية القومية الديمقراطيـة فـي العـراق دەری دەکات.

بەلای ئێمـەوە ئـەو شـیکردنەوە و لێکدانـەوە و بۆچوونانـەی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤاری چریکە لەبارەی نامیلکەیـەکی سیاسـی چـەند لاوێکـی کوردی توندرەو کە ویستوویانە لە دەرەوە ناوبانگی بزوتنەوەی کوردایەتی لەکەدار بکەن، بەوەی کێشە ناوخۆیەکانی خۆیان و عەیب و عار و کـەم و کورتیەکانی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی بە دنیای دەرەوە بگەیـەنن، کە هیچ دەردێکـی نـاگوزەری و ناتفـاقی و نابەڵـەدی نـاوخۆ چارەسـەر ناکـات و کێشـەکان بنبڕ ناکات و دوژمنـانی میللەتەکـەمان دەیقۆزنـەوە بـۆ قـازانجی

- دەنگی خوێندکارانی کوردستان، گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێندکـارانی کـوردە (ئەکسا) لـە دەرەوەی وڵات.
- هێلانە، گۆڤارێکە تایبەتە بەو منداڵانەوە کە بە زمانی کوردی بە پیتی کرمـانجی سەروو دەخوێنن، لەلایەن یەکێتی کرێکارانی دیموکراتی کوردستانەوە لە سوید دەر دەچێت.
- یادی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە، گۆڤارێکە پارتی دیموکراتـی کوردسـتان بـە کـوردی دەری دەکات.
- بەیاننامە، گۆڤارێکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەری دەکات.
- بانگەواز، کۆمیتەی پشتگیری کوردستان لە ئەمریکا دەری دەکات.
- لم يعد الصمت ممكنـــا، نامیلکەیەکە لـە سـوید چاپ و بڵاوکراوەتـەوە هـەمووی رەخنـە و هێرشـە بـۆ سـەر یـەکێتیی نیشتمانیی و شەخسـی تاڵـەبانی لـە لایـەن سـالار عـەزیزەوە نووسراوە و بە ناوی (ئاش) واتە ئاڵای شۆڕشەوە بڵاوکراوەتەوە.

راوبۆچوونی گۆڤاری چریکەی کوردستان لەسەر ئەم نامیلکەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
((ئـەو نامیلکەیـە، زیـان بـە کێشـەی گەلەکـەمان ئەگەیـەنێ لـە دەرەوەی ووڵات، وە هیـچ کێشەیەکی نـاوەخۆ چارەسـەر ناکات، چونکـە خـەبات وەك کشتوکاڵ وایـە تـا لەسـەر زەویەکـە نەبێ لە کردن نایێت..

هیـچ ئامـانجێکی بڵاوکـەرەوەکان ناهێنێتـە دی و زیـانێکی زۆر ئەگەیـەنێ بـە دیمـەن و ناوبانگی بزوتنەوەی ئازادی خوازی نەتەوەکەمان لای خۆیی و بێگانەش دەبێتە هۆی تەشـەنە پێکردن و کلپەپێ سەندنی ناکۆکی و هەراو هوریا لە ریزی کوردە ئاوارەکان سەر لێشێواندن و دابـەزاندنی ورەی خـەڵك و کـەم کردنـەوەی هیـوا و ئاواتیـان، ناهومێدیـەکی زۆر ئەخاتـە دڵـی کوردە ئاوارەکانەوە کە سەر بە هیچ لایـەك نـین، بـە دۆسـتەکانی بێگانـەمان نـائومێد دەکات و دوژمنە بێگانەکانمان دڵخۆش دەکات.)) لە چریکەی کوردستان ژمارە ٨- ٩ ئـەیلولی ١٩٨٥ز ل ١٣٧- ١٣٩ بڵاوکراوەتەوە (م.د).

خۆیـان و کنـەو بنـەکردنی کـادر و تێکۆشـەرانی بزوتنـەوەی کوردایـەتی و ریسـواکردنی شۆڕشـی کـورد و نەخشـەدانان بۆ پیلانگـێڕان بـۆ لـەباربردنی هەرچی دەسکەوتی شۆڕشی کوردستان هەیە.

ئێمـە پێمـان وایـە دەسـتەی نووسـەران خزمـەتێکی باشـی ڕەوتەکـەیان کردووە و ئەو کۆمەڵە گەنجەیان هوشیار کردۆتەوە لە مەترسی کارەکەیان و هاتنـەوە سـەر ڕێـی ڕاسـت، بـۆ ئـەوەی ڕق و کینـەی تایبـەتی و حزبایـەتی خۆیان بەلاوە بنێـن و بەشـداریی کاریگەرانـە لـە کـارۆ کـردەوەی هاوبـەش و هەماهەنگی گشتیدا بکەن لەسەر ئاستی نیشتمان و نەتەوە..

◈ ◈ ◈

صرخة كردستان

الملحق العربي
لمجلة
چریکەی کوردستان

مجلة ثقافية عامة مستقلة



آب ١٩٨٦ العدد (٤-٥)

صرخة كردستان
الملحق العربي لمجلة
چریکەی کوردستان

صرخة كردستان

صرخـــة پاشکۆی گۆڤاری چریکەی کوردستانە وە پێنج ژمارەی بە عەرەبی دەرچووە بە هەمان دروشم و نەخشە و قەوارە و ناوەڕۆك و روخسارەوە ژمارە یەکی صرخة لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ز لە لەندەن بە زمانی عەرەبی دەرچووە و ئەم بابەتانەی خوارەوەی لە خۆی گرتووە:

- ايران في مهب العاصفة.
- حول الحرب العراقية الايرانية.
- الجماهيرية الليبية و حقوق القوميات.
- حكم الجنرالات في تركيا.
- حول انتخابات الرئاسة الامريكية.
- السادات و بيغن.
- المشكلة الافغانية.
- حديقة الادب.
- العراق دليل التعذيب.
- الارهاب يكتسح الاوساط العلمية العراقية.

- الحكم الذاتي النموذجي..

وه له سەروتاری ژماره یەکی صرخة كردستاندا هاتووه:

الاهداء

ان المساهمة في العمل من اجل توفيق اواصر الاخوة الكفاحية بين الشعب الكردي و الشعوب المناضلة في سبيل التحرر من الاضطهاد و الاستعمار و الاستغلال و المحبة للحرية و الديمقراطية و السلام في الشرق الاوسط خاصة و في العالم عامة هي احدى مهام مجلة جريكةى كوردستان -صرخة كردستان- التي تعبر عن آلام و آمال الأمة الكردية في جميع أجزاء وطنها كردستان المقسمة بين دكتاتوريات مذهبية رجعية و قومية شوفينية و عسكرية فاشية تحكمها بالحديد و النار باسم الفرس و العرب و الترك و هم براء منها. هذا أو بما ان الأمة العربية هي الاولى في قائمة الأمم و الشعوب التي تسعى لتوثيق أواصر الأخوة الكفاحية معها بالنظر لما بين الأمتين من الصلات التاريخية و الدينية و الثقافية و الجوارية من وحدة الاهداف و المصالح و الاعداء باعتبارهما حركتين ديمقراطيتين موجهتين ضد الامبرالية و القوى الرجعية الحليفة و العميلة لها, و من اجل التخلص من الاضطهاد و الاستغلال و التجزئة, و لما كان توثيق الاواصر يمر عبر طريق التعارف و التقارب و التفاهم نقدم الى اخواننا أبناء الامة العربية ترجمة بعض ما نشر على صفحات مجلتنا حول شؤون و شجون

شعبنا و آراء بعض ابنائه حول عدد من القضايا العربية و العالمية لخطوة في هذا السبيل, نرجو من الله التوفيق و من اخواننا الارشاد و التأييد. (هيئة التحرير).

صرخة كردستان

الملحق العربي لمجلة چريكەی كوردستان

لە ژمارە (٤ –٥)دا کە لە ئابی ١٩٨٦ز دەرچووە و (٢٠٨) لاپەڕە کەوتە بەر دیدی ئێمە و ئەم بابەتانەی تیا بڵاوبۆتەوە:

- الحرب العراقية الايرانية.
- الامة الكردية و حقها في تقرير المصير, بقلم **سيوەيلى**.
- حديقة الادب: تحتوي على:

فكرة تعذبني, للشاعر المجري الخالد شندوربيتوفي.

ثورة الوعي, شعر ابن الخضراء نورالدين نصرالدين.

قد عدت مثلكم, شعر شاخەوان, معركة الحرية, علي الجوي.

عودة بالقارب, شعر ناظم حكمت, امل و ذكرى, من الشعر الفيتنامي.

نشيد الاتحاد, **خسرەو كلسرخي**, القصيدة الاخيرة, خسرتو **روزبه**.

- لا تزدهر الثقافة الا في ظل الديمقراطية.
- حقوق الانسان و القضية الكردية, ترجمة شاهين بكر.
- اشارة القضية الكردية في لجنة حقوق الانسان.
- الاكراد في شرق الاناضول, صراع من أجل الهوية (مختارات).
- باسيل نيكيتن/ بقلم هلكوت حكيم.

- الشعب الكردي في الوثائق الاجنبية, ترجمة م. هاوار.
- الاكراد, بقلم صابر أحمد, عن (نشرة المثابة).
- وجهة نظر, حول الموقف الفوري للحرب, بقلم م.د.
- المنبر الحر, حول كتاب القضية الكردية في العشرينات, بقلم ئاگادار.
- اقرار حق الشعب الكردي في تقرير مصيره.
- الاخ معمر القذافي يؤيد قيام دولة كردية.
- طرد اتحاد و جمعيات الطلبة البعثيين, ترجمة دكتور كتولي.
- مكافحة التسلح النووي دفاع عن القيم الانسانية.
- في ذكرى اولوف بالمه.
- كل ما يفيد صدام, يضر العراق.
- ادانة الاعتداء التركي.
- الاسلام و القومية, من مقال للدكتور فاضل رسول.

ئەگەر سەرنجی بابەتە بڵاوکراوەکانی (صرخة كردستان) **بدەین دەبینین بابەتی وەرگێڕاوی (تەرجەمەکراوی) چریکەی کوردستانی تێدا نابینین، بەڵام هەندێك بابەت و کێشەی بەردەوامی کوردستان و عێراق و هەرێمەکە لە هەردوو گۆڤاردا باسکراوە و لەسەری نووسراوە، وەك شەڕی عێراق ئێران، وە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد و کورد لای بێگانە و مافی ئادەمیزاد و کێشەی کورد، ئەم بابەتانە لە (چریکە و صرخة) دا هاتووە، بەڵام هەر بابەتە بە بۆچوونی نووسەرەکەیە و هیچی تەرجەمەکراو نییە،**

هۆیەکەشی ئەوەیە ماوەی دەرچوونی نێوان چریکە و صرخة دوورە تەنیا ژمارە یەکی صرخة لە حوزەیرانی ١٩٨١ز دەرچووە و ژمارە چواری چریکە لە کانونی یەکەمی ١٩٨١ز دەرچووە، ئەم دوو ژمارەیە لە ساڵێکدا بڵاوکراوەتەوە، ئەگەر نا ئەوانی تر ماوەی دەرچوونیان لە یەکتر دوورە و بابەتی تازە هاتۆتە پێشەوە بۆیە پێویستی بە بابەتی وەرگێڕاو نەبووە..

لە بارەی شەڕی عێراق و ئێران صرخەی کوردستان رای خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

((ان كراهية أهالي العراق الشديدة على اختلاف قومياتهم و أديانهم و مذاهبهم و معتقداتهم السياسية لنظام صدام الاجرامي و نضالهم الدؤوب من أجل اطاحته لا تعني اطلاقا انهم يرضون, لا بل و لا يقاومون احتلال وطنهم من قبل القوات الايرانية مهما كانت الاسباب و الدوافع..))[١٥٦]

واتە خەڵکی عێراق هەرچەند رقیان لە صەدام و رژێمەکەیەتی و بە هەموو توانا هەوڵی رووخانی ئەدەن، بەڵام قەت بەوە رازی نابن ئێران خاکیان داگیربکات و دەستەوئەژنۆ دانیشن خاکیان داگیر بکرێت لە ژێر هەر پەردە و بیانوویەك بێت..

دیارە ئەم هەڵوێستەی گۆڤاری صرخە بۆ رای گشتی عێراقی و عەرەبی هەڵوێستێکی نیشتمانی پاکە و گەلی عەرەب زۆریان پێ خۆشە و بەم هەڵوێستە عەرەب زیاتر لە گەلی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتی نزیکرت دەبنەوە..

---

[١٥٦] صرخة كردستان العدد ٤-٥ ايلول ١٩٨٦م ص ٧٧.

وە لە لاپەڕە (٧) وتارێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی تاوانی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر کۆماری لیبی و تیایا هاتووە:

((ان الحزب الشيوعي العراقي اذ يدين العدوان الامبريالي الامريكي الوحشي على الجماهيرية الليبية, يعلن تضامنه الحار مع الشعب الليبي المناضل و قيادته الوطنية في وقوفها الشجاع ضد العدوان الظالم و يدعو جماهير شعبنا عربا و أكرادا و أقليات قومية.. لابداء الدعم و المساندة للجماهيرية الليبية))[١٥٧]

لە وتارەکەدا هاتووە پارتی کۆمۆنیست ناڕەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەو هێرشە تاوانکاریەی ئەمریکا بۆ سەر گەلی لیبی و هاودەردی و هاوکاری خۆیان و گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە دەردەبڕن بۆ پشتگیری گەلی لیبی و سەرکردایەتیەکەی...تا.

وە هەر لەو بارەیەوە بروسکەیەکی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ سەرهەنگ معمر قەزافی بڵاوکردۆتەوە و تیایا هاتووە:

((تلقينا نحن اخوانكم في الاتحاد الوطني الكردستاني و الثورة التحررية المندلعة في كردستان تلقينا بالغضب و الاستنكار الشديدين اخبار العدوان الامريكي الغاشم على الجماهيرية الليبية التي غدت قلعة للثورة و القوى التحررية في العالم.))[١٥٨]

---

[١٥٧] **صرخة كردستان العدد ٤-٥ ايلول ١٩٨٦م ص ١٦-٣٢.**

[١٥٨] نفس المصدر، ص ١٦-٣٢.

واتە ئێمەی براتان لە ی.ن.ك و شۆڕشی رزگاری بەرپابوو لە کوردستاندا بەوپەڕی ناڕازی بوونەوە زانیمان تاوانی شێتگیرانەی ئەمریکا بۆ سەر لیبیای گەلی بۆتە قەلاّی شۆڕش و هێزی رزگاری خوازی جیهانی.. تا دوایی.

لە لاپەڕە (٤٩)دا بابەتێکی بلاّوکردۆتەوە (حقوق الانسان و القضية الكردية) کە وتاری سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ بەڕێز (جیم دانJim Dunn) کە لە مانگی ئابی ١٩٨٥ز لە (کەمبیر) پایتەختی ئوستراليا کۆبوونەوەیەك بەسترابوو نوێنەرانی پارتە سەرەکیەکانی و حکومەت و لیژنەی مافی مرۆڤی ئوسترالی و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و لیژنەکانی نەتەوە نیشتەجێیەکانی ئوسترالی تێدا بەشداربوون، لە وتارەکەی (جیم دان)دا هاتووە:

((ان الشعب الكردي يملك ميزات خاصة و يكون احدى اكبر الجماعات الاثنية في منطقة الشرق الاوسط, لا شك بان الاكراد يمثلون أكبر امة في العالم حرمت من حق انشاء دولة خاصة بهم تمكنهم من صيانة و تطوير تراثهم الغني.... لەسەری دەڕواو لە کۆتاییدا دەڵێت:

الحقيقة المرة و التي لها تأثير سلبي على الوضع الكردي هي وقوع وطنهم كردستان في منطقة تلتقي فيه خمسة دول مختلفة و هي تركيا و ايران و العراق و سوريا و الاتحاد السوفيتي, حيث يتعامل بعض هذه

الدول أفراد هذا الشعب معاملة الاسرى فعلا و خاصة تركيا و العراق..))[159]

وە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا (سیناتۆر دونالد جیب) سەرۆکی پارتی دیموکراتی ئوسترالی لە وتەیەکیدا گوتی:

((يجب ان يكون للحكومة الاسترالية رأي واضح تجاه هذه القضايا أكانت في جزر تيمور القريبة أو في تركيا البعيدة من استراليا, ان من اولى واجباتنا كشعب هو أخذ المسألة الكردية الى الامم المتحدة.))

بەو شێوەیە لەسەری دەڕوا لە کۆتاییدا دەڵێت:

((كم مليونا من الشعب الكردي يجب أن يموت حتى يثير هذا البلد القضية الكردية في الامم المتحدة؟!, المنظمة العالمية الوحيدة التي بوسعها القيام بعمل مثمر في هذا المضمار, هل السبب يكمن في ضغط امريكا علينا؟! لان هذه القضية ستزعج الاتراك؟ هل وصلنا الى هذه الدرجة من الدناءة ام أصبحنا جبناء الى هذا الحد فاصبحنا لعبة في يد أمريكا..؟!))[160]

لەلاپەڕە (٥٩)دا وتارێك نووسراوە لە ژێر ئەم سەرناوەی خوارەوە:

((اثارة القضية الكردية في لجنة حقوق الانسان للامم المتحدة))

تیایا هاتووە:

((عقدت اللجنة الفرعية (لجنة ايقاف التمييز و الدفاع عن حقوق الاقليات) التابعة للجنة حقوق الانسان للامم المتحدة اجتماعها الدوري الثامن و الثلاثين في جنيف –سويسرة في الفترة الواقعة بين (٢٠-٢٦)اب ١٩٨٥م و كانت الدورة خاصة بمناقشة انتهاكات الدول الاعضاء لحقوق

---

[159] [159] **صرخة كردستان العدد ٤-٥ ايلول ١٩٨٦م ص٥٠ وتارى (جيم دان) لە (كمبير) استراليا.**

[160] **صرخه كردستان العدد ٤-٥ ايلول ١٩٨٦م ص٥٦، وتارى سيناتۆر دونالد جيب.**

الانسان و الحريات العامة.. و قد تم لاول مرة منذ عام ١٩٧٥م اثارة القضية الكردية و نضاله العادل من قبل ثلاث منظمات عالمية غير حكومية و ذلك بتقديم تقارير خاصة حول الاوضاع العامة للشعب الكردي المناضل لادراجها في جدول اعمال الدورة و مناقشة المسألة من أوجه مختلفة و طالبت بإثارة قضية الشعب الكردي في الجلسة الاربعين للجمعية العامة للامم المتحدة و منح الشعب الكردي الحق في الاشتراك في أعمال الامم المتحدة على غرار منظمة التحرير الفلسطينية و ناميبيا..))[١٦١]

التقرير الاول في جلسة ١٩٨٥/٨/٢٣م للسيدة (**ڤيرياگراف**) ممثلة العصبة العالمية من أجل حقوق و تحرير الشعوب.

التقرير الثاني في الجلسة الصباحية في ١٩٨٥/٨/٢٦م للسيدة (**پيپاتاكمان**) ممثلة مجموعة حقوق الاقليات.

التقرير الثالث في الجلسة المسائية في ١٩٨٥/٨/٢٦م للسيد (**ريكاردو اسيبۆزا**) ممثل المركز الاوربي العالم الثالث..

أ- لەو سێ راپۆرتەدا هاتووە پێویستە بە وردی چاودێری باری کوردەواری بکرێت لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە تورکیا و ئێران و عێراق کە بە بەردەوامی پێشێلی بەندەکانی (٥، ٦، ٧، ٩، ١٩، ٢٠، ٢٦، ٢٧) دەکرێت لە لایەن ئەو سێ حکومەتەوە..

ب- هەروەها لە راپۆرتەکاندا هاتووە دەڵێت بە توندی داوا دەکەین وە زۆر پێویستە دایەلۆکی (مناقشە)ی کێشەی سیاسی کورد بکرێت لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە داوا دەکەین لە دەزگاکانی ئەو

---

[١٦١] صرخه كردستان العدد ٤-٥ ايلول ١٩٨٦م ص ٥٩.

ڕێکخراوە و لیژنەی مافی مرۆڤ کە ڕێز لە بڕیارەکانی خۆی بگرێت و کێشەی کورد لە بەرنامەی خۆی دابنێت بۆ ئەوەی میللەتی کورد کە ژمارەی لە (٢٠) بیست ملیۆن مرۆڤ زیاترە بتوانێ مافی قسەکردنی هەبێت لە سەکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو فەلەستینی و نامیبیاکان.

ج- هەر لەو ڕاپۆتانەدا هاتووە، کێشەی کورد کێشەیەکی جیهانیە و دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئاشکرایە زۆربەی گەلی کورد تووشی نائومێدی بوونە دەربارەی باری نالەباری خۆیان و داوای (عەدالەت) دادپەروەری و مافی ئادەمیزادی خۆیان دەکەن وەك تاك و کۆ... تادوایی.

وە لە لاپەڕەی (٦٢)دا ڕاپۆرتێك بڵاوکراوەتەوە لە ژێر سەرناوی:

((الاكراد في شرق الاناضول- صراع من اجل الهوية))

ڕاپۆرتەکە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی نووسیویەتی و ڕۆژنامەی (الخليج) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لە ١٩٨٥/٧/٢٧ بڵاوی کردۆتەوە و تیایا نووسراوە:

کورد لە تورکیا لە هەموو مافێکی مرۆیی بێبەشە و لە لایەن حکومەتی تورکیاوە بەچاوی سووك سەیر دەکرێت، زمانی کوردی، فۆلکلۆری کوردی، خوێندن و نووسین بە کوردی، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بە زمانی کوردی هەمووی قەدەغەیە، وە هەتتا کورد لە ناخی خۆشیا نابێ خۆی بە کورد بزانێ بەڵکو دەبێ خۆی بە تورکی شاخاوی بزانێ..

ڕۆژنامەکە دەنووسێ:

سلیمان دەمیرێل سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا کە ئێستا لە ماڵی خۆیەتی و ڕێگای پێنادەن کاروچالاکی سیاسی بکات لێمان پرسی دەربارەی چارەسەری کێشەی کورد گوتی:

ڕاستە بەم زوانە چارەسەر ناکرێت، بەڵام پیلانی زۆرمان لەبەردەستدایە بۆ بەربەرەکانی کوردەکان، بەهێز، وە من ئەوە بە ئاشکرا دەڵێم کە ڕەحمیان پێناکەین و ڕێگای هیچ جموجۆڵێکی سیاسی کوردەکان نادەین..[١٦٢]

ڕۆژنامەکە لەسەری دەڕواو دەنووسێت:

هەرچەندە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە تورکیا دەربارەی کورد، بەڵام چەپڕەوەکان دەڵێن دەبێ پێشتر هەوڵ بدرێت تورکیا دیموکراتی بکرێت و عەسکەرتاری تیا نەمێنێت ئەوسا دەتوانرێ چارەی کێشەی کوردیش بکرێت لە چوارچێوەی دیموکراتیەتدا..

بەو شێوەیە دەبینین گۆڤاری (صرخة کردستان) بابەتەکانی زۆربەی زۆری دەربارەی کێشەی سیاسی کورد و ویستویەتی خوێندەوار و ڕۆشنبیری عەرەب بەو کێشەیە ئاشنا و شارەزا بکات و ڕای گشتی نەتەوەی عەرەب بۆ پشتگیری لەو مەسەلەیە دابین بکات.

وە هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٧٢)دا هاتووە برامان سەرهەنگ قەزافی لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، لە لاپەڕە (١٧٣)دا هاتووە سەرهەنگ قەزافی لە کۆنگرەی دووەمی مەسابەی (مثابة) جیهانی بۆ بەرەکانی ئیمپریالیزم و سایۆنیزم و گۆشەگیری نەتەوایەتی و کۆنەپەرست

[١٦٢] صرخە کردستان ژمارە ٤-٥ ئەیلولی ١٩٨٦ز ل ٦٨.

و فاشیزمدا لە ئێوارەی ١٩٨٦/٣/٥ز داپێ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بە ئامادەبونی نوێنەری هەموو گروپەکانی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا.

قەزافی لەو کۆنگرەیەدا دەڵێت:

ئێستا لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری نەتەوەی کوردمان لەگەڵە، ئەو نەتەوەیەی کە تووشی جۆرەها ئەشکەنجە و ستەم و زۆرداری هاتووە لە لایەن دراوسێکانیەوە کە ڕێگایان لێگرتووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و یەکێتی..

وە دەڵێت:

ئێمە ناتوانین وەزعی ئەم نەتەوەیە زۆرلێکراوە لە بیر خۆمان بەرینەوە و بە ئاشکرا دەڵێین و بە هەموو دنیای رادەگەیەنین کە ئەم میللەتە مافی یەکێتی خاك و سەربەخۆیی تەواویان هەیە..

◈ ◈ ◈

هەڵسەنگاندنی گۆڤاری چریکە بەلای ئێمەوە

گەر بێتو بە دیدو نیگایەکی وردەوە سەرنجی ژمارەکانی گۆڤاری چریکەی کوردستان بدەین چەند بۆچوون و تێبینیەکی ڕاست و ڕەوانمان بۆ دەردەکەوێ:

گۆڤاری چریکە لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و لەسەردەمی بەخۆداچوونەوە و راچەڵەکین و بە ئاگاهاتنەوە و راپەڕینی نوێی نەتەوەکەمان هاتە مەیدانی رۆژنامەگەری و فەرهەنگی و سیاسی و رۆشنبیریی کوردیەوە لە هەندەران، فەرمان و ئەرکی چریکە بارێکی گران بوو بە کۆڵی سەرنووسەر و خاوەنی گۆڤارەکەوە.

قۆناغەکە زۆر ناسك و نالەباربوو، بزوتنەوەی کورد دوای ئەو شکستە گەورەیە پارچەپارچە و لێپرسراوو کادرەکانی وێڵ و سەرگەردان بوون بە وڵاتانەوە، پیلانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ کڕینی ویژدانی تێکۆشەرانی میللەتەکەمان لەو پەڕیدا بوو.. خەڵکی نەفس نزم و سووك و بێبار دەورەیان لە رژێم دابوو.. سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی و دۆستەکانیان لەناو کوردستان وایان بڵاودەکردەوە بزوتنەوەی کورد چونکە سەر بە ئیمپریالیزم بوو، داردەستی ئێران و ئەمریکا بوو، گوێی نەدایە ئامۆژگاری یەکێتی سۆڤیەت بۆیە ئەنجامی بەو رۆژە رەشە گەیشت.. توانای دارایی حکومەتی عێراق زۆر زیادی کردبوو، بەرمیلی نەوت لە (١٢) دۆلارەوە گەیشتە (٣٨) دۆلار معاهدەی عێراقی و سۆڤیەتی ئیمزا کرابوو لە مانگی

هەنگوینیدابوو، پەیوەندی عێراق بە حکومەتە عەرەبی و دەرودراوسێ و دەوڵەتانی بێ لایەن باندونگ و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی زۆر بەهێز بوو، حکومەتی عێراق بە تەواوی لە خۆی بایی بوو کەوتە وێزەی شیوعیە هاوپەیمانەکانی و گرتن و لە سێدارەدانی کادرە تێکۆشەرەکانی و راونانی ئەوانی تریان.. وە هیچ حیسابێکی بۆ گەلی کورد نەدەکرد و کەوتە گواستنەوەی کۆمەلانی خەڵکی لادێ و شارو شارۆچکەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێی ریسواکەرەکانی و تەخت کردنی شار و شارۆچکە و گوند و مزگەوت و قوتابخانە لە کوردستان، وە داماڵینی چەك لە هەموو کورد و پرچەککردنی عەشایەری عەرەب و نیشتەجێ کردینان لە ناوچە نەوتیەکانی کوردستان، بە کۆمەڵ گواستنەوەی فەرمانبەر و تێکۆشەرانی میللەتەکەمان بۆ عەرەبستان، وە بەستنی پەیمانی دوو قۆڵی و نهێنی لەگەڵ تورکیا و ئێران لە دژی بزوتنەوەی کوردایەتی و بە زۆر خەڵك کردنە بەعس و سرینەوەی بەندەکانی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ز و نەهێشتنی کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتی نووسەرانی کورد و توانەوەیان لە بۆدەقەی عێراقی و عەرەبی و هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتانی کوردستان، صەدام لە تەلەفزیۆنی عێراق اعلانی کرد جارێکی تر چەکدار لە کوردستان پەیدا نابێتەوە و بە ئاشکرا گوتی ((جلال لو يطلع نخلة براسه ماراح يشوف عشر مسلحين وراءه)).

واتە جەلال تاڵەبانی دراخورما لەسەری شین بێت جارێکی تر دە چەکدار بە دوای خۆیەوە نابینێت.

هەموو ئەو دیمەنە تاریك و ئاڵۆزە لە لایەك..

لە بەرامبەردا عەدالەتی مەسەلەی کورد و کێشە رەواکەی خەڵکی کوردستان، هەستی بەرزی نەتەوایەتی و خۆنەویستی تێکۆشەرانی

میللەتەکەمان، دوای ئەو گەلە کۆمەکیەی لە کورد کرا لە جەزائیر بە پرس و ئاگادرای رووس و ئەمریکا و بە بەرچاوی دنیاوە، وە لە ئەنجامی کاردانەوەی (رد الفعل) سیاسەتی (تەعریب و تەبعیس و تەهجیر) گۆڤاری چریکەی کوردستان هاتە مەیدانی خەباتی سیاسی و رۆژنامەگەری کوردیەوە لە هەندەران، چریکە هەرچەندە لە رووی هونەر و تەکنیکەوە (چاپ و رۆنیۆ و تیپ و تایپ و مەرەکەب و رێنووس و رێزمان و کاغەز و قەوارەوە) کەم و کورتی زۆرە، هۆیەکەشی بۆ توانایی دارایی خاوەن گۆڤارەکەیە، بەلام لە رووی هونەری دارشتن و هەلبژاردنی بابەتەکان و سەرباسەکان و ناوەرۆکەوە زۆر پێشکەوتووە، هەروەها شێوەی نووسینی زمان واتە ئەو شێوەیەی بابەتەکانی پێنووسراون زۆر لە برەودایەو لە رێزی پێشەوەی گۆڤارە کوردیەکان دەژمێردرێ، لە هەموو ژمارەکانی چریکە بابەتی بەپێزی تێدایە لەسەر زمان و شیعر و چیرۆك و لێکۆلینەوە و هەوال و دەنگوباسی دنیا و کورد لای بێگانە و مافی چارەی خۆنووسین و مێژوو و رۆشنبیری و خەباتی سیاسی.. بەلای ئێمەوە گۆڤاری چریکە کەلێنێکی باشی پرکردۆتەوە، لە مەیدانی رۆژنامەگەری و رۆشنبیری کوردی لە دەرەوەی ولات..

◈ ◈ ◈

بەرهەم و داهێنانی برایم ئەحمەد

لە گۆڤاری چریکە و صرخة کوردستاندا



واتە لە نۆ ژمارەی چریکە و پێنج ژمارەی صرخة کوردستاندا (٣٠) سی بەرهەمی خۆی تیا بڵاوکردۆتەوە بە کوردی و بە عەرەبی.

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین گۆڤاری چریکە بە لای برایم ئەحمەدەوە درێژە پێدەری گۆڤاری گەلاوێژە و هەوڵی داوە چریکە ببێتە گەلاوێژی دووەم، هەرچەندە لە رووی شێوە و بارست و قەوارەوە لە گەلاوێژ دەچێت، بەڵام لە باری ناوەڕۆك و رەنگ و بۆن و بەرامەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ

گەلاوێژدا، چونکە زەرف و زەمان و سەردەم جیاوازی زۆری هەیە کە زیاتر لە سی ساڵ نێوانیانە.. هەرچی گەلاوێژە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی بوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەدیب و رۆشنبیری کورد تیایدا بەشداریان دەکرد لە دەرچوون و بەردەوام بوونی لە وڵاتدا، چریکەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە کەساسی و مەلوولی دەردەچوو، بابەتەکانی سیاسی و رۆشنبیری گشتی بوون، هەرچەندە بابەتی زمانەوانی و ئەدەبیشی بڵاودەکردەوە، بەڵام چونکە ئەدیب و رۆشنبیرانی ناو نیشتمان لەمپەڕ لەبەردەمیان هەبوو، نەیان دەتوانی بەشداری تێدابکەن، چریکە بە هەوڵ و توانا و دارایی کزی تایبەتی برایم ئەحمەد خۆی دەردەچوو، ئەوانی بە بەردەوامی هاوکاریی‌یان دەکرد تەنیا دکتۆر کەمال فوئاد و کەمال میراودەلی و محمد رەسول هاوار و تۆفیق وەهبی بوون جاروبار فەرهاد شاکەلی بەرهەمەکانی خۆی بۆ دەناردن.

بۆیە بەلای منەوە ناکرێ چریکەی کوردستان بە درێژە پێدەری گەلاوێژ دابنرێ با ئەوە ئاواتی خاوەنەکەشی بووبێت، جگە لەوەش چریکە مانگانە نەبوو لەماوەی (٧) ساڵدا (٩) ژمارەی لێدەرچوو بە کوردی و پێنج ژمارەی بە عەرەبی لێبڵاوکرایەوە، لە رووی ئاستی رۆشنبیریی نەتەوەیی‌یەوە چریکە پێشکەتووە بەڵام لەبەر بێ توانایی دارایی و دوورە وڵاتی‌یەوە لەبارەی ئەدەبی‌یەوە لە ئاستی گەلاوێژنەبوو.

پێم وانی‌یە چریکە بەرە و پێشەوە چووبێت بە بەراورد لەگەڵ گەلاوێژدا.

لەبارەی زمان و داڕشتنەوە: دیارە سەردەمی چریکە زمانی کوردی زیاتر گەشەی کردبوو، بۆیە دەبینین زمانی بابەتەکانی چریکە تۆکمەتر داڕێژراوە و پاراوترە و رستەکان لەبارەی رێزمانەوە جوانتر چۆتە قاڵبی داڕشتنەوە...

رێباز و میتودی چریکە روونترە لە رێبازی گەلاوێژ، هەرچی گەلاوێژبوو ئامانج و ئاواتی گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، رێبازی چریکە رێبازێکی سیاسی و رۆشنبیری و شۆڕشگێڕی بوو.

بابەتەکانی گەلاوێژ زیاتر وەصفی بوون، بابەتەکانی چریکەی کوردستان شێوازی تەحلیلی لە خۆگرتبوو ئامانجی روونکردنەوەی کێشەی رەوای گەلی کورد بوو بۆ دنیای دەرەوە ناساندنی مەسەلەی کوردستان بوو بە جیهان.

(مەدای مەعریفی) واتە هێزی دەقەکان لە چریکەی کوردستاندا شێوازی تەحلیلی تیا بەدی دەکرێ.

لە گەلاوێژدا ئایدایی هونەری و جەمالیەتی دەقەکان بەرچاوترە، لە پراکتیکدا سلۆگاکان -شیعارات- لە چریکەدا زۆر زەقە کەچی لە گەلاوێژدا کەمتر بەرچاو دەکەون.

◈ ◈ ◈

(زمانەوانی)

برایم ئەحمەد لەبارەی زمانی کوردیەوە زۆر خۆی خەریك کردووە.. چەندین لێکدانەوە و بیروبۆچوونی ڕەنگینی لەبارەی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی دەربڕیوە..

دیارە لەو سەردەمەدا ڕێنووس بەپیتی عەرەبی لەزمانی کوردیدا کێشەی زۆری درووست کردووە چونکە نووسین بەزمانی کوردی لە گڕوگاڵ و پێڕەوکەدا بووە.

ڕۆشنبیرانی کورد هەوڵی زۆریان داوە زمانەکەمان لە ووشەی بێگانە بژارو پاك بکەنەوە.

ڕێکخستن و داڕشتنی پیت، ووشە، ڕستەی ڕەوان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە. بۆئەوەی نەوەی تازە پێ ڕابێن و بێنە سەر شارێگای ڕاستی زمانەوانی..

شاراوە نیە پسپۆڕی بەناوبانگی کورد (تۆفیق وەهبی) سەرقافڵەی ئەو کاروانە بووە و دەیان ووشەی بۆ زمانەکەمان داڕشتووە کە لەگەڵ سەلیقەی زمانی زگماك بگونجێ و واتای تەواو بدات بەدەستەوە.

برایم ئەحمەدیش دەیان ووتاری دەربارەی زمان و زمانەوانی، پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان لەزمانی کوردی و سەرو بۆر و کۆبی دانان بۆ هەندێك لەو پیتانە.

تابەتەواوی لە ئاخاوتندا بێتە دەرەوە و بەئاسانی و بەبێ گریێ و گولێ (تەلەفن) بکرێت.

لە گۆفارو ڕۆژنامەکاندا، لە دەمە تەقێ و لێکۆڵینەوەکاندا پەنجەی لەگەڵ تۆفیق وەهبی و عەلادین سەجادی و چەندین شارەزاو پسپۆڕی زمانەوانی گرتووە.

هەرچەندە نامانەوێ درێژە بەم باسە بدەین لەبەر زۆری بابەتەکان بەڵام گومانی تێدانیە برایم ئەحمەد کوردی زانێکی ڕەوان و بەهرەمەندێکی ژیرو بە تواناو دڵسۆزی زمانەکەمان بووە...

هەموو زمانزانەکانی سەردەمی خۆی و دواتریش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کەناوبراو بەڕاستی شاگوڵی سەرچڵەکان و سوارچاکی ڕم وەشێن بووە.

بەیاری زمانی کوردی ئاودێر کردووە، بەبیری تیژو بەهەستی قووڵی چۆتە ناو دنیای ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی یەوە و نووسینەکانی تائێستا سەنگی خۆیان لەدەست نەداوە.

لەم بارەیەوە چەند نموونەیەك دەخەینە بەردەستی خوێنەری بەڕێز کەلە گۆڤارەکاندا بلاوی کردۆتەوە:-

١- وتەی پێشکەش کردن، گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی یەك ژمارە (١) بەغدا ١٩٣٩ز لاپەرە (١-٢).

٢- خۆپاراستن لە لایەنگیری ناڕاستی./ گۆڤاری (شەفەق) ژمارە ٥-٦بەغدا سالّی ١٩٥٨ز لاپەڕە ٦-١١.

٣- چۆن زمانەکەمان بنووسین/ گۆڤاری هیوا/ بەشی یەکەم ژمارە ٤سالّی یەك بەغدا ١٩٥٧ز ل١٠-١٧، بەشی دووەم لە ژمارە ٦سالّی یەك بەغدا ١٩٥٧ز لاپەڕە (٨-١٩).

٤- فرمانی ئێستامان/ گۆڤاری هیوا/ ژمارە نۆ سالّی یەك بەغدا ١٩٥٨ز لاپەڕە ٧-١٨.

وەچەندین ووتاری تر لەو بارەیەوە نووسراوە.

برایم ئەحمەد لەدیدی رۆشنبیرانی کوردەوە

دوای ئەو هەموو خەبات و داهێنــان و بەرهەمانــە بـابزانین نووســەران و ڕۆشنبیرانی خۆماڵی لە بارەی برایم ئەحمەد و گەلاوێژەوە چیان نووسیوە؟

هێمن مهابادی:

شـاعیری گـەورەی کـورد (هێمن مهابادی) لـەبارەی گـەلاوێژەوە دەڵێـت: (من لەسەردەمێك خەریکی کوردی فێربوون بووم کەپرشنگی (گەلاوێژ) ی گەش خـەریك بـوو وردە وردە ئاسـۆی لێـڵ و تـەماوی زمانەکـەمان ڕوون و ڕوونتر بکاتەوە و فۆلکلۆری ئـەدەبیمان ببوژێنێتـەوە و ئەدەبەکـەمان بـەرەو پێش بەرێت و بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنیٚ...[163]

عەلائەدین سەجادی:

مامۆسـتا عەلائـەدین سـەجادی لـە نامەیـەکدا، کـەدەربارەی ڕێنووسـی کوردی بۆ برایم ئـەحمـەدی ناردووە ڕۆژی (٧/١٠/١٩٥٧) ی زایین لـە باسـی هەوڵـەکانیان بـۆ نووسـینی زمـانی کـوردی و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی وێنەی هەندیٚ دەنگ لـە زمانی کوردیـدا بـەم شێوەیە لـەڕۆڵی خـۆی و برایـم ئەحمەد دواوە:

[163] - گۆڤاری بەیان ژمارە(١٨٤) ساڵی ١٩٩٩ ل ٨ لەنێوان تۆفیق وەهبی و موکریانی.

((بیستم مەقالێکت ناردوە بۆ گۆڤاری هیوا ، لەلایەن ئیشارەتەکانەوە قسەت کردووە، هەرئەوەندەم بیستووە و هیچی تر..ئیتر نازانم چی‌یە؟ نازانم تائەو ساڵە کەمن و تۆ دانیشتین و قسەمان لێدەکردوفیکری هەردووکمان هاتە سەر ئەوە کەچوار حەرف هەیە مشکلە پەیدادەکات (ر، ی، ل، و) ئەمانەبوون. ئەوەبو قەرار بوو کەئەمانە بۆ ئەوەی لێك جیابکرێنەوە هەریەکە حەوتێکیان لەسەربێ.

لەپاشا من ناردم ئەم ئیشارەتانەیان داڕشت و یەکەم شتێك کەبەمانە لەچاپدرا رسالەی (ناوی کوردی بوو) لەوێدا من باسم کردووە لە مقەدمەکەدا کە ئەمانە لەسەر فیکری من و تۆ بووە، ئیتر لەغەیری ئەم چوارە من بەش بەحاڵی خۆم موافق نیم بۆ هیچی تر)). [١٦٤]

مام جەلال تالەبانی:

مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی، ن، ك) دەڵێت:

(پێویستە لە پێشەوە ئەو ڕاستی یە بسەلمێنین کە پێکهاتەی کەسایەتی مامۆستا برایم ئەحمەد تێکەڵاو بوونی بەهرە و توانا و بیروهۆش و هەست و خۆستی خۆیەتی، هەر لەماڵەوە لەسەر دەستی مامی ڕەوشت و خووە بەرزەکانی وەك سەرڕاستی و ڕاستگۆیی و سەراحەت و جورئەت و قسەی حەق لەڕووی دوژمندا و بێز کردنەوە لە دوو ڕووی و نۆکەرایەتی بێگانە و هەستی کوردایەتی و جوامێری و دلێرایەتی فێربووە). [١٦٥]

---

[١٦٤] - علاءالدین سجادی داناى نیشانەکانی پیتی کوردی گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ١٢ ساڵی ١ سلێمانی ١٩٦٠ ل ١٦

[١٦٥] - کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٥٠) لە ٢٠٠٠/٥/٢٠

نەوشیروان مستەفا ئەمین:

نەوشیروان مستەفا ئەمین سیاسەتمەداری گەلەکەمان:

ژیان و چالاکیەکانی برایم ئەحمەد بەسەر پێنج قۆناغدا دابەش دەکات لە قۆناغی ژیان و ئەدەبدا دەڵێت:

(دەتوانین بڵێین وتاری (شاعیرەکانمان) مەبەست ووتاری برایم ئەحمەدە، چوارچێوەیەکی تیوری‌یە بۆ گۆڕینی شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەدا. هەوڵێکە بۆ ڕخنەیەکی وردی ئەدەبی بۆ دەربازکردنی شیعری کوردی لە قاڵبی کلاسیکدا بەرەو نویٚ کردنەوە و ئەم ووتارە تا ئێستا نرخێکی ئەدەبی هەیە).[١٦٦]

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:

دەڵێت: (گۆڤاری گەلاویژ بە دیارترین گۆڤاری ئەدەبی کوردی دادەنرێت، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە توانیوێتی بەرەیەکی فراوان لە نووسەرانی کورد وێرای جیاوازی بیرو باوەڕیش لە لاپەڕەکانیدا کۆبکاتەوە).[١٦٧]

کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە):

کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) برایم ئەحمەد بە (سومبولی یەکێتی نەتەوەیی ئاڵای ئازادی گەلەکەمان دادەنێت).

---

[١٦٦] - ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارە (٢١٤٩) لە ٢٠٠١/٥/١٨

[١٦٧] - د. عزالدین مستەفا رسول، دەربارەی ڕۆژنامەگەری کوردی چاپخانەی (دارالجاحف) بەغدا ١٩٧٣ ل ١١

هەروەها دەنووسن و دەڵێن (دەتوانین بڵێین برایم ئەحمەد ڕۆشنبیرێکی هەڵبژاردەو سەرۆکێکی پایەبەرزی گەلی کورد بوو). [١٦٨]

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاوا تاریفی برایم ئەحمەد دەکات:

(سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و ناسراوی کورد ئەدیب و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس و یاساناسی ناوداری گەلەکەمان کە خزمەتێکی زۆری بزووتنەوەی کورد و باری ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کوردەواری کردووە). [١٦٩]

سەرۆکی حوکمەتی کوردستان کۆسرەت ڕەسول عەلی:

بەم جۆرە لە برایم ئەحمەد دواوە: (سەرکردەیەکی لێهاتوو شارەزاو ڕۆشنفکرێکی دیموکرتخواز لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردی لە کوردستانی عێرقدا بەڕێوەبردووە). [١٧٠]

[١٦٨] -بەیاننامەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان- نیسانی ٢٠٠٠

[١٦٩] - بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – قەلاچوالان ٢٠٠٠/٤/٨ ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارە ٢١١٥ ٢٠٠٠/٤/٩

[١٧٠] - پرسەنامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ڕۆژنامەی هەرێم ژمارە ١٩٥له ٢٠٠٠/٤/١٠ل ١

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم:

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم برایم ئەحمەد بە (یەکێك لە تێکۆشەرە دێرینەکانی کوردایەتی و بە مۆمێك لە مۆمە گەشەکانی ڕووناکبیری کوردی دادەنێت).[١٧١]

گەلەری زاموای سلێمانی:

گەلەری زاموای سلێمانی دەڵێت: (برایم ئەحمەد زوخاوی کوێرەوەری یەکانی بڕی و گوێی بە دڕك و داڵ نەدا، لە هەرکوێ گوڵێکی سووری بینیبێ بۆی چووە).[١٧٢]

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ:

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لە وەفاو ئەمەکداری خۆیدا بەرامبەر ئەو کەڵە مێردە ڕایگەیاندووە کە (سیاستمەدارو ڕۆماننووس و شاعیرو نووسەرو دادوەر. نرخاندنی کارەکانی برایم ئەحمەد بەرزو بەڕێز دەگرێت و ڕێگا ڕۆشنەکەی هەرگیز تاریکایی دایناگرێ و مەلی ڕۆحی هەمیشە لە ئاسمانی نەمریدا بەرزەفڕەو دیارە).[١٧٣]

- عەبدوڵڵای حەسەن زادەی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناساندنی برایم ئەحمەددا نووسیویێتی (ئەدیب و سیاسەتوانی ناسراو و بەناوبانگی کورد....).[١٧٤]

---

[١٧١] - کوردستانی نوێ ژمارە ٢١١٦لە ٢٠٠٠/٤/١٠ل٣

[١٧٢] - هەمان سەرچاوە.

[١٧٣] - هەمان سەرچاوە.

[١٧٤] - کوردستانی نوێ ژمارە ٢١١٧لە ٢٠٠٠/٤/١١ل١

- **مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان** برایم ئەحمەدیان بە (ئەدیب و نووسەرو سیاسەتمەداری گەورەی گەلەکەمان داناوە).[175]
- **مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان** برایم ئەحمەد بە (تێکۆشەرو ئەدیب و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان دادەنێ).[176]

- **شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیری کورد (خالد دلێر):** پێی وایە (بلە) (شاعیرو نووسەرو سیاسەتمەدارێکە کە بە درێژایی تەمەنی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕی ڕیزی پێشەوەی کاروانی خەباتی خەڵکی کوردستان بووە).[177]
- **کەریم ئەحمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان:** بەم چەشنەی خوارەوە برایم ئەحمەدی هەڵسەنگاندووە (تێکۆشەری نەتەوەیی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان کە ژیانی خۆی لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستانی بەهەموو میللەتانی برا تورکمان و کلدان و ئاشوورییەوە خەباتی هاوبەشی عەرب و کورد بۆ هێنانە کایەی عێراقێکی دیموکراتی فرە حیزبی فیدراڵی تەرخان کردبوو).[178]

---

[175] - هەمان سەرچاوە.

[176] - هەمان سەرچاوە.

[177] - کوردستانی نوێ ژمارە ٢١١٧لە ١١/٤/٢٠٠٠ل٣.

[178] - کوردستانی نوێ ژمارە ٢١١٧لە ١١/٤/٢٠٠٠ل٣.

- **سەنتەری ئیزیدیان** لە دەرەوەی وڵات پێیان وایە (برایم ئەحمەد نموونەی تێکۆشەرێکی خۆراگرو سیاسەتمەدارێکی کۆڵنەدەری کوردستانی و ڕووناکبیرو نووسەرێکی داکۆکی کار بوو لە کوردی نەدارو زوڵم لێکراوو لە پێناوی ئەو بنەمایانەدا ژیانی خۆی بەخت کرد).[179]

- **پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز** لە نرخاندنی برایم ئەحمەددا نووسویەتی: (لە گۆرەپانی زمان و وێژە و بزووتنەوەی ڕامیاری کورددا، بە درێژایی سەدەی بیستەم، بابەتێکی دیارو بەرفراوانە و شایانی لێ ووردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیانەی ڕۆشنبیرانەیە).[180]

- **دکتۆر عەزیز الحاج** سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیری کوردی فەیلی عێراقی دەڵێت:(برایم ئەحمەد کەسایەتی کوردی عێراقی پایەدار کەرۆلێکی گرنگی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە گۆرەپانی سیاسی عێراق دا گێراوە بەشداری لە پەرەپێدانی ڕووناکی و ئەدەبی و تازەی کوردیدا کردووە).[181]

- **عەلی قازی** کوڕی شەهیدی پێشەوا (قازی محەمەد) کە ناسراوە بە کوڕی ڕەش، برایم ئەحمەد بە ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەلی کورد دادەنێ و دەڵێ (کە پێش پێکهاتنی کۆماری مهاباد و لەکاتی کۆماردا یارمەتی کۆماری داوە و جێ‌پەنجەی (بلە) زۆر دیارو ئاشکرابووە)[182]

---

[179] - هەمان سەرچاوە.

[180] -جەمال نەبەز- بەرلین ٢٢ی‌خاکەلێوە، ٢٦١٢بەرامبەر١١ی نیسانی ٢٠٠٠ز.

[181] - عزیز الحاج- پاریس- ١١ی نیسانی ٢٠٠٠ز ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢١١٩له ٢٠٠٠/٤/١٣ل٣.

[182] - کوڕی ڕەش- عەلی قازی- بۆن ئەڵمانیا ٢٠٠٠/٤/١١ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ٢١١٩لە ٢٠٠٠/٤/١٣ل٣.

- **پرۆفیسۆر شاکرۆ خدۆیی**- بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆلینەوەی کورد لە مۆسکۆ، برایم ئەحمەد بە (کەسایەتی سیاسی ناسراو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هاوچەرخی کورد) دادەنێ کە (هەموو ژیانی خۆی لە پێناو پاشەڕۆژێکی درەوشاوە بۆ گەلی کورد تەرخان کردووە). [183]

- **شاعیری ناسراوی کورد (ئەحمەد هەردی)**: برایم ئەحمەد بە (سیاسەتمەدارو ڕووناکبیری گەورەو هاوڕێی دێرینی خۆی داناوە کە لە سەرەتای چلەکانەوە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی نزیکی لەگەڵیدا بووە و لەڕووی سیاسی و ئەدەبییەوە زۆر شتی لێوە فێر بووە و سودێکی زۆری لێ وەرگرتووە و دەڵێت چاکەی زۆری بەسەرمەوە هەیە..). [184]

- **مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی**- کۆمۆنیستێکی بوێر و ئازاو وشکە سۆفیەکی شیوعیەت لە کوردستانەکەی خۆماندا بیروڕای دەربارەی برایم ئەحمەد بەم ووشە ڕەنگینانە دەردەبڕێت: (برایم ئەحمەد کەسایەتی تێکۆشەرو سیاسەتمەدارو ڕووناکبیری ناوداری گەلەکەمانە و کەڵە پیاوێکی لێهاتووە کە لە نیوسەدە زیاتر شوێن پەنجەی لە بواری سیاسەت و ڕۆشنبیریدا بەرچاوە و گەنجینەیەکی زمان و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمان بوو.. گۆڤاری گەلاوێژ و ژانی گەل و چریکەی

[183] - پرۆفیسۆر شاکر خدۆیی مۆسکۆ- کوردستانی نوێ ژ٢١٢١له١٥/٤/٢٠٠٠ل٣.

[184] - ئەحمەد هەردی لەندەن ١٥/٤/٢٠٠٠کوردستانی نوێ ژ٢١٢٢له ١٧/٤/٢٠٠٠ل ١.

کوردستان و چەندان بەرهەمی تری بەنرخی ئەو ئەستێرەی گەشاوەی ئاسمانی ئەدەبو ڕۆشنبیری کوردن..

- برایم ئەحمەدی ماندوو نەناس بە درێژایی تەمەنی خۆی لەپێناوی ئامانجەکانی گەلی کورد و بیرو بۆچونەکانیدا دوور لە هەڵپەی کورسی و پلە و پایەی شەخسی لە هەردوو مەیدانی ڕۆشنبیریدا بێ وچان لە کارو خەباتدا بوو).[185]
-
- سدیقی بۆرەکی (صەفی زادە) نووسەری مێژووی ویژەی کوردی و دەیان پەرتوکی کوردی تر لە کوردستانی ڕۆژ هەلات: (برایم ئەحمد بەزاناو نووسەرو خەباتگێڕێکی هەرە بەرزی کورد دادەنێ).[186]
-
- سەلاحەدینی موهتەدی کە ڕۆشنبیرێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خەڵکی شاری بۆکانە و ئێستا ئاوارەی ئەوروپایە، لە کۆچی دوای برایم ئەحمەددا بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێ: (پێش هەزارساڵ (ڕودەکی) ی شاعیری ئێرانی مەرگی زانایەکی زەمانەی خۆی ئاوا هەڵدەسەنگێنێ:

(لەژمارەی چاوان یەکمان لێ کەم بۆتەوە و لەژمارەی عەقڵ زیاد لەهەزاران بۆ گەلی کورد لەو سەرەتای بەهارە نەك هەرژمارە، بەڵکو مێژوی فەرهەنگ سیاسەت لەئێوارەیەکی خەفەتباردا ماڵ ئاواییان لێکردین....).

---

[185] - ئەحمەدی بانیخێڵانی، ستۆکهۆڵم- ٢٠٠٠/٤/١٤کوردستانی نوێ ژ٢١٢٢له ٢٠٠٠/٤/١٧ل ٣.

[186] - سدیقی بۆرەکی (صەفی زادە) کوردستانی نوێ ژ ٢١٢٤له ٢٠٠٠/٤/١٩ل ٢.

نەدوژمن دواتیری خۆی هاویشتووە و نەگەل دوا نووچی خۆی داوە، بەڵام ئەوەندەش کەکراوە مەودا مەزنەکەی کە پێوراوە لە قەبالەی مێژوودا بە ناوی برایم ئەحمەد مۆرکراوە...حەقیقەتێك لەبەرچاوی گشت لایەکمان ڕوون و بەرجەستەیە : داهێنان و دامەزراندنەکانی برایم ئەحمەد لە بواری سیاسەت و خەبات و ئەدەب و نووسین، پەخشان و شیعر و ڕۆژنامەگەری و باوەڕی‌ی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاری داگیرکەر، بەژداری‌یە گرنگ و پڕبایەخەکەی لە کێشەی ئەزەلی نیوان جەهل و زانست وانیشتەجێ بوون لەناو خاکی نیشتمان و لە مێشکی ڕۆڵەکانیا لە گەڵ مەرگی خاوەنەکەی نەك نەفەوتاون و نەشێواون بەڵکو زۆر لە رابردوو پتەو ترو پەرەگرتووترن).[187]

- **دکتۆر کەمال میراودەلی** نووسەری پێشکەوتن خوازو ڕۆشنبیری گەلەکەمان ئاوا برایم ئەحمەد دەناسێ (نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرێکی گەورەی نەتەوەکەمان بوو کە پایەی هەمیشە بەرزی و بەرهەمی زیندووی دەمێنێتەوە ... لەچەند مەیدانێکی گرنگی ڕۆشنبیری و سیاسی نەتەوەییدا دەورێکی مێژوویی پێشڕەوانە و دامەزرێنەرانەی سەرەکی گرنگی هەبوو، کەبەداخەوە تائێستا نرخ و بایەخی تەواوی خۆی نەدراوەتێ، برایم ئەحمەد مرۆڤێکی ڕووناکبیری مەزنی خۆدروستکەرو خۆپێگەیەنەر بوو، مامۆستایەیەکی گەورەی قوتابخانەی کوردایەتی و کوردستان پەروەری بوو.. ڕێبەرێکی ڕووناکبیرو مەدەنی نموونەیی بوو).[188]
- نووسەری ئەم کتێبە برایم ئەحمەد بە (ڕابەری ڕێکخستنی کوردایەتی و کەڵەپیاوێکی بەتوانا لە ڕووی سیاسی و هوشیاری و ڕووناکبیری یەوە دادەنێ).[189]

◈ ◈ ◈

[187] - سەلاحەدینی موهتەبی- ستۆکهۆڵم ۲۰۰۰/٤/۱۰کوردستانی نوێ ژ ۲۱۳۱له ۲۰۰۰/٤/۲۷ل ۷.

[188] - د. کەمال میراوەدلی- کوردستانی نوێ ژ ۲۱۳۲له ۲۰۰۰/٤/۲۷ل ۷.

[189] - ئەحمەد شەریف عەلی (کوردستانی نوێ) ژ ۲۱۱۹له ۲۰۰۰/٤/۱۳ل ۷.

برایم ئەحمەد
بە دیدی رۆشنبیر و دبلۆماتە
عەرەبی و بیانیەکان

بۆ ئەوەی بزانین رۆشنبیرو سیاسەتمەداران و ئەدەب دۆستانی عەرەبی و بیانی چۆن دەروانن برایم ئەحمەد و لە میدانی فیکرو سیاسەتدا چ پلەو پایەیەکی بۆ دادەنێن، دەبێ چاوێك بەو بروسکەو ئەو نوسراوانەیاندا بگێرین، کە بەبۆنەی کۆچی دوایی یەوە ناردوویانە:

- **سەلاح ئەلزەواوی** بالوێزی فەلەستین لە کۆماری ئیسلامی ئێران ی لە ٢٠٠٠/٥/٤دا:

(برایم ئەحمەد بەدیارترین پێشرەوی گەلی کورد دادەنرێ).[١٩٠]

- **رۆژنامەی تایمسی لەندەنی** لە ٢٠٠٠/٤/٢٨دا برایم ئەحمەدبە کەسایەتیەکی لووتکە لە قەڵەم دەدا و لەبارەیەوە دەڵێ:

(برایم ئەحمەد یەکێك لە دیارترین کەسایەتی کوردەکانی عێراقە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، پیاوێکی چالاك و خاوەن بیر و باوەرێکی چەسپاو بوو، لەپاڵ درێژەدان بەخەبات لەپێناوی ئازادی سیاسی و کەلتوری کورد. بەرهەم و داهێنانە ئەدەبیەکانی سەرچاوەی ئیلاهام بەخشی

[١٩٠]- سەلاح الزەواوی- بالیۆزی فەلەستین- کوردستانی نوێ ژ ٢١٣٨لە ٢٠٠٠/٥/٦ل ١.

دوونـەوەی کـورد بـوو بـۆ دەرك کـردن بـە جوانـی زمانـە دێرنەکـەیان و پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەی).[191]

- **پیتـەرهاین-** وەزیـری دەوڵـەتی بـەریتانیا بـۆ کاروبـاری دەرەوە لـە ٢٠٠٠/٤/١٧دا سـەرنجی بـۆ ئـەوە ڕاکێشـاوە کـە: (برایـم ئەحمـەد کەسایەتی‌یەکی ناسـراوو ڕێزلێگـیراو بـوو نـەك هـەر لـە نێـو کۆمـەڵانی خەڵکی کوردستان بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیشدا).[192]

- **دانیـال میــتران ی-** دایکـە پەرۆشـەکەی کـورد- خـێزانی سـەرۆکی پێشووی فەرەنسابە دڵی پڕگریانەوە وتوویەتی:

(برایـم ئەحمـەد ی شاعیر و نووسـەرو سیاسـەتمەدار کەخـەباتی کـرد بـۆ ئاشتی و ئازادی هەروەها وڵاتەکەی و گەلەکەشی خۆش دەویسـت.. یـەکێك بوو لەئێمەو هـی هـەموومان بوو. هـەروەك چۆن خۆی ووتـی بەباشـی نـەژیا بۆمردن بەڵکو مرد (ژیا) لەپێناوی ژیـاندا پـەیامی هیـوا و ئازادی و یـەکێتی (یەکبوونی) بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ‌هێشت).[193]

- **ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی** لە عێراق دەڵێن:

---

[191]- The Times کوردسانی نوێ ژ ٢١٣٨لە ٢٠٠٠/٥/٦ل ٢.

[192]- پیتەر هاین (وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کارو بـاری دەرەوە) ٢٠٠٠/٤/١٧ کوردستانی نـوێ ژ ٢١٤٥لە ٢٠٠٠/٥/١٤ل ١.

[193]- دانیال میتران- ستاف و کارمەندی فرانس لیبەرتی- کوردستانی نوێ ژ ٢١٤٦لە ٢٠٠٠/٥/١٥ل ١.

(ئێمە وەك سیاسەتمەدارێکی ئازاو چاو نەترس برایم ئەحمەدمان ناسیبوو، رۆشنبیرێکیش بوو کە هەموو ژیانی بێ پچڕان و پسانەوە بۆ خزمەتی گەلەکەی تەرخانکردبوو. بەئامادەبوونی دیاری خۆی و بە بیروبۆچوونە ئامانجدارو پرشنگدارەکانی لە هەموو سیمینار و کۆنگرەکانی تایبەت بە عێراق تا دواساتەکان جێگاو شوێن و سەنگ و رێزێکی تایبەتی هەبوو لەسەر ئاستی عێراق و عەرەب بەگشتی.. یەکێ بوو لە پێشەنگەکانی بانگەشەی برایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە عێراق و برا عەرەبەکانی خۆش دەویست و پارێزەریشیان بوو...).[194]

- <u>شبلی ملاط</u>- پاریزەری نێودەوڵەتی و پرۆفیسۆر لە یاسا، لە رۆژنامەی (الحیلة) لە ٢٨/٥/٢٠٠٠دا لە مەڕ برایم ئەحمەد بەم شێوەیە دەنووسێت:

(لەچەند هەفتەی رابردوودا دوو روخساری درەوشاوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم سەدەیەدا دیارنەمان... کەهەر یەکێکیان لەچەندین مەسەلەدا لەوەی تر جیایە (جۆرج لینجوفسکی) مامۆستای زانستە سیاییەکان لە زانکۆی (بیرکلی) کە نە بەنەژاد و نە بەزمان و نە بەسەربردە ناگاتەوە. پارێزەری کۆچکردووی کورد مامۆستا برایم ئەحمەد کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم ناوەکەی بەخەباتی گەلی کوردی عێراقەوە گرێ دابوو.. یاریدەدەری نزیکی مەلا مستەفای بارزانی بوو لە خۆشی و ناخۆشیدا...

[194]- وتاری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق- غالب الاسدی لە ئاهەنگی چلەی ماتەمینی برایم ئەحمەد لە قەڵاچۆلان ١٧/٥/٢٠٠٠.کوردستانی نوێ ژ ٢١٤٩لە ١٨/٥/٢٠٠٠ل ٣.

ئەگەر خەباتی برایم ئەحمەد تا دوا ڕۆژەکانی کە هەرچەند مانگێك لەمەوبەر لە نیورك گفتوگۆیەکی یاسایی بەپێزمان کرد، ئەگەر ئەو خەباتە هەمیشە بەپارێزەرێکی بەرێزی لەسەرخۆ لە قسەو ڕاستگۆ لە ناونیشان و ڕەفتاردا بەسترابێتەوە.... ئەوائەمڕۆ کوا ئەم ڕاستگۆییە، هەم لە حوکم و هەم لە ئۆپۆزسیون لە عێراق دا؟ کەشەڕی ناوخۆو پەیمانە شکێنراوەکان، باکورە کوردیەکەی عێراق و باشورە عەرەبیەکەی لەت و پەت کردووە؟ دیارنەمانی (برایم ئەحمەد) و (جۆرج لینجوفسکی) لە یەك کۆمەڵەی هاوبەشی تاڵدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە خۆرهەلاتی ناوەڕاست نەوەیەك لە کەڵە پیاوانی داڕێژەری ئێستاو پاش ڕۆژێکی لەدەست دەدات، کەوەك و ئەم دووانە (جنتلمان بوون) ئێستا خەڵکی خۆبەزلزان و پارە خواز ناوچەکەیان تەنیوەتەوە).[195]

- **مونزر ئەلموسلی**[196] لە نامەیەکدا بەبۆنەی پرسەی برایم ئەحمەدەوە ناردویەتی نووسیوێتی:

(برایانی ئازیزی کورد، هەواڵی کەسەر باری ئەوەم پێگەیشت کە گەلی ئازیزی کورد یەکێك لە دیارترین و بەتواناترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی

---

[195]- شبلی ملاط ڕۆژنامەی الحیاه لە ٢٠٠٠/٤/٢٨ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ ٢١٥٩لە ٢٠٠٠/٥/٣٠ل ٢.

[196]- مونزر ئەلموسلی نووسەرێکی ناسراوو بەناوبانگی عارەبی سوریە و کتێبێکی لە بارەی کوردەوە داناوە ڕوناکبیرێکی عەرەبی نەتەوە پەرستە ئێستا نوێنەری (دیمشق)ە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل- مجلس الشعب السوری- دۆستێکی نزیکی کوردە.

ڕزگاری خوازی نیشتمانی کوردستانی لە چەرخی تازەو یەکێک لە بانگەشە کارەکانی دێرینی برایەتی عەرەب و کوردی لەدەست دا...

مەرگ مامۆستای کۆچکردوو برایم ئەحمەدی ڕاپێچ کرد، بەلاّم ڕۆلّی پێشڕەوانە و فیکری تازەگەرانە و تێکڕای مێژووەکەی هەرگیز ناپێچرێتەوە، ئێمەی عەرەب بە چاوی ئەو پیاوە ڕەسەنە ئازایە تەماشای دەکەین کە یەکەم کەس بوو مژدەی داو بانگەشەی بۆ پێویستی برایەتی نێوان عەرەب و کورد کرد و یەکەم هەولّی فیکری چاپکراوی وەکو کتێب دانا کەتێیدا بانگەشە بۆ ئەم برایەتیە دەکات و سەروەری و سوودەکانی بۆ گەلەکە ڕوون دەکاتەوە، لەوەتی چلە کانەوە ڕەنگە یەکەم لاوی ڕووناکبیری کورد بووبێ ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی و سیاسی و پێشکەوتنخواز بۆ کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دابنێ و لەگەلّ چەند کەسێکی ڕووناکبیری هاوتای خۆی حیزبێکی مێژوویی دابمەزرێنێ کە لە ڕیزەکانیدا خەلّکە هەلّبژاردەکە و پێشڕەوی ڕووناکبیری کورد کۆبکاتەوە لە پێشەوەیاندا مامۆستا (جلال تالّەبانی) مەبەستیشم پارتی دیموکراتی کوردستانە).[197]

■ <u>خاتوو جۆنز</u>: جێگری سەرەکی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە بروسکەیەکی پڕ پەژارەو غەمدا بەبۆنەی کۆچی دوایی برایم ئەحمەدەوە نووسییەتی:

(تازە هەوالّە ناخۆشەکەی مردنی سەرکردەیەکی مەزنی گەلی کوردم بیست، ژیانی برایم ئەحمەد هەتاهەتایە بەشێکی ناوەندی لە مێژوی گەلی کورددا دەمێنێتەوە، لەجیاتی دۆستە زۆرەکانتان لێرە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاتکایە پرسەمان لێ قبولّ بکەن).[198]

---

[197] - مونزر الموسلی ٢٠٠٠/٤/١٧ کوردستانی نوێ ژ ٢١٣٤لە ٢٠٠٠/٤/١٩ل ١- ١١.

[198] - ئەلیزابێس جۆنز- جێگری سەرەکی یاریدەدەری وەزیر ٢٠٠٠/٤/١١ واشنتۆن- کوردستانی نوێ ژ ٢١٣٠لە ٢٠٠٠/٤/١٥ل ١.

فرانک ریتچارد دۆنی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا: دەڵێت خەمباربووم بەزانینی لە دەستدانی برایم ئەحمەد یەکێك لە پێشەنگ و مەزنەکانی تێکۆشانی دژی دیکتاتۆری لە عێراقدا).[199]

- حیکمەت عەلی- لێپرسراوی ڕێکخستنی عێراقی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی سوریا برایم ئەحمەد بە...(سەرکردەی دیار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو گەلی عێراق (دادەنێ) وە بە بیرمەند و تێکۆشەرێکی نەبەز کەزۆربەی ژیانی بۆ پشتگیری و پشتیوانی و بەشداری لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپێناوی ئازادی و دادپەروەری لەسەرتاسەری عێراق ناسیوە)

وە کۆچکردنی برایم ئەحمەد بەخەسارەتێکی گەورە لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی و عەرەبی و نێو دەوڵەتی لەقەڵم داوە.. بەتایبەتی کەڵەپیاوێکی سیاسەتمەداری لەدەست دا کە گۆڕەپانەکانی خەباتی درێژخایەن وەکو سەرکردەیەکی گەورەو خۆڕاگر دژی فاشیزم و دیکتاتۆریەت باش ناسیویانە).[200]

---

[199] - وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا واشنتۆن دی سی ٢٥٢٠ر٢ لە١٠ /٢٠٠٠/٤- کوردستانی نوێ ژ ٢١١٨لە ٢٠٠٠/٤/١٤ل ١.

[200] - حکمەت عەلی بروسکەی ماتەمینی- کوردستانی نوێ ژ ٢١١٨لە ٢٠٠٠/٤/١٢ل ١.

■ **ئەحمەد جبریل** ئەمینداری گشتی لیژنەی مەرکەزی بەرەی میللی ڕزگاری خوازی فەلەستین سەرکردایەتی گشتی لە ۲۰۰۰/٤/۱۳دا برایم ئەحمەد بە:

(تێکۆشەر لەپێناوی ئازادی و تێکۆشەری ڕێگای بەخشین بە گەلێك کە فیداکاریەکانی لە ڕیزەکانیدا لەبیر ناکرێت باس دەکات).[۲۰۱]

■ **وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆماری ئیسلامی ئێران** لە ۲۰۰۰/٤/۸دا کۆچکردنی برایم ئەحمەد بەم شێوەیە ڕادەگەیەنێ:

(ئەمڕۆ بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد، یەکێك لەدیارترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی عێراقمان بیست).[۲۰۲]

بەم چەشنە واتە لەدوای کەمێ نیشاندانی ئەو بیرو بۆچونانەی لەلایەن نووسەرو ڕۆشنبیرو سیاسەتوانی کورد و عەرەب و بیانییەوە لەسەر برایم ئەحمەد نووسراون ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هەموو ئەو بەڕێزانە برایم ئەحمەدیان بە کەسایەتییەکی مەزن و جوامێرو کارامە و زیرەك و لێهاتوو لەخۆ بوردوویان داناوە. ناچارم پتر درێژە بەم بابەتە نەدەم و دەکرێ ئەوە

---

[۲۰۱] - بروسکەی ئەحمەد جبریل- ئەمینداری گشتی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەبۆنەی کۆچی دوایی برایم ئەحمەدەوە- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ۲۱۲۱ لە ۲۰۰۰/٤/۱٦ل ۱.

[۲۰۲] - وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران- تاران ۱۳۷۹/۱/۲۱بەرامبەر ۲۰۰۰/٤/۸ کوردستانی نوێ ژ ۲۱۱۵لە ۲۰۰۰/٤/۹ل ۱.

جێبێڵم بۆ ئەوانەی دوای خۆم، کەبەکاری پسپۆڕی یەوە خەریك دەبن، یەکەیەکەی چیرۆك و شیعرو وتارە سیاسی‌یەکانی برایم ئەحمەد بەوردی شی بکەنەوە و ڕێبازە فیکریەکەی دیاری بکەن و کاریگەری ئەدەب وفیکری (بلەی ئەحەڕش) لەسەر کۆمەڵانی خەڵك پلە بە پلە دیارو دەست نیشان بکەن.

◈ ◈ ◈

لەکۆتاییدا....

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر کەم و کوڕی و ئاراستەیەك لەم لێکۆڵینەوەدا هەبێت بەهیچ شێوەیەك نیشانەی کەمتەرخەمی و بێ‌توانایی نووسەر نیە. ئەوەی زانراوە و بڵاوکراتەوە و بەرچاومان کەوتووە کۆمانکردۆتەوە و بیرو بۆچونی خۆمانمان لەمەڕ دەربڕیوە. دیارە ناوی کتێبەکەی ئێمە (برایم ئەحمەد ژیان و بەهرە و داهێنانی) یەتی نەك لێکۆڵینەوەی وردو قوڵ لەبەرهەمەکانی چونکە بەرهەمەکانی زۆرن لە ڕەخنەو پەخشان و شیعرو زمانەوانی و چیرۆك و وەرگێڕان و وتار، هەریەك لەم بابەتانە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستی هەیە و دەکرێ نامەی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ ئومێدەوارم نەوەی دوای ئێمە ئەو کارە لەئەستۆ بگرن. دیارە مرۆڤ ناتوانێ هەموو کەموکوڕیەکانی خۆی پڕبکاتەوە هەرچەندە شارەزاو لە خۆبردوش بێت منیش ئەوەی بۆم کرابێت و لوابێت درێغیم نەکردووە. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی کەمی ئەدەبی کوردیم کردبێت....

◈ ◈ ◈

((خلاصة الكتاب باللغة العربية))

في كتابنا المتواضع هذا حول الاديب والشاعر و السياسي (ابراهيم احمد) نستنتج و نستنبط مايلي:

- ابراهيم احمد والمعروف أدبياً باسم (**بلەی ئەحەرەش**) ولد من ابوين اميين ومن عائلة متواضعة الحال في بداية اندلاع الحرب العالمية الاولى، تلقى في بداية حياته العلوم الدينية الاولية و القران الكريم في الكتاتيب والمساجد مع اطفال كانوا في عمره، ثم واصل دراسته في محافظة السليمانية حتى المرحلة الثانية في المتوسطة، واستمر في الدراسة في محافظة بغداد وحتى حصوله على شهادة (البكالوريوس) في كلية الحقوق.
- كان شخصية فعالة في مجال الثقافة الكردية وادابها طوال القرن العشرين.
- كان شاعرا سياسيا وكاتبا ولغويا وقاصا وصحفيا وبليغا في كافة هذه المجالات، مع كونه سياسيا ومحاميا معروفا كان حلو الكلام والحديث لطيف المعشر سريع البديهة.
- في افكاره المستنيرة وتحاليله المتعمقة وكتاباته التقدمية تتضح وطنيته وتعقله بقضايا شعبه وثقافته الواسعة.
- نلتمس بوضوح دعمه لحقوق ومتطلبات الكادحين في كردستان. وقد قضى سنوات من حياته بين غياهب وجدران السجون وتعرض لأبشع التعذيب والغربة والتشرد على امتداد سنوات حياته.

- خدم الادب الكردي و قضاياه باسلوب مركز، وان قصصه (مخاض الشعب- **ژانی گەل**) و (العوز- **کوێرەوەری**) و (الشوك والزهرة- **درِك و گولْ**) قد سدت ثغرة كبيرة في فراغ القصة الكردية.
- ندرت الكتابة والبحوث والتحقيقات حول ابراهم احمد وكتاباته السياسية والادبية اثناء حياتة، وذلك بسبب الحضر السياسي، لذا ان مصادر كتابنافي هذا الصدد اقتصرت فقط على كتاباته مع تحليلنا وتقييمنا الشخصي له. ويتضح ان الخلافات السائدة بين الكرد كان له الدور في اهمال وتهميش نتاجات هذا الكاتب، ونستطيع القول بانه كان مظلوما، والمعروف (ان الكرد لا يقدرون الانسان العظيم الا بعد مماته).
- كان بليغا ورائعا في مقالاته الصحفية، حيث كان لصحف (**گەلاوێژ- خەبات-چریکەی کوردستان**) الدور الفعال في خدمة الادب والثقافة والحركة التحررية الكردية وكان هو الكاتب والمرشد وصاحب امتياز لاغلب تلك الصحف.
- كان رصين الاسلوب، بليغ العبارة، قوي الحجة في كتاباته، وطني النزعة في شعاراته، ثوريا في قصائده.
- اشعلت و امضت قصيص ابراهيم احمد في العصر الملكي ثورة وهاجة في اوساط الشعب، وكانت تلك القصص على خشبات المسرح بصورة تبرز وتوضح عوز وفقر الشعب، وكانت تلك القصص والمسرحيات مشجعة للثورة ضد الطبقة الحاكمه والطبقة المستغلة.

- رغم قلة قصائد الشاعرابراهيم احمد، حيث ان غالبيتها كانت قصائد سياسية الا انها مثلت فيها الروح الثوريه والتعبئه الجماهريه ضد الطغيان والاستبداد والظلم حتى البيشمركة بدأوا يتغنون بهذه القصائد، وكانت حافزة للعزم والاصرار للوصول الى الهدف والمبتغى، وكانت القصائد روعة من ناحية الشكل والمضمون والنواحى الفنية الاخرى بحيث خطت نحو القمة والخلود ومن الواقعية الى الواقعية الاشتراكية.
- كان ابراهيم احمد سياسيا عظيما و مفكرا كبيرا ومتنورا ومثقفا قل نظيره في القرن العشرين بين طبقات المثقفين لشعبنا – حسب تصوري واعتقادي–وكان رائد تنظيم القومية الكردية ومبدع فكرة (اخوة الكرد والعرب) وان كتابه (الاكراد والعرب) خير دليل على تصورنا، وكان رائد مسار الحركة الكردية في جنوب كردستان.....
- حياته في الطفولة من فقر وبؤس وعوز عائلته والمحيطون بهم من أبناء شعبه، ومأساة الحرب العالمية الأولى، والقحط الكبير و (سفر بلك)، وتأسيس وانهيار حكومة الشيخ محمود في السليمانية، ومقتل الأبرياء في ال(٦) من أيلول الأسود، كل هذه هز ابراهيم احمد من الأعماق، من صلبه إلى مخ ولب عظامه، وأثر فيه وفي قصصه وأشعاره ومقالاته وكتاباته وظهر جليا واضحاً فيها، وأصبح مصدر إلهام نتاجاته.
- نحن نعتقد بأن إبراهيم احمد كان إنساناً عظيماً ورجلاً كبيراً ومضحياً، ولم يكن طامعاً في المناصب والدرجات الوظيفية والمال،

بديل انه ترك مهنته (القاضي) لأجل إصدار مجلة (**گەلاوێژ**) حيث لم يكن لهذه المجلة أي ربح مادي، وكان يديرها بالديون والقروض، كل هذا لأجل خدمة الأدب والثقافة الكردية وتثقيف أبناء أمته، وجلي أن مثل الرجل العظيم نادر الظهور في أوساط الأمم والشعب.

في كتابنا هذا...... تطرقنا الى العديد من نتاجاته وابدينا اراءنا وتحاليلنا حول الكثير منها، وتحدثنا عن مفاهيم ومقاصد ومغزى الكتاب في نصوصه، ولكننا لم نتعمق في كل التفاصيل، لان المواضيع متشعبة و كثيرة بحيث يتوجب ان تجرى تحليلات كثيرة و بحوث مستفيضة على كل نص على حدة،ويتوجب ان تدرس المواضيع وتقدم كراسائل واطروحات للدراسات العليا (الماجستير والدكتوراه) ولان موضوع كتابنا هذا تركز على (حياته ونتاجاته) لذا لم نستطع الخروج عن الحدود المرسومة والمسموحة لهذا العنوان على امل قبول اعتذاري بهذا الخصوص.

مع شكري وتقديري للجميع

◈ ◈ ◈

CONCLUSION

In the end of this book we can show its conclusions intensively as below: -

1. Ibrahim Ahmad Fatah, who was nicknamed Blay Aha Rash, was born in Sulaimaniyah city from humble, illiterate and working parents at the beginning of First World War, As a child like his coage friends he studied religious doctrines in mosquse first. Since then he was able to read and write Islamic holly verses in religious schools. Afterwards, he was accepted in state school and was able to reach second year stage in intermediate school. Then he completed his study in preparatory school and college of law in Baghdad.
2. He became famous personality of Kurdish intellect and literature through out twentieth century.
3. Ibrahim Ahmad was a talented and competent novelist, political poet and write. Besides, he was

bilingual and journalist, Notwithstanding he was lawyer and politician, he has sense of humor and was ready to answer any question directly.

4. **His view points, meditations and writings testifies vividly that he was experienced intellect, progressive, patriotic and nationalist. He advocated rights and demands of toiled class of Kurdistan. Owing to this, he faced torture, refuge, imprisonment, wound and hard struggle throughout his life.**
5. **He contributed enormously to Kurdish literature. His stories like Bla, ZhaniGal (pain of people), Kwerawary (Despondancy) and novels like Drk u Gul (thorn and flower) have a tremendous prestige in the realm of Kurdish stories.**
6. **During his life very little was written on himself, his political and literal writings and inventions since they were censored by invaders. This is why our source of deliberations stem from his own subjects and our particular inside Kurdistan and appraisal of his subjects. Admittedly, infighting and**

arguments inside Kurdistan played a role of ignoring and concealing analysis on his works. Therefore, we can say that he was betrayed and we can say that Kurds are recognized as alive killer and deceased worshiper.

7. In respect of Journalism he was a skilful Journalist Galawezh magazine, Khabat and Chrikay Kurdistan paper of which Ibrahim Ahmed was a concessionaire and guide had an enormous contribution to literature, enlightenment and movement of Kurdistan people liberation.
8. His stories in the bleak era (Kingdom era) created a revolution among Kurdish people. His works were played on the stages, uncovered extraordinary situation of Kurdish community and conducive to uprising against social rank discrimination and nationalistic systems.
9. Although his poems were few numerically, they were political and stereotype among Peshmarga and political activists of our nation as in the gloomy days they gave morale and will to the people. In terms of technique and art, they reached summit in

essence and appearance and changed from realistic approach to actual social realism one.

10. We believe that Ibrahim Ahmed was a unique great politician and intellect of our nation in twentieth century. He was a leader of Kurdish organization and founder of fraternal belief between Kurds and Arabs. The booklet of (Kurds and Arabs) and the approach of Kurdish movement in southern Kurdistan which Ibrahim Ahmad was its founder are proofs of our attitude.
11. In our subject we referred to most of his publications and gave our opinion of most of them, moreover almost all of his publications were analysed and his intention and meaning of his publications were discussed. It is crystal clear that we did not make a detailed analysis of all of his works altogether for the subjects are many.
12. Braem Ahmad spent his life through subsistence and poverty that his folks and acquaintances experienced, catastrophe of first world war, famine and Safarbalik (compulsory and random recruitment for first world war), the rise and fall of shekh Mahmud in Sulaimaniyah, terrorism and the bleak day of 6 September all of which affected him

with great pain and were reflected by his stories and poems, essays and writings and became the mainstay of his inspiration and conceits.

13. We believe that Braem Ahmad was a great toiler and never degraded himself for the sake of money or promotion of rank. His retirement from the position of judgeship to persevere, with incurring debts, in his efforts to publish Galawezh Magazine is a palpable substantiation, albeit it was not gainful work. His main objective was to enrich Kurdish literature and culture and to enlighten his nation. It is crystal clear that a great reputed man like him is very rare.

It is possible that each of the subjects, like (story, poem, translation, essay, journalism and linguistics) has its special deliberation for PHD and master thesis. Because our discussion was entitled life and works of Ibrahim Ahmed we could not deviate from it, so in this aspect I apologize.

◈ ◈ ◈

سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی

١- د.ئاورە حمانی حاجی مارف -رابەری سەرچاوە- دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەغداد ١٩٨٩ز.

٢- ئەحلام مەنسور -بینایی هونەری- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ١٩٩٩ز.

٣- ئەژی گۆران -ڕۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان- چاپخانەی ئۆفسێتی مەشرق بەغدا ١٩٨٢ز.

٤- ئورخانی غالب -نەمری لە ئەدەبدا- چاپخانەی ئۆفسێتی ئازاد - سلێمانی ١٩٩٨ز.

٥- ئومێد ئاشنا -بەرەو هەوار -کۆمپیتەری ئەستێرە- سلێمانی ١٩٩٦ز.

٦- ئومێد ئاشنا -چەند وێنەیەك لە شیعری جیهانی. کۆمپیتەری ئەستێرە -سلێمانی ١٩٩٦ز.

٧- ئومێد ئاشنا -سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد -کۆمپیتەری ئەستێرە- سلێمانی ١٩٩٦ز.

٨- ئومێد ئاشنا -وڵات پەرستی- كۆمپیتەری ئەستێرە- سلێمانی ١٩٩٦ز.

٩- ئومێد ئاشنا -سەرجەم شیعرەكانی برایم ئەحمەد- كۆمپیتەری ئەستێرە- سلێمانی ١٩٩٦ز.

١٠- ئیبراهیم ئەحمەد -درك و گوڵ چاپی سوید- ستوكهولم ١٩٩٢ز.

١١- ئیبراهیم ئەحمەد -ژانی گەل- چاپخانەی كاكەی فەللاح سلێمانی ١٩٧٣ز.

١٢- ئیبراهیم ئەحمەد -كوێرەوەری- چاپخانەی پیرۆز -تاران ابان ماه ١٣٤١هـ.

١٣- ئیبراهیم جەلال -خوارووی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول- چاپخانەی ژیار سلێمانی -١٩٩٩ز.

١٤- باوكی سیناهی -جنێو بژێرێك لە چێشتی مجێوری هەژار موكریانی -چاپخانەی ژیار- سلێمانی ١٩٩٩ز.

١٥- د. جەمال نەبەز -كوردانی سەرگەردان و براموسڵمانەكانیان- بڵاوكراوەی كۆمەڵەی خوێندكارانی سلێمانی ١٩٩٨ز.

١٦- د.جەمال نەبەز -من شێواندومە لێتان- یان هەر خۆتان سەر لێشێواون -سوید ١٩٨٩ز.

١٧- حەسەن جاف -چیرۆكی نوێ كوردی- دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی بەغدا ١٩٨٦ز.

١٨- حەمە سەعید حەمە كریم دیداری شیعری كلاسیكی كوردی - دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی بەغدا ١٩٨٦ز.

١٩- حسین عارف -چیرۆکی هونەری کوردی- چاپخانەی دار الحریە بەغدا ١٩٧٧ز.

٢٠-حسین موحەمەد عەزیز -پێنج کات ژمێر لەگەل برایم ئەحمەد- چاپخانەی باران ١٩٩٥ز.

٢١- خاڵە دلێر -هەندێ وتار و چاوپێکەوتنی ویژەیی- چاپخانەی حەوادس بەغدا ١٩٨٥ز.

٢٢- د. دڵشاد عەلی- بنیاتی هەڵبەست- چاپخانەی رەنج سلێمانی ١٩٩٨ز.

٢٣-د.رەحیمی قازی -پێش مەرگە- چاپخانەی المانیا ١٩٦١ز.

٢٤-رەووف حەسەن -کرێکار و چیرۆکی کوردی- چاپخانەی عەلا ء بەغدا ١٩٨٢ز.

٢٥-سالح قەفتان- مێژووی گەلی کورد- چاپخانەی سەلمان الاعزەمی- بەغدا ١٩٧٨ز.

٢٦-عومەر مەعروف بەرزنجی -لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی چاپخانەی کۆری زانیاری کورد بەغدا ١٩٨٧ز.

٢٧-عەبدول جەبار موحەمەد جەباری -مێژووی رۆژنامەگەری کوردی چاپخانەی ژین سلێمانی.

٢٨-د.عەبدولا غەفوور -ئەتنۆ- دیموگرافیای باشووری کوردستان لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٢٩- عەبدول رەزاق بیمار -پەخشانی کوردی- دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا ٢٠٠٠ز.

٣٠-د. عەزیز شەمزینی -جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان سلێمانی ١٩٩٨ز.

٣١- د. عەزیز گەردی -ئەدەبی بەراوردکاری -چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغدا ١٩٨٩ز.

٣٢- د.عەلی شەریعەتی -عیرفان بەرامبەر ئازادی- وەرگێرانی هەژار موکریانی -چاپخانەی ئینتشاراتی سروشی پەخشی کوردی -تاران ١٩٨٠ز.

٣٣-د.عیزەدین مستەفا رەسول. ئوستاد -چاپخانەی سەفوەت- سلێمانی ١٩٩٧ز.

٣٤- د. عیزەدین مستەفا رەسول. دەربارەی رۆژنامەگەری کوردی. چاپخانەی دار الجاحظ بەغدا ١٩٧٣ز.

٣٥-غەفوری میرزا کریم -یادگاری لاوان و دیاری لاوان- چاپخانەی کوری زانیاری بەغدا ١٩٨٧ز.

٣٦-غەفوری میرزا کریم -کێو ماڵێ بەنێو بیرەوەریەکانمدا- چاپخانەی هەمیشە- سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٣٧-د. فازل جاف -شانۆ- ڕوانینی نوێ- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر ٢٠٠٠ز.

٣٨-فەتاحی ئەمیری -هاوارە بەرە- ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی. ورمێ ١٩٩٩ز.

٣٩- فواد حەمە خورشید -کورد- لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە- چاپخانەی تیشک سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٤٠-فەرەج عەلی فودە -پێش رمان- وەرگێر بروسکە- چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٩٩ز.

٤١- د. کامل حەسەن بەسیر -مێژووی رەخنە سازی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا.

٤٢-کاکەی فەلاح -کاروانی شیعری نوێ کوردی- چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغدا ١٩٧٨ز.

٤٣-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد -تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی رۆژنامەگەری کوردی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری- بەغدا ١٩٧٨ز.

٤٤-کەریمی حیسامی -ئەفسانە کوردیەکان- ستوکهۆڵم-١٩٩٩ز.

٤٥-لەتیف هەڵمەت -ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو ئەبێ و تەواو نابێ- چاپخانەی حەوادس بەغدا ١٩٧٩ز.

٤٦-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد -چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد. چاپخانەی الادیب بەغدا ١٩٨٥ز.

٤٧-کەیوان ئازاد ئەنوەر -چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد. سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٤٨-گەلاوێژخان -بەرەو ئەشکەوتی دلێران- لەندەن ١٩٩٤ز.

٤٩- محەمەد دلێر حمد ئەمین -ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ- نامەی ماجیستێر بۆ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ١٩٨٩ز.

٥٠-محەمـەد حەمـە سـالح توفیـق -هونـراوە و چـیرۆکی فۆلکلـۆری- چاپخانەی ئەژین سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٥١- محەمەد ڕەسول هاوار -سمکۆی شکاك و بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کورد. چاپخانەی ئاپێك سوید ١٩٩٥ز.

٥٢- مستەفا زەنگەنە -سۆزە نهێنییەکانی ناوداران- چاپخانەی بەغدا ١٩٨٥ز.

٥٣-مستەفا سالح کەریم- هونەری کورتە چیرۆك نووسین- چاپخانەی دار الرسالە بەغدا ١٩٨٥ز.

٥٤- مـەحمودی مـەلا عـیزەت -کـاروانی بـێ کۆتـایی- دەزگـای چـاپ و پەخشتی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٥٥- میرزا موحەمەد مەنگوری -بەسەر هاتی سیاسی کورد- چاپخانەی روون سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٥٦-نەوزاد عەلی ئەحمەد -مامۆستا برایم ئەحمەد و ڕۆژنامەی خەبات- سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٥٧-نەوشیروان مستەفا ئەمین -پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن- چاپخانەی زانکۆ سلێمانی ١٩٩٧ز.

٥٨-نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین- خولانـەوە لـە ناوبازنـەدا- چـاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان- بەرلین ١٩٩٩ز.

٥٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین -سەردەمی قەڵەم و موراجەعات. پەخشی سەردەم سلێمانی ١٩٩٩ز.

٦٠-نەوشیروان مستەفا ئەمین -لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ- چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٩٧ز.

٦١-وریا جاف -کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی -چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ١٩٩٨ز.

٦٢-هەژار موکریانی -بارزانی- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر- ١٩٩٨ز.

٦٣-هەژار موکریانی -چێشتی مجێور- چاپی پاریس ١٩٩٧ز.

٦٤-هێمن مهابادی- چەپکێ گوڵو چەپکێ نێرگز، چاپخانەی ئینتیشاراتی رەهرو- مهاباد- ١٩٩٨ز.

٢- بەزمانی عەرەبی

١- ابراهيم احمد -الاكراد و العرب- مطبعة صلاح الدين-بغداد-١٩٣٧م.

٢- د. برهان غليون- اغتيال العقل- مكتبة مدبولي- القاهرة- ١٩٩٠م.

٣- د. برهان نغليون -اغتيال العقل- مكتبة -مدبولي- القاهرة ١٩٩٠ز.

٤- جرجيس فتح الله و ديفيد ادامسن -الحركة الكردية و انشقاق ١٩٦٤م دار ئاراس للطباعة و النشر اربيل ١٩٩٩م.

٥- جعفر عباس حميد -التطورات السياسية في العراق. مطبعة النعمان- بغداد ١٩٨٦م.

٦- د. جميل نصيف التكريتى -ايضاءة تأريخية على قضايا أساسية. دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ١٩٩٣م.

٧- د.جميل نصيف التكريتى -نظرية الادب- مترجمة عن عدد من الباحثين السوفيت دار رشيد للنشر بغداد ١٩٨٠م.

٨- حبيب محمد كريم -صفحات من نضال الشعب الكردي. مطبعة البارتى ١٩٩١م.

٩- حسن السعيد -نواطير الغرب -مؤسسة الوحدة للدراسات- بيروت ١٩٩٢ز.

١٠- حسن العلوي -اسوار الطين -دار الكنوز الادبية. بيروت لبنان ١٩٩٥م.

١١- حسن العلوي -العراق دولة المنظمة السرية. طبع في لندن ١٩٩٠ز.

١٢- د. دلاور محمد صابر -نفخات علمية- مطبعة وزارة التربية اربيل ١٩٩٩م.

١٣- سعد البزاز -الاكراد في المسألة العراقية- منشورات الاهلية- الملكة الاوردنية -عمان- ١٩٩٧م.

١٤- شاكر حسن أل سعيد. مقالات في التنظير و النقد الادبي. مطبعة دار الشؤون الثقافية- بغداد ١٩٩٤م.

١٥- د.شكري عزيز الماضي. في نظرية الادب- دار الحداثة للنشر- بيروت ١٩٨٥م.

١٦- المحامي شيخ سالار الحفيد -على العسكرى و الحكم للتأريخ مطبعة- سليمانية ٢٠٠٠م.

١٧- العميد عبد الرزاق محمد اسود -المدخل الى دراسة الاديان و المذاهب. الدار العربية للموسعات بيروت ١٩٨١م.

١٨- د. عبد الستار جواد -اوراق للريح- دار الشؤون الثقافية- بغداد ١٩٩٢م.

١٩- د. عبدالستار طاهر شريف -الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن. شركة المعرفة للنشر و التوزيع بغداد.

٢٠- د. عدنان عباس على -فخ العولمة- مترجمة عن هانس و هارالد- اصدرها المجلس الوطني للثقافة و الاداب كويت ١٩٩٨م.

٢١- د. عزالدين اسماعيل- الادب و فنونه. دار الفكر العربي. ١٩٧٣م.

٢٢- د. عزالدين مصطفى رسول -الواقعية في الادب الكردي. دار المكتبة العصرية صيدا- بيروت ١٩٧٣م.

٢٣- الشيخ عطا الطالباني - عندما تتكلم الارقام- مطبعة وزارة الثقافة- السليمانية ١٩٩٩م.

٢٤- د. علي الوردي. مهزلة العقل البشري. انتشارات الشريف الرضى. طهران ١٩٥٦م.

٢٥- فؤاد حمه خورشيد -العشائر الكردية- مطبعة الحوادث بغداد ١٩٧٩م.

٢٦- د. فؤاد معصوم. أخوان الصفاء- دار المدى للثقافة و النشر. سوريا ١٩٩٨م.

٢٧- قدري جميل باشا -مسألة كردستان- مطبعة بيروت ١٩٩٧م.

٢٨- محمد خليل امير -علاقة الاكراد بمذابح الارمن- اعادة طبعه في السليمانية ١٩٩٩م.

٢٩- د. محمد فاروق البهان -نظام الحكم في الاسلام. مطبعة جامعة تكريت -العراق ١٩٧٣م.

٣٠- د. محمد منذر عياش -مفهوم الادب. مترجمة عن تزيفيثان تودوروف دار الذاكرة. حمص سوريا ١٩٩٠م.

٣١- محي الدين صبيحي -نظرية الادب. مترجمة عن اوستن وارين- رينية ويليك. مطبعة خالد الطرابيشي. ١٩٧٢م دمشق.

٣٢- د. نصر حامد ابو زيد- نقد الخطاب الديني- دار سينا للنشر مصر ١٩٩٤م.

٣٣- ياسين النصير- الاستهلال في البدايات في النص الادبي -دار الشؤون الثقافية بغداد- ١٩٩٣م.

٣٤- يوسف عبدالمسيح -اصول أدب الحداثة -مترجمة عن مايكل- ه - نيفنسن- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ١٩٩٢م.

◈ ◈ ◈

گۆڤارەکان

- گۆڤاری گەلاوێژ ژمارەکانی (١-١١٦) ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ز بەغداد.
- گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە (٢) بەرگی چوار مایسی ١٩٤٥ز بەغدا.
- گۆڤاری نزار ژمارەکانی(١-٢٢) ساڵی ١٩٤٨ز-١٩٤٩ز بەغدا.
- گۆڤاری شەفەق ژمارە (٨)ئابی ١٩٥٨ز کەرکوك.
- گۆڤاری بڵێسە ژمارە (٩) نیسانی ١٩٦٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارەکانی (١-٩) ساڵی ١٩٦٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری رزگاری ژمارەکانی (١-٧) ساڵی ١٩٦٩ز سلێمانی.
- گۆڤاری روناهی ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٢ز بەغدا.
- گۆڤاری برایەتی ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣) ١٩٧٠ز بەغدا.
- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری ژمارەکانی (٢-٣) ساڵی ١٩٧٠ز بەغدا.
- گۆڤاری نووسەری کورد ژمارەکانی ساڵی ١٩٧١ز تا ساڵی ١٩٨٢ز بەغدا.
- گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ژمارەکانی ساڵی ١٩٧٤ز ساڵی ١٩٧٥ز ساڵی ١٩٧٨ز ساڵی ١٩٨٠ ساڵی ١٩٨١، ساڵی ١٩٨٨، بەغدا.

- گۆڤاری رۆژی کوردستان ژمارەکانی (٢ ، ٣ ، ٤٢ ، ٥٠ ، ٥١ ، ٥٢ ، ٥٤ ، ٥٥ ، ٥٦ ، ٥٧ ، ٥٨ ، ٧١ ، ٧٤ ، ٧٥) ساڵی ١٩٧١ز ١٩٨٦ز بەغدا.
- گۆڤاری چریکەی کوردستان ژمارەکانی (١-٩) ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٥ز لەندەن.
- گۆڤاری بەیان ژمارە (٥) ساڵی ١٩٧١و ژمارە (١٨٤) ساڵی ١٩٩٩ز بەغدا.
- گۆڤاری صرخە کوردستان ژمارەکانی (١-٥) ساڵی ١٩٨١-١٩٨٦ز لەندەن.
- گۆڤاری رەنگین ژمارە (٩) ساڵی ١٩٨٨ز بەغدا.
- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢١) ئاداری ١٩٨٩ز بەغدا.
- گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارەکانی (٣-١٦) ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ هەولێر.
- گۆڤاری کاروان ژمارەکانی (١١٦ ، ١٣١ ، ١٣٥ ، ١٣٦ ، ١٣٧ ، ١٣٨ ، ١٤١ ، ١٤٣) ساڵی ١٩٩٧- ٢٠٠٠ز هەولێر.
- گۆڤاری ڕامان ژمارەکانی (١٣ -٥٢) ساڵی ١٩٩٧ز - ٢٠٠٠ز هەولێر.
- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارەکانی (١-٢٠) ساڵی ١٩٩٧ز - ٢٠٠٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری هەزار مێرد ژمارەکانی (١-١٠) ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری پەیڤین ژمارەکانی (١-٨) ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ز سلێمانی.

- گۆڤاری ڕێبازی نوێ ژمارەکانی (١١ ، ١٢ ، ١٥ ، ١٦) ساڵی ١٩٩٨ز-٢٠٠٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری سەردەم ژمارەکانی (١ ، ٦ ، ٨ ، ١٠) ساڵی ١٩٩٩ز-٢٠٠٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری ئایندە ژمارەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣) ساڵی ١٩٩٩ز-٢٠٠٠ز سلێمانی.
- گۆڤاری ئێستا ژمارەکانی (١٢ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨) ساڵی ١٩٩٩ز سلێمانی.
- گۆڤاری باسکار ژمارەکانی (١ ، ٢ ، ٣) ساڵی ١٩٩٨ز-٢٠٠٠ز لەندەن.
- گۆڤاری رابوون ژمارە ٢٩ ساڵی ٢٠٠٠ز ئوپسالا -سوید.

ڕۆژنامەکان

- ڕۆژنامەی ژیان- ژمارەکانی (٢٤١ ، ٢٤٣ ، ٣٢٦ ، ٣٢٨ ، ٣٣٠ ، ٣٣٤ ، ٣٣٥ ، ٣٥٥ ، ٣٥٦ ، ٣٥٧) ساڵەکانی ١٩٣٠ ، ١٩٣٢ ، ١٩٣٣ ز سلێمانی.
- ڕۆژنامەی ژین- ژمارە (٧٧٨) لە ١٩٤٥/٣/١٥ز سلێمانی.
- ڕۆژنامەی خەبات ژمارەکانی (١-٤٦٢) ساڵەکانی ١٩٥٩، ١٩٦٠، ١٩٦١ز بەغدا.
- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەکانی (١-٥) ساڵی ١٩٦١ز بەغدا.
- ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٩) لە ساڵی ١٩٧١ز بەغدا.
- ڕۆژنامەی التآخی ژمارە (١٤٤٩) تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ز بەغدا.
- ڕۆژنامەی هەرێم ژمارە (١٩٥) لە ٢٠٠٠/٤/١٠ سلێمانی.
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەکانی (٢١١٥ ، ٢٢١٦ ، ٢١١٧ ، ٢١١٨ ، ٢١١٩ ، ٢١٢١ ، ٢١٢٢ ، ٢١٢٣ ، ٢١٢٤ ، ٢١٣١ ،٢١٣٢، ٢١٣٣ ، ٢١٣٨ ، ٢١٤٥ ، ٢١٤٦ ، ٢١٤٩ ، ٢١٥٢ ، ٢١٥٩) ساڵی ٢٠٠٠ سلێمانی.

دیدار و فاکس و بەیاننامە

- دیداری تەلەفزیونی میدیا لەگەڵ برایم ئەحمەد لە شەوی ٢٠٠٠/٤/١٨ تەلەفزیۆنی خاك دووبارە پەخشی کردووە.
- فاکسی تایبەتی برایم ئەحمەد بۆ نوسەری ئەم کتێبە لە ١٩٩٩/١١/٢٥ز.
- لە وەڵامی نامەی نووسەری ئەم کتێبەدا لە لایەن برایم ئەحمەدەوە بە فاکس لە ١٩٩٩/١٢/٩ز.
- بەیاننامە و بانگەوازی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نیسانی ٢٠٠٠ز دا.
- گەلاوێژ خانی هاوسەری برایم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبە لە سلێمانی لە ٢٠٠٠/٧/٢٤دا.

◈ ◈ ◈

پێرست

پێشەکی	٥
بەشی یەکەم	
ژیان و بەسەرهاتی برایم ئەحمەد	١١
برایم ئەحمەدو ئامیلکەی (یادگاری لاوان)	٢٠
دیاری لاوان	٢٧
ئامیلکەی (الاکراد والعرب)	٣١
برایم ئەحمەدو خەباتی سیاسی	٤٢
ناکۆکی نێوان م.س و مەلا مستەفای بارزانی	٥٠
برایم ئەحمەد لە ئینگلستان	٦١
هێڵەکانی نووسین و داهێنان	٦٨
بەشی دووەم	
رەخنەو شیعر	٧٥
شیعر لای برایم ئەحمەد	٩٦
کوردستانیەتی برایم ئەحمەد	١٠٥
پەخشانە شیعر	١١٣
بەشی سێیەم	
چیرۆك و وەرگێران	١٢٩
وەرگێران	١٥٢
لە ئەدەبی گەلانەوە ...	١٨٧
نەخشەی پێناسەی وتارەکانی برایم ئەحمەد	٢١٦
چەند وێنەیەك لە شیعری جیهانی	٢١٩
نەخشەی شیعرە وەرگێڕاوەکان	٢٤١
بەشی چوارەم	
رۆژنامەگەری و زمانەوانی	٢٤٥
گۆڤاری گەلاوێژ	٢٤٨
سەردەمی سەرهەڵدانی گۆڤاری گەلاوێژ	٢٥٧
رۆژنامەی خەبات	٢٦٦
(خەبات)ی عەرەبی	٢٨٧
رۆژنامەی خەبات بەنهێنی	٢٩٤
رۆژنامەی کوردستان	٢٩٨
گۆڤاری چریکەی کوردستان	٣٠٣
صرخة کردستان	٣٤٤
هەڵسەنگاندنی گۆڤاری چریکە بەلای ئێمەوە	٣٥٦
زمانەوانی	٣٦٢
برایم ئەحمەد لەدیدی رۆشنبیرانی کوردەوە	٣٦٥
برایم ئەحمەد بەدیدی رۆشنبیرو ئەدیبانی عەرەبی و بیانییەوە	٣٧٥
کۆتایی	٣٨٣
خلاصة الکتاب باللغة العربیة	٣٨٤
CONCLASION	٣٨٨
سەرچاوەکان	٣٩٣
پێرست	٤٠٨
سوپاس و پێزانین	

سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزان:

- پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ.
- پرۆفیسۆر دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف.

که هاوکارو هاندەرم بوون له نووسینی ئەم کتێبە، لەخوای گەورە داواکارم تەمەنیان درێژ بێت.

- بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری کاك (فەتاح زاخۆیی) یارمەتی دام بۆ بەچاپگەیاندنی.
- مامۆستا عەبدولقادر ئەمین ئەحمەد ئەرکی زۆری کێشا بۆ سەرپەرشتی لەچاپدانی.

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

12000 د

نووسەر لە چەند دێڕێکدا...

* ناوی ئەحمەد کوڕی شەریفی عەلی برایمی قادر جیمەنی(ئەمک)ە.
* لە هاوینی ١٩٤٢ز لە شارۆچکەی دووبز- لە کەرکوک لەدایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
* لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا (قانون) وەرگرتووە.
* لە زانکۆی صەلاحەدین بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەدەب و زمانی کوردی وەرگرتووە.
* لە زانکۆی سلێمانی بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە.
* لەدوای ڕاپەڕین لە تەشکیلاتی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستی بریکاری (وەکیل) وەزارەتی ناوخۆی پێسپێردراوە.
* لە ١٩٩٥/١٠/٥ز پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری پێسپێردراوە.
* لە ١٩٩٧/١١/٢٧ز پۆستی بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پێسپێردراوە.
* لە ١٩٩٨/٥/١١ز لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە بەڕاوێژکار.
* لە ٢٠٠١/١/٢ز بەسەرۆکی دیوان دامەزراوە.
* لە ٢٠٠١/٦/١٢ز کراوە بە یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری یاسایی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com